حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت / بەشی زمانی کوردی

# سیماسینتاکسی پرس لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

بەهیە حاجی ئەحمەد

پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی سلێمانیی کردووە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

پرۆفیسۆر : د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

( ٢٧٢٢ ) ی کوردی ( ٢٠٢٢ ) ی زایینی

## ڕەزامەند بوونی سەر پەرشت

ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( **سیمّا سینتاکسی پرس لەزمانی کوردیدا** ) لە لایەن خوێندکار ( **بەهیە حاجی ئەحمەد** ) ەوە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا .

ناو:پ.د.بێسوون حەسەن ئەحمەد

**ڕۆژ:     /     / ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

ناو: پ.ی.د. عادل ڕەشید قادر

سەرۆکی بەشی کوردی

**ڕۆژ:     /     / ٢٠٢٢**

## ڕەزامەند بوونی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی ( **سێماسینتاکسی پرس لە زمانی کوردیدا** ) خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار ( **بەهیە حاجی ئەحمەد** ) دا گفتۆگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا ، کە شایەنی ئەوەیە ، بەپلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لەزمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو:
سەرۆکی لیژنە
**ڕۆژ: / / ٢٠٢٢**

ناو:
ئەندام
**ڕۆژ: / / ٢٠٢٢**

ناو:
ئەندام
**ڕۆژ: / / ٢٠٢٢**

ناو:
ئەندام و سەرپەرشت
**ڕۆژ: / / ٢٠٢٢**

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی بنەڕەتەوە پەسەندکرا

ناو:
ڕاگری کۆلێژی بنەڕەت
**ڕۆژ: / / ٢٠٢٢**

# پێشکەشکردن

**پێشکەشە بە :**

- سۆمای چاوانم ( دایک و باوکم ) کە لە هەر هەنگاوێکدا پەرۆشی سەرکەوتنەکانمن .
- هاوسەر و هاوڕێ و هاوکارم و هاوخەمم ( مامۆستا حسێن ) .
- خوشکە شیرینەکەم ( ئاوێستا گوڵ ) ، برا خاوەن بەهاکانم .
- گیانی پاک و جەستەی خاوێنی ( د . سەلام ناوخۆش )
- هەموو ئەو بەڕێزانەی ، کە واز ناهێنن لە خەون بینین ، بەجیهانێکەوە ، جوانتر لەم جیهانە .
- هەموو ئەو بەڕێزانەی شەیدای فێربوونی زانست و زانیاریین هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ بەرەو پێش چوونی زانست .
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی سلێمانی / زانکۆی چەرموو .
- گشت مرۆڤدۆستان .
- گشت خۆشەویستانی خاک .
- بەئێوە .

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێزانینم بۆ :**

- خودای گەورە و میهرەبان.
- مامۆستای بەڕێز ( پ.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد ) ، کە لە خۆبردووانە سەرپەشتی نامەکەی کردووم ، وێڕای ڕێنمایی لە دەستکەوتنی سەرچاوەشدا هاوکاری کردووم ، هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم .
- هاوسەر و هاوڕێی ژیانم ( مامۆستا حسێن )
- مامۆستایانی بەڕێز ( د . سەلام ناوخۆش ، د. حاتەم ولیا ، د. شیلان عومەر ، د. محمد مەحوی ، د. قەیس کاکل ، د. وریا عمر ، د. طالب حسێن ، د. تابان محمد ) ، کە لە ڕێنمایی زانستیدا هاوکاریان کردووەم.
- هەموو ئەوانەی کە لەڕێگەی سەرچاوەوە هاوکاریان کردووم .
- بەڕێزان ( د . سالّح ئیبراهیم ، د . نەوشیروان ئەحمەد ) کە بە وەرگێڕانی پوختەی نامەکە بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی هاوکارییان کردووم .
- ( م . وشیار ئیبراهیم ڕەسوڵ ، م . جەبار محەمەد حەمەئەمین ) سەرپەرشتیار لە پەروەردەی ڕۆژهەڵات ، کە بە وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزی و فارسیەکان هاوکاریان کردووم .

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| / | یان |
| ← | دەبێتە |
| ؟ | واتای ناڕاست، ناوێزە لە ڕووی سیمانتیکەوە |
| < > | نیشانەی سیمانتیکی |
| −/+ | نرخی سیمای واتایی |
| AR | ئارگۆمێنت |
| NP | فرێزی ناوی |
| VP | فرێزی کرداری |
| XP | فرێز / پرۆژەی گەورە |
| Adv | فرێزی ئاوەڵکرداری |
| Adj | ئاوەڵناو |
| P.P | فرێزی پێشناوی |
| CS | هەڵاوێرکردنی کەتەگۆری |
| SS | هەڵاوێرکردنی واتایی لە کۆتوبەندی هەڵبژاردندا |
| DP | فرێزی دیارخەری |
| T | تاف |
| T | ترەیس ، شوێن پێ |
| AGR | ئەگریمێنت ( ڕێککەوتن ) |
| D | دەرخەر |
| C | تەواوکەر |
| >>…<< | زاراوە |
| $\theta$ | ثیتا |
| ؟؟ | واتای نادروست |
| * | ناڕێزمان |
| Poss.P | فرێزی خاوەنداریتی |
| D.S | ئاستی قووڵ |
| S.S | ئاستی ڕووکەش |
| LF | فۆرمی لۆژیکی |
| PF | فۆرمی فۆنەتیکی |
| XP | دروستەی فرێز |
| X | سەرە |

| | |
|---|---|
| تەواوکەر | Y |
| سەری فەرهەنگی | $X^{\circ}$ |
| حوکم کردن | G |
| بەستنەوە | B |
| تیۆری حوکم کردن و بەستنەوە | GB |
| فریزی تاف | TP |
| فریزی ڕێککەوتن | agrp |
| فریزی کات و کەس | IP |
| ناو | N |
| ئاوەڵناو | A |
| کردار | V |
| پێشناو | P |
| کات و کەس | INFL |
| دەستەواژەی ناوی | $N^{-}$ |
| فریزی کرداری / دەستەواژەی کرداری | $V^{-}$ |
| واژە گۆکەر | $C^{\circ}$ |
| ئۆبجێکت ، بەرکار | O |
| بکەر | S |
| ئەلفا ( کەرەستەیەکی نادیار ) | $\alpha$ |
| گیرەک | Af |
| وشە | W |
| هێمای هاونیشانە کردن | Ji |
| پرۆسە ( کردار ) | پ |
| سەرتۆپی سەرەکی | س س |
| کۆمێنت | ك |
| سەرتۆپی لاوەکی | س ل |
| سەرتۆپی لاوەکی یەک | س ل١ |
| سەرتۆپی لاوەکی دوو | س ل٢ |
| ناقس فریز | NP- |
| سیستمی کۆمپیوتەری زمانی مرۆڤ | CHL |

# لیستی زاراوەکان

| به ئینگلیزی | به کوردی |
|---|---|
| **A** | |
| Accusative case | دۆخی بەرکاری |
| Adjunction | یاسای هەڵواسین |
| Adjunct | هەڵواسین |
| Agent | بکەر |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| Argument Structure | ڕۆنانی ئارگۆمێنت |
| Arguments | ئارگۆمێنت داواکراو |
| B | |
| Benefactive | سوود وەرگر |
| Binding | بەستنەوە |
| C | |
| Case | حاڵەت / دۆخ |
| Case filter | پاڵێوەری دۆخ |
| Case marker | دۆخی ڕێزمانی |
| Case theory | تیۆری دۆخ |
| Category selection | هەڵبژاردنی کەتە گۆری |
| Compatibility conditions | مەرجەکانی هەڵکردن |
| Comprementaizer | واژەگۆکەر |
| Constituent – selectin | وەچە پێکهاتە |
| content | ناوەڕۆک |
| Co-ordination & conjunction | یاسای قرتاندنی ڕستەی لێکدراو |
| Covert movement | جوڵەی نەبینراو |
| D | |
| Dative case | دۆخی داتیڤی |
| Deep Structure | ئاستی قووڵ |
| Deletion in relative clause | یاسای قرتاندنی ڕستەی سەر جێناو |
| Deletion rules | یاسای قرتاندن |
| Derivation Model | مۆدێلی داڕێژراو |
| Dictionary | وشە نامە |

| | |
|---|---|
| E | |
| External | دەرەکی |
| Extra position | جێکەوتەی هەڵواسراو |
| F | |
| Failing | نزم |
| Formal Logical | لۆژیکی فۆرماڵ |
| Functional Category | کەتەگۆری ئەرکی |
| G | |
| Gapping | کەلێن |
| Generative Grammar | ڕێزمانی بەرهەم هێن |
| Genitive case | دۆخی خستنەپاڵ |
| Goal | ئامانج |
| Government | حوکم کردن |
| Government and binding theory | تیۆری حوکم کردن و بەستنەوە |
| Government theory | تیۆری حوکم کردن |
| Grammatical Category | کەتەگۆرییە ڕێزمانییەکان |
| Grammatical Information | زانیاریی سینتاکسی / ڕێزمانی |
| Grammatical information | پەیوەندیە ڕێزمانییەکان |
| Grammatical Relations | پەیوەندییە ڕێزمانییەکان |
| H | |
| Head | سەرە |
| I | |
| Inherit case | دۆخی زگماکی |
| Instrument | ئامێر |
| Internal | ناوەکی |
| K | |
| Knowledge | زانیاریی |
| L | |
| Lexical information | زانیاریی لیکسیپکییەکانی ناو فەرهەنگ |
| lexicon | فەرهەنگ |
| Location | شوێن |
| Logic form | فۆرمی لۆژیکی |
| Logical structure | درووستەی لۆژیکی |

| | |
|---|---|
| M | |
| Mental lexicon | فەرهەنگی ئاوەزیی |
| Model verb | فرمانی یاریدەدەر |
| Move α | بجولێنە α |
| N | |
| Negative proposing | گواستنەوەی ناکردن |
| Node | گرێ |
| Nominative case | دۆخی بکەری |
| O | |
| Object | بەرکار |
| Objective | تەواوکەر |
| | |
| Obligatory | بە خورتی |
| Operator | ئۆپەراتۆر ( کردە ) |
| Operator | کردە |
| Optional | بە ئارەزوو |
| Output | دەرکردە |
| Over movement | جوڵەی بینراو |
| P | |
| Parts of Speech | بەشەکانی ئاخاوتن |
| Patient | کارتێکراو |
| Predicate | ئارگۆمێنت داواکەر |
| Phonetic form | فۆرمی فۆنەتیکی |
| Preposition | پێشناو |
| Prepositional phrase | فریزێکی پرسیاری |
| Pro – drop | بکەر خراو |
| Projection rules | یاساکانی پرۆژە سازدان |
| R | |
| Reference | ئاماژە بەندی |
| Relative practical | ئامرازی گەیەنەر |
| Rising | بەرز |
| S | |
| Selection restriction | کۆتوبەندی هەڵبژاردن / هەڵبژرادن |
| Semantic Component | پێکهاتەی سیمانتکی |

| | |
|---|---|
| Semantic condition | مەرجی سیمانتیکی |
| Semantic Features | نیشانە سمانتیکیەکان |
| Semantic Relation | پەیوەندییە سیمانتیکییەکان |
| Semantic role and argument structure | ڕۆڵی سیمانتیکی دروستەی ئارگۆمێنت |
| Semantic selection | هەڵبژاردنی واتایی |
| Semasyntacs | سیماسیناتکس |
| Sense | واتا گەل |
| Sentence selection | هەڵاوێرکردنی ڕستە |
| Sister hood | خوشکایەتی |
| Structural case | دۆخی دروستەیی |
| Structure of language | دروستەی زمانی |
| Substitution | یاسای لە بری دانان |
| Surface Structure | ئاستی ڕووکەش |
| Syntactic Structure | ڕۆنانی سینتاکسیەکان |
| Syntactical Category | کەتەگۆرییە سینتاکسییەکان |
| Synthetic restriction | کۆتوبەندی سینتاکسی |
| T | |
| Theme | بابەت / باس |
| Topicalization | بەلوتکەکردن |
| Trace | شوێن پێ |
| Traditional grammar | ڕێزمانی تەقلیدی |
| Tuneful | ئاوەزداری |
| U | |
| Ungrammatical | ناڕێزمانی |
| Universal Grammar | ڕێزمانی گشتی |
| Use of language | بەکارهێنانی زمانی |
| Utterance | وتن / قسە،وتە |
| Utterance meaning | واتای دەربڕاو |
| V | |
| Verb | کردار |
| W | |
| Word Category | کەتەگۆرییە وشەییەکان |
| Z | |
| Zero – interpretation | نا لێکدانەوەیی |

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| ١-٢ | **پێشەکی:** |
| ١ | ٠ / ١ ) ناونیشان و گرنگی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٠ / ٢ ) سنوور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٠ /٣ ) گرفت و بەربەستەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٠ / ٤ ) تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| ١-٢ | ٠ / ٥ ) ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٣-٥٦ | **بەشی یەکەم : پێکهاتەی سیمانتیک و تیۆری پێویست** |
| ٣ | ١ / ١ ) سیماسینتاکس |
| ٣-١٣ | ١ / ١ / ١ ) پێکهاتەی سیمانتیکی |
| ١٣-١٧ | ١ / ١ / ٢ ) سیمانتیکی بەرهەمهێنان |
| ١٧-٢٦ | ١ / ١ / ٣ ) بنەماکانی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان |
| ١٨-٢٣ | ١ / ١ / ٣ – ١ ) دروستەی سیمانتیکی / لۆژیکی |
| ٢٣-٢٥ | ١ / ١ / ٣ – ٢ ) دروستەی ڕووکەش |
| ٢٥ | ١ / ١ / ٣ – ٣ ) ناوەڕۆک |
| ٢٦-٢٨ | ١ / ١ / ٣ – ٤ ) واتای دەربڕاو |
| ٢٨-٣٠ | ١ / ١ / ٤ ) دروستەی ئارگۆمێنت |
| ٣١-٤٢ | ١ / ١ / ٥ ) جۆرەکانی ئارگۆمێنت |
| ٣١-٣٨ | ١ / ١ / ٥ – ١ ) ئارگۆمێنت داواکەر |
| ٣٩-٤٢ | ١ / ١ / ٥ – ٢ ) ئارگۆمێنت داواکراو |
| ٤٢-٤٦ | ١ / ١ / ٦ ) دیاریکردنی کەتەگۆرییەکان |
| ٤٧ | ١ / ١ / ٧ ) کۆتوبەندی هەڵاوێر کردن / هەڵبژاردن |
| ٤٨-٥٠ | ١ / ١ / ٧ – ١ ) هەڵبژاردنی کەتەگۆری |
| ٥١-٥٤ | ١ / ١ / ٧ – ٢ ) هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی |
| ٥٤-٥٦ | ١ / ١ / ٨ ) دروستەی ئارگۆمێنتی سیمانتیکی و پەیوەندی نێوانیان |
| ٥٧-٩٧ | **بەشی دووەم : پێکهاتەی سینتاکسی و گواستنەوە** |
| ٥٧-٥٨ | ٢ / ١ ) پێکهاتەی سینتاکسی |
| ٥٨-٦١ | ٢ / ٢ ) تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە |
| ٦٢-٦٦ | ٢ / ٢ – ١ ) تیۆری حوکمکردن |
| ٦٦-٦٨ | ٢ / ٢ – ٢ ) تیۆری دۆخ |
| ٦٩-٧٣ | ٢ / ٢ / ٢ – ١ ) چەشنەکانی دۆخی ڕێزمانی |
| ٧٣-٧٥ | ٢ / ٢ / ٢ – ٢ ) نیشانەکانی دۆخ |

| | |
|---|---|
| ٢ / ٢ / ٢ – ٣ ) پالێوەری دۆخ | ٧٥ |
| ٢ / ٢ / ٢ – ٤ ) بەربەستی دۆخی ڕێزمانی و ئاڕاستەی حوکمکردن | ٧٧-٧٥ |
| ٢ / ٣ ) دۆخ و تیۆری حوکمکردن | ٧٨-٧٧ |
| ٢ / ٤ ) دۆخ و دروستەی مۆرفۆسینتاکس | ٨١-٧٨ |
| ٢ / ٥ ) دۆخ لە ڕستەی باسمەنددا | ٨٤-٨١ |
| ٢ / ٦ ) گواستنەوە لە زمانی کوردیدا | ٩٧-٨٤ |
| **بەشی سێیەم : سێمانتیکی وشەی پرس** | ١٣٥-٩٨ |
| ٣ / ١ ) پاری یەکەم : فەرهەنگ و ئاستی وشەسازی | ٩٨ |
| ٣ / ١ – ١ ) فەرهەنگ و فەرهەنگی ئاوەزیی | ٩٩-٩٨ |
| ٣ / ١ – ٢ )ئاستی مۆرفۆلۆژی و وشە : چەمک پەسنکردن | ١٠١-٩٩ |
| ٣ / ١ – ٣ ) جۆرەکانی وشە لە ڕووی واتاوە | ١٠٦-١٠١ |
| ٣ / ١ – ٣ - ١ ) وشەی سەرسوڕمان | ١٠٢ |
| ٣ / ١ – ٣ - ٢ ) وشەی پرس | ١٠٦-١٠٢ |
| ٣ / ١ – ٤ ) فۆرمەکانی / ( کەرەسەکانی پرسیار ) لە زمانی کوردیدا | ١٠٩-١٠٦ |
| ٣ / ١ – ٤ - ١ ) وشە و مۆرفێم | ١٠٨ |
| ٣ / ١ – ٤ - ٢ ) دەستەواژە و دەربڕاو | ١٠٩ |
| **٣ / ٢ ) پاری دووەم : وشەی پرس پەیوەست بە جۆرەکانی واتا و هەڵاوێرکردنی سێمانتیکییەوە** | ١٣٥-١٠٩ |
| ٣ / ٢ - ١ ) نیشانە واتاییەکان | ١١٠-١٠٩ |
| ٣ / ٢ - ٢ ) جۆرەکانی نیشانە واتاییەکان | ١١١-١١٠ |
| ٣ / ٢ – ٢ – ١ ) نیشانە واتاییە جیهانییەکان | ١١٠ |
| ٣ / ٢ – ٢ - ٢ ) نیشانە واتاییە تایبەتیەکان | ١١١ |
| ٣ / ٢ - ٣ ) وشەی پرس و هەڵاوێرکردنی سێمانتیکی و کەتەگۆری | ١١٤-١١١ |
| ٣ / ٢ - ٤ ) جۆرەکانی واتا | ١٢٣-١١٤ |
| ٣ / ٢ – ٤ – ١ ) واتای فەرهەنگی ( بنجی ، بنەڕەتی ، لێکسیکی ) | ١١٦ |
| ٣ / ٢ – ٤ – ٢ ) واتای نافەرهەنگی | ١٢٣-١١٧ |
| ٣ / ٢ - ٥ ) جۆرەکانی واتای پرس | ١٣٥-١٢٣ |
| ٣ / ٢ – ٥ – ١ ) واتای فەرهەنگی پرس | ١٢٦-١٢٤ |
| ٣ / ٢ – ٥ – ٢ ) واتای نافەرهەنگی پرس | ١٣٥-١٢٦ |
| **بەشی چوارەم : ڕێزمانی پرس** | ١٩٠-١٣٦ |
| **٤ / ١ ) پاری یەکەم : ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی پرس** | ١٥١-١٣٦ |
| ٤ / ١ – ١ ) ئاستی فۆنۆلۆژی | ١٤٤-١٣٦ |
| ٤ / ١ – ٢ ) مۆرفۆلۆژی و وشەی پرس | ١٥١-١٤٤ |
| **٤ / ٢ ) پاری دووەم : سینتاکسی پرس** | ١٩٠-١٥١ |

| | |
|---|---|
| ٤ / ٢ - ١ ) جۆرەكانى ڕستەى پرس | ١٥٧-١٥١ |
| ٤ / ٢ – ١ – ١ ) ڕستەى پرسيارى گشتى | ١٥٦-١٥٥ |
| ٤ / ٢ – ١ – ٢ ) ڕستەى پرسيارى تايبەتى | ١٥٧-١٥٦ |
| ٤ / ٢ – ٢ ) دۆخى وشەى پرس | ١٦٤-١٥٨ |
| ٤ / ٢ – ٣ ) ڕێككەوتنى وشەى پرس | ١٧٠-١٦٤ |
| ٤ / ٢ – ٤ ) باسمەندى وشەى پرس | ١٧٤-١٧٠ |
| ٤ / ٢ – ٥ ) جوڵە پێكردنى فرێزى پرس | ١٩٠-١٧٤ |
| ئەنجامەكان | ١٩٢ |
| ليستى سەرچاوەكان | ٢٠٧-١٩٣ |
| ملخص البحث | ٢٠٨ |
| Abstract | ٢٠٩ |

# پێشەکی

## پێشەکی :

### ٠ / ١ ) ناونیشان و گرنگی لێکۆڵینەوەکە :

لێکۆڵینەوەکە ، بە ناونیشانی (( سیماسینتاکسی پرس لە زمانی کوردیدا ))یە، کە وەک کەلێنێک لە زمانی کوردیدا تەماشا کراوە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دراوە .

### ٠ / ٢ ) سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە :

سنوری لێکۆڵینەوەکە ، بریتییە لە کارکردن و نیشاندانی وشە پرسەکان ، لە ئاستی ( مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس ، سیمانتیک ) ئەمە وێڕای ئەوەی سەر و سەگمێنتیش وەرگیراوە ، کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە ( زمانی کوردیی / زاری ناوەڕاست ) وەرگیراوە . نمونەکانی نێو ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتین لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک .

### ٠ / ٣ ) گرفت و بەربەستەکانی لێکۆڵینەوەکە :

لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا کۆمەڵێک گرفت و بەربەست هەیە لەبەردەم لێکۆڵەردا ئەو گرفت و بەربەستانەی لەکاتی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتوونەتە ڕێگەی لێکۆڵەر ئەم خاڵانەدا کورتدەکرێنەوە :

١. فراوانی بابەتەکە ، بەشێوەیەک سنورداركردنی ئاسان نەبوو ، بووە هۆی دروست بوونی بەربەستی پەیکەری لێکۆڵینەوەکە لە بەش و پارەکاندا .
٢. سەرەڕای کەمی سەرچاوەی کوردی و پەنا بردنە بەر سەرچاوەی بیانی ، لەو زمانانەشدا سەرچاوەی سەربەخۆ و پەیوەست بە بابەتەکە بەردەست نەبوون ، بۆیە هەوڵدراوە لە ناواخنی بابەتەکانی دیکەوە هەڵبهێنجرێت ، ئەمەش گەڕان و ماندووبونێکی زۆری ویستووە .

### ٠ / ٤ ) تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە تیۆری ( ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ، سیمانتیکی بەرهەمهێنان و بنەماکانی پەیڕەوکردووە ، ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش ، بریتییە لە ڕێبازی ( پەسنی شیکاری / سینکرۆنی ) .

### ٠ / ٥ ) ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە :

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە چوار بەش پێکهاتووە :

**بەشی یەکەم :** لەم بەشەدا ، کە بەشێکی تیۆرییە ناونیشانی ( سیمانتیک و تیۆری پێویست ) ی بۆ دانراوە ، چەند باسێک لەخۆ دەگرێت لەوانە : ( پێکهاتەی سیماسینتاکس ، تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان ، بنەماکانی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان خراونەتە ڕوو ) بە نموونە هێنانەوە بابەتەکە پشتڕاستکراوەتەوە، لە ئەنجامی پشت بەستن بەو تیۆرە و شیکردنەوەی نموونەکان ئەنجامێکی ورد و زانستیانە بە دەستهاتووە . هەر لەم بەشەدا ( جۆرەکانی ئارگۆمێنت ) ئاماژەیان

پێکراوە ، هاوکات ( دیاریکردنی کەتەگۆریەکان ، کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن / هەڵبژاردن ، نواندنی درووستەی ئارگۆمێنتی سێمانتیکی و پەیوەندی نێوانیان ) خراونەتە ڕوو .

**بەشی دووەم :** ئەم بەشەش بەشێکی تیۆرییە بە ناونیشانی ( پێکهاتەی سینتاکسی و گواستنەوە ) یە ، بە گشتی چەند باسێک لەخۆ دەگرێت لەوانە : ( تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە ، تیۆری دۆخ ، دۆخ و تیۆری حوکمکردن ) بە وردی تیشکیان خراوەتە سەر ، بە نموونە و بەڵگەی زانستییەوە قسەکان پشتڕاستکراونەتەوە ، هەر لەم بەشەدا ( دۆخ و دروستەی مۆرفۆسینتاکس و دۆخ لە ڕستەی باسمەندا ، گواستنەوە لە زمانی کوردیدا ) خراونەتە ڕوو .

**بەشی سێهەم :** ئەم بەشە ، بەشێکی پراکتیکییە ناونیشانی ( سێمانتیکی وشەی پرس ) ی دراوەتێ ، بۆ دوو پاری سەرەکی و چەند وەچە پارێک دابەشبووە .لە پاری یەکەمدا ( فەرهەنگ و ئاستی وشەسازی ) بە تایبەت ( فەرهەنگی ئاوەزەیی و ، ئاستی مۆرفۆلۆژی ) خراونەتە ڕوو دواتر ( جۆرەکانی وشە لە ڕووی واتاوە ) تیشکیان خراوەتە سەر ، بابەتێکی تری ئەم پارە بریتییە لە ( کەرەستەکانی پرسیار لە زمانی کوردیدا ) ، لەهەر شوێنێکدا پێویستی بە هێنانەوەی نموونەی زمانی بووبێت ، نموونە هێنراوەتەوە . لە پاری دووەمدا کە تایبەت کراوە بە ( وشەی پرس ، پەیوەست بە جۆرەکانی واتاو هەڵاوێرکردنی سێمانتیکییەوە ) باس لە ( نیشانە واتاییەکان و وشەی پرس و هەڵاوێرکردنی سێمانتیکی و کەتەگۆری ) کراوە ، پاشان ( جۆرەکانی واتا و جۆرەکانی واتای پرس ) باسکراون . هاوکات شیانی تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان بۆ زمانی کوردی خراوەتە ڕوو .

**بەشی چوارەم :** بۆ (ڕێزمانی وشەی پرس ) تەرخان کراوە لە دوو پار پێکهاتووە : لە پاری یەکەمدا باس لە ( ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی پرس ) کراوە ، بە نموونە هێنانەوە بابەتەکە پشتڕاستکراوەتەوە . پاری دووەم تایبەت کراوە بە ( سینتاکسی پرس ) ، هاوکات جۆرەکانی ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا باسکراوە ، وێڕای تیشک خستنەسەر (دۆخی وشەی پرس ، ڕێککەوتنی وشەی پرس ، باسمەندی وشەی پرس ) لە ڕوانگەی شیکردنەوەی نموونەی زانستی بیروڕاکان ، جوڵە پێکردنی فرێزی پرس بە وردی تیشکی خراوەتە سەر .

لەکۆتایشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ولیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانەکانی ( عەرەبی و ئینگلیزی ) خراونەتە ڕوو .

# بەشی یەکەم

## پێکهاتەی سیمانتیک و تیۆری پێویست

# بەشی یەکەم

# پێکهاتەی سێمانتیک و تیۆریی پێویست

## ١/١ سێماسینتاکس Semasyntacs

ئاشکرایە ، کە لە بەینی ئاستەکان و پێکەوە لکاندنی ئاستەکان ئاستێک دروست دەبێت و ، دەچێتە نێوان هەردوو ئاستەکەوە ، سێماسینتاکسیش پەیوەستە بە هەردوو ئاستی سێمانتیک و سینتاکسەوە ، لە ئەنجامی لێکدانی هەردوو ئاستی سێمانیتک و سینتاکس دێتە ئاراوە.

١ ) زاراوەی سێماسینتاکس :

زاراوەیەکی لێکداروە ، کە بەرێگەی ( Belding ) داتاشین / تێکەڵکردن دروستتبووە.

واتە ( سێما ) لە سێمانتیکەوە وەرگیراوە و لە گەڵ سینتاکس لێکدراوە ، بووە بەزاراوەی سێماسینتاکس.

٢ ) چەمکی سێماسینتاکس : سێماسینتاکس لە ڕووی چەمکەوە شیکاری سینتاکسی و سیماستیکی بۆ ڕستە دەکات ، واتە دروستە و توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستە دیاری دەکات ، لە ڕوانگەی سێماسینتکیشەوە واتە ناوەرۆکی ڕستە دەخاتە ڕوو ، یان ئەرکەکانی ڕستە دیاری دەکات.

کەواتە سێماسینتاکس کار لە سەر پەیوەندی واتای نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکان دەکات لە قاڵبی فرێزو ڕستەدا ، هەروەها شیکردنەوەی دروستەکان ( ڕستەو پێکهێنەرەکانی ) پەیوەندی نێوان پێکهێنەرەکانی و دروستەکان لە ڕووی واتا وڕێزمانەوە دەگرێتەوە.

### ١/١/١ ) پێکهاتەی سێمانتیکی Semantic Component

سێمانتیک لە لایەن زاناکان و زمانەوانەکانەوە بەشێوازی جیاجیا لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە ، ئەگەر چی سەرجەم زمانەوانەکان کۆک نین ، لە سەر پێناسەیەکی تەواو دەربارەی سێمانتیک ، چونکە چەند بۆچوونێک بۆ لێکدانەوەی خودی سێمانتیک هەیە چەند جۆرێکی سێمانتیکیش هەن. کەواتە پەیوەست بەو جۆرەی ، کە پەیوەندی بە سێمانتیکەوە هەیە ، دەبێت سێمانتیک بناسرێت ، چونکە چەند جۆرێک واتا هەیە لە وانە ( واتای فەرهەنگی و واتای نافەرهەنگی ) . واتای نافەرهەنگیش چەند جۆرێکی هەیە ( بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە بەشی سێیەم ) .ئەمە جگەلە وەی ، کە پەیوەست بەو زانستەی کە پەیوەندی بەواتاسازییەوە هەیە ، دەبێت واتاسازی بناسرێنرێت ، چونکە

چەند جۆرێک واتا پەیوەست بەو زانستانەوە هەن لە وانە ( واتاسازی ئەدەبی ، واتاسازی ڕەوشتی ، واتاسازی دەماری... هتد ) .

واتا تەنیا بەند نییە بەوشەوە ، بەڵکو مۆرفییەکان وشەو فریز و ڕستەو دەقەکان ، هەریەکەیان خاوەنی واتای جیاوازی خۆیانن ، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخرێنە ڕوو :

(( سیمانتیک زانست و تیۆری ڕێکخستن و یاسابەندێتی هەندێ لایەن دیوی واتایی هیمازمانییەکانە )) (مەحوی : ٢٠٠٩ : ٢ ) .

سیمانتیک بریتییە لە "واتای وشەو کا(ڕێگەریی ڕێزمانی و واتای سەرزاراوەی ڕوون وئاشکرا دەگرێتەوە ، پابەندی یاسا و بنەمای هاریکاری پیادە دەکات ، هێمای زمانی لێکدەداتەوە واتایەکی بڵاوە ، کۆمەڵ لە سەری ڕێککەوتووە ، پابەند نییە ، بەدەوروبەرەوە" ( دزەیی :٢٠٠٩ : ٣٤-٣٥ ) .

(سیمانتیک زانستیکە لە واتا دەکۆڵیتەوە ، مەرجی سەرەکی لە سیمکانتیکدا هەبوونی هێمایە) ( عەللاف : ٢٠٠٩ : ٥٩ ) .

هەروەها" پابەندی توانست و یاساکانی زمانە واتایەکی ئاسایی و نەگۆڕ و تەم و مژاوین و هێماکانیش نیشانە نەکراون ، ئیشی لێکدانەوەی واتای فەرهەنگیە ( دزەیی : ٢٠١١ : ٤٩ ) ( ئیبراهیم : ٢٠١٤ : ٣٣ ) .

( پیرچیرۆ ) لە پەرتوکەکەیدا ( La semantique ) پێیوایە واتاسازی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە واتا ( دزەیی : ٢٠١٤ : ٢٦ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە سێمانتیک دەناسێنێت : لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان ، وەک پێڕەوێکی بەرهەمهێنانی سەربەخۆ پەیوەستە بە واتای مۆرفێم و دروستەی فریز و ڕستە و دەق ، هاوکات سێمانتیک دروستە و بنەما و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە.

( Chomsky ) پێکهاتەی سێمانتیکی ( Semantic Component ) بەپێکهاتەی کۆتایی لە ڕێزماندا ناوبردوو ، کە مەبەست لێی دیارییکردنی سنوری واتایە ، هاوکات بەستنەوەی سێمانتیکە بەڕێزمانەوە ، کەواتە بەم پێیە گۆکردنی پێکهاتەی سێمانتیکی ، لێکدانەوەی سێمانتیکی دروستەی قوڵمان بۆ بەرهەم دەهێنێت ، چونکە ئەرکی سێمانتیک بریتییە لە پەسەندکردنی واتا ، ئەمەش بەهۆی یاسا سێمانتیکییەکانەوە ( Semantic Rule ) جێبەجێدەبێت .

هاوکات نیشانە سێمانتکییەکان ( Semantic Features ) پێکهێنەری بنەڕەتی یاسا سێمانتیکییەکانن بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی سێمانتیکی وشەو ڕستەو تێگەیشتن لە واتاکەی پێویستە

ئەو وشەو ڕستەیە بۆ ئەو یەکە پێکهێنەرانەی دروستەی پێکهاتەی سیمانتیکی بەرهەمدەهێنن شیبکەنەوە ( حسێن : ٢٠١٢ : ١٠٢- ١٠٣ ) .

" تیۆری سیمانتیکی پێویستە دەرکردەکانی بەشێوەیەک دابڕێژرێت ، کە لە گەڵ توانای لێکدانەوەی قسەکەراندا بگونجێت ، بۆ ئەم مەبەستەش کەرەستە و پێکهاتەکانی سیمانتیک دیاریکراون" (حسێن : ٢٠١٢ : ١٠٤ ) .

کەواتە لێرەدا ئاماژە بەکەرەستە و پێکهاتەی سیمانتیکی دەکەین ، کە ئەوانیش بریتین لە فەرهەنگ ، توخمە فەرهەنگییەکان لە ناو فەرهەنگدایە لە ڕێی تیۆری ( sub categorization ) ؛تیۆری پۆلە ڕەگەزدیاریکردن ، کەئەم تیۆرە ئەو تەواوکەرانەمان بۆ دیاریدەکات ، کە لە ناو هەریەک لە و توخمە فەرهەنگیانەدا هەڵگیراون ، هەروەها ئاماژە دەکرێت بە یاساکانی پرۆژە سازدان و دروستەی قوڵ و کۆت وبەندی هەڵاویرکردن ، کە مەبەستمان لە هەڵبژاردنی سیمانتیکی ( semantic selection ) و هەڵبژاردنی کەتەگۆرییە ( Category Selection ) .

لە هەڵبژاردنی واتایی ، لە ڕستەی زمانی کوردیدا کە کردار سەری حوکمکەرە ئەو کەرەستەیەی کە هەڵیدەبژێرێت بەندی دەکات ، بەواتایەکی تر کۆت و بەندی سیمانتیکی دەربڕینەکە بۆ ئەو پەیوەندیە دەکات ، کە چ کەرەستەیەکی سیمانتیکی دەستنیشان دەکات بەشێوەیەکی دروست پێکەوە گرێیدەدات ، کەواتە کۆتی واتایی لە ئەنجامی پەیوەندی کەرەستەکان لە ڕووی سیمانتیکەوە لە گەڵ یەک دروست دەبن ، ئەم پەیوەندیەش بەشێوەیەکی ستونی دروست دەبێت بۆنموونە لە ڕستەی ( پێزان نان دەخوات ) ، هەروشەیەکی ئەم ڕستەیە پەیوەندیەکی ستوونی لە گەڵ سەدان وشەی تری دەرەوەی ڕستەکە هەیە :

- پێزان لە گەڵ ( لێزان ، کچەکە ، کچێک ، ژنێک ، ... هتد )
- نان لە گەڵ ( چا ، میوە ، ... هتد ) .
- دەخوات لە گەڵ ( دەکرێت ، دەبات ...هتد ) .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، کە هەموو ئاستەکانی زمان هاوکارن بۆ گەیاندنی واتا ، هەرچەندە پێشتر ئاماژە بەوە کرا ،کە واتا لە خوار وشە و لە سەرووی وشەشەوە هەیە ، بۆنموونە فۆنیمەکان یەکدەگرن و دەبن بەوشە ، وشەکانیش بەپێی یاسا ڕێزمانییەکان فرێز و ڕستەو دروست دەکەن ، هاوکات ڕستەکان دەق دروست دەکەن ، کە هەموو پێکەوە یاخود بەجیاجیا واتایەک دەدەن بەدەستەوە ، بۆیە ناکرێ واتا تەنیا لە ئاستی واتادا دابنرێت ، هەروەک ئاماژەی پێکرا ، کە ئەرکی سیمانتیک بریتییە لە پەسەندکردنی واتا بەهۆی ( semantic rule ) ەوە جێبەجێدەبێت ، نیشانە

سیمانتکییەکان پێکهێنەری بنەڕەتی یاسا سیمانتکییەکانن ( بۆ زانیاریی لە سەر نیشانە سیمانتیکییەکان بڕوانە بەشی سێیەم )

بۆیە لێرەدا ئاماژە بە ( semantic Features ) نیشانە واتاییەکان دەکرێت؛ ( پێکەوە هاتنی یەکە زمانییەکان بۆتە هۆی سنووردارکردنە بابەتییەکان ، بۆنموونە کردارەکان بکەر و بەرکارەکان لە ڕووی بابەتییەوە هەڵدەبژێرێن ) ( ئەحمەد : ٢٠١٢ : ٤٥ ) .

بۆ نموونە کردارێکی وەکو ( کڕین ) ( buy ) بکەرەکەی دەبێت فریزێکی ناوی ( NP ) بێت ، هەڵگری نیشانەی ( + مرۆڤ ) بێت ( بڕوانە ( ١ ) :

**(١)** پێزان پێنووسەکەی کڕی.

هاوکات بەرکاری ( کڕین ) پێویستە فریزێکی ناوی بێت.

هەڵگری نیشانەی ( +دەستدان بۆ کڕین ) بێت ( بڕوانە ( ٢ ) :

**(٢)** ؟ پێزان پیاوەکەی کڕی

لێرەدا ڕستەکە لە ڕووی واتا وە ناوێزەیە ، چونکە کرداری ( کڕێ ) پێویستی بە بەرکارێکە ، کە دەست بدات بۆ کڕین. بەدەر لە واتای میتافۆڕی.

کەواتە" نیشانە واتاییەکان چەمکە گشتی وهاوبەشەکانی نێوان وشەکان دەستنیشان دەکەن" ( دزەیی : ٢٠١٤ : ١٦٩ ) .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، کە نیشانە واتاییەکان پەیوەندیان بە فەرهەنگەوە هەیە ، وشە فەرهەنگیەکانیش زۆربەیان لەم جۆرەن.

بۆنموونە لە ڕێی نیشانەی واتاییەکان دەتوانین چەمکی وشەی ( ژن ، ئافرەت ، کچ ) دەستنیشان بکرێت لە ڕێگای دانانی کەوانەی<> ( بڕوانە ٣ ) :

**(٣)** أ- ) ژن < + مرۆڤ ، هەراش ، + مێ ، + شوکردن>.

ب- ) ئافرەت < + مرۆڤ ، + ، هەراش ، + مێ ± شوکردن>.

پ- ) کچ < + مرۆڤ ، ± هەراش ، + مێ ، – شوکردن >.

( ( دەتوانرێت هەموو واتای دەربڕاوە زمانییەکان لە ڕێگەی نیشانە واتاییەکانەوە پەسەند بکرێت ) ) ( مەحوی : ٢٠٠٦ : ٣ ) .

کەواتە هەروەک پێشتر ئاماژە بەکەرەستە و پێکهاتەی سیمانتیکی کرا ، کەئەوانیش فەرهەنگ و یاساکانی پرۆژە سازدان بوون دروستەی قوڵ و کۆت و بەندی هەڵاوێرکردن بوون ، هاوکات زانیارییەکان لە فەرهەنگدان و نواندنەکەیان لە ڕێزماندان.

کەواتە بەم پێیە واتاکان لە دروستەی لۆژیکدا هەن ( بڕوانە ( ٤ ) :

**(٤)** أ- ) پێزان چۆلەکەکەی کوشت.

ب- ) پێزان بووە هۆی مردارەوەبوونی چۆلە کەکە.

ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوە لە ڕووی شێوەو دروستەوە ، جیاوایان هەیە ، بەڵام لە ڕووی سیمانتیکەوە تاڕادەیەک وەک یەکن.

لە بەرئەوەی سیمانتیکی بەرهەمهێنان و سیمانتیکی لێکدەرەوەیی ، کارەکانی خۆیان لە سەر ئاستی واتا ، وەک پێکهاتەو توخمی پێکهێنەری بەرهەمهێنانی ڕستە چڕکردۆتەوە ، بۆیە لێرەدا بەپێویست زانرا بەجیا ئاماژە بە هەریەک لە سیمانتیکی لێکدەرەوەیی و سیمانتیکی بەرهەمهێنان بکرێت ، بەکورتی تیشک دەخرێتە سەر سیمانتیکی لێکدەرەوەیی پاشان لە ( ٢/١/١ ) باس لە سیمانتیکی بەرهەمهێنان دەکرێت. پێشتر ئاماژە کرا بە کەرەستەو پێکهاتەی سیمانتیکی کە ئەوانیش بریتیبوون لە :"فەرهەنگ و توخمە فەرهەنگییەکان ، ئەرکی ( یاسا فەرهەنگییەکان ) ڕوونکردنەوەی دانە فەرهەنگییەکان/ لێکسیمەکانە ، پاشان دەستنیشانکردنی ئەرکە سیمانتیکییەکانیان لە فرێز و ڕستەدا ، بەڵام ئەرکی ( یاسای لێکدانەوەیی ) بریتییە لە دیارکردنی ئەو ڕێگەیەی کە بەهۆیەوە لێکسیمەکانی پێدەخرێتە پاڵ یەک بەمەبەستی لێکدانەوەی سیمانتیکییانە بۆ فرێز و ڕستەکان ( ئیبراهیم ٢٠١٤: ٣٦ ) .

یاسا لێکدەرەوەییەکان ، لێکدانەوەیەکی واتایی بەدروستە بەرهەمهاتووەکان دەدەن ، لە ئاستی پێکهاتوویی دروستەی بەرهەمهێناندا ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو (ڕێگایەش نیشان دەدەن ،کە بە هۆیەوە دروستە بەرهەمهاتووەکان لە ئاستی پێکهاتووی دروستەی بەرهەمهێناندا دروستە گواستراوەکە لە ئاستی پێکهاتوویی دروستەی گواستنەوەکەدا دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە لێکدانەوەی واتای دروستەکان ، ئەوەیش کە توانی ئەو دوو پێکهاتەیە گرێ بدات بۆچوونەکەی ( katz & postal ) لە ساڵی ( ١٩٦٤ ) دا ، چونکە چەمکی نوێیان بۆ یاساکانی لێکدانەوەو گواستنەوەی واتا دامەزراند ، هاوکات بەشێوەیەکی ورد ئەو پەیوەندیەیان دیاریکرد ، کە دەبنە هۆی وابەستەکردنی هەردوو پێکهاتەی سیمانتیکی و پێکهاتەی دروستەی سینتاکسی(ئیبراهیم : ٢٠١٤ : ٣٦- ٣٧ ) .

له سێمانتیکی لێکدانەوەدا پرەنسیپ و گریمانەی کاری تیۆریی سێمانتیکی لێکدانەوە بەپێی مۆدێلە جیاوازەکانی ئەو تیۆرە دەگۆڕێت ، لە مۆدیلی یەکەمدا ، کە ( کاتز و فۆدۆر ) پێشنیازیان کرد ، چوار بنەما دیاریکرا ،بەڵام لە مۆدیلە کانی تردا بنەمای تری بۆزیاد کرا (بۆزانیاریی زیاتر دەبارەی ئەو بنەمایانە بڕوانە : ( ئیبراهیم ، ٢٠١٤ : ٥١-٦٤ ) ) .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بنەماکانی ئەم تیۆرە بخرێتە ڕوو کەئەوانیش بریتین لە :

**١-ئاستی دروستەی قووڵ ( Deep Structure ) :** لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا هەرستەیەک خاوەنی دووئاستە ، کەئەوانیش ئاستی قووڵ / ژێرەوە ، ئاستی ڕووکەش / سەرەوە ، یاساکانی ژێرەوە / بنجی ، ئاستی قووڵ / ژێرەوە ، وەک یەکەمین دروستەی بەرهەمهاتوو ، بەرهەمدێنن ( مەحوی : ٢٠٠١ : ٢١- ٢٥ ) . ئاستی قووڵ برتییە لە پەیوەندییەناوکییەکانی نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە ( دزەیی : ٢٠٠٩ : ٥٠ ) . ئەم ئاستە ئەبستراکەتە و لە فەرهەنگی ئاوەزدا هەڵگیراوە هەرکات ، کەئاڕاستەی دروستەی ڕووکەش کرا دەبێت بە کۆنکرێت ، کەئەمەش لە شێوەی شریتی دەنگیدا دەردەبڕێت. لە سەرەتادا توانای لێکدانەوەی واتایی بۆ ڕستە درا بەو ئاستە دەوترا ئەم ئاستە لە گەڵ واتادا لە پەیوەندیدایە ، دروستەی قووڵ لە ڕێگەی پێکهاتەی سێمانتیکییەوە واتایانە لێکدەدرێتەوە ، دواتر لە ڕێگەی یاساکانی گوێزانەوە بەرەو دروستە ی ڕووکەش / سەرەوە دەگوازرێتەوە ( کەمال : ٢٠٠٢ : ٢٦ ) .

ئەگەر دوو ڕستەی جیاواز هەمان دروستەی قووڵیان هەبێت ، بە هاوواتا دادەنرێن ، ( بڕوانە ٥ ) :

**(٥)** أ- ) ئەو شەکرەم بدەرێ .

ب- ) ئەرێ ئەو شەکرەم نادەیتێ ؟

بەڵام ئەگەر دروستەی قووڵیان جیاواز بێت وهەمان دروستەی ڕووکەشیان هەبێت ، ئەوا نابن بەهاوواتا ، بەڵکو لێڵی دروست دەکات و دەبێتە ڕستەیەکی بفرەواتا ( بڕوانە ٦ ) .

**(٦)** أ- ) ئەو پێی دەخورێت(ئەو "پێ " دەخورێت "خوران" )

ب- ) ئەو پێی دەخوریت(ئەو پێی دەکرێت خواردنەکە بخوات "خواردن" )

پ- ) ئەو پێی دەخورێت ( ئەو سەروەت سامانەکە دەخوات ، زەوتی دەکات )

## ٢-دروستەی ڕووکەش : ( Surface Structure )

ئەم ئاستە بریتییە لە ( out put ) واتە بەرهەمە دەرچووەکان یاخود کەرەستە و بەرهەمی یاسا گشتییەکەیە ( مەحوی : ٢٠٠٢: ٢٦ ) . لێرەدا کەرەستەی تێدا دەردەکەوێت ، لە دوای جێبەجێبوونی یاساکانی گواستنەوە بەسەریدا پەیوەندی بەڕیزبوونی کەرەستەکانەوە هەیە ، دواتر بە فۆنەتیکەوە ، بۆ ئەوەی بەدوایەکداهاتنی دەنگەکانی تێدا دەستنیشانبکرێت ( کەریم : ٢٠٠٢ : ٢٨ ) .

ئەگەرچی لە سەرەتای سیمانتیکی لێکدانەوەدا ، لێکدانەوەی واتا لە سەر ئەم ئاستەدا جێبەجێ نەدەکرا ، واتا ئەم ئاستە بە بنەمای لێکدانەوە دانەدەنرا ، بەڵام لەم مۆدیلانەی کەبەدوای ئەمدا هاتن ، وەک بنەمایەکی تیۆرەکە لە قەڵەمدرا ، دەوترا لێکدانەوەی واتایی لە هەندێک ڕستەدا پەیوەندی بەهەردوو ئاستی قووڵ و ڕووکەشەوە هەیە(مەحوی : ٢٠٠٩ : ٢٠٢ ) (بڕوانە ٧ )

**(٧)** أ- ) تەنها من لێرە دەبم ( تەنها من ئەوانی تر نا ) .

ب- ) من تەنها لێرە دەبم(تەنها من لێرە دەبم لە شوێنێکی تر نا ) .

پ- ) من لێرە دەبم تەنها( تەنها لێرە دەبم ، هیچی تر ناکەم ) .

لێرەدا دەبینین لە نموونەی ( ٧ - أ ، ب ، پ ) بەهۆی یاسای گواستنەوەی ( جێگۆڕکێی کەرەستە ) ، کەدەربڕاوی ئاوەڵکرداری ( تەنها ) یە گۆڕان بەسەر واتای ڕستەکەدا هاتووە.

## ٣-فەرهەنگ : ( Lexicon )

بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر لە وشە بەواتاکانیانەوە ، وشەکانی ناوفەرهەنگ بەهۆی پەیوەندییەکی واتایی پێکەوە بەستراونەتەوە ، بەپێی پێڕەوێک تۆمار کروان ، کە تەنها لێکسیمەکان ناگرێتەوە ، بەڵکو مۆرفیمەکان ، ژمارەیەکی لە دەبڕاوە زمانییە بە لێکسیبووەکانیش دەگرێتەوە، کە پێیان دەوترێت" لیماLemma" ، کە هەموویان تۆمارکراون بە واتاکانیانەوە ، دەروازەی زانیاریی دەوڵەمەندیان هەیە ، سەرجەم زانیارییە لێکسیکی و ڕێزمانییەکانی لە گەڵدا تۆمارکراون ، هاوکات هەموو نیشانەواتاییەکان تۆمارکراون ، هەرقسەپێکەری زمانێک خاوەنی بەشێکی زۆر لە و زانیارییانەی فەرهەنگی زمانەکەیەتی ، واتای ڕستە لە ئەنجامی پێکەوە هاتنی هەردوو واتای فەرهەنگی و وتای ڕێزمانی بەرهەمدێت ( مەحوی : ٢٠٠١ : ٣٣-٤١ ) و ( مەحوی ، ٢٠٠٦ : ٩-١٢ ) و ( دزەیی : ٢٠٠٩ : ٥٤ ) ( بڕوانە ٨ ) .

**(٨)** أ- ) لێزان پێزانی نارد .

ب- ) پێزان لێزانی نارد.

له بەرئەوەی ڕستەکانی ( ٨-أ ، ب ) هەمان وشـەن بەهـەمان واتـا وە ، بـەڵام ڕیزکردنیـان جیاوازییـان لە زانیارییە سینتاکسییەکانیاندا دروست دەکات. هەرلە بەر ئەوەشە ئەو دووڕستە لە واتادا جیـاوازن ، بەگوێرەی ئەمە لێماکان لە فەرهەنگدا خاوەنی سێ جۆر زانیاریی جیاوازن ، کەئەوانیش ( نیشـانکارە ڕێزمانییەکان ، نیشانکارە سێمانتیکیەکان ، نیشانە جیاکەرەوەکان ) .

## ٤-یاسای پرۆژەسازدان : ( Projection Rules )

بریتییـــە لە چـــۆنێتی پێکـــەوە هـــاتنی واتـــای کەرەســـتەکان ، کەبـــەهۆی کۆتوبەنـــدی هەڵاوێکردنەوە/هەڵبژاردنەوە ، جێبەجێدەکرێت ( دزەیی : ٢٠٠٩ : ٥٥ ) .

دوای ئـەوەی زانیارییـە سیمانتییکەکان دەخرێنـە نـاو دروسـتەی قووڵـەوە ، کاتێـک کـە دانـەی فەرهـەنگی فرەواتـا ( پۆلیسـمی polysemy ) بـەدیکرا ، ڕسـتەکە زیـاتر لە خوێندنەوەیـەکی واتـایی هەڵـدەگرێت ، واتـا جیاوازەکـانی ڕسـتەکە بـەهۆی یاسـاکانەوە ( یاسـاکانی پـرۆژە سـازدان ) ەوە بـەگوێرەی مەرجـەکانی هـەڵکردنی ( compatibility conditions ) ی نێـوان دانەفەرهەنگییـەکان لە گەڵ یەکترییدا-بەلە بەرچاوگرتنی پەیوەندییە سینتاکسییەکان – لێکسیمەکان دەخرێنـە پاڵ یـەک بـۆ پێکهنانی ڕستە- ناوەرۆکەکەی/ واتاگەلەکەی ( sense ) ( مەحوی : ٢٠٠٦ : ٣ ) .

**پرۆسەی لێکدان دوو مەرجی پێویستە جگەلە کۆتوبەندی هەڵاوێکردن ، کەئەوانیش :**

### (أ) کۆتوبەندی سینتاکسی ( Synthetic Restriction) .

پرۆسەی لێکدان بەپێی ڕاست ودروستی پەیوەندییە ڕێزمانییـەکان جیبەجێدەکرێت ، کاتێک هێمـا بۆدانراوەکـان ، بـەپێی دروسـتەی سینتاکسـی پێکـدێن ، لێکدانەکـە بەرزدەبێتـەوە لەو ڕەمزانـەوە / نیشانەوە کە لە درەختی هێڵێکاری سینتاکسیەکەدا هەن ، بۆ گەیشـتن بـەو دەربڕاوانـەی سـەرەوە ،کە سەرپەرشتی خوارەوە دەکەن ، بەم جۆرە تاکو دەگەینە تەواوی لێکدانەوەی ڕستەکان.

### ( ب ) – مەرجی سێمانتیکی ( Semantic Condition )

بەپێی ئەم مەرجە پێویستە هێمابۆدانراوە پێکەوەهاتووەکان لە ڕستەدا گونجاو بن ، بۆیە تـەنها ئەو هێما بۆکراوانە هەڵدەبژێردرێن ، کە گونحـاوبن لە ئاسـتی یاسـاکانی پرۆژەسـازداندا ، بـەجۆرێک تـەنها ئـەو هێمـا بۆدانراوانـە دەهێڵێتـەوە ، کـە دروسـت و شـیاون ، یاسـاکانی پـرۆژە سـازدان ئـەو یاسایانە سازدەکەن ، کە لە ئاستی پێکاهتندا لە فەرهەنگدا هـەن ، چونکە فەرهـەنگ هـەڵگری واتـای (

کەرەستەکانە ) ، لە و ئاستەدا سازدەکرێن بۆ ئەوەی بگەینە ، باشترین و گونجاوترین لێکدانەوە لە ناو لێکدانەوە جۆربەجۆرەکاندا ( بڕوانە ٩ ) .

**(٩)** أ- ) گەڵای دارەکە وەریوە.
**درەخت**
؟ کوتەک
؟ لە سێدارەدان
؟ زەبرگەیاندن

ب- ) بەدار لە کچەکەی داوە .
درەخت
**کوتەک**
؟ لە سێدارەدان
؟ زەبرگەیاندن

پ- ) قازی محەمەد لە دار درا .
؟ درەخت.
؟ کوتەک
**لە سێدارەدان**
؟ زەبرگەیاندن

ت- ) دار دەدات بە ڕوحیدا.
؟درەخت
؟ کوتەک
؟ لە سێدارەدان
**زەبرگەیاندن**

لە نموونەی ( ٩ - أ ، ب ، پ ، ت ) ئەو لێکدانەوەیە یاخود ئەو خوێندنەوەیەی کە هەڵبژێردراوە و گونجاوە ( هێڵی بەژێرداهاتووە ) ، بەڵام ئەوانەی تر ناوێزەن واتا نابەخشن بۆیە هیچ خوێندنەوەیەکیان بۆناکرێت ، ئامانج لە مەرجی ڕێککەوتن و یاسای لێکدان و کەوتن ڕەوینەوەیی لێڵی و نەهێشتنی تەومژ ونادیاری وڕێگەگرتن لە هەبوونی خوێندنەوە جیاوازەکان و پێدانی دارشتە و نواندنی واتایی بەڕستەکان ( دزەیی : ٢٠٠٩ : ٥٥ ) .بێگومان هەبوونی ئەم مەرجەش بەوە دەبێت ، کەتاکە یەک خوێندنەوەی گونجاو هەڵبژێرێت ، کە دەخرێتەپاڵ ڕستەکە ، وەک لە نموونەی ( ٩ - أ ، ب ، پ ، ت ) ڕوونکرایەوە ، بەڵام ئەگەر نەتوانرا یەک خوێندنەوە هەڵبژێرێت ئەوا پێویستی بەبەڵگەو ڕوونکردنەوەی ( دەوروبەر/ کۆنتێکست ) دەبێت ، بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەو هەڵبژاردنی واتای گونجاو بۆ ڕستەکە ( بڕوانە ١٠ ) .

**(١٠)** أ- ) دەستی براوە ( " دەست " ئەندامی لە شی مرۆڤ )
ب- ) دەستی براوە (" فێڵی لێکراوە" واتایەکی میتافۆڕی هەیە" ) .

لە ( ١٠ – أ ، ب ) پێویستی بە کۆنتێکست هەیە بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەکە و هەڵبژاردنی ئەو واتاییەی ، کە گونجاوە بۆ ڕستەکە.

## ٥ ) کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن/ هەڵبژاردن ( Selection Restrictions )

لای واتاسازانی لێکدانەوە ئەم کۆتوبەندانە خاوەنی سروشتی سینتاکسین ، بەڵام واتاسازی بەرهەمهێنان سروشتی سیمانتیکیان پێدەدەن ( بڕوانە ٢/١/١ ) .

ئەم کۆت وبەندانە خراونەتە سەر پرۆسەی ئەلگەمەیشن ، بەهۆی ئەوەوە خۆمان بەدوور دەگرین لە بەرهەمێنانی ڕستەی ئاوەزداری ( Tuneful ) سیمانتیکیانە ڕستەی نالێکدانەوەیی ( Zero-Interpretation ) ( جحفە :٢٠٠٠ : ٦٤ ) و ( ئیبراهیم :٢٠١٤ : ٤٤ ) .

ئەم بنەمایە بریتییە لە کۆکردنەوەی هەردوو مەرجی ( ئەلگەمەیشن و گونجان ) ، بۆیە سروشتێکی سینتاکیسانەی هەیە ، ئەم دوو مەرجە پرۆسەی ئاڕاستەکردنی کوتوبەندی هەڵاوێکردن لە جێبەجێکردندا ڕوون دەکەنەوە ، هاوکات ناوەرۆکی ئەو کۆتوبەندانەی بۆ زیاد دەکەن ، کە بریتییە لە جۆرێک لە مەرجی پێویست لە شێوەی سنورداركردن ، کەتێیدا لە ڕستەدا کەرەستەی بەدەسەڵات ئەو کەرەستانە هەڵدەبژێرن ، کە لاوازن یان بێ دەسەڵاتن ، بەپێی نیشانە واتاییەکانیان گونجاون لە گەڵیدا ( دزەیی : ٢٠٠٩ : ٦٠ ) ( بڕوانە ١١ ) .

**(١١)** أ- ) خوێندکارەکە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە .

زانیاریی کەرەستەکانی ئەو ڕستەیەی سەرە وە لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە :

| خوێندکارەکە | ڕۆژنامە | دەخوێنێتەوە |
| --- | --- | --- |
| ناو | ناو | کردار |
| ناسراو | نەناسراو | تێپەڕ |
| تاک | تاک | ڕانەبردوو |
| + مرۆڤ | + شت | + وەرگرتن لە ڕێگەی چاوەوە |
| ± نێر | – خواردن | < + بکەر { زیندوو}> |
| | | < + بەرکار { شت}> |
| | . | . |
| | . | . |
| | . | . هتد |

بەم هەنگاوانە لیکدانەوەی سیمانتیکی بۆ ڕستەکە دەکرێت :

(١) ( ف.ن ) لە ڕستەکەدا ← ناو + دیاریکەر ← خوێندکارەکە

< + ناو+ناسراو+ مرۆڤ + هەراش.. .هتد >

(٢) ف.ن لە ( ف.ک ) دا ← ناو + نەناسراوی ← رۆژنامە

< + ناو+ تاک - ناسراو + شت- خواردن ...هتد >

(٣) ف.ک لە ( ڕستەکە ) دا ← ف.ن + کردار ← ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە .

< + کردار+ تێپەڕ +ڕانەبردوو+ سودگەیاندن ...هتد >

(٤) لێکدانەوەی واتای ( ڕ ) ← {لێکدانەوەی ف.ن لە ( ڕ ) دا + لێکدانەوەی ف.ک ( ڕ ) دا} .

ئەمجۆرە ڕستەیە بە ڕستەی ( یەک خوێندنەوەیی ) ناسراوە ڕستەیەکی ڕوونە و بێ تەمومژە ، چونکە کۆتوبەندی هەڵاوێکردنی ڕازی کردووە لە بەرئەوەی لە لایەک کەرەستەی فرە لێکدانەوەیی تێدانییە ، هاوکات ڕستەکە دوو کەرەستە یان زیاتری تێدا نییە ، کە هەمان لێکدانەوەیان هەبێت.

**بنەماکانی دیاریکردنی لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستە لە م تیۆرەدا بریتیین لە :**

أ-زانیارییە لێکسیکیەکانی ناو فەرهەنگ ( Lexical Information )

ب-زانیاریی سینتاکسی / ڕێزمانی پێویست ( Grammatical Information )

پ-پەیوەندییە ڕێزمانییەکان ( Grammatical Relations )

بۆزانیاریی زیاتر دەبارەی بنەماکانی دیاریکردنی لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستە بڕوانە ( ئیبراهیم ٢٠١٤: ٤٧- ٥٠ ) .

ئەم تیۆرە هەوڵدەدات لە ڕێگەی داڕشتنی سینتاکسەوە واتا لێکبداتەوە ، واتە سینتاکس دەبێتە بنەما لە ( Standard Theory ) ( ڕێزمانی بەرهەمهێناندا ) دەرکردەی دروستە سینتاکسیەکان "لەو ڕێگەیەوە لێکدەدرێنەوە ، کە یاساکانی سیمانتیک داڕشتەی سیمانتێکی و یاساکانی فۆنۆلۆجی داڕشتەی فۆنۆتیکیان بۆ دادەنێت ولە مانیشەوە واتا و دەربڕین هەڵدەگوێزرێن"(مەحوی :٢٠٠٦ : ٣-٤ )
.

## ٢/١/١ ) سیمانتیکی بەرهەمهێنان :

ئەم تیۆرە لە ئەنجامی ئەو ڕەخنەو پێشنیازانەوە پەیدابوو ، کە لە ( تیۆری ستاندارد ) گیران ، بەپێی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان سیمانتیک دەبێتە بناغە بۆ دروستەی سینتاکسی ، پێکهاتەی

سێمانتیکی ڕێزمانێکـە ، کـە وەک بناغـەی بەرهـەمهێنان دەتوانرێـت لێیـەوە دروسـتەی سینتاکیسـی هەڵبگوێزرێت ( مەحوی :٢٠٠٦ : ٦ ) .

بـەپێی ئـەم تیـۆرە ( لە شـیکردنەوەدا ) ( لە داڕشـتەی سـێمانتیکی ڕسـتەیەک ) هوە دەسـتپێدەکرێت و بۆدیـاریکردنی ئـەو مەرجانـە پێویسـتە ، کەدروسـتەی ڕووکەشـی فـۆڕم دروسـت بەرهەم دەهێنێت. یاسا سێمانتیکییەکانی دوای ئەم بەتـەنها لێکدەرەوەن و ئاستێک نییە لە نێوانیانـدا ( سەرچاوەی پێشوو :٦ ) .

سـێمانتیکی بەرهەمهێنـەری ڕاسـتەوخۆ هەوڵـدەدات بـۆ واتـا نـەک لە ڕێگـەی سینتاکسـەوە ، هەروەها لە سێمانتیکی بەرهەمهێنەریدا ، ڕێزمـانی شیکەرەوەیی ( وەسـفی ) لە دروسـتەی قووڵـەوە ، کە پێکدێت لە ( پێکەوەگرێدانی سێماواتاییەکان ، پەیوەندییە واتاییەکان ، بەرکارهێنـان و گریمانـەکان ) دەستپێدەکات ، کە بابەتن بۆ زیادکراوە فەرهەنگییـەکان و گواسـتنەوە ، بۆ بەرهـەمهێنانی دروسـتەی ڕووکەش ، کە دواتر یاسا فۆنۆلۆژییـەکانی بەسـەردا جێبـەجێ دەبێت ( 269 :Falk :1384 ) و ( حەسـەن :٢٠١٠ : ٢٤ )

بـەپێی تیـۆری سـێمانتیکی بەرهـەمهێنان لە سـێمانتیکی بەرهـەمهێنی زمانێکدا هـەموو واتاکـان لە دروستەی قووڵدا هەن ، کە هەندێک جار پێی دەگوترێت دروسـتەی لـۆژیکی ، بۆ جیاکردنـەوەی لە دروستەی قووڵی سینتاکسی سێمانتیکی لێکدەرەوەیی ( حەسەن :٢٠١٠ : ٢٤ ) .

بۆئەوەی بتوانین سێمانتیکی لێکدەرەوەیی و سێمانتیکی بەرهەمهێنەری لێک جیابکەینەوە ( بڕوانە ١٢)

**(١٢)** أ- ) زەند کۆترەکەی کوشت.

ب- ) زەند بووە هۆی مردارەوەبوونی کۆترەکە.

لە ( ١٢ – أ ، ب ) لە ڕووی فۆڕمی دروستەوە جیاوازن ، لە ڕووی کەرەستەوە لە ڕستەی ( ١٢ - أ ) دا تەنها وشەی ( کوشت ) و ( لە ڕستەی ١٢ - ب ) دا گرێی ( بووە هۆی مردارەوەبوونی ) تێدا بەرکارهـاتووە . وێرای ئـەوەی ڕیزبوونیشـان جیاوازە ، بـەڵام لە ڕووی سـێمانتیکەوە دەکرێت تارادەیەک بڵێین وەکیەکن ، لە سێمانتیکی لێکدەرەوەییدا یاساکانی سێمانتیکی لێکدەرەوەی دەتوانرێت بەجۆرێک دابڕێژرێن ، کە هەمان لێکدانەوەیان پێ بدات بۆ ( کوشت ، بـووە هـۆی مردارەوەبـوونی ) ، بـەڵام لە سـێمانتیکی بەرهەمهێنەریدا لێکدانەوەکـە بـەم شـێوەیەیە ، کـە هـەردوو ڕسـتەکەی دروسـتەی قووڵی سـێمانتیکییان هەیـە ، چونکـە لە ئاسـتی قووڵی سـێمانتیکی بەرهـەمهێنەریدا هـیچ زانیارییـەکی سینتاکسی نییە ( 368-369 :Falk :1384 ) و ( حەسەن :٢٠١٠ : ٢٥ ) .

ئـەم تیـۆرە سیسـتمێکی سـێمانتیکییە. ئامـانجی شـیکردنەوەی زمـان و لێکدانـەوەی واتـای ڕسـتەکانە لە سـنوری سـێمانتیکیدا دوور لە دەوروبـەر ، کـە تێیـدا دروسـتەی لـۆژیکی لە شـێوەی درەختـی لـق و پۆپداردا دەنواند ، ئەویش لە ڕێگەی دروستەی سینتاکسی ڕووکەشی ڕستە لە دروسـتەی سـێمانتیکی

قووڵەوە بەشێوازێک ، کە دروستەی قووڵی تیۆری ستاندارد فراوانبکرێت ، بۆ بەرهەمهێنانی ئاستێکی جیاوازتر ، بەجۆرێک وردترو قووڵتر و ئەبستراکتر بێت لە و ئاستە قووڵەی یاساکانی فرێز پێکهێنان بەرهەم دەهێنن ، کە بتوانێت پێکهاتەی دەروازە فەرهەنگییەکانیش بگرێتەوە ، واتە بووە هۆی قووڵترکردنەوە دروستە قووڵ وبەمەش ئەم دروستەیە بووە ئەبستراکت وهەمیشە وەک لۆژیکی لە ڕیزبەندی – یەکەم دەرکەوت ( حسێن : ٢٠١٢ : ٢٤٣ ) .

کەواتە بەپێی ئەم تیۆرە ئەگەر دروستەیەکی قووڵ هەبێت ، دەبێت دروستیەکی سیمانتیکی بێت نەک سینتاکسی واتە دروستەی سیمانتیکی / لۆژیکی سەرچاوەی داڕشتن و بەرهەمهێنانی ڕستەیە ، نەک دروستەی قووڵ.

کەواتە بەم پێیە دەکرێت دوو تێبینی گرنگ لە م تێڕوانینە بخرێتە ڕوو :

(أ) دروستەی سیمانتیکی وەکو دروستەی قووڵی ڕستە سەیر دەکرێت ، کەئەمەش پێچەوانەی تیۆری ستانداردە چونکە لای ئەوان ( دروستەی سینتاکسی ) دروستە قووڵەکەیە.

(ب)دروستەی قووڵ = دروستەی لۆژیکی واتە لای ئەمان لە جیاتی دروستەی قووڵ دروستەی واتایی لۆژیکی بەشوێنگرەوەی دروستەی قووڵی سینتاکسی دادەنێن ) ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ١ ) .

**بناغە ( Base )**

↓

**دروستەی سیمانتیکی ( لۆژیکی )**

↓

**یاساکانی گواستنەوە**

↓

**دروستەی ڕووکەش**

↓

**دروستەی فۆنۆلۆژی**

↓

**دروستەی فۆنەتیکی.**

هێڵکاری ژمارە ( ١ )

( حەمە غەریب : ٢٠١٥ : ٤٥ ) ( ئەمین : ٢٠٢١ : ٦٨ )

کەواتە لایەنگرانی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان دروستەی سیمانتیکی/ لۆژیکی بەبناغە و سەرچاوە دەزانن ، واتە دروستەی سیمانتیکی وەکو بناغە ( Base ) سەیردەکرێت.

لە سـێمانتیکی بەرھەمھێنانـدا پەیوەنـدی نێـوان واتـای ڕسـتەیەک و فۆڕمەکـەی پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوخۆیە لە ڕاسـتیدا جیـاوازی لە نێـوان ئاسـتی قـووڵ و واتـادا نییـە ، واتـا ئـەرکی خوێندنـەوەو لێکدانەوەی نییە بەڵکو خۆی بەشی بەرھەمداری زمانە ، لە سەر بنەمای پەیوەندی نێوان واتا و فۆڕم لە سێمانتیکی بەرھەمھێناندا، پەیوەندی نێوان واتا و فۆڕم بەم شێوەیەیە : ( بڕوانە ھێڵکاری ژمارە ٢)

**واتا = ( دروستەی قوڵ )**

↓

**فۆڕم ( = دروستەی ڕووکەش )**

ھێڵکاری ژمارە ( ٢ )

( مقدم : ١٣٨٦ : ٢٣٩ ) و ( ئەمین : ٢٠٢١ : ٦٩ )

ھەروەک لە سەرە وە ئاماژەی پێکرا ، کە دروسـتەی قـووڵ ھەمیشـە وەک لـۆژیکی ڕیزبەنـدی یەکـەم دەرکـەوت ، تـاوکو بیسـەلمێنن ، کـە دروسـتەکە پـێش ئـەوەی فۆڕمـە فەرھەنگییەگـەی خـۆی وەربگرێـت ، ھەنـدێک لە پرۆسـەکانی گواسـتنەوە بەسـەر پێکھاتـە سـێمانتیکییەکانی بەشـێک لە دانـە فەرھەنگییەکانـدا جێبـەجێ دەبێـت ، ئەمــەش لە بـەر ئـەوەبوو نەیاندەویسـت بـاوەڕ بھێـنن بـەوەی گواستنەوەکان دەبنە ھۆی گۆڕان لە واتادا ( قادر : ٢٠٠٩ : ١٠١ ) .

پێیـان وابوو"پێکھاتـەی بەرھــەمھێنان لە تیـۆری زمانەوانیـدا پێویسـتە سـێمانتیک بێـت نـەک سـینتاکس ، چونکـە ڕێزمـان لە پەسـەنکردنی واتـای ڕسـتەوە دەسـتپێدەکات ، پاشـان دروسـتەی سینتاکسی بەرھەمدەھێنێت" ( قادر : ٢٠٠٨ : ١١ ) .

یەکـە فەرھەنگییـەکان لە م تیـۆرەدا بـە گرنـگ سـەیردەکرێن پـێش ئـەوەی بچنـە دروسـتەی ڕووکەشەوە چەند سیمایەکیان پێدەدرێت لە چوارچێوەی دەروازە فەرھەنگیەکاندا ، ئەو سیمایانەش بریتیین لە سیمای ڕێزمانی ( بکەر ، بەرکار ، ئاوەڵناو... ھتد ) ھەروەھا سیمای واتایی وەکو سیما سەرەکی و لاوەکییەکان ( أزاییط : ٢٠١٦ : ٧٦ ) و ( ئەمین : ٢٠٢١ : ٦٩ ) ( بڕوانە ١٣ ) .

**(١٣)** خوێندکارەکە گۆڤارێکی کڕی.

لە ( ١٣ ) دا ( کڕی ) وەکو کردارێکی تێپەڕ پێویستی بە ( بکەر و بەرکار ) ێکە ، کەسیمای بکەر{ +مرۆڤ ، + عاقڵ} . ھەرئەمەش بووە ھۆی ئەوەی فیلمۆر ( Filmore ) ، کە کارەکانی دەچێتە چوارچێوەی واتاسازی بەرھەمھێنان و بەخشینیی ھەندێک سیما بەکردار و پۆلێنکردنیان ، چونکە لە م تیۆرەدا کردار بە جەوھەروبناغەی ڕستەدادەنرێت.بۆ نموونە {+ بوونی ، + ھەبوونی + جوڵەی ، + کردەیی } ( مەحوی : ٢٠٠٩ : ٢٤٧- ٢٤٩ ) و ( ئیبراھیم : ٢٠١٤ : ٨٨-٩٢ ) .

تیۆری بار و حاڵەت ( Case Theory ) کە لە پاڵ ناوی فیلمۆردا دێت ، یەکەمین مۆدێل بوو لە بەرژەوەندی سێمانتیکی بەرھەمھێنان ، تێیدا باس لە وەکرا ئەو ( AR ) انەی ، لە نموونەی ( ١٤ ) ڕستە بکەر دیارو نادیارەکان پێکەوە دەبەستنەوە ، بەوپێیە دەتوانرێت بگوترێت کە ئەگەر توانرا بکەر

دیارو بکەر نادیار بەرکاربهێنرێن بەپێی ئەم بۆچونە پێویستە " دروستەی قوولْ " پەیوەندییەکانی بارو حالْەت لە بەرچاو بگرێت ، پەیوەندییەکانی بارو حالە تیش زیاتر سیمانتیکین وەک لە وەی سینتاکسی بن لە بەرئەوە دەبێت دروستەی ژێرەوە قوولْتر بێت لە وەی چۆمسکی پێشنیازی کردووە ، هاوکات سەرەرای ئەوەی سینتاکسیشە پێویستە سیمانتیکیش بێت ( ئیبراهیم : ٢٠١٤ : ٩٨ ) .

**(١٤)** أ- ) پەنجەرەکە شکاوە.

ب- ) بەردەکە پەنجەرەکەی شکاند.

پ- ) ڕەند پەنجەرەکەی شکاند.

لە ڕاستیدا تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان بەدەر نییە لە کەموکوڕی بۆنمونە دیاریکردنی بنجی بنەڕەتی ڕستە یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی ئەم تیۆرە ، ئەو بنجەی کە ئەوان هاوواتای دروستەی واتایی دادەنێن زۆر زەحمەت بوو ، کە ئەو پێکهاتەیە بەئاسانی دیاری بکرێت ( ناوخۆش : ٢٠٠٨ : ٩٢ ) . هەروەها ئەم تیۆرە نەیتوانیوە زانیارییەکی وردمان پێبدات کە چۆن دروستەی سیمانتیکی دەگۆڕێت بۆ دروستەی سینتاکسی .

ژولیا پێیوایە : " یەکێک لە لایەنە قورسەکانی تیۆری بەرهەمهێنان سەرنەکەوتنییەتی ئەویش لە وەدایە ، کە نەیتوانیوە زانیارییەکی تەواومان پێبدات ، کە چۆن دروستەی قوولْی سیمانتیکی دەگۆڕیت بۆ دروستەی سینتاکسی " ( حەسەن :٢٠١٠ : ٢٥ ) .

بۆزانیاریی دەربارەی کەموکوڕی وئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەم تیۆرە بوونەتەوە بڕوانە (ئیبراهیم :٢٠١٤ : ١١٤- ١١٨ ) .

هەرلە بەرئەوەیە کە ئەم تیۆرە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە وخاوەنی چەندین مۆدیل و ڕێچکەی زمانەوانییە ، ئەم ڕەوتە لە چەند گۆشەنیگایەکەوە ، بۆدیاردەی بەرهەمهێنان لە ئاستی سیمانتیکدا دەڕوانن ( ئیبراهیم : ٢٠١٤ : ٩٧ ) بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی تیۆری واتاسازی بەرهەمهێنان و مۆدیلە کانی بڕوانە ( Lyons: 1979: 411-422) و ( ئیبراهیم : ٢٠١٤ : ٩٧ ) .

## ٣/١/١ ) بنەماکانی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان :

بێگومان هەموو تیۆریەک خاوەنی بنەما و چەمکی زانستییە بۆ شیکردنەوە و پیشاندانی ناوەڕۆکی تیۆرەکە و ئامانجەکانی.

ئەم تیۆرەش بەگشتی لە سەر ئەم بنەمایانە بنیاتنراوە :

## ١/ ١/٣-١ ) دروستەی سیمانتیکی / لۆژیکی ( Logical structure)

" دروستەی لۆژیکی هەوڵدانە بۆ جیایکردنەوەی چەمک لە بەشەکردار"(قادر :٢٠١٢ : ٧٤ ) . ئەم بنەمایە بەرامبەر دروستەی قووڵی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان دەوەستێت ، بەگوێرەی ئەم تیۆرە دروستەی سیمانتیکی/ لۆژیکی ، بەبنچ و بناغەی ڕستە دادەنرێت ، وەکو ( input ) تێکردەیەک لە ڕێگەی دروستە ڕووکەشەکانەوە دەگوازرێتەوە ، هەڵگری بیری سەرەکی و واتایی پێکهاتەکەیە ، بەشێوەیەکی شاراوە تا لە ڕێگەی دروستەی فۆنۆلۆژییەوە نمایش بکرێت ( Bagha :2011 : 223 ) و ( ئەمین : ٢٠٢١ : ٧١ ) .

ئەم تیۆرە گرنگی بە دروستەی قووڵ دەدات ، کە ئەم دروستەیە بەرپرسە لە دەربڕینی واتای ڕستە ، هاوکات ئەم دروستە لە ڕێگەی ئەو دروستە لۆژیکییەوە دەردەبرێت ، کە لە سەر ( پریدیکاتەکە ) گوزارە ناوەکییەکە بنیاتنراوە ، تیۆرەکە لە سەر ئەو چەمکە دەڕوات ( لە ژێر هەموو ڕستەیەکی گریمانەکراودا لە زماندا دروستەیەکی لۆژیکی شاراوە هەیە ، ئەو دروستەلۆژیکیە واتای ڕستەکە لە خۆدەگرێت ، لە ئەنجامدا دروستەی لۆژیکی لە ڕێگەی هەڵگواستنە درەختییەکانەوە لە ناو نەخشەی زمان دەردەکەوێت کە پێی دەگوترێت دروستەی ڕوکەش ) ( ئیبراهیم :٢٠١٤ : ٨١ ) .

" دروستەی لۆژیکی" کە بەرپرسیارە لە گەیاندن و دەربڕینی واتا ، ئەوانیش پریدەکارتەکانن کە بەناوکی ڕستە دادەنرێن ، هاوکات ( AR ) کانی دەوری ناوکی ڕستەش بەرپرسن لە گەیاندنی پەیوەندییە واتاییەکان لە ڕستەدا ، کە بۆئەو مەبەستە سێ جۆر دروستەی لۆژیکی گریمانەکراویان دیاریکرد ( سەرچاوەی پێشوو : ٢٠١٤ : ٨٢ ) ، کەئەوانیش بریتیین لە :

١) پریدیکاتی یەک ئارگۆمێنت داواکەریی : ئەم جۆرە گوزاریە تەنها یەک ( AR ) ی پێویستە ، کەئەویش بە زۆری بکەرێکی ڕێزمانییە ( الوعر : ٢٠٠١ : ٦٦ ) و ( ئیبراهیم : ٢٠١٤ : ٨٢ ) .

بەشێک لە کردارە تێنەپەرەکان لە زمانی کوردیدا ، هەروەها زۆربەی ئاوەڵناوەکان لە جۆری ئەو پریدیکاتانەن(بڕوانە ١٥-١٦ )

**(١٥)** أ- ) خوێندکارەکە ڕۆیشت .

ب- ) کێ ڕۆیشت؟

**(١٦)** لێزان زیرەکە.

بەپێی تیۆرەکە شیکردنەوە واتاییەکە ( ١٥-أ ) بەم جۆرە دەنوسرێت

ڕۆیشت{خوێندکارەکە}

هەروەها شیکردنەوە وتاییەکەی ( ١٥-ب ) بەم جۆرە دەبێت :

ڕۆیشت { کێ }

هێڵکاری درەختی ( ١٥-أ ) بەم شێوەیە دەبێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٣ )




هێڵکاری ژمارە ( ٣ )

هێڵکاری درەختی ( ١٥-ب ) بەم شێوەیە دەبێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٤ )




هێڵکاری ژمارە ( ٤ )

لە پرۆسەی ئەبستراکت کردنی ( پریدیکات ) ەکەدا ڕیزکردنی ( AR ) کانە ، کە لە ڕستەی ( ١٦- پریدیکاتە ئەبستراکتەکە ( بە بوونی زیرەکی ) ەکە ، وەسف دەکرێت . خاوەنی یەک هێزە واتە یەک ئایتیمی زمانی هەیە.

ڕستەی ( ١٦ ) شیکردنەوەکەی بەم شێوەیە دەبێت :

بوونی زیرەکی{ لێزان }

هێڵکاری درەختی بەم شێوەیە دەبێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٥ )




هێڵکاری ژمارە ( ٥ )

بەم پێیە ئەگەر ڕستەکە لە گەڵ ڕستەیەکی تر لێکبدرێت ، واتە ئەم ڕستەیە لە ناو ڕستەیەکی ئاڵۆزدا بێت ، ئەوا واتاکەی بەشێوەیەکی جیاوازتربەرهەمدێت ، شێوەی ڕیزکردنەکەی بەجۆرێکی تر دەنووسرێت ، پێویستە پریدیکاتی ڕستەکە بەخۆی و ( AR ) کەیەوە ، ببنە ( AR ) ی پریدیکاتە یەکەمییەکە(بڕوانە ١٧ ) .

**(١٧)** ڕاستە ، کە لێزان زیرەکە.

لە ( ١٧ ) دا ڕیزکردنی پریدیکاتی ( AR ) کان ، بەم شێوەیەیە :

بوونی ڕاستی {بوونی زیرەکی { لێزان} }

کرداره سـەرەکییەکە یـاخود پریدیکاتـە یەکەمییەکـە بریتییـە لە ( بـوونی ڕاسـتی ) ، ( ئـەم پریدیکاتـە یـەک ( AR ) داوا دەکـات ، لە بـەر ئـەوە یـەک ( بکـەرێکی ڕێزمـانی ) پێویسـتە ، تـاوەکو " ڕاستی" دۆخەکە دەربخات ، بکەرە ڕێزمانییەکەی بریتییە لە ڕستەی دووەم ( لێزان زیرەکە ) ، کە ڕۆڵەکـەی شـیدەکرێتەوە بـۆ هەریـەک لە پریدیکاتەکـەی ( بـوونی زیرەکـی ) و بکەرەکـەی ( لێـزان ) (بڕوانەهێڵکاری ژمارە ٦ ) .




هێڵکاری ژمارە ( ٦ )

## ٢) پریدیکاتی دوو ئارگومێنت داواکەریی :

ئـەم جـۆرە گوزاریـە دوو هێزییـە ، کـە بێجگـە لە بکـەرێکی ڕێزمـانی لـۆژیکی ، بەرکاریشـی پێویستە ، واتە داوای دوو ( AR ) دەکات ، بۆ وێنە کرداری ( خوارد ) پێویستی بەبکـەرێک هەیـە کـە هەڵدەسـتێت بـە کـاری ( خواردنەکـە ) ، هـەروەها بەرکـارێکیش ، کـە کـاری خواردنەکـەی بەسـەردا ڕوودەدات(بڕوانە ١٨ ) .

**(١٨)** أ- ) ئەرینا سێوەکەی خوارد.

ب- ) کێ سێوەکەی خوارد.

شیکردنەوەی ڕستەی ( ١٨-أ ) بەم شێوەیە دەبێت

خواردی {ئەرینا ، سێوەکە }

لە پریـدیکاتی دوو هێزیـدا ، بکـەری لـۆژیکی یەکـەمجار و بەرکـار دووەمجـار دێـن ، هێڵکـاری درەختیەکەی بەم شێوەیە دەبێت : ( بڕوانەی هێڵکاری ژمارە ٧ ) .




خواردی ئەرینا سێوەکە.

هێڵکاری ژمارە ( ٧ )

شیکردنەوەی ڕستەی ( ١٨-ب ) بەم شێوەیە دەبێت :

خواردی { کێ ، سێوەکە}

هێڵکاری درەختییەکەی بەم شێوەیە دەبێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٨ ) .




خواردی کێ سێوەکە.

هێڵکاری ژمارە ( ٨ )

## ٣) پریدیکاتی سێ ئارگۆمێنت داواکەریی :

ئەم جۆرە گوزارەیە سێ هێزیە ، پێویستی بەبکەرێکی ڕێزمانی لۆژیکی بەرکاری یەکەم و بەرکاری دووەم هەیە.

واتە پێویستی بە بەرکارێکی ڕاستەوخۆ و بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ هەیە.

بۆنموونەی کرداری ( گرت ) پێویستی بەبکەرێک هەیە تا کاری ( پێگرتن ) ەکە ئەنجام بدات ، بەکارێکیش کە بابەتە ( پێگیراو ) ەکەیەو بەرکارێکی ناڕاستەوخۆش کە بابەتە پێگیراوەکە دەگرێت ( بڕوانە ١٩ )

**(١٩)** أ- ) پێزان گۆشتەکەی بە مەقاش گرت.

ب- ) کێ گۆشتەکەی بە گرت ؟

شیکردنەوەی ( ١٩ - أ ) بەم شێوەیە دەبێت:

پێگرت { پێزان ، گۆشتەکە، مەقاش }

شیکردنەوەی ( ١٩ – ب ) بەم شێوەیە دەبێت:
پێگرت { کێ ، گۆشتەکە، مەقاش }

کردارەکە ، کە ناوکی ڕستەکەیە لە سەرەتاوە دەردەهێنرێت دواتر بکەر لە ڕیزبەندی ( AR ) کاندا شوێنی یەکەم دەگرێت پاشان بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئینجا بەرکارە ڕاستەوخۆکە لە کۆتایدا دێت ، هێڵکارییەکەی بە هێڵکاری ژمارە ( ٩ ، ١٠ ) دا ڕوون دەبێتەوە.



هێڵکاری ژمارە ( ٩ )



هێڵکاری ژمارە ( ١٠ )

لێرەدا پرسیارێک دەخرێتە ڕوو ئایا پریدکاتی چوار ( AR ) داواکەری هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێین ، بەڵی ، پریدیکاتی چوار ( AR ) ی لە م جۆرە گوزارەیەدا پێویستی بە بکەرێکی ڕێزمانی لۆجیکی و بەرکارێکی ڕاستەوخۆ و دوو بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەیە.
بۆنموونە کرداری ( پێلێکردنەوە ) ، پێویستی بەبکەرێک هەیە تاکرداری کردنەوە ئەنجام بدات ، بەرکارێکی ڕاستەوخۆ ودوو بەرکاری ناڕاستەوخۆ کەیەکێکیان بۆ ( لێکردنەوە ) و ئەوتریشیان بۆ ( پێلێکردنەوە ) کەواتە کاتێک کەپێشناوی ( پێ ) دەچێتە سەرکرداری ( لێکردنەوە ) ، کرداری ( لێکردنەوە ) خۆی پێویستی بە سێ ( AR ) هەیە. بەهۆی ئەوەی کە هێزی کردارەکە دەگۆڕێت دەبێت بەچوار هێزی ، هەربۆیە پێویستی بە چوار ( AR ) دەبێت ، واتە لە یەک کاتدا پێویستی بەدوو فرێزی ناو دوو فرێزی پێشناوی خورتیی هەیە ( بڕوانە ٢٠ )

**(٢٠)** پێزان دەرگاکەی لە لێزان بەئەرینا کردەوە.
شیکردنەوەی ( ٢٠ ) بەم شێوەیە دەبێت
پێلێکردنەوە { پێزان ، دەرگاکە ، لێزان ، ئەرینا}

کردارەکە ، کەناوکی ڕستەکەیە لە سەرەتاو دەردەهێنرێت پاشان بکەر لە ڕیزبەندی ( AR ) کاندا شوێنی یەکەم دەگرێت دواتر بەرکاری ڕاستەوخۆ ، پاشان بەرکاری ناڕاستەوخۆی یەکەم و دواتر بەرکاری ناڕاستەوخۆی دووەم ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ١١ ) .



هێڵکاری ژمارە ( ١١ )

بەگشتی سێ شێوە سەرەگرێ / نۆدی سەرەکی گریمانەکراو لە تیۆرەکەدا دیاریکراوە ، کە بریتین لە
أ- نواندنی ڕستە ( ڕ ) .
ب-نواندنی کردار ( ک ) .
پ-نواندنی فرێزی ناوی ( ف.ن ) ( الوعر :٢٠٠١ : ٦٦ ) و ( ئیبراهیم : ٢٠١٤ : ٨٥ ) .

## ٢-٣/١/١ ) دروستەی ڕووکەش : ( Surface Sturcture )

دروستەی ڕووکەش لایەنی بەرجەستەیی ڕستە و دروستە زمانییەکانە ، کەواتە "ئەو ئاستە ڕۆنانەی زمانە ، کە ڕستە تێیدا دەردەکەوێت" ( کەمال :٢٠٠٢ : ٢٨ ) .

کەواتە ئەم ئاستە کۆتا ئاستی بەرهەمهێنانە ، لە پاش ئەوەی لایەنی توانستی مرۆڤ ( کە مەعریفەی ئاخێوەرانە ، سەبارەت بە زمانەکەیان ، هاوکات ئەو یاسا و دەستورانەیە کە پرۆسەی ڕێزمان بەگشتی پێک دەهێنن ) ئەم ئاستە دروستەکان ئامادەدەکات ، لە دروستەی قووڵ و بنەڕەتدا لە ڕێگەی دەنگ و نوسینەوە ، پاش ئەوەی ئەم دروستانە یاساکانی زمانیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت دەگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی مێشک ( output ) لە ڕێگەی دروستە ڕووکەشەکانەوە لە هەندێک کاتداله ئەنجامی گوێزانەوەکان کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕوودەدەن ، دانەی ڕێزمانی دەقرتێت یان زیاد دەکرێت یان ئاڵوگۆڕدەکرێت " ( ئەمین : ٢٠١٥ : ٢٢ ) ( بڕوانە ٢١ )

**(٢١)** أ- ) ئاراس تاوانبارەکەی گرت ، لە پاشان کوشتی.

ب- ) کێ تاوانبارەکەی گرت ، لە پاشان کوشتی؟

لە م رستانەدا ، کە لێکدراون ، لە ڕستەی ( ٢١ - أ ) بکەری ڕستەکە و بەرکاری ڕستەکە لە ڕستەی دووەمدا قرتاون ، بەهەمان شێوە لە ( ٢١ - ب ) دا کە وشەی پرسی ( کێ ) پرسیار کراوە ، لێرەدا کە پرسیار لە بکەر کراوە ، کە ( کێ ) ئەنجامدەری کاری ( گرت ) و ( کوشت ) بووە ، واتە ( NP ) ی ( کێ ) و کە لە ڕستەی ( ٢١ - ب ) لە جێی ( NP ) ی ( ئاراس ) بەرکارهاتووە ، لە ڕستەی دووەمدا قرتاوە و لە هەمان کاتدا بەرکاری ڕستەکەش قرتاوە .

هەروەها هەندێک جار ڕستە هەیە دەکرێت دوو ڕستە یەک ڕۆنان/ دروستەی قووڵیان هەبێت ، بەڵام دوو ڕۆنان / دروستەی ڕووکەشیان هەبێت ، یاخود بەپێچەوانەوە ( ئەمین :٢٠٠٤ : ٢٣٥ ) .

( بڕوانە ٢٢ )

**(٢٢)** أ- ) ئەرینا کچی ئارەزووە .

ب- ) ئارەزوو دایکی ئەرینایە.

لە تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێناندا واتای پێتی ڕستە لە ڕێگەی دروستەی قووڵی لۆژیکی و پەلە هاویشتنەکانیانەوە << branching >> لە دروستەی ڕووکەشدا دەخرێنە ڕوو یاساکانی گواستنەوەش لە دروستەی قووڵ ، لە دروستە ڕووکەشدا ڕوودەدەن و واتای ڕستەکان ڕوون دەکەنەوە ، هاوکات دروستەی ڕووکەش بەستراوە بەیاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە ، کە لێیەوە نواندنی فۆنەتیکی بۆ ڕستەکان لە شێوەی دەنگدا دەردەبڕدرێن ( حەمە غریب : ٢٠١٥ : ٤٤ ) ( الوعر :٢٠٢١ : ٦٠ ) .

"چۆمسکی لە قۆناغی یەکەمی تیۆرەکەدا سێ بنەمای گرنگی لە تیۆرەکە جێگیر کرد ، کە بریتین لە یاساکانی ڕۆنانی فریز ، یاساکانی گوێزانەوە ، یاساکانی مۆرفۆفۆنیمی" ( کەمال : ٢٠٠٢ : ٢٩ ) بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە : ئەحمەد : ٢٠١٦ : ٢١ ) ( قادر : ٢٠٠٩ : ١٩ ) ( کەمال : ٢٠٠٢ : ٩ ) .

واتە چۆمسکی لە کتێبی ( ڕۆنانە سینتاکسییەکان ) هیچ ئاماژەیەکی بە پێکهاتەی واتایی نەکردووە ، زیاتر جەختی لە سەر ڕژێمی ڕێزمان دەکرد ( محەمەد : ٢٠٠٩ : ٥٥ ) ، چونکە پێی وابوو ئاریشە ڕستە سازییەکان لە ڕێگەی ڕستە سازییەوە چارەسەربکرێن واتە پێیوا بوو ڕستە سازی سەربەخۆ بێت لە واتا سازی ( ناوخۆش : ٢٠٠٨ : ٧٢ ) .

لێرەدا مەبەستی چۆمسکی سەربەخۆی سینتاکسە لە بەرامبەر ئاستەکانی تردا ، واتە مانای ئەوە نییە ، کەئەم تیۆرە گرنگی بەواتا نادات ، هەروەک ئاماژەی پێکرا واتای پیتی ڕستەکە لەم تیۆرەدا لە ڕێگەی دروستەی لۆژیکییەوە بە لقکردنەکانیانەوە ( Branching ) لە دروستەی ڕووکەشدا دەخرێنە ڕوو ، بەڵام پێویستە سینتاکس کۆمەڵێک یاسای گواستنەوەی هەڵگواستنی ( Derivative ) لە خۆ بگرێت ، کە لە دەرەوەی ئەو پرۆسە هەڵگواستنیانەن ، کە لە هەردوو دروستە قووڵ و ڕووکەشدا ڕوودەدەن ، هاوکات پێویستە ئەو یاسایانەش"واتای ڕاگەیاندراو"ی ڕستە ڕوونبکەنەوە ، کە لە "ناوەخن و ناوەرۆک"ی ڕستەکەدا هەیە ( الوعر : ٢٠٠١ : ٦٠ ) ( ئیبراهیم : ٢٠١٤ : ٨٦ )

## ٣-٣/١/١ ) ناوەرۆک >> Content <<

ناوەرۆک واتە چەپکە نیشانە ، ناوەرۆک بەشێکی واتای پەسنکەرانەیە وبنجیە ، ناوەرۆکی لێکسیمێک لە ڕێی هەموو پەیوندییەکانی لە بریدانان ودروستە تەکنیشینییەکانەوەیە ، بۆ هەریەک لە دروستەکان ناوەرۆکی هەیەو لە کۆمەڵێک نیشانەی واتایی ، سیمای واتایی پێکهاتووە.

( ناوەرۆک : سیماواتاییەکان ) گەورەترە. لە ( کرۆکە واتا : تاریکە ) هیچیان ناچنە خانەی پراگماتیک(حەمە غریب : ٢٠١٥ : ٤٤ ) .بۆزاپناری زیاتر بڕوانە ( محوی : ٢٠٠١ : ٢٢٦ ) (محوی : ٢٠٠٩ : ٢٠٩ )

بۆڕوونکردنەوەی ناوەڕۆک لە سێمانتیکی بەرهەمهێناندا نموونەی ( ٢٣ ) ناوەرۆک و ناواخنە واتاییەکانی ڕستەکە دەخرێتە ڕوو. بەو پێیە ئەنجامی گەشەکردنەکانی سێمانتیکی بەرهەمهێنان ئەوە دەردەکەوێت کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە وچارەسەرکردنی هەردوو بابەتی- پێکەوە بەستراو سەرەڕای جیاوازییان- " دروستەی زمانی"/ ( Structure of Language ) / بەکارهێنانی زمان ( Use of Language ) کە لە لێکۆڵینەوەی دروستەی زمانی دا دەتوانرێت واتای پیتی ڕستەکە دیاریبکرێت لە ڕێگەی دروستەی قووڵی لۆژیکیەوە ، بەڵام لە لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی زماندا کە پێیدەوترێت پراگماتیک دەتوانرێت واتای دەربڕاو ڕستە شیبکرێتەوە بەهۆی ڕووکارە ڕێژەییەکانی ناورۆک ( مەحوی : ٢٠٠١ : ٢٢٦ ) ( مەحوی : ٢٠٠٩ : ٢٠٩ ) .

**(٢٣)** هاوسەرەکەی پێزان لە دەزگای وەرگێڕان کاردەکات.

ناوەرۆک و ناواخنە واتاییەکانی ئەم ڕستەیە بریتیین لە :

أ- پێزان هاوسەرگیری کردووەو هاوسەری هەیە.

ب-هاوسەری پێزان کارمەندە لە دەزگای وەرگێڕان.

پ-دەزگایەک هەیە ، کە هاوسەری پێزان کاری لێ دەکات.

ت- ئەو دەزگایە تایبەتە بە کاری وەرگێران.

ج- ....................................

چ- .................................

## ٤-٣/١/١ ) واتای دەربڕاو << Utterance Meaning>>

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە زۆربەی مۆدێلە ڕێزمانییە کۆن و نوێیەکان کەم تا زۆر گرنگیان بە واتای پیتی/ حرفی / داوە.

لە تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێناندا واتای پیتی/ حرفی / پیتی و واتایی دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستە دیاری دەکەن ، ئەم تیۆرەش گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی واتای پیتی ، واتە بەگرنگی دەزانێت پێش لێکۆڵینەوەی واتا لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە یان زمان بەرکارهێنانەوە ، لە واتای پیتی/حرفی / پیتی بکۆڵێتەوە. بۆنەخشەی سێمانتیکی بەرهەمهێنان ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ١ ) (الواعر : ٢٠٠١ : ٦٠ ) و ( حەمە غریب : ٢٠١٥ : ٤٤ ) .

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت ، کە بەپێی ئەم تیۆرە ، ڕستە و دەربڕاوەکان ، پێش دەربڕین ونواندنیان لە دروستەی ڕووکەش ، خاوەنی واتا و پێکهاتەی واتایی تایبەت بەخۆیانن ، دواتر لە ڕێگەی یاساکانی گواستنەوەوە بەدروستەی ڕووکەشەوە دەبەسترێنەوەو دەردەبڕرێن ( بڕوانە ٢٤ ) .

**(٢٤)** کوڕەکە پێدەکەنێت.

پێکهاتەی واتایی لە ڕستەی ( ٢٤ ) لە دروستەی لۆژیکدا بوونی هەیەو بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە دەگەیەنرێن بەدروستەی ڕووکەش و لە شێوەی دەنگدا دەردەبڕرێن بڕوانە هێڵکاری ( ١٢-١٣ ) .

ڕوونکردنەوە ڕستەی ( ٢٤ ) بەپێی تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان ، بەم شێوەیە شرۆڤە دەکرێت :

کوڕ
- + نێر
- + مرۆڤ
- ± هەراش/ پێگەیشتوو
- − باوکایەتی

پێدەکەنێت
- + پێکەنین
- − گریان
- − قسەکردن
- + دڵخۆش

بناغە
Base/Basic
↓
دروستەی سیمانتیکی لۆژیکی
↓
یاساکانی گواستنەوە
↓
دروستەی ڕووکەش
↓
کوڕەکە پێدەکەنێت
↓
یاساکانی فۆنۆلۆژی
↓
نواندنی فۆنەتیکی

هێلکاری ژمارە ( ١٢ )




هێڵکاری ژمارە ( ١٣ )

تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان دەکرێت بە زۆری ئابووری بێت ، بە بەراورد بەسیمانتیکی لێکدەرەوەیی بەجۆرێک رەچاوی ئەوە دەکات ، کە زۆرجار ڕستە جیاوازەکان خاوەنی هەمان واتان ( Lakoff :1976 :43-61 ) و ( حەمەغریب : ٢٠١٥ : ٤٧ ) (بڕوانە٢٥-٢٦ ) .

**(٢٥)** أ- ) قوتابخانەی قومریە خان لە لایەن کۆمپانیای نجمەدینەوە دروستکراوە.

ب- ) دروستکردنی قوتابخانەی قومریە خان لە لایەن کۆمپانیای نەجمەدینەوە بوو.

**(٢٦)** أ- ) پێزان کتێبەکەی بە لێزان بەخشی.

ب- ) لێزان کتێبەکەی لە پێزان وەرگرت.

هەریەک لە ڕستەکانی ( ٢٥- أ ، ب ) ( ٢٦ –أ ، ب ) خاوەنی پێکهاتەی سینتاکسی جیاوازن و هاوکات ڕیزکردنی کەرەستە ڕێزمانییەکان جیاوازن ، بەڵام ڕستەکانی ( ٢٥-أ ، ب ) یەک واتا دەبەخشن وخاوەنی هەمان پێکهاتەی واتایین ، هەروەها ڕستەکانی ( ٢٦-أ ، ب ) هەردوو وشەی ( بەخشی ) (وەرگرت ) بەکارهێنراون ، خاوەنی پێکهاتەی واتایی جیاوازن ، بەڵام بەپێی بەکارهێنانیان لە گەڵ کەرەستە ڕێزمانییەکانی تری ڕستەکاندا یەک واتایان بە ڕستەکان بەخشیوە.

پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت ، کە واتای دەربڕاو بەتایبەتی ناخرێتە پاڵ هیچ مۆدێلێکی دیاریکراو ، بەڵکو بەگشتی زانایانی لۆژیک و زمانەوانان بەجۆرێک لە جۆرەکان بەپێناسەو چەمکێکی ورد لە سیمانتیکە کلاسیکییەکان خۆیان پێوە خەریک کردووە ( مەحوی : ٢٠٠١ : ٢٢٦- ٢٢٧ ) .

پیویستە ئاماژە بەوە بکرێت یەکێک لە سیما دیار و ئاشکراکانی سیمانتیکی بەرهەمێنان ، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کردار و پۆلکردنی ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تیۆرەکە کردار بە ناوکی ڕستە و واتاکەی دادەنێت.

ئامانجی لە گریمانەی پۆلێنکردنی کردار پەسنکردنی ناوەرۆکی سیمانتیکی ڕستەیە ( الواعر : ١٩٨٧ : ٧٥ ) ( ئیبراهیم : ٢٠١٤ : ٨٨ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر پێویستی بە سیمانتیکی بەرهەمهێنانە و تیشکی زیاتری خراوەتە سەر.

## ٤/١/١ ) دروستەی ئارگۆمێنت ( Argument structure )

ئارگۆمێنت مەبەست لێی ئەو کەرەستە سینتاکسیانەن ، کە لە لایەن پریدیکاتەوە داواکراون ، بەواتایەکی سیمانتیکی و لۆجیکیش ئەو بەشانەی ڕستەن ، کە هەواڵێک لە بارەیانەوە بەهۆی گوزارەیەکەوە ڕادەگەیەنرێت. بەواتایەکی تر ( AR ) ئەو فرێزە ناوی و بەندانانەن ، کە بە پەیوەندییەکی سینتاکسی و واتایی بەکردارەکەوە پەیوەستکراون.

کەواتە لە لۆجیکی فۆرمەڵدا ( formak logic ) و ( AR ) ئەوجێکەوتە بۆشانەی ( AR ) داواکەرێک یان گۆکردنەوەی دەگرێتەوە و دەکەوێتە سەر چەندێتی و چۆنێتی ئەو ئارگۆمێنتانەی ، کە ( AR ) داواکەرەکە داوایان دەکات و بەپێی ژمارەیان ، بەیەک جێکەوتەیی یان دوو جێکەوتەیی . ناوبراوە ، ئەمیش پەیکاڵە لە گەڵ بەبرشتی سینتاکسی ( 33,85 :1996 :Trutr and Kazzazi ) و ( حسێن :٢٠١٢ : ٢١٠-٢١١ ) و ( محەمەد : ٢٠٠٩ : ٨٥ ) .

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ، کە دەروازەی فەرهەنگیی وەسفی ئەوە دەکات ، کە وشەکان چۆن لە ڕووی سینتاکسییەوە ڕەفتاردەکەن ، کاتێک بەوشەیەکی ترەوە یاخود بەفرێزێکەوە دەبەسترێنەوە ، کەواتە وشە فەرهەنگییەکان ، کەلە سینتاکسدا دەنوێنرێن ، یاخود دانە فەرهەنگییەکان ، زانیاریی سینتاکسیان هەیە ، بۆ نواندنی ئەو زانیارییە سینتاکسییانە و چۆنێتی ڕیزبوونیان لە ڕێی تیۆری پۆڵەڕەگەز دیاریکردنەوە دەبێت و بێگومان دانە فەرهەنگییەکان لە ناو فەرهەنگدان و زانیارییەکانیان تێدا هەڵگیراوە ، بۆ زانیاریی لە سەر فەرهەنگ و فەرهەنگی ئاوازەیی ( بڕوانە بەشی سێهەم) .

بۆ نموونە کرداری ( دەڕوات ) لە ڕستەی ( ٢٧ ) دا ، ( بڕوانە ٢٧ )

**(٢٧)** ( أ ) ؟ لێزان دەڕوات

( ب ) لێزان بۆ بازاڕ دەڕوات.

( پ ) ؟ لێزان وپێزان دەڕوات

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین کرداری ( دەڕوات ) ە ، کەوا بڕیار لە سەر ڕستە گونجاوەکان دەدات ، لە لایەکی تریشەوە ، دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت ، کە کرداری ( دەڕوات ) پێویستی بە یەک کەرەستە هەیە ، کە بە کاری ( ڕۆیشتن ) هەڵدەستێ.

کەواتە دەردەکەوێت ( AR ) -داواکەر چەند ( AR ) داوا بکات ، ژمارەو سروشتی جۆری ئەو ( AR ) تانەی ، کە کردارەکە داوایان دەکات پێیان دەگوترێت ( دروستەی ئارگۆمێنت ) ( Argument structure ).

هەروەک ئاماژەی پێکرا ، ئەمانەش لە فەرهەنگدا هەن و لێرەدا ئاماژە بە : دروستەی ( AR ) لە لۆجیکدا دەکەین ، لۆجیکناسەکان بۆماوەیەکی زۆر خەریکی دروستەی سیمانتیکی ڕستەبوون یان بەواتایەکی ڕاستر پریپۆزشن ( preposition ) .دروستەی ڕستەی هەواڵ ، کە لە یەکگرتنی ( AR ) و گوزارەوە دێتە ئاراوە ( محەمەد :٢٠٠٩ : ٨٦ ) . بە تۆمارکردنێکی لۆژیکی شێوەیی ( زاراوەیی ) ( ٢٨أ ) دا نواندنێکی وەک ( ٢٨-ب ) دەدرێتە پاڵ ، بڕوانە ( ٢٨ ) .

**(٢٨)** أ- ) پێزان گۆڤارەکەی خوێندەوە.

ب- ) خ ( پ.گ ) .

لە لۆجیکی ماتماتیکی وەک لە ( ٢٨- أ ، ب ) دا دەبینین گوزارەی ( خوێندنەوە ) دوو ( AR ) ی وەرگرتووە ، کە ( پێزان ) و ( گۆڤارەکە ) یە ، ئەو گوزارانەی دوو ( AR ) وەردەگرن بەگوزارەی دوو شوێنی ناسراون ، کەئەمەش بە شێوەیەکی زۆر نزیک هاوشێوەی کردارە تێپەڕەکانە لە ڕێزمانی لە چاولێکەریدا و ڕستەیەی سەرە وەدا ( AR ) کانی گوزارەکە بەهۆی ( NP ) ەکانەوە دەناسرێتەوە ، کە ( NP ) ی بکەر ( AR ) ی یەکەمە ، ( NP ) ییەکەی بەرکاریش ( AR ) ی دووەمی کرداری ، ( خوێندنەوە ) یە.

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین ، کە کردارە تێنەپەڕەکانیش هاوشانی گوزارە یەک شوێنپێیەکانن واتە تەنیا یەک ( AR ) وەردەگرن. بڕوانە ( ٢٩-٣٠ ) .

**(٢٩)** ڕەند ڕۆیشت.

**(٣٠)** ڕەنوو هات .

لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی کرداربەپێی هێزەکەی دابەشی سەردووجۆر دەکرێت ، کەئەوانیش ( کرداری تێپەڕ ، کرداری تێنەپەڕ ) کرداری تێپەڕیش ( کرداری دوو تا چوار هێزی ) یە ، بەڵام کرداری تێنەپەڕ کرداری یەک هێزییە ، هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ( AR ) کان ئەو

بەشداریکەرانەن ، کە هاوبەشی لە چالاکییەکەدا دەکەن ، بەهۆی گوزارەیەکەوە دەردەبڕێن ، هەموو ( بەشی کردارێک ) واتە گوزارەیەک ، بەهۆی ئەو ( AR ) انەوە دیاریدەکرێت کە داوایان دەکات.

" دروستەی ئارگۆمێنتی کردارێک ، ئەوەمان بۆ دیاریدەکات کە چ کەرەستەیەک لە ڕستەیەکدا ناچارییە ، ئەگەر کردارەکە بەهۆی دوو ئارگومێنتەوە دەرببڕێت ، مانای ئەوەیە ، کە بەلایەنی کەم دەبێت دوو پێکهێن لە ڕستەکەدا هەبن" ( محەمەد : ٢٠٠٩ : ٨٨ ) .

لێرەدا ئاماژە بەوەکراوە ، کە دەبێت لایەنی کەم دوو پێکهێن لە ڕستەکەدا هەبن.

ئەم لێکۆڵینەوە لە جیاتی پێکهێن وشەی کەرەستە بەرکاردەهێنێت ، چونکە ڕستە خۆی لە دوو پێکێهن پێکهاتووە ، ئەوانیش ( فرێزی ناوی و فرێزی کردارین ) . بڕوانە ( ٣١ ) .

**(٣١)** پێزان نامەکەی نوسی.

( ڕستە ) پێکهێنی ڕاستەوخۆ و بەرزە.

پێزان نامەکەی نوسی ( ڕستە )

( فرێز ) XP پێکهێنی ناوەندییە

<u>پێزان</u> <u>نامەکەی نوسی</u>

NP VP

( وشە ) / پێکهێنی نزم/ دوا پێکهاتە پێزان ، نامە ، نوسین ) فەرهەنگ.

## ٥/١/١ جۆرەکانی ئارگۆمێنت :

## ١-٥/١/١ ئارگومێنت داواکەر ( predlcate )

ئارگۆمێنت داواکەر ئەو پۆلە ڕەگەزەیە ، کە لە ڕۆنانێکدا ئارگۆمێنتی دەوێت ، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو توخمە فەرهەنگییە ، کە زانیاریی دەربارەی کەرەستە زمانییەکانی تێدا هەڵگیراوە ، هاوکات

( AR ) داواکەر ڕۆڵپێدەر و حوکمکەری کەرەستە زمانییەکانن ، هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان ، جۆری کەرەستە زمانییەکان لە ڕستەدا دیاریدەکەن ( ئەو ڕۆڵانەی کە ( AR ) کان دەیانبەخشن لە زانستی زمان وسیمانتیکدا پێیان دەگوترێت >>ڕۆڵە بابەتییەکان<< ( ئەحمەد : ٢٠١٢ : ٢٠ ) .

AR داواکەر جێکەوتەی AR – داواکراوەکان دیاردەکات ، یەک جێکەوتەیە ، دوو جێکەوتە یان زایاترە(والی : ٢٠١٥ : ٢٤ ) .

پریدیکات ، ئەم زاراوەیە بۆ ئەو یەکانەی ڕستە بەکاردێت ، کە ئەرکەکەیان دیاریکردنی ئەو کارەیە ، کە بکەر ئەنجامی دەدات ( Aarts,B. :2001 :9 )

بەواتا ئەم بیرۆکەیە لە هەندێک ڕستەدا ، هەر شتێک دەگرێتەوە جگە لە بکەر ، کەوایە شتێک دەخرێتە سەر مەودای گۆکردنی زاراوەکە ، لە سنوری بەشەکرداردا ، کە یەکێکە لە پێکهێنە گرنگەکانی دروستەی ڕستە.

بەشەکردار بە ڕاڤەکردنی دووبەشەوە پەیوەستە ، ئەوانیش کەرەستە خۆرتییەکان و کەرەستە سەرپشکییەکانن ، بۆ ئەمەش دەتوانرێت پشت بە دیاریکردنی ڕۆڵی واتایی بەشە پێکهێنەرەکانی ببەسترێت(بڕوانە ١٢ ) (سەعید :٢٠٠٩ : ٢١ ) و ( Ibed&crystal,D :2003 :366 ) . بڕوانە ( ٣٢ )

**(٣٢)** أ- ) پیاوەکە سەگەکەی ڕاونا.

ب- ) سەگەکە پیاوەکەی ڕاونا.

پ- ) کێ سەگەکەی ڕاونا ؟

ت- ) پیاوەکە چی ڕاونا ؟

دروستەی ڕستەکانی ( ٣٢-أ ، ب ، پ ، ت ) لە نێو کەوانەی شکاوەدا بەمجۆرە دەنوێنرێت. بڕوانە ( ٣٣ ) .

**(٣٣)** أ- ) {پیاوەکە } {سەگەکەی { ڕاونا }}}

ب- ) {سەگەکە } {پیاوەکەی {ڕاونا} }}

پ- ) {کێ } {سەگەکەی { ڕاونا }}}

ت- ) {پیاوەکە} {چی {ڕاونا} }}

ڕستەکانی ( ٣٢-أ ، ب ) لە واتادا جیاوازن ، جیاوازی واتایش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕۆڵبینینی کەرەستە پێکهێنەرەکان پەیوەست بە جۆری سەرە و ڕیزبونیان ، بۆنموونە : فریزەکانی بەشە بکەر{پیاوەکە ، سەگەکە} ، ئەو کردەیەیان جێبەجێکردووە کە کردارەکە ، ئاماژەی پێکردووە ، لە ڕستەی ( ٣٢-أ ) لە بارەی ( پیاوەکە ) وە و ڕستەی ( ٣٢-ب ) لە بارەی ( سەگەکە ) وە زانیارمان پێدەدەن. لە ( ٣٢-ب ، ت ) یشدا لە واتادا جیاوازن ، جیاوازی واتاییش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕۆڵبینینی کەرەستە پێکهێنەرەکان پەیوەست بە جۆری سەرە و ڕیزبوونیان بۆ نموونەکانی بەشە بکەر { کێ ، پیاوەکە} ئەوەیەیان جێبەجێکردووە ، کە کردارەکە ئاماژەی پێکردووە لە ( ٣٢-پ ) لە بارەی وشەی پرسی ( کێ ) وە ، لە ڕستەی ( ٣٢-ت ) لە بارەی وشەی پرسی ( چی ) یەوە. زانیارییمان پێ دەدەن. هەروەها لە ( ٣٢-پ ، ت ) دەردەکەوێت کە وشەکانی پرس لە ڕستەی پرسیاری تایبەتیدا لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیان بەرانبەر ڕستە هەواڵییەکە دەوەستێن. بۆمان ڕووندەبێتەوە ، کە ڕستەکە دەربارەی چییە؟ ، یان کێیە؟. لە لایەکەوە پێمان دەڵێت ، کە بکەرەکە ( کارا ) یە ، چالاکییەکە هەڵدەسوڕێنێت ، بەهۆی کردارەکەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت.

لە ڕاستیدا یەکەکانی نێوکەوانە شکاوەکانی ( ٣٣-أ ، ب ) بەشە پێکهێنەرەکانی {سەگەکەی ڕاونا} ، {پیاوەکەی ڕاونا } ، زانیاریی زیاتر دەدەن لە بارەی بکەری ڕستەکانەوە.

کەواتە ئەگەر کردارەکە بەهۆی دوو ( AR ) تەوە دەربڕێت مانای ئەوەیە ، کە بەلایەنی کەم دەبێت دوو کەرەستە لە ڕستەکەدا هەبن.

لە ڕاستیدا هەموو پریدیکاتی دروستەی ( AR ) ی تایبەت بەخۆی هەیە ، ژمارەو جۆری ئەو ( AR ) نەش کەلە دروستەکەدا دێن ، پەیوەستە بە زانینی واتای پریدیکاتەکەوە ، واتە ( AR ) داوا کەرەکەوە.بڕوانە ( ٣٤ ) .

**(٣٤)** أ- ) کاسۆ نانەکەی خوارد.

ب- ) کامۆ هات.

پ- ) کاسۆ چی خوارد.

ت- ) کێ هات ؟.

لە ( ٣٤- أ ) دا کرداری تێپەڕی ( خوارد ) کەپریدیکاتە. واتە ( AR ) – داواکەرە ، پێویستی بە دوو ( AR ) هەیە ، ( AR ) ی یەکەم بکەری ڕستەکەیە ( کاسۆ ) یە ، کە کردەی خواردنەکەی ئەنجام داوە ، ( AR ) ی دووەمیشی بەرکارەکەیە کە کردەی خواردنەکەی بەسەردا جێبەجێکراوە ، بەڵام هەرچی کرداری تێنەپەڕە ، تەنها پێویستی بە یەک ( AR ) هەیە. هەروەها لە ڕستەی ( ٣٤-پ ) کرداری

تێپەڕی ( خـوارد ) ، کـە ( AR ) داواکـەرە ، پێویسـتی بـە دوو ( AR ) هەیـە ، ( AR ) ی یەکـەم کـە بکەری ڕستەیەکە ، ( AR ) دووەمیش وشەی پرسی ( چی ) لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیەتی بەرانبەر بە ڕستە هەواڵێکە دەوەستێت ، هـەروەها کرداری تێپنـەری ( هـات ) تـەنها پێویسـتی بـە یـەک ( AR ) هەیە ، کە وشەی پرسی ( کێ ) یە ، لە جێکەوتە بنەڕەتی خۆی بەرانبەر بە ڕستە هەواڵیەکە وەستاوە .لە ڕاستیدا AR – داواکەریش ، چەند جۆرێکی هەیە :

## ١ ) ئارگومێنت داواکەری کردار :

( AR ) داواکـەری کـردار ، کـە پەیونـدی بـەچوارچێوەی لقکردنـی کەتەگۆرییانـەوە هەیـە ، هاوکـات ARی ناوەکـان و ئاوەڵناوەکـان و پێشـناوەکانیش . کەواتـە " بۆئـەوەی بتوانرێـت ئـەو ئارگۆمێنتانـە دەربـبردرێن ئـەو ناسـاندنە چەمکیـەی گۆڕانی ( AR ) یش دەتوانێت تارادەیـەک شـوێنی پۆلێنکردنی کـردار لە ڕووی هێـزەوە ( تێپـەڕیی و تێنەپـەڕیی ) و هــەروەها شـوێنی چوارچێـوەی لقکردنــی کاتەگۆریڕیانەش بگرێتەوە" ( محەمەد : ٢٠٠٩ : ٨٨ ) .

((بەم جۆرە ئارگۆمێنتە داواکەرەکان ڕۆڵپێدەر وحوکمکەروکەرەستە زمانییەکانی ترن و هەرئـەمانن چـۆنێتی و جـۆری کەرەسـتە زمانییـەکان لە زنجیرەکـانی ئاخاوتنـدا هەڵـدەبژێرن و دیاردەکـەن ) ) ( مەحوی ، قادر ، حسین :٢٠١٠ : ٨١ ) .

لە ڕاسـتیدا ( AR ) داواکــەری کـردار دیــارترین پریدیکاتــە ، کــە ژمــارەو جــۆری ( AR ) کــانی هەڵدەبژێرێت ، کەواتە ( AR ) داواکەری کردار دەشێ لە جێکەوتەیـەک زیـاتری ببێـت ، واتـە ( AR ) داواکەری کردار دەشێ یەک جێکەوتەیی ، دوو جێکەوتەیی ، سێ جێکەوتەیی یاخود چوار جێکەوتەیی بێت. بڕوانە ( ٣٥ ، ٣٦ ، ٣٧ ، ٣٨ ) .

(٣٥) کایا خەوت ( خەوتن ) ( یەک هێز )

(٣٦) کایا نامەکەی نارد ( ناردن ) (دوو هێز )

(٣٧) کایا تۆی لە کاسۆ کرد(لێکردن ) (سێ هێز )

(٣٨) کایا نامەکەی بەکامۆدا بۆ کاسۆ نارد ( پێداناردن ) (چوار هێز )

لە ( ٣٥ ) دا بەشەکرداری ( خەوتن ) ، داوای یەک ( AR ) ی کردووە ، هەر بۆیـە ناودەبرێت بـە بەشـەکرداری یـەک جێکەوتـەیی . لە ( ٣٦ ) دا بەشـەکرداری ( نـاردن ) دوو ( AR ) ی پێویسـتە ، واتــە بەشــەکرداری دوو جێکەوتەییــە لە ( ٣٧ ) بەشــەکرداری ( لێکــردن ) ســێ ( AR ) ی هەیــە و

بەبەشەکرداری سێ جێکەوتەیی دەناسرێت ، هەروەها بەشەکرداری ( پێدانناردن ) یش لە ( ٣٨ ) دا چوار ( AR ) ی وەرگرتووە(AR ) کان دەچنە جێکەوتەی بەرکاری و بکەرییەوە.

( AR ) کانی جێکەوتەی بەرکای ( AR ) ی ناوەکیە و ( interinal ) (AR ) ی بکەری ( AR ) ی ( External ) دەرەکییە ، چونکە لە دەرەوەی کردارەکەیە و لە لایەن فرێزەکردارەیەکەوە ڕۆڵی پێدەبەخشرێت. کەواتە ( AR ) داواکەر سەرەتا ( AR ) ی بەرکار هەڵدەبژێرێت ، پاشان ( AR ) ی بکەر. بڕوانە ( ٣٩ ، ٤٠ ) .

**(٣٩)** أ- ) گوێدرێژەکە وێنجە دەخوات .
بکەری بەرکار ی کردار

ب- ) کوڕەکە نـــــان دەخوات.
بکەری بەرکاری کردار

شیکردنەوەی واتایی ( ٣٩-أ ) بەم جۆرەیە :

دەخوات { گوێدریژەکە ، وێنجە } .

شیکردنەوەی واتایی ( ٣٩-ب ) بەم جۆرەیە :

دەخوات { کوڕەکە ، نان } .

پ- ) گوێدرێژەکە چی دەخوات؟

ت- ) کێ نان دەخوات .

شیکردنەوەی واتایی ( ٣٩-پ ) بەم جۆرەیە :

دەخوات { گوێدریژەکە ، چی } .

شکیردنەوەی واتایی ( ٣٩-ت ) بەم جۆرەیە :

دەخوات { کێ ، نان } .

**(٤٠)** لیزان وانەی خوێند.

بکەری بەرکاری کردار

( AR ) ی دەرەکی ( AR ) ی ناوەکی

External internal

کەواتە دەتوانین ئەو ( AR ) نەی کە کردارێک وەریاندەگرێت بەهۆی ژمارەوە بیانوێنین(بڕوانە نموونەکانی ٣٥ ، ٣٦ ، ٣٧ ، ٣٨ ) .

هەروەها مەرج نییە پریدیکاتەکان تەنها ئەو بەشەکردرانە بن کە پێکهاتوون لە کردارێکی فەرهەنگی و تەواوکەرێک ، بەڵکو هەندێک جار دەکرێت یەکێک لە کەتەگۆری فەرهەنگییەکانی تری وەک ئاوەڵناو بێت.

## ٢-ئارگۆمێنت داواکەری ئاوەڵناو :

ئاوەڵناویش جۆرێکە لە ( AR ) داواکەر ، کەداوای ( AR ) یێک زیاتر دەکات ، واتە ئاوەڵناویش کە کاتەگۆریرییەکی فەرهەنگییە چۆن کردارەکان گوزارەی یەک شوێنی و دوو شوێنی هتد هەیە ، واتە یەک ( AR ) یان زیاتر وەردەگرن. بڕوانە ( ٤١ ) .

**(٤١)** أ- ) بەناز جوانە.

ب- ) بەناز لە شاناز جوانترە.

پ- ) بەناز جوانترین خوێندکاری پۆلە کەیەتی.

ت- ) کێ جوانە؟

ج- ) کێ لە شاناز جوانترە ؟

چ- ) کێ جوانترین خوێندکاری پۆلە کەیەتی؟

لە ( ٤١-أ ) دا ( جوانە ) ئاوەڵناوێکە تەنها یەک ( AR ) ی وەرگرتووە ، واتە گوزارەیەکی یەک شوێنییە ئاوەڵناوی ( جوانترە ) لە ( ٤١-ب ) دوو ( AR ) ی وەرگرتووە. هەروەها ئاوەڵناوی ( جوانترین ) ، کەلە پلە ی باڵادایە دوو ( AR ) ی وەرگرتووە. هەروەها لە ( ٤١-ت ، ج ، چ ) دا دەردەکەوێت وشەکانی پرس لە ڕستەی پرسیاری تایبەتیدا لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیان – بەرانبەر ڕستە هەواڵیەکە دەوەستن.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئاوەڵناو لە پلە ی چەسپاودا یەک ( AR ) ی دەوێت لە پلە ی بەراورد و باڵاش دوو ( AR ) ی دەوێت ، هەرچەندە ناتوانرێت بەڕەهایی ئەمە بۆهەموو ئاوەڵناوەکان دابنرێت. بڕوانە ( ٤٢ ) .

**(٤٢)** أ- ) پێزان بۆمن غەمبارە.

ب- ) پێزان بۆمن غەمبار ترە لە لێزان.

لە ( ٤١-أ ) ئەگەر چی ئاوەڵناوی ( غەمبار ) پلە ی چەسپاوە ، بەڵام دوو ( AR ) ی وەرگرتووە ، هەروەها لە ( ٤٢-ب ) هەرچەندە ئاوەڵناوەکە پلە ی بەراووردە سێ ( AR ) ی وەرگرتووە.

کەواتە ئاوەڵناوەکان پلە دارن ، مۆرفیمی بەراوردی/-تر/ مۆرفیمی باڵا /-ترین/ لە دواوەوە وەردەگرن ، لە پێشەوە پلە (مەعروف : ٢٠١٠ : ٥٨ ) ، بڕوانە ( ٤٣ ) .

**(٤٣)** زۆربچوک ، بچوکتر ، بچوکترین.

بەڵام هەندێک لە ئاوەڵناوەکان نە لە پێشەوە پلە وەردەگرن نەلە دواشەوە ، مۆرفیمی بەراوردی /-تر/ و/-ترین/ وەردەگرن ، واتە هەندێک ئاوەڵناوهەیە تەنها یەک ناو وەردەگرن پلە ی چەسپاوییان زیاترە ( ئەحمەد : ٢٠١٢ : ١٠٠ ) (بڕوانە ٤٤ ) .

**(٤٤)** أ- ) هەنارێکی مێخۆشم خوارد.

ب- ) * هەنارێکی مێخۆشترم خوارد

پ- ) * میخۆشترین هەنارم خوارد

لە ( ٤٤-أ ) ئاوەڵناوی ( مێخۆش ) ڕێژەیەکی چەسپاوی هەیە تایبەتە بە ( هەنار ) لە نێوان ( ترش و شیرین ) دایە. کەواتە وەرگرتنی پلە و مۆرفیمی بەراورد تاڕادەیەک سنووردارە ( بڕوانە ٤٥ )

**(٤٥)** ئاوێستە کچێکی مام ناوەندە

لە ( ٤٥ ) دا ئاوەڵناوی مامناوەند ڕێژەیەکی چەسپاوی هەیە ، لێرەدا تایبەتە بە باڵا لە نێوان بەرزو نزمدایە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ( مەعروف : ٢٠١٠ : ٥٨-٥٩ ) ، ( ئەحمەد : ٢٠١٢ : ١٠٠-١٠١) .

**٤) ئارگۆمێنت داواکەری ناو :**

یەکێکی تر لە و کاتەگۆریپەیە فەرهەنگییانەش بەهەمان شێوەی کردارەکان ( AR ) داواکەرن ( ناوە ) . واتە ناویش وەکو ( AR ) داواکەرێک پێویستی بە ( AR ) ێک زیاتر هەیە. بڕوانە ( ٤٦ ) .

(٤٦) ڕۆشتنی کەژێ بۆ ئاهەنگەکە باش نەبوو.

لە ( ٤٦ )دا کرداری ناویی ( ڕۆشتن ) پێویستی بە دوو ( AR ) هەیە ، کە ئەوانیش کەسەکەیە ، کە کارەکە ئەنجام دەدات ، هەروەها ( ئاهەنگەکە ) شوێنەکەیە ، کە کەسەکە بۆی دەڕوات.

هەندێک سەرەناو ( substantive ) هەن ، کە ( AR ) داواکەرن ، ئەم سەرەناوانە نیشانە واتاییەکانیان لە نیشانە واتاییەکانی سەرناوەکانی تر جیاوازن ، ئەمانە ناوی ئاوەڵکردارییـن و داوای ناوێکی نائاوەڵکرداری دەکەن. تاوەکو پێکەوە ناوێکی ئاوەڵکرداری دروستبکەن و لە ڕێی پێشناوێکەوە لە ڕستەدا وەک ئاوەڵکردار بەرکاربهێنرێن ( مەحوی ، قادر ، حسێن :٢٠٢٠ : ٨٤ ) .

ئەوسەرناوانەش وەک ( لا ، تەنیشت ، بەرامبەر ، پشت ، پێش ، خوار ، سەر ، ژێر ) . بڕوانە ( ٤٧ ) .

(٤٧) من لە ژێردار دادەنیشم.

لە نموونەی ( ٤٧ ) دا ناتوانین بڵێن ( من ژێر دادەنیشم ) چونکە دەبێت واتای شوێنی پێبدرێت ، ئەوانەی ئاماژەی بۆکرا ، واتای ئاوەڵکردارییان تیایە ، بەڵام خۆیان نابن بە ئاوەڵکردار ، بەڵکو واتای ئاوەڵکرداری دروست دەکەن ، بۆنموونە ( دار ) شتە ، ( لە ژێر ) شوێنە ، واتە ناوی شت دەکەن بەناوی شوێن.

### ٥) ئارگومێنت داواکەری پێشناو :

لە ڕاستیدا پێشناویش یەکێکە لە ( AR ) –داواکەرەکان پێشناوە سینتاکسییەکان نەک پێشناوە فەرهەنگییەکان، چونکە پێشناوی فەرهەنگی ( AR ) داواکەر نین(سەرچاوی پێشوو : ٨٤ ) .

دەتوانێت ڕۆڵی بابەتانەی جۆراوجۆر بەئارگومێنتەکانی ببەخشێت بەم شێوەیە :

أ–ئامێر ( Instrument ) .

(٤٨) أ- ) گۆشتەکەی بە خەڵوز برژاند.

ب- ) گۆشتەکەی بە چی برژاند؟

ب- سود وەرگر ( Benefactive )

(٤٩)        أ- ) خوێندکارەکە کتێبەکەی دا بە مامۆستا.

ب ) خوێندەکارەکە کتیبەکەی دا بە کێ؟.

پ- ) شوێن ( Location )

(٥٠)        أ- ) لە باخچەکە وانەکەم خوێند.

ب- ) لە کوێ وانەکەت خوێند؟.

ت- ) ئامانج ( Goal )

(٥١)        أ- ) سبەینێ بۆ عەمرە دەچم.

ب- ) سبەینێ بۆ کوێ دەچیت؟.

ج- ) سەرچاوە ( Source )

(٥٢)        أ- ) لە فەرمانگەوە بەرەو ماڵ بە رێکەوتم.

ب- ) لە کوێوە بەرەو ماڵ بەرێکەوتیت؟.

مەبەستیش لەپێشناوە فەرهەنگییەکانی ( پێ ، تێ ، لێ ) کە بەپێشناوی درۆینە ناودەنرێن، چونکە لەفەرهەنگدا بەشێکی زگماکی کردارن ، بەهەمان فۆڕمەوە ناتوانن حوکومی فرێزی پێشناوی بکەن ، بۆیەدەبێت پێشناوە فەرهەنگییەکان لە دروستەی ڕووکەشدا فۆڕمەکەیان بگۆڕێت ، فۆڕمی پێشناوی ڕەسەنیان پێبدرێت ( مەحوی :٢٠٠١ : ١٧٨-١٨٠ ) ، ( مەعروف ٢٠٠٩ :١٢ ) (والی:٢٧:٢٠١٥) ( بڕوانە ٥٣ ):

**( ٥٣ )** أ- ) من کتێبەکەم بەمامۆستا دا .

ب- ) * من کتێبەکەم پێ مامۆستا دا

لە ( ٥٣-أ ) دا پێشناوی ( بە ) دۆخی داتیڤی بەفرێزی ناوی ( مامۆستا ) بەخشیوە ، بەڵام لە ( ٥٣ب ) دا ڕێگەی پێنادرێت ، چونکە پێشناوی ( پێ ) پێشناوێکی فەرهەنگییەو لەتوانایدا نییە هەمان ڕۆڵی سینتاکسی ( بە ) ببینێت ، کەواتە تەنها پێشناوە ڕەسەنەکانی ( بە ، لە ، بۆ . ) کەرەستەی حکومکەرن و دەتوانن دۆخی ڕێزمانی ببەخشن ( پێ ، لێ ) لە فەرهەنگدان کە دێنە سینتاکسەوە دەبن بە ( بە ، لە ) .

## ٢-٥/١/١ ئارگۆمێنت داواکراو Arguments

ئارگۆمێنت داواکراو لە لۆجیکی ماتماتیکدا وەرگیراوە مەبەست لێی ئەو کەرەستە سینتاکسیانەن ، کە لە لایەن کردارێکەوە داوا دەکرێن ( محەمەد :٢٠٠٩ : ٨٥ ) . هەروەها ئەو کەرەستەسینتاکسیانەن ، کە لە لایەن ئاوڵناوەوە داوادەکرێن واتە ( AR ) داواکراو مەرج نییە تەنها کردار بێت ، واتە ئەوکەرەستە زمانیانەن ، کە پەیوەستن بە ( AR ) – داواکەرەکان بەپێی تایبەتمەندێتی داواکەرەکان ڕێکدەخرێن و پەیوەندییەکانیان بۆ دیاردەکرێت ( 164: 1996: Cook & Newson ) .

لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەی ، ( AR ) ئەو جێکەوتەیە دەگرێتەوە ، کە دەتوانرێت ڕۆڵی بابەتانەکەی تیا ببەخشرێت ( 32: 2003: Crystal ) . هەرچەندە لیستێکی دیاریکراو لە بەردەستدا نییە بۆ ژمارە و جۆری ڕۆڵە بابەتیەکان ، بۆیە تاکوئیستا زمانەوانان لە سەر ژمارەو جۆری ڕۆڵە بابەتیەکان ڕێکنەکەوتوون ، لێرەدا ئاماژە دەکرێت بەژمارەیەک لە و ڕۆڵانەی ، کە زیاتر باون ، بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی ڕۆڵی بابەتیانە : ( سەعید : ٢٠٠٩ : ١٩-٣١ ) و ( قادر : ٢٠٠٩ : ٢٢-١٣٨ ) و ئەحمەد : ٢٠١٢ : ٢١-٢٢ ) .

أ- **کارا ( Agent ) :** سیمای ( + هێز ، + زیندو ) ی هەیە. واتە ئەو کەرەستەیەیە کەئەنجامدەری کاری ڕستەکەیە(بڕوانە ٥٤ ) .

( ٥٤ ) خوێندکارەکە وانەکەی خوێند.

ب- کارتێکراو/باس/ ( Patient/theme )

ئەو کەسەیە یان ئەو شتەیە ، کە کا(ڕێگەری کردارەکەی دەکەوێتە سەر ، واتە کردەی کردارەکەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت(بڕوانە ٥٥ ) :

( ٥٥ ) منداڵەکە کۆترەکەی گرت.

**پ- ) سوودمەند/ سوود وەرگر ( Benefactive )**

کەسێکە ، کە سوود لە کارێک وەربگرێت. بڕوانە ( ٥٦ ) :

( ٥٦ ) بەرگدرووەکە کراسەکەی بۆ ئەرینا دووری .

ت- ) ئامانج/ مەبەست ( Goal )

ئەو کەسەیە یان ئەو شتەیە ئامانجی ڕوودانی کردارەکە دەستنیشان دەکات(بڕوانە ٥٧ ) :

( ٥٧ ) سبەینێ بۆ سەیران دەچم.

ج- ) شوێن : ( Location )

ئەوشوێنەیە ، کە کارێکی تێدا روودەدات بەهۆی ( AR ) داواکەرێکەوە دەردەبڕێت ( Haegeman :1998 :50 ) و ( والی : ٢٠١٥ : ٢٢ ) (بڕوانە ٥٨ ) :

**(٥٨)**پێزان لە کارگەی مافوور کاردەکات.

چ- ) ئامێر : ( Instrument )

ئامرازێکە یان هۆیەکە ، کە کارێکی پێ ئەنجام دەدرێت.بڕوانە ( ٥٩ ) :

**(٥٩)**لێزان سەهۆڵەکەی بە چەکوش شکاند.

ح- ) سەرچاوە : ( Source )

سەرچاوە خاڵی دەستپێکردنی شتێکە ، لە گەڵ ئەو کردانەدا دێت ، کە جوڵە یان ئاڕاستە پێشان دەدەن ( سەعید : ٢٠٠٩ : ٢٨ ) بڕوانە ( ٦٠ ) :

**(٦٠)**لە ماڵەوە بەرەو زانکۆ بەڕیکەوتم.

هەروەها لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانیشدا بەجێکەوتەی ( NP ) ڕستە دەگوترێت ئارگومێنت- داواکراو ( Crystal :2003 :32 ) .

کەواتە ( AR ) داواکراوەکان لە دروستەی قوڵدا ڕۆڵی بابەتانەیان پێدەدرێت ، لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن. بڕوانە ( ٦١ ، ٦٢ ) :

**(٦١)**من تۆم نارد.

**(٦٢)**من کێم نارد؟

لە ( ٦١ ) دا ( NP ) ییەکانی ( من ، تۆ ) ( AR ) – داواکراون لە لایەن ( AR ) – داواکەری ( نارد ) ەوە داواکراون.لە ( ٦٢ ) دەردەکەوێت وشەی پرسی ( کێ ) لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی بەرامبەر ڕستە هەواڵیەکە دەوستێت. مەرجیش نییە هەموو کات ( AR ) - داواکراو فرێزبێت . بڕوانە ( ٦٣ ) :

**(٦٣)**دەزانم ، کە ئێوە خوێندکارن ( ڕستەی ئاڵۆز )

لە ( ٦٣ ) دا پاڕستەی ( کە ئێوە خوێندکارن ) ( AR ) - داواکراوێکی بەشەکرداری ( دەزانم ) ە ، جێگەی بەرکاری ناوەکی ڕستەکەی گرتۆتەوە.

کەواتە لە دروستەی ڕستەی ئالۆزدا پاڕستە وەکو ( AR ) - داواکراوێک دەردەکەوێت ، کەواتە لاڕستەکانیش بۆیان هەیە ببنە ( AR ) ی گوزارەیەک بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ( مەعروف ٢٠٠٩ : ٨٢-١٢٣ ) .

هاوکات پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین لە بەرئەوەی زمانی کوردی بکەرخراوە ، واتە ( PRO-Drop ) ە ، بۆیە دەشی ( AR ) ێک یان زیاتر لە ڕۆنانی سەرە وەی ڕستەکەدا دەرنەکەوێت . بڕوانە ( ٦٤ ، ٦٥ )

**(٦٤)**أ - ) من پێنوسەکەم بە تۆدا.

ب- ) پێنوسەکەم بەتۆدا.

پ- ) پێنوسەکەم پێدایت.

ت- ) پێمدایت.

**(٦٥)**أ- ) من چیم بەتۆدا ؟

ب- ) چیم بەتۆدا؟

پ- ) چیم پێدایت؟

ت- ) پێمدایت؟ ( ئاوازە )

لە ( ٦٤- أ ) وادیارە ، کەسێ ( AR ) هاوبەشی گوزارەی ( پێدان ) یان کردبێت ، لە ( ٦٤- ب ) دوو ( AR ) کە ( ٦٤- پ ) یەک ( AR ) لە ( ٦٤- ت ) یشدا پریدیکاتە هیچ ( AR ) ێکی وەرنەگرتبێت ، لە ڕاستیدا پریدیکاتی ( پێدان ) سێ ( AR ) وەردەگرێت.

لە ( ٦٥-أ ) سێ ( AR ) هاوبەشی گوزارەی ( پێدان ) یان کردووە ، ( ٦٥-ب ) دا دوو ( AR ) ، لە ( ٦٥-پ ) دا یەک ( AR ) .کەواتە لە ( ٦٥-أ ، ب ، پ ) دا وشەی پرسی ( چی ) لەڕستەی پرسیاری تایبەتیدا لەجێکەوتەی بنەڕەتی خۆیان بەرامبەر بەڕستە هەواڵییەکە دەوەستن ، واتە هیچ گواستنەوەیەکی سینتاکسیان بەسەردا نەهاتووە ، بەلاّم لە ( ٦٥-ت ) دا پریدیکاتەکە هیچ ( AR ) وەرنەگرتووە ، لێرەدا بەهۆی ئاوازەوە بووە بەڕستەیەکی پرس ، گومانی تێدانییە ، کەڕستەی پرسیاری تایبەتی لەزمانی کوردیدا وشەی پرسی لەگەڵدا بەکاردێت کەلەهەر جێکەوتەیەکی ڕستەدابێت دەردەکەون ، هەر وشەیەکی پرسیش پرسیار لەبارەی یەکێک کەرەستەکانی ڕستەوە دەکات .

ئەگەرچی ( AR ) کان فۆرمێکی بەرجەستەکراوی فەرهەنگیان نییە ، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت ئاماژەی پێبکەین ، کە لۆژیک ژمارەی ( AR ) کان دیاردیدەکات نەک سینتاکس.

کەواتە ( AR ) داواکراو ئەو کەرەستانەن ، کە پەیوەستن بە ( AR ) داواکەرەکانەوە ، هەر بەپێی ( AR ) داواکەرەکان ڕیز دەکرێن و ڕێک دەخرێن ، هاوکات هەر بەپێی ( AR ) داواکەرەکان پەیوەندییەکانیان بۆدیاریدەکرێت.

## ٦/١/١ ) دیاریکردنی کەتەگۆرییەکان* ( Category)

لە ڕێزمانی دێریندا کاتێک دەوترا ( بەشەکانی ئاخاوتن ) ( Parts of speech ) لە نێوان ئەندامانی بەشەکاندا جیاوازی نەدەکرا ، کەئایا کەتەگۆڕییەکی فەرهەنگین یان تەنها ئەرکێکی ڕێزمانی بەجێدەگەیەنن.

کەواتە پۆلەڕەگەز مەبەست لێی بەشە ئاخاوتن بوو ، بۆیە لە جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتندا بنەمای وردی زانستی پێڕەو نەدەکرا ، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئەو بەشانە جیادەکرانەوە ، بەڵام لە ئێستادا وتنەکان ( utterance ) لە سەر بنەمای وردی زانستی پۆل دەکرێن ، دابەش دەبنە سەرچەند کەتەگۆرییەک ( category ) ، ئەندامانی هەر پۆلێک سیفەتی هاوبەشیان هەیە ، بۆ نموونە کەتەگۆرییە ڕێزمانییەکان ( Grammatical catagory ) پۆلێکی زمانەوانین واتە بەپێچەوانەوە کەتەگۆرییەکی فەرهەنگی نین وناگەڕێنەوە بۆ دیاردەیەکی واقعی لە جیهاندا . (14: 2010: Lauro & Donna ) و ( عەزیز ٢٠٠٦: ٤٤-٤٥ ) .

کەواتە جیاکردنەوەی یەکە زمانییەکان لە سەر بنەمای (کەتەگۆڕی جیاجیا ، دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی کەرەستە زمانییە ( فەرهەنگی ، سینتاکسی ، ڕێزمانی ، ئەرکی ) یەکان سنوڕێکی زانستی ورد لە نێوایاندا دابنرێت ، لە گەڵ ئەوەشدا پۆل بکرێن.

ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسانکردنی ڕێزمانی هەرزمانێک ، کە لە سەرەتادا پێویستە کەتەگۆڕییە وشەکان ( Word-catogry ) دەستنیشان بکەین ، مەبەست لە مەش ئەو وشانەن ، کە تایبەتمەندی هاوبەشی زمانیان هەیە پاشان کەتەگۆڕییە فەرهەنگیەکان جیابکەینەوە ، هەروەها زمانەوانەکان بیرورای جیاوازیان لە سەر ئەندامانی کەتیۆڕییەک هەیە بۆنموونە ( برینتۆن ) دەڵێت : ( کەتیۆڕییە

---

* ئەو توخمانە یان ئەو فۆرمە ڕەهایانەیە، کەمۆرفیمەکان، یان وشەکان وئەرکەکانیان و جیاکارییە واتاییەکانیان دەستنیشان دەکات(نەوام جومسکی:٢٠٢٠: ٣٢٢).

ڕێزمانییەکان ( ( Grammatical catagory ) لە ( ٩ ) کەرەستە پێک دێن کە بریتین لە ( ١-ژمارە، ٢-کەس ( جێناو ) ، ٣-ڕەگەز. ٤- دۆخ. ٥- ناساندن. ٦- دەمکات. ٧- ئەسپێکت. ٨- ڕێژە . ٩- بکەرنادیار ) ) ( سەرچاوەی پێشوو : ٢٠١٦: ٤٥ ) .

زمانەوان ( Radford ) : ( تائێستا ( ٥ ) کەتەگۆرییە فەرهەنگی دەستنیشان کراون ، ئەوانیش ( ناو ، ئاوڵناو ، کردار ، جێناو ، ئاوەڵکردار ) . و ( عەزیز : ٢٠١٦ : ٤٥ ) .

هەروەها کەتەگۆرییە سینتاکسییەکان ( syntactical category ) ئەمانیش بریتین لە ( VP ، NP ، Adv ، فریزی ڕادە ، p.p ، ڕستیلە ، ڕستە ، فریزی جێناوی ) ، هاوکات ماوەتەوە ئاماژە بە پۆلە ئەرکییەکان بکەین کە ئەوانیش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە : ( وشە ئەرکییەکان ، هەیی ، خۆیی ، پێشناو ، جێناوی سەربەخۆ ، ئامرازی بانگکردن ، ئامرازی لێکدەر ).

هەروەها کاتێک کە ئێمە کەتەگۆرییە فەرهەنگیەکان دیاریدەکەین ، مەرج نییە بەشێوەی مۆرفێمی سەربەخۆ یاخود وشەیەکی سادە هەبن لە فەرهەنگدا ، بۆنموونە ئەگەر ئاماژە بە ئاوەڵکردارەکانی ( زوو ، درەنگ ) دەکرێت ، کە فەرهەنگین ، بەڵام لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاوەڵکردار بەشداری چالاکانەی نییە ، ( زوو ، درەنگ ) ڕوانگە واتاییەکەی پێمان دەڵێت ئاوەڵکردارن ، فەرهەنگی زمانی کوردی ئاوەڵکرداری کەمە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە ( مارف : ١٩٨٧: ١١٩-١٦٧ ) .

ئاوەڵکردار دەرخەری لایەنێکی کردارەکەیە یان بەشەکردارەکەیە و سیماکانیان نیشاندەدات ، چونکە لەسینتاکسدا ئاوەڵکردار لەناو دروستەی کردارییی یان بەشەکردار ( Predicate ) دایە(مەحوی : ٢٠٠١ : ١٧٤-١٧٥ ) لەزمانی کوردیدا کردار تاف و ( Tense ) کەسدارە تاف لەزمانی کوردیدا بەمۆرفێم دەنوێندرێت ( مەحوی ، ئەحمەد :٢٠٠٤ : ٤٣ ) ( بڕوانە ٦٦-٦٧ ) :

**(٦٦)** أ- ) ئەرینا سێوەکەی خوارد .

ب- ) پێزان سێو دەخوات .

**(٦٧)** أ- ) ئەرینا دوێنێ سێوەکەی خوارد.

ب- ) پێزان ئێستا سێو دەخوات.

پ- ) پێزان ئێستا سێوەکەی خوارد.

لەڕستەی ( ٦٦-أ ) دا مۆرفێمی / دە / دەربڕی تافێکی دیارینەکراوی ڕابردووەو لە ( ٦٦-ب ) دا مۆرفێمی / دە-/ دەربڕی تافێکی دیارینەکراوی ڕانەبردووە ، بەڵام لە ( ٦٧-أ ) دا لەڕێی کاتەوە ( Time ) دەست دەخرێتە سەر تافە ( Tense ) دیارینەکراوەکان بۆیە کاتە

ڕابردووەکان وابەستەی تافە ڕانەبردووەکان دەبن . لەئاوەڵکرداری ( ئێستا ) ش لە ( ٦٨- ا ، ب ) هەڵسوکەوتی ئەسپێکتەکان دەکات وکاتی تافە گراماتیکەکانی نزیککردۆتەوە ، نزیککردنەوەی دیکەی تافەکانی کرداریش لەڕێگەی فۆڕمی ( هەر ) ەوە ، ( بڕوانە ( ٦٨ ) لەگەڵ ( ٦٧أ ، ب ) بەراوردی بکە.

**(٦٨)** أ- ) پێزان ئێستا هاتەوە.

ب- ) پێزان هەر ئێستا هاتەوە.

پ- ) ئەرینا ئێستا نان دەخوات.

ت- ) ئەرینا هەر ئێستا نان دەخوات .

هەروەها دەربڕاوی ئاوەڵکرداری "خۆزگە ، هەمیشە ، هەروەها ، دیسان ، هێشتا ، یش ) فەرهەنگین دەتوانین بڵێین ، ئەمانەش لە ڕاستیدا فەرهەنگی نین ، چونکە لە فەرهەنگەکە جیامان کردۆتەوە و وامان پێوتووە کاتێک ، کە جێگۆڕکێ دەکەن واتا دەگۆڕین" ( بڕوانە ٦٩ ) .

**(٦٩)**أ- ) من هێشتا پێزانم نەبینیوە.

ب- ) هێشتا من پێزانم نەبینیوە.

پ- ) من پێزانم هێشتا نەبینیوە.

لێرەدا دەبین بە جێگۆڕکێ پێکردنیان واتای جیاوازمان دەدەنێ.

لە ڕستەی ( ٦٩-أ ) واتە خەڵکی ترم دیوە لە ( ٦٩-ب ) واتە خەڵکی تر پێزانی بنیوە ، لە ( ٦٩-پ ) دا واتە قسەم لە گەڵدا کردووە ، بەڵام نەمبینیوە.

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕووکەشدا دەکرێن ، بۆیە پێییان دەگوترێت دەربڕاوی ئاوەڵکرداری ، واتە واتا و مەبەست دەگۆڕن هەروەک ئاماژەی پێکرا ، کاتێک کەتەگۆڕییە فەرهەنگییەکان دیاریدەکەین ، زۆرجار دەبینین بە شێوەی سادەنین ، بەڵکو دەشێ بەشێوەی هەڵگوێزراو یان لێکدراو بن ، هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا ، کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاوەڵکردار بەشداری چالاکانەی نییە ، هاوکات هەندێ وشە هەن دەچنە ناو پۆلە فەرهەنگییەکانی ناو ئاوەڵناوەوە ، کە ئەمانەش ئاوەڵکردار ئاسان واتە ( adverable ) یان پێدەوترێت. واتە پۆلەڕەگەزی تر دروستی دەکەن ، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین پێویستە ئەو پۆلەڕەگەزە واتای ئاوەڵکرداری تیا بێت ، هەروەها بە بەکارهێنانی جێکەوتەی سینتاکسی دەبێت بە ئاوەڵکردار . بڕوانە (٧٠ ) :

**(٧٠)**أ- ) بەهار دەچێت بۆ زانکۆ.

ب- ) پێزان بەهار زوو دەگەڕێتەوە.

لە ( ٧٠-أ ) دا وشەی ( بەهار ) ناوە ، بەڵام واتای ئاوەڵکرداری تێدایە ، هەروەها لە ( ٧٠-ب ) دا ( بەهار ) ئاوەڵکردارە بەهۆی ئەوەی ( بەهار ) واتای ئاوەڵکرداری تێدایە ، هەروەها بەجێکەوتەی سینتاکسی لە وشوێنەدا بووە بەئاوەڵکردار.

لە ڕاستیدا ئاوەڵناوەیش کاتێک کە لە ئاوەڵناوی دەخرێت دەبێت بە ئاوەڵکردار ، واتە لە جیاتی ئەوەی دەرخەر بێت بۆناوەکە دەرخەر دەبێت بۆ کردارەکە ( بڕوانە ٧١ ) :

**(٧١)**أ- ) جوان کچێکی جوانە.

ب- ) یارپیزانەکە جوان یاری کرد.

( ٧١-أ ) دا ( کچێکی جوانە ) ( جوانە ) ئاوەڵناوە ، بەڵام وشەی ( جوان ) چونکە واتای چۆنێتی تێدایە ، هەروەها بەجێکەوتەی سینتاکسی بووە بە ئاوەڵکردار لە ( ٧١-ب ) دا. هەروەها ناوەکان ناتوانن ببن بە ئاوەڵکردار و گۆکردنی ئاوەڵکرداری چۆنێتیان پێ بدرێت ، چونکە ناوەکان حکومدەکەن و حکومدەکرێن ( مەعروف :٢٠٢٠ : ٢١٩ ) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ( مەعروف :٢٠١٠ : ٤٢-٥٥ ) ، ناوەکان جێکەوتە دۆخدەرەکان پڕدەکەنەوەو یەکێکن لە ( AR ) داواکراوەکانی ( $V^0$ ) و ( $V^-$ ) ، خاوەنی نیشانەی ئاوەڵکرداری چۆنێتی نین ، بۆیە لەجێکەوتەی ئەو ئاوەڵکردارانە دەرناکەون ( بڕوانە ٧٢ ) :

**(٧٢)*** ئەرینا کوڕ هاتە دەنگ

مۆرفۆلۆژی کەپێکهاتەیەکی زمانە کەرەستە لەفەرهەنگ وەردەگرێت بۆ دروستکردنی فۆرمێکی نوێ ، کە ئەو فۆرمە نوێیە دەربڕاوی واتای نوێیە ( مەحوی ٢٠٠١ : ١- ٥ ) مۆرفۆلۆژی لەڕێگەی هەندێ تەرزو یاسای وەک > ناو+انە ، نیشانەی چۆنێتی بەهەندێ ناوی گشتی دەدات ، بۆیە دەبنە ئاوەڵکاری چۆنێتی و لەناوی دەکەون ( بڕوانە ٧٣-أ ) وەکو ئاوەڵناوی چۆنێتی هەلی دەرکەوتنی لەجێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتیدا بۆ دەرەخسێ .

**(٧٣)** ئەرینا کوڕانە هاتە دەنگ .

بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی ئاوەڵکردار ٠بڕوانە ( مەعروف :٢٠٢٠ : ١٩٣- ٢٢٣ ) .

هەروەها ئەو کەتەگۆرییە ئەرکیانەی ، کە جۆرە بەندێتیەک لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەیەکدا دادەمەزرێنن ، وەک مۆرفیمەکانی ناسراوی ، نەناسراوی ، خاوەندارێتی ، چەندێتی ، ئاوەڵناوی نیشانە ، دەبێ سەرەی ئەرکی بن(313: 1996: Spencer ) و ( محمد : ٢٠٠٩ : ١٥٤ ) .

ئەمەش پێی دەوترێت گریمانەی یان هیپۆتێزەی ( DP ) : ئەو گریمانەیەیەی ، کە هەموو فرێزە ناوییە تەقلیدییەکان ، کە لە دروستەی فرێزیدا ( NP ) بوون ، بەڵام ئەم بە پرۆژەیەکی دیارخەری دایدەنێت ( Radfard :1998 :258 ) و ( محمد :٢٠٠٩ : ٥٤. )

هەروەها (کەتەگۆری ئەرکی ( Functional Category ) ( پۆلە ڕەگەزیی ) ئەرکی لە تیۆرە زمانییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستە فرێزیدا ، بەنموونە وەکو (کەتەگۆری ئەرکی وەک ( T ، D ، AGR ) ، لە دروستەی فرێزیدا لە ( X-bar ) دەبنە سەری فرێز ( قادر : ٢٠١١ : ١١٧ ) .

لێرەدا ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەین ، کە کەرەستە لێکسیمیەکان وەکو ( ناو ، ئاوەڵناو ، کردار ) زانیارییەکانیان تێدا هەڵگیراوە ، بەڵام لە سینتاکسدا کاتێک بەهۆی کەرەستە ڕێزمانییەکانەوە ، لێکدەدرێن بەیارمەتی قاڵبە سینتاکسیەکە لە زمانی کوردیدا ، ئەوا بەهۆی کۆکردنەوەی زانیاریی لیکسیمی و زانیاریی ڕێزمانی کەرەستە ڕێزمانییەکان وەک ( پێشناو ، پاشناو ،... هتد ) . ئەو زانیارییەی لە قاڵبە سینتاکسیەکە ، کە مەبەست لێی سەرە ڕیزبوونەوەکەیە ) دەستمان دەکەوێت ، هەموو تێکڕا زانیارییەکی تەواومان لە سەر قسەی قەسەکەران دەداتێ ( عەبداللە : ٢٠١٣ : ٣٤ ) ( بڕوانە ٧٤- ٧٥ ) :

**(٧٤)**أ- ) { پیزان ،تۆ، ناردن} هەریەکێکیان زانیاریی لێکسیمیان هەیە ، کە برتیین لە ( ناو ) ( جێناو ) ( کردار ) .

ب- ) { پیزان تۆی نارد. } بەزانیاریی لێکسیمی + زانیاریی لێکسیکی بەرکاری زانیارییەکی تر خراوەتە ڕوو.

ت- ) {پیزان تۆی نارد / تۆی نارد ، پیزان}

لە ( پ ) دا جگە لەو دوو زانیارییە + زانیاریی سەرە و ڕیزبوونی وشە.

**(٧٥)** أ- ) {پیزان کێ ناردن }هەریەکێکیان زانیاریی لێکسیمیان هەیە ، کەبریتین لە ( ناو ) ( جێناوی پرس ) ( کردار )

ب- ) {پیزان کێی نارد؟} بەزانیاریی لێکسیمی + زانیاریی لێکسیکی زانیارییەکی تر خراوەتە ڕوو.

پ- ) {پیزان کێی نارد؟/ کێی نارد، پیزان؟ }لێرەدا جگە لەو دوو زانیارییە + زانیاریی سەرەو ڕیزبوونی وشە.

## ١/١ /٧ ) کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن/هەڵبژاردن

کۆت وبەندی سینتاکسی- سێمانتیکی ، واتە هەڵبژاردن و ڕێککەوتن و گونجاندنی ( AR ) داواکەر و ( AR ) داواکراو لە ڕووی ڕێزمانی و سێمانتیکی لە دروستەیەکدا تاوەکو ڕستەکان ڕێزمان دروست و واتا دروست بن. بڕوانە ( ٧٦ ) :

**(٧٦)**أ- ) * لێزان خوارد

( ب- ) ؟؟پێزان دەرگاکەی خوارد

لە ( ٧٦-أ ) دا ڕستەیەکی ناڕێزمانییە ، چونکە ( خوارد ) کردارێکی دووهێزییە پێویستی بە دوو ( AR ) هەیە یاساکانی ( C-selection ) ی بەزاندووە ، هەروەها لە ( ٧٦-ب ) دا ڕستەیەکی واتا ناڕاستە ، چونکە ( خواردن ) پێویستی بە تەواوکەرێک هەیە ، کە بخورێت ، بەڵام دەرگا ناخورێت ، واتە پێویستە تەواوکەرەکە ( + خواردن ) بێت و بۆخواردن بشێت بۆیە لە ڕووی هەڵبژاردنی سێمانتسکیەوە ڕاست نییەو هەروەها یاساکانی ( S-Selection ) کە بەزاندووە ، کۆت وبەندی هەڵبژاردن دەبێت بە دوو جۆرەوە کە ئەوانیش

( S-Selection ) کارلە سەرمانا دەکات ، پەیوەندی بە سێمانتیکیەوە هەیە ، بەڵام ( -C Selection ) پەیوەندی بە سینتاکسیەو هەیە ، چۆنێتی ڕیزبوونی کەتەگۆرییە لە ناو ڕستەدا لە ڕووی ڕێزمانەوە ( Hagemen :1994 : 134 ) ، کەواتە ( S-Selection ) ( ss ) واتە هەڵبژاردنی واتایی پەیوەندی بەسێمانتیکەوە هەیە ، ( C-Selection ) ( cs ) واتە هەڵبژاردنی کەتەگۆری پەیوەندی بەکەتەگۆرییەوە هەیە لە ناو ڕستەدا . "کۆتی هەڵبژاردن ئەو کۆتەیە ، کە لە خودی واتایی وشەکانەوە دروست دەبێت" ( فەرهادی : ٢٠٠٢ : ١١ ) .

بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیوایە ، کە کۆتی هەڵبژاردن کۆت وبەندێکی سینتاکسی و سیمانتکییە ، نەک تەنها لە خودی واتای وشەکانەوە دروست بێت.

واتە ڕێککەوتنی پریدیکاتەکانی ڕستە ( AR -داواکەر ) و ( AR -داواکراو ) لە ڕووی ڕێزمانی و واتایشیەوە ، نەک تەنها بەند بێت بە خودی واتایی وشەکانەوە ، بەڵام دەتوانین بڵێین ، کە هەڵاوێرکردنی پۆلە ڕەگەزی لەوەدا بۆ هەڵاوێرکردنی واتایی کورتبیتەوە ، کە دەشێ پێشبینی کەتەگۆری تەواوکەرێک بکرێت.

## ١-٧/١/١ هەڵبژاردنی کەتەگۆری

کۆت و بەندکردنێکی سینتاکسی ئەو جۆرە تەواوکەرانەیە کە AR- داواکەرێک وەریاندەگرێت ، یـاخود بریتییـە لە دیـاریکردنی جـۆر و تایبەتمەنـدێتی پـۆلە ڕەگـەزی سینتاکسـی تەواوکـەرەکان ( Parker&Rilley :2010 :65 ) وەرگیراوە لە ( والی : ٢٠١٥ : ٣٠ ) .

هــەڵاوێرکردنی کــەتەگۆری ( C–Selection ) ( cs ) بریتییــە لە دیــاریکردنی چەشــن و جــۆری تایبەتمەنـدێتی کـەتەگۆری سینتاکسـی تەواوکـەرەکان ، بـەواتا AR- داوکـەر بـۆ ( نموونـە کـردار ) چ جۆرە کەتەگۆرییەک وەک فرێزی ناوی/ فرێزی تەواوکەری داوا دەکات .

لە ڕاستیدا AR- داوکەر هەیە پێویستی بە هیچ تەواوکەرێک نییە و داوای هیچ تەواوکەرێک ناکات ، وەکو کرداری یەک هێزی، بەڵام AR- داواکەر هەن یەک ( AR ) داوا دەکەن ، بۆنموونە ( زانین ) / پێزانین (AR ) داواکارییەکانیان جیاوازە ( بڕوانە ٧٧ ) :

**(٧٧)**أ- ) پێزان وانەکەی زانیی.

( ب- ) پێزان بەشەڕەکەی لێزانی زانی.

پ- ) کێ وانەکەی زانی ؟

ت- ) کێ بەشەڕەکەی لێزانی زانی ؟

( B.Latif Muhedeen :2008 :6 ) و ( حسێن : ٢٠٢١ : ١١٣ )

هەروەها هەڵاوێرکردنی پۆلە ڕەگەزی/ (کەتەگۆڕیی ( cs ) تایبەتییەکانی زاراوەیەکی فەرهەنگییە ، کە بەهۆیـەوە ئـەو زاراوەیـە بڕیـاری هـەڵبژاردنی پـۆلە ڕەگەزی تەواوکـەرەکان دەدات بەوشـێوەیەی لە چێوەی وەچە پۆلە ڕەگەزی تایبەت بەو زاراوە فەرهەنگییەدا دراون ( مەحوی ، قادر ، حسێن : ٢٠١٠ : ٨٦ ) . بەواتا ( AR ) داواکەر چ جۆرە کەتەگۆرییەک وەکو فرێزی ناویی/ فرێزی تەواوکەری داوا دەکات چونکـە ( AR- داوکـەر ) هــەن ، یـەک ( AR ) داوادەکـات .هەشــە دوو ، ســێ یــان چــوار ( AR ) داوادەکات . بڕوانە ( ٧٨ ) .

**(٧٨)**أ- ) پێزان هات .( هاتن )

ب- ) پێزان نانەکەی خوارد .( خواردن )

پ- ) پێزان دەرگاکەی لە لێزان کردەوە .(لێکردنەوە )

ت- ) پیزان دەرگاکەی لە لیزان بەکلیلەکە کردەوە ( پێلکردنەوە )

کرداری > هات < لە ( ٧٨-أ ) دا داوای یەک فریزی دیارخەری دەکات {+ گیاندار ، + زیندوبێ + ،..هتد .}

تاوەکو کردەی کردارەکە چالاک بێت و بەئەنجام بگەیەنێت ، کە ئەویش ( پیزان ) ە لە ڕستەی ( ٧٨-ب ) دا کرداری > خوارد < داوای توخمێک دەکات{+ گیاندار ، + زیندو} بێت تاوەکو کردەی کردارەکە بەئەنجام بگات و کەئەویش ( پیزان ) ە ، هاوکات داوای کەرەستەی دووەمیش دەکات کە هەڵگری ( +قوتدان + جوێن + هەرسکردن + لە ناچوون+ لە بار بێت بۆخواردن + ، ....هتد ) ، کە ( نانەکە ) یە . هاوکات لە ( ٧٨-پ ) دا ، کرداری ( لیکردنەوە ) داوای توخمێک دەکات ، کە {+ گیاندار ، + زیندو+ ، ....هتد} بێت ، بۆ ئەوەی کردەی کردارەکە بەئەنجام بگەیەنێت کە ( پیزان ) ە لە گەڵ ئەوەشدا داوای کەرەستەی دووەم دەکات کە هەڵگری {+چشت ، + بتوانرێت بکرێتەوە+ ، ....هتد} بێت تاوەکو کردەی کردارەکەی بکەوێتە سەر ، کە ( دەرگاکە ) یە ، لە گەڵ ئەوەشدا داوای کەرەستەی سێیەم دەکات کە هەڵگری{+ زیندوبێ ، + ،....هتد}بێت ، هەروەها لە ( ٧٨-ت ) دا ، کرداری ( پێلێکردنەوە ) داوای توخمێک دەکات کە {+گیاندار ، +زیندوو ، + ، ....هتد}بێت ، بۆئەوەی کردەی کردارەکە بەئەنجام بگەیەنێت کە ( پیزان ) ە ، هەروەها داوای کەرەستەی دووەم دەکات ، هەڵگری {+شت ، +بتوانرێت بکرێتەوە + ، ....هتد } تاوەکو کردەی کردارەکەی بکەوێتە سەر ، کە ( دەرگاکە ) یە ، لەگەڵ ئەوەشدا کەرەستەی سێیەمی پێویستە ، کەهەڵگری {+زیندووبێت ، + ، ....هتد } لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەکەرەستەی چوارەم هەیە{+شت ، + توانای کردنەوەی هەبێت ، + ، ....هتد } ، تاوەکو کردەی کردارەکە جێ بەجێ بکات ، کە ( کلیلەکەیە ) هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ، کاتێک کە ( AR ) ی پێویست لە ڕستەکەدا نەبوو ، واتە ( AR ) داوکەر(AR ) - داواکراوەکانی لە ڕستەدا نەبوو ، ئەوا ڕستەکە ڕستەیەکی ناڕێزمانی دەردەچێت ( بڕوانە ٧٩ ) :

**(٧٩)**أ- ) * پیزان خوارد

ب- ) * پیزان شوتیەکەی چەتاڵ خوارد

لە ( ٧٩-أ ) دا نەبوونی ( NP ) ی دووەم ( بەرکارەکە ) ڕستەکەی کردۆتە ناڕێزمانی لە ( ٧٩-ب ) دا فریزی ناوی ( چەتاڵ ) ڕستەکەی کردۆتە ناڕێزمانی ، چونکە کرداری ( خوارد ) تەنها دوو ( AR ) ی پێویستە.

کەواتە ڕستەکانی ( ٧٩-أ ، ب ) ناڕێزمانین چونکە یاساکانی هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزیان بەزاندووە.

بۆئەوی ڕستەکانی ( ٧٩-أ ، ب ) ببنە ڕێزمانی ئەوا ( ٧٩-أ ) یدا پێویستی بە تەواوکەرێکی ناوەکیی ( بەرکارێک ) دەبێت تاوەکو ڕستەکەی ببێتە ڕستەیەکی ڕێزمانی. بڕوانە ( ٨٠ ) :

**(٨٠)**أ- ) پێزان سێوەکەی خوارد.

لە ( ٧٩-ب ) یشدا دەبێت فرێزی ناوی ( چەتاڵ ) یان لابدرێ لە ڕستەکەدا ، یاخود پێشناوێک لە ڕستەدا دابنرێت(بڕوانە ٨١ ) .

**(٨١)** پێزان شوتییەکەی بە چەتاڵ خوارد.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەگەر ( AR ) ێکی زیادە لە ڕستەکەدا هەبوو هیچ ڕۆڵێکی بابەتیانەی بۆ تەرخاننەکرابێت ، یان ( AR ) ی پێویست لە ڕستەکەدا نەبوو ئەوا ( AR ) - داواکەر ، ناتوانێت هەڵبژێرێت پۆلەڕەگەزی ( AR ) کانی بکات ولەئەنجامیشدا ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەم دێت ( بڕوانە ٧٩ )

کەواتە کەتەگۆرییە ناڕێزمانییەکان ، واتە پۆلکردنە ڕێزمانییەکان ، هەروەها بە پۆلە یان گروپێکی ڕێزمانی دەوترێت کە تەگۆری، کە ئەرکی هاو شێوەیان هەبێت لە ڕێزماندا وەک حاڵەت ، کەس ، کات ، هەروەها هەندێ لە زمانەوانەکان گروپە پەیوەستەکانی وشە وەکو ( ناو ، ئاوەڵناو ، کار ) بە(کەتەگۆریی ڕێزمانی ناودەبەن(جک ریجارد :١٩٩٦ : ٢٥٠ ) و ( سدیق : ٢٠٠٤ : ٤٢ ) .

( cs ) لە پاڵ هەڵاوێکردنی سیمانتیکیدا وەکو تایبەتمەندێکی تری ( AR ) داواکەر کاردەکات. کە ئەمەش دەبێتە هۆی توانای AR- داواکەر لە هەڵبژاردنی (کەتەگۆریی ( Complement ) ، کە یەکە فەرهەنگییەکە بواری پێدەدات.

کەواتە هەر AR- داواکەرێک ، یاخود هەرکردارێک دەتوانێ لە ڕێگەی دەروازە فەرهەنگییەکەوە جۆری کەتەگۆرییە تەواوکارەکەی دیاربکات.

کەواتە ( C-selection ) کردارەکان پۆلدەکات ، یاخود بابڵین وشە فەرهەنگییەکان پۆلدەکات لە ڕووی ( syntactic-category ) ( cs ) ئیش لە سەر ئەوە دەکات ، کە ئایا کردارەکە پێویستی بەچەند ( AR ) هەیە بەپێ خاسیەتەکانی کردارەکە چونکە هەندێک کردار پێویستی بەیەک ( AR ) هەندێک کردار پێویستی بەیەک ( AR ) زیاتر هەیە: ( بڕوانە ٨٢ ) :

**(82)** A-Sara smiled( سارا زەردەخەنەی کرد)

B-Sara loves her sister( سارا خوشکەکەی خۆشدەوێت)

له ( A-82 ) ( simle ) تەنها پێویستی بە یەک( AR ) هەیە ، بەڵام لە ( 82- B ) یدا ( love ) پێویستی بە دوو ( AR ) هەیە ، کەئەوانیش ( Sara ) و ( her sister ) ( -http ://web.mit.edu/www./24 902/selaction.htm ) .

## ۲-۷/۱/۱ ) هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی

هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی یاخود ( کۆتوبەندی واتایی ) تایەبتییەکانی زاراوەیەکی فەرهەنگی دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە جۆری سیمانتیکی ( AR ) کانی دیاری دەکات ، بەپێی ئەوثیتا θ ڕۆڵانەی لە تۆری بابەتانەی AR- داواکەرەکەدا دراون و پێویستە لە خۆیبگرێت(Cook & Newaon :1997 :16 ) و ( سعید : ۲۰۱۵ : ٦٤ ) .

تیۆری ثیتا/ تیۆری ڕۆڵی بابەتانە ، کەیەکێکە لەوەچە تیۆریەکانی حکومکردن وبەستنەوە گرنگی بەو ڕۆڵە سیمانتیکیانە دەدات ، کە ( AR ) -داواکەر ( Predrcate ) لەدروستەی قوڵدا بە ( AR ) کانی دەبەخشێت (مەحوی :۲۰۰۱ : ۱۸۳ ) .

کەواتە بەشەکردار ژمارەیەکی دیاریکراولە ( AR ) داوادەکات ( AR ) کانیش ، کە لە لایەن بەشەکردارەکانەوە هەڵدەبژێرێن جۆرەکانیان دیاریکراون و هەریەکە لە ڕۆڵە بابەتییەکانیشیان جیاوازن.

هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی ( S-Selection ) ( ss ) مەرج و یاسای خۆی هەیە ، یاسای ( ss ) ی ئەوەیە ، کە هەموو ( AR ) -داواکەرێک دەتوانێت ، بەپێی ئەو ڕۆڵە بابەتیانەی ، لە تۆری بابەتانەیدا هەیەتی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی کۆمەڵە ( AR ) ێک بکات. بڕوانە ( ۸۳ ) : (مەحوی ، قادر ، حسێن :۲۰۱۰ : ۸٦ ) .

**(۸۳)**أ- ) ؟؟لێزان کورسیەکەی خوارد

ب- ) ؟؟کێ کورسییەکەی خوارد

له و ( ۸۳-أ ) دا لە ڕووی سینتاکسییەوە ڕستەکە ڕستەیەکی دروستە ژمارەی ئەو ( AR ) یانەی کە کردارەکە داوای کردووە و پێویستییەتی تەواوە ، بەڵام لە ڕووی واتا وە ( AR ) داواکراوەکان ، ناڕاستن چونکە ( AR ) ی دووەهەمی کرداری ( خواردن ) ، کە ( کورسیە ) دەبێت هەڵگری نیشانەی {+جوین ، + قوتدان ، +هەرسکردن + ، ....هتد } بێت ، کەچی نیشانەی واتاییەکانی{- جوین ، - قوتدان ، -هەرسکردن- ، ...هتد}ی هەیە جا لە بەرئەوە فیچەر سیمانتکییەکانی ئەم ( AR ) ە ، لە گەڵ ئەو ڕۆڵە واتاییانەی لە ڕۆڵی بابەتیانەی تۆری بابەتانەی ( AR ) داوکەرەکەدا هەیە ناگونجێن پێکەوە ، ناتوانرێت ڕۆڵی بابەتانە بدرێت ، کردەی کردارەکە جێبەجێبکرێت بەهۆی بەزاندنی

یاساکانی ( ss ) ناتەواوی و نادروستی دەهێنێتە ئاراوە ، هەروەها لە ( ٨٣-ب ) دا، لە ڕووی سینتاکسەوە ڕستەکە ڕستەیەکی دروستە ، ژمارەی ( AR ) -داواکەرەکانی کردار ، کە پێویستێتی تەواوە ، وشەی پرسی ( کێ ) لەجێکەوتەی سەرەتای ڕستەکەدایە ، کەپرسیاری لەبارەی یەکێک لەکەرەستەکانی ڕستەکەوە کردووە ، کە ( بکەر ) ە ، ڕستەکە ڕستەی پرسیاری تایبەتییەو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کەپێکهاتەی سینتاکسی ڕستەی پرسیاری تایبەتی سەرباری وشەی پرس لەگەڵ پێکهاتەی ڕستەی بنجی زمانی کوردیدا وەک یەکن ، لەهەمان دروستەی ژێرەوە بەرهەمدەهێنرێن ، بەڵام لەڕووی واتاوە ( AR ) - دواکراوەکان ناڕاستن ، لەبەرئەوەی ( AR ) ی دووەمی کرداری ( خواردن ) ، کە ( کورسی ) یە ، دەبێت هەڵگری فیچەری {+جوین ، +قوتدان ، +هەرسکردن + ، ....هتد }بێت ، کەچی فیچەرەسیمانتیکەکانی {-جوین ، -قوتدان ، - هەرسکردن ، + ، ....هتد }ی هەیە . هەروەک ئاماژەی پێکرا ، کە وشە پرسەکە پرسیاری لە ( بکەر ) کردووە بکەریش ( +هێز ، +زیندووە )

هەروەها ( ss ) بریتییە لە توانای ( AR ) – داوەکەرەکان بۆ کۆتبەندکردنی جۆری ئەو ( AR ) انەی کە بەشداری لە گەڵدا دەکەن ، بەمەش ( AR ) -داواکەر ژمارەیەکی دیاریکراو لە و ( AR ) انە هەڵاوێردەکات ، کە ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن ( قادر : ٢٠٠٩ : ١٠٨ ) ."بۆیە ئارگۆمێنت داواکەرەکان کا(ڕێگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر دروستەی ڕستەکان دەبێت" ( Cook and Marknew.son :1988 162: ) لە ( ئەحمەد :٢٠٢١ : ٢٣ ) .

جا بۆ ئەوەی پریدیکارتێک ( AR-داواکەرێک ) لە ڕووی واتاوە توانای هەڵبژاردنی سیمانتیکی ( AR ) کانی هەبێ ، پێویستە ڕێککەوتن و گونجان لە نێوان ڕۆڵە واتاییەکانی تۆڕی بابەتانەی پریدیکاتەکە ( AR-داواکەرەکە ) و نیشانە واتاییەکانی ( AR ) تەکانیدا هەبێت.

کەواتە ( ss ) برتییە لە دیاریکردنی ژمارەو جۆر و سروشتی ئەو ( AR ) تانەی ، کە هەڵگری ئەو ڕۆڵە بابەتیانەن کە لە لایەن پریدیکاتەوە پێیان دەدرێت ، تاوەکو کردەی کردارەکە تەواو بکرێت ، هەروەها بە ژمارەیەک تایبەتێتی ( AR ) کانیش دەگوترێت ، کە هەڵگری ڕۆڵی بابەتانەی دیاریکراون ، هاوکات ( ss ) مەرج ویاسای خۆی هەیە ، کە یاسای ( ss ) ئەوەیە کە هەموو پریدیکاتێک دەتوانێت بەپێی ئەو ڕۆڵە بابەتانەی لە تۆڕی بابەتانەیدا هەیەتی ، هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی کۆمەڵە ( AR ) یک بکات(حسێن :٢٠١٢ : ٦١ ) .

لە ڕووی سیمانتیکیەوە ، کاتێک کە دەڵێین ( کورسیەکە زیرەکە ) ناڕاستە ، هۆیەکەی بۆ هەڵاوێکردنی سیمانتیکی دەگەڕێتەوە ، لە تۆڕی بابەتانەی ( کورسی ) دا تایبەتێتی ئەو ڕۆڵە بابەتانەیەی کە دیاریکراوە/-زیرەکە/لە زیرەکیشدا/-کورسییە/.

( زیرەکە ) پریدیکاتە ، کە کردار بەندیشی پێدەوترێت ، ئەم کردارە شتێک بەخۆیەوە بەند دەکات بۆ ئەوەی واتای هەبێت ( ە ) خۆی واتایی نییە ، هەروەها ( ە ) تانەلکێندرێت بە ( زیرەک ) هوە ، نازانی ئەوەی ، کە هەڵدەبژێرێت زیندوە یان نازیندووە ، کاتێک کە دەڵێین ( زیرەکە ) ئەم ( زیرەکە ) پێمان دەڵێت کە بکەرەکە چۆنە ، ئەگەر بەتەنها بوو ناتوانێت بکەرەکەمان پێبڵێت ، لە بەر ئەوە پێ دەوترێت کرداربەندی ( پریدیکات ) ، هاوکات لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ، کە کردارەکە لە سینتاکسیدا دروست دەبێت ، ( زیرەکە ) کردارێکە یاخود پریدێکانێکە لە فەرهەنگدا نییە ، لە سینتاکسیدا هەیە کە وەکو ئاماژەی پێکرا پێ دەوترێت کردار بەندی ( پریدیکات ) ، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا لە سەر ئەو کردارانە دەمانکرد کە کرداری تەواون ، بەڵام ئەمەش هەرکردارە ئەوکاتە ئەو پریدیکاتە ( زیرەکە ) بەس تەنها بکەرەکەی دەوێت ، کە بکەرەکەی بخەیتە سەر واتا ودۆخ دەدات ، هەروەها ئەو بکەرەی کە ( زیرەکە ) هەڵاوێری دەکات ، پێویستە /+زیندوو/ بێت بەڵام کورسی /- زیندووە/.

شایەنی باسە هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی هەرچەندە لە مۆرفۆلۆژییدا بەدی دەکرێت ، بەڵام زیاتر پەیوەستە بە ئاستی سینتاکسیەوە ، چونکە ڕستە لە دوو وەچەپێکهاتە پێک دێت ، کە وەچە پێکهاتەکانی بەشی بکەریی و بەشە کردارین ، لە ڕستەیەکی سادەدا بەشی بکەری هەمیشە جێکەوتەی فرێزی ناوییە ، بەشەکرداریەکەش جێکەوتەی فرێزی کردارییە( Nolburton-Roberts 1997: 31 ) لە ( مەعروف : ٢٠١٠ : ١١ ) .

بەحوکمی ئەوەی کردارەکان ، کە پێکهێنی سەرەکی و گرنگی ڕستەن ، هەرئەوانیش پریدیکاتن و توانای کۆتبەندکردنی کەرەستەیان هەیە ( مەحوی ، قادر ، حسێن :٢٠١١ : ٨٣-٨٤ ) .

جیاوازی لە نێوان هەڵاوێکردنی سیمانتیکی و ( ss ) و پۆلەڕەگەز دیاریکردندا لەوەیە ، کە هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی مامەڵە لە گەڵ هەموو ( AR ) هکاندا دەکات لە ڕووی واتا وە ، بەڵام هەڵاوێرکردنی کەتەگۆری ، تەنها لە گەڵ تەواوکەردا مامەڵە دەکات ، کەتەگۆرییەکان داوا دەکات هەلیان دەبژێرێت تاوەکو ڕستەکە ، ڕستەیەکی ڕێزمانی دروست بێت. کەواتە ئەو ڕۆڵە سیمانتیکییانەی ، کە ( AR ) - داواکەر بە ( AR ) کانی دەدات پێوەرە بۆجیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانی.

جیاوازی لە نێوان هەڵاوێکردنی سیمانتیکی لە هەڵاوێکردنی پۆلە ڕەگەزیدا لە وەدایە ، هەڵبژاردنی سیمانتیکی لە ڕێککەوتنی نێوان ( AR ) -داواکەرو ئارگومێتەکانی و ئارگومێنتەکان لە نێوان خۆیاندا ورد دەبێتەوە ، بەڵام هەڵاوێکردنی پۆلە ڕەگەزی لە ئارگۆمێنتەکان لە ڕووی پۆلە ڕەگەزییەوە وەک تەواوکەری ( AR ) - داواکەرەکان دەکۆڵێتەوە(Katamba & Stomham :2006 :5 ) ، لە ( حمد : ٢٠١٤ : ٢٣ ) .

( ئەو هەڵاوێرکردنەی لە سینتاکسدا هەیە ، پێی دەوترێت ( هەڵاوێرکردنی ڕستە ( -sentence selection ) ، ئەوەشی لە مۆرفۆلۆژیدایە ، پێی دەوترێت وەچە پێکهاتە ( -Constituent selection ) ( سعید : ٢٠١٥ :٦٥ ) .

لە م لێکۆڵینەوەیەدا پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت ئەو هەڵاوێرکردنەی ، کە لە سینتاکسیدا هەیە ، هەڵاوێرکردنی ( C-Seletion ) ( cs ) واتە هەڵاوێرکردنی ( catagory ) یە ، وهەروەها هەڵاوێرکردنی وەچە پێکهاتە کە لە مۆرفۆلۆژیدا هەیە تەنها لە گەڵ تەواوکەر هەڵسوکەوت دەکات ، بەڵام ئەو هەڵاوێرکردنەی ، کە لە ڕستەدایە لە گەڵ هەموو ئارگۆمێنتەکاندا هەڵسوکەوتی هەیە.

هەروەک لە پێشتر ئاماژەی پێکرا ، کە ( ss ) یاسای خۆی هەیە ، واتە گرنگە فیچەرە سیمانتیکسیەکانی ( AR ) ەکە ، لە گەڵ ڕۆڵی بابەتانەی ( AR ) - داواکەرەکەدا بگونجێت و ڕێکبکەوێت ، چونکە ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت دروستەیەکی واتا ناڕاست دێتەکایەوە ، لە هەمان کاتدا دروستەیەکی ناتەواو بەرهەمدێت.

"لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و ڕێککەوتن ، لە نێوان کەرەستەکانی زمان ، چ لە فەرهەنگدا یان لە ڕستەدا ، دەکەوێتە سەرچۆنێتی پێکەوە گونجاندنی کەرەستەکان لە نێوان خۆیاندان و پابەندبوونیان بەجۆری هەڵبژاردنی خەسڵەتە ڕێزمانی و واتاییەکان ، لە ڕێگەی کۆتەکانەوە ، لە پێناو پێکهاتەیەکی واتایی پەسەنددا" ( محمد :٢٠٠٢ : ١٦٨ ) .

"هەڵاوێردکردنی واتایی ، بریتییە لە ئەو پەیوەندییەی کەلە نێوان دووپارچەی پێشنیازکراودا هەیە ، کەواتای پارچەیەکی بەند دەبێت بەپارچەیەکی ترەوە" ( 26: 1978: Oden ) .

کەواتە هەڵاوێرکرنی واتایی لە ئەنجامی پەیوەندی کەرەستە سیمانتیکیەکان لە گەڵ یەک دروست دەبێت ، هەروەها ئەم پەیوەندییە لە لایەک ، لە ڕووی دروستەوە تەواو بن و لە لایەنی واتاییەوە پەسەندبن ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنە واتاییەی کەلە نێوان کەرەستەکانی زماندا هەن.

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ، کە تایبەتمەندیی هەڵبژاردنی واتایی کاتێک دروست دەبێت ، کە کەرەستەکان لە ڕووی سیما واتاییەکانەوە ، لە گەڵ یەک گونجاوبن.

لە هەڵاویکردنی واتایی کەرەستەی دەسەڵاتدار و کەرەستەی بێدەسەڵات هەیە ، کەرەستە دەسەڵاتدارەکە. کەرەستەکەی تر هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی گونجاو و پەسەند دروست بێت.

## ٨/١/١ ) نواندنی دروستەی ئارگۆمێنتی سیمانتیکی و پەیوەندی نێوانیان

هەمیشە دروستەی ( AR ) ی سینتاکسی پەیکالی دروستەی ( AR ) ی سیمانتیکی نابێت ، هەرچەندە زۆرێک ئەدکاری سینتاکس لە سیمانتیکەوە دەکرێت پێشبینی لێبکرێت ، بەپێچەوانەوەشەوە زۆرێک ئەدکاری سیمانتیکی لە سینتاکسیەوە دەکرێت پێشبنی لێبکرێت لە مەوە پەیوەندی نێوان نواندنە سینتاکسییەکان بۆ نواندنە سیمانتیکییەکان ، تا ئاستێکی بەرز بەپێی پێرەو و بنەما و یاسا کۆت و بەندکراوە ، ئەمە وێڕای ئەوەش بابەتێکی چەقبەستوو نییە و بەرەهایی بەو شێوەیە نییە بواری گۆڕان تیایدا کراوەیە(حسێن :٢٠١٢ : ٢٦١ ) .

لێرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی سیمانتیکی دروستەی ( AR ) ( semantic role and argument sturtcture ) و پەیوەندییە سیمانتکییەکان( Case grammer/semantic relation ) کە سێ جۆر پەیوەندی سیمانتیکی بەدیدەکرێت ، کە ئەوانیش : ( أ-پەیوەندی نێوان هێماکانی وشە ، بەنموونە واتایی وشەی ( مامۆستا ) سەربەکێڵگەی واتایی وشەکانی بواری ( بواری خوێندنە ) ، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە واتای وشە پەیوەستە بە کێڵگەی واتاییەوە ، دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین لە زانستی زماندا کاتێک بەهێما دەوترێت وشە پێویستمان بە واتای فەرهەنگی وشەکان دەبێت .

ب- پەیوەندی باروحاڵەت ( Case grammar ) . لێرەدا مەبەست لێی پەیوەندی واتای کردار و بەشی کرداری ڕستەکەیە بەتەواوکەری دەرەکی و ناوەکیەوە ، بڕوانە هێڵکاری ( ١٤ ) .

تەواوکەرەکانی فرێزی کرداریی ( کردار )

تەواوکەری دەرەکی　　　　تەواوکەری ناوەکیی ( بەرکار چەشنەکانی کردار )

پەیوەندیی واتایی بەرکارەکان و کردار

هێڵکاری ژمارە ( ١٤ )

واتایی بکەرو فرێزی کرداریی ( کردار ) .

پەیوەندیی سیمانتیکی باروحاڵەت ( کردار و تەواوکەرەکانی )

( پ ) - پەیوەندی سیمانتیکی بەشەپێکهێنەرەکانی فرێز لە ناوخودی فرێزەکە خۆیدا ، کەئەوانیش ( NP ، فرێزی خاوەندارێتی poss.p ، AP ، DP ، PP )

هەروەها ئەوانەی نێوان فرێزەکان خۆیان ، بەدەر لە کردار ، وەک پەیوەندی واتایی ( NP ) نێوان فرێزی ناوی بکەر و فرێزەکانی چەشنەکانی بەرکاردا ( مەحوی ، قادر ، حسێن : ٢٠١٠ : ٨٨-٨٩ ) .

هــەروەها پێشــتر ئامــاژەی پێکــرا ، کــە پەیوەنــدی نێــوان نواندنــە سینتاکســییەکان بــۆ نواندنــە سـێمانتییکیەکان تـا ئاسـتێکی بـەرز بـەپێی پێڕەو و بنـەما و یاسـا کـۆت وبەنـدکراوە ، بـەڵام لە گـەڵ ئەوەشدا بابەتێکی چەسپاو چەقبەستوو نییە واتە بەرەهایی بەو شێوەیە نییە.

زمان لە وشەو ڕێزمان ( مامەڵە لە گەڵ دروستەی وشە و ئەو (ڕێگایانە دەکات ، کەوشـەکان دەخاتـە تـەک یـەک ) پێکهاتووە ، ( بنەڕەت و بنـەمای ) وشـەو ڕێزمـانییش سـێمانتیکە : F-Katamba;1993 ) ,( (262حسێن : ٢٠١٢ : ٩٩ ) .

بۆ دیاریکردنی دروسـتەی ( AR ) ی سـێمانتیکی پێویسـتە بزانین وشـە چەنـد ( AR ) ی سینتاکسـی هەیـە ، ( AR ) سینتاکسـیەکان دەربـڕی ( AR ) سـێمانتیکیەکانن و بـەهۆی پریـدیکاتەکانەوە ( AR ) ەکان دەردەبڕێن بۆ دیاریکردنی پەیوەندی دروسـتەی ( AR ) ی سـێمانتیکی و سینتاکسـیش دەبێت ، ژمارەی ( AR ) ی سینتاکسی وشـەیەک بزانین ، کە ئەویش بەبـەراوود کردنـی ژمـارەی ( AR ) تـە سینتاکســیەکان ، کــە کردارێــک وەریانــدەگرێت ، وا دانــراوە کــە یەکســان یــان کــەمترە لە ( AR ) سێمانتیکیەکان ( بڕوانە ٨٤ ) .

**(٨٤)** أ- ) ( خۆم ) ئەوم بینی.

ب- ) کوڕەکە زیرەکە / کوڕەکە ژیرە.

لە ( ٨٤-أ ) دا ،دەرنەبڕینی ( خۆم ) هیچ جیاوازییەک لە چەمکی واتادا دروست ناکات ، ئەمـەش بـەو واتایەی ، کە جێنـاوی ( خـۆیی ) وەک زیادە لە ژمـارەی دووبـارە بووەوە لە ( AR ) ی سینتاکسـیدا دەردەکەوێت.

لە ( ٨٤-ب ) دا، ئەگەر هاتوو ئاوەڵناوێکی تر بۆ ( کوڕ ) ە کە بەرکارهێنرا وەک ( کوڕەکـە ژیـرە ) لە دەربڕینی هەردوو ئاوەڵناوەکە پێکەوە دەربڕینی زیاتر لە بکەرێک زیادە دەبێت و واتە ( کوڕەکە ژیرە ) ( کوڕەکە زیرەک وژیرە ) ، کە ئەمە هیچ نادروستەیەک یاخود هیچ گۆڕانێک لە واتادا ناهێنتە ئاراوە ، لێرەدا ( AR ) ێکی سینتاکسی ، کە بکەرە ( زیادەیە ) ( R-Jackendoff :1991: 55 ) و ( حسێن : ٢٠١٢ : ٢٦١ ) .

# بەشی دووەم

## پێکهاتەی سینتاکسی و گواستنەوە

## بەشی دووەم

## پێکهاتەی سینتاکسی و گواستنەوە

### ١/٢ ) پێکهاتەی سینتاکسی

زمان پێڕەوێکی ئاڵۆز و سەربەخۆیە ، پێڕەوەکەش بە ڕێزمان ناسراوە ، ئەمیش لە چەند وەچەپێڕەوێک پێکهاتووە ، یەکێک لە و وەچەپێڕەوانەش پێکهاتەی سینتاکسە ، سینتاکسیش یاساو ڕێسا و کەرەستەی تایبەت بە خۆی هەیە ، کە ئەم یاسا و ڕێسایانە لە چۆنێتی خستنەتەکیەکی یەکە زمانییەکان لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە و هاوکات دروستەکانیان پەسەند دەکات وئەرکە ڕێزمانییەکان دەستنیشان دەکات.

هاوکات قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە پێکهاتەی سینتاکسی لە پێشەوەی ڕیزبەندی پێکهاتەکان داناوە ، پێڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە لە گشتەوە بۆ بەش دەچن ، واتە ڕێبازێکی شیکەرەوەیە لە ڕستەوە بەرەو مۆرفیم دەچێت و لە پێکهاتەی ڕستەو دروستەی وشە و فرێزەکان دەکۆڵێتەوە.

ڕستە وەک یەکەی سینتاکسی لەم ڕێبازەدا ، شیدەکرێتەوە بۆ وەچە پێکهاتەکانی ، کە سادەترین ڕستە لە دوو فرێز پێک دێت ئەوانیش ( فرێزی ناوی و فرێزی کردار ) ین.

" لە زانستی زماندا ، بەپێڕەو وەچە پێڕەوەکان ( پێڕەوە بچوکەکان ، کە پێڕەوە گەورەکەی زمانیان پێکهێناوە ) قسە دەکرێت" ( مەحوی : ٢٠٠٨ : ١ ) .

فرێز وەچە پێکهاتەی ڕستەیە ، بە شێوەیەکی گشتی وەکو یەکەیەک لە ئاستی ڕستەدا کاردەکات و دەتوانین بڵێین پێکهێنێکی ناوەندیە ، چونکە ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانە ، فرێزەکان کۆی پێوەندیە تەکنیشینییەکانی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەگرنەوە ، بە شێوەیەکی گشتیش هەموو ڕستەیەک بەلایەنی کەمەوە لە دوو پێکهێنی بنجی پێکدێت ، کە ئەوانیش ( فرێزی ناوی و فرێزی کرداری ) یە. هاوکات بوونی ئەم دوو فرێزە لە ڕستەدا بەخورتین هەرچەندە زمانی کوردی بکەر خراوە دەتوانین بەفۆنەتیکی ( NP ) ی بکەری گۆنەکەین.

هاوکات سینتاکس کە یەکێکە لە وەچە پێڕەوەکانی ڕێزمان . ڕێزمانیش بۆ نواندنی زانیاریی فەرهەنگییە ، چونکە زانیارییەکان لە فەرهەنگدان و سینتاکیس وەکو پێکهاتەیەیکی دەرەکی ئەو زانیارییانە دەنوێنێت ، کە لە پێکهاتەی فەرهەنگیدان.

واته پرۆژه سازده‌ره‌كانی زمان ژماره‌یه‌كی سنورداری پۆله ڕه‌گه‌زن ، كه ده‌توانن فۆڕمی سینتاكسی دروست بكه‌ن ، له به‌رئه‌وه‌ی له توانای پرۆژه‌سازداندا وه‌ک یه‌كن ، ( Cook and Newson :1997 161: ) و ( محمد : ٢٠١٦ : ٨٢ ).

## ٢/٢ ) تیۆری حوكمكردن و به‌ستنه‌وه ( Government and Binding Theory)

له تیۆری ڕێزمانی به‌رهه‌مهێناندا ( Generative Grummar ) به‌ته‌واوه‌تی ئه‌و ڕاستییه سه‌لمێنراوه ، كه زمان پێكهێنه‌ری بنه‌ڕه‌تی تیۆری ڕێزمانی به‌رهه‌مهێنان وگواستنه‌وه‌یه. هاوكات ڕێزمانی به‌رهه‌مهێنان و گواستنه‌وه ، هه‌رله سه‌ره‌تای سه‌رهه‌ڵدانییه‌وه گۆڕانكاری تیا كراوه بۆ ئه‌وه‌ی زیاتر چه‌مكی زمان ڕوون بكرێته‌وه .

پێناسه‌كه‌ی چۆمسكی بۆ زمان به‌نموونه ده‌هێنینه‌وه ، " زمان بریتییه له كۆمه‌ڵێک ڕسته‌ی ( سنوردارو بێسنوور ) هه‌ر ڕسته‌یه‌ک درێژییه‌كه‌ی سنورداره ، هه‌روه‌ها هه‌ر ڕسته‌یه‌ک له چه‌ند یاسایه‌كی سنوردار پێكهاتووه " ( ناوخۆش : ٢٠٠٨ : ٦٨ ) .

كه‌واته به‌پێی ئه‌م پێناسه‌یه به‌هۆی چه‌ند یاسایه‌كی سنوورداره‌وه ژماره‌یه‌كی بێ كۆتا له ڕسته دروست ده‌كرێت ، بێكۆتا له فۆڕم ، چونكه ڕسته جه‌وهه‌ری ئه‌و ڕێزمانه‌یه كه چۆمسكی دایناوه.

هاوكات پێویسته ئاماژه به‌وه بكرێت ، كه ده‌ستپێكی ڕێزمانی به‌رهه‌مهێنان و گواستنه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ساڵی ( ١٩٥٧ ) ، كه چۆمسكی له كتێبه به‌ناوبانگه‌كه‌ی خۆی به‌ناوی ( ڕۆنانه سینتاكسییه‌كان ) ( Syntactic structure ) بڵاویكرده‌وه ، چۆمسكی سه‌ره‌تایی لێكۆڵینه‌وه‌كانی له ناو پانتاییه‌كانی لێكۆڵینه‌وه‌كانی ڕۆنانكاریدا ده‌ستپێكرد و له وێوه له سه‌ر زمان وه‌ستا ، به‌ڵام له ئه‌نجامی تێڕامانی قووڵه‌وه توانی ڕۆنانكاری تێپه‌ڕێنێت ، لێكۆڵینه‌وه‌ی ڕێزمانی به‌ئاڕاسته‌یه‌كی تردا به‌رێت ، كه سه‌رله‌نوێ به‌دوای واتای قووڵی ڕێزماندا گه‌ڕاو" ڕێزمانی له بیرۆكه‌ی ئه‌گه‌ره ئامارییه‌كان برده ده‌ره‌وه" ( چۆمسكی :١٩٥٧ : ٢٠ ) و ( محمد : ٢٠٠٩ : ٥٤ ) و ( كه‌مال : ٢٠٢٠ : ١٢ ) .

هاوكات ئه‌م ڕێزمانه جیاوازییه‌كی زۆری هه‌بوو له گه‌ڵ قوتابخانه‌كانی تری زمانه‌وانیدا ، بوو به سه‌ره‌تایه‌كی گرنگ و وه‌رچه‌رخانێكی گه‌وره له ڕه‌وتی به‌ره‌وپێشچوونی لێكۆڵینه‌وه‌ی زماندا ، چونكه هه‌موو قوتابخانه‌كانی پێش خۆی ڕاماڵی و زمانه‌وانه‌كان به‌پێی ئه‌م ڕێزمانه له زمانیان ده‌كۆڵییه‌وه ( ئه‌مین : ١٩٨٩ : ٧٥ ) و ( كه‌مال : ٢٠٠٢ : ١٢ ) .

ئه‌م ڕێزمانه هه‌روه‌كو پێشتر ئاماژه‌ی پێكرا به‌هۆی چه‌ند یاسایه‌كی سنورداره‌وه ژماره‌یه‌كی بێكۆتا له ڕسته‌ی فۆڕم دروست به‌رهه‌مده‌هێنێت ، هاوكات پێشبینی ئه‌وه‌ش ده‌كات كه كام ڕسته ڕێزمان دروست و كام ڕسته‌ش ڕێزمان دروست نییه ( مه‌حوی : ٢٠٠١ : ١٢-١٣ ) .

له تیۆرەکەی چۆمسکیدا ئەو یاسایانەی کە ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمدەهێنن ، ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەمناهێنن ( سەلام ناوخۆش : ٢٠٠٨ : ٦٩ ) .

ڕێزمانی بەرهەمهێنان وگواستنەوە ** ، هەرلە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە ، چەندین گۆرانی بەسەردا هاتووە ئەو گۆڕانانەش لە ئەنجامی پێداچوونەوەی تیۆرەکان بووە ، بەپێی قۆناغە جیاوازەکان ، چونکە لە هەرقۆناغێکدا کۆمەڵیک گۆڕانکاری خراوەتەڕوو ، ئەو گۆڕانکاریانەش لە چوارچێوەی تیۆری سەربەخۆدا بووە ، هاوکات ماوتەوە ئاماژە بە قۆناغی بەرەوپێشچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بدەین ، کە بریتین لە مانەی خوارەوە :

أ. تیۆری ستاندارد ( standard Theory )

ب. تیۆری ستانداردی فراوانکراو ( Extended standard Theory )

پ.بەسەرداچوونەوی تیۆری ستانداردی فراوانکراو ( Revised Extenede standard Theory )

ت. تیۆری حومککردن وبەستنەوە ( Government and Binding Theory )

ج.بچوکترین پرۆگرام ( Minimalism Program )

کەواتە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە مۆدێلێکی شیکردنەوەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە ، کە چۆمسکی لە سەر بنەمای چەمکی ڕێزمانی جیهانی ( universal grammar ) لە ساڵی ( ١٩٨١ ) لە کتێبی وانەکانی حوکمکردن وبەستنەوە ( lectures on government and binding ) خستیە ڕوو ( Traut & kazzazi :1996 :480 ) ( Aichison :1999 :212 ) ( والی : ٢١٥ : ٥ ) .

"حوکمکردن لە و وانانەدا وەک بیرۆکەیەک باسکراوە ، کە پێکهاتەیەک دەسەڵاتی بەسەر پێکهاتەیەکی تردا هەیە" ( ناوخۆش : ٢٠٠٨ : ١٠٣ ) .

هەرچی تیۆری بەستنەوەیە بریتییە لە بەستنەوەی ڕەگەزەکانی ڕستە بەیەکەوە ) ( سەرچاوەی پێشوو :١٠٣ ) .

---

* بۆزانیاریییزیاتر لەسەر تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ، بڕوانە (سەلام ناوخۆش:٢٠٠٨: ٦٨- ٧٩) و(حاتەم ولیا:٢٠٠٩: ٥٣:٦٨) و(تارا موحسن:٢٠٠١:٤-٢٤).

بەپێی تیۆری ( Government and Binding Theory ) بەشێکی گەورەی ڕێزمان لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشە ، جیاوازی نێوان تیۆری ( GB ) و تیۆرەکانی تری چۆمسکی ئەوەیە ، کە ئەم تیۆرە زیاتر جەخت لە سەر ڕێزمانی جیهانی دەکاتەوە ( محمد : ٢٠٠٩ : ٣٤ ) .

خودی چۆمسکی لە ساڵی ( ١٩٩١ ) پێی باشتربوو لە جیاتی ( تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ) ( تیۆری بنەماو بگۆڕەکان ) بەرکاربێنێت ، لە وکاتەدا چۆمسکی پێشنیازی ئەوەی کرد کەناوی تیۆرەکەی بگۆڕێت بۆ ( بنەما و پارامیتەر ) * ( 17 :1997 :cook ) ( محمد :٢٠١٣ : ١٣٩ ) ، ئەم ناونیشانە بە بۆچوونی چۆمسکی گشتگیرتر دەبێت لە دەسەڵات و بەستنەوەدا ، چونکە هەموو زمانێک ( بنەماو پارامیتەری ) تێدایە. لە هەموو زمانێکدا ( XP ) لە ( X ) یک ( y ) یک پێک دێت ، ئەمە بنەمایە ، بەڵام چۆنێتی ڕیزبوونی ( X ) و ( y ) بەپێی زمانەکان دەگۆڕێت ، ئەمەش پارامیتەرە ، ڕیزبوونی ( X ) و ( y ) لە زمانەکانی جیهاندا بەدوو شێوەیە ، یاخود زمانەکە سەر کۆتاییە یاخود سەر سەرەتایە ( بڕوانە :16-12 :1988 Haegeman ) و ( Muhedeen :2008 ) ( والی : ٢٠١٥ : ٥ ) ،

لە تیۆری ( GB ) یدا ، لە هەر مۆدێلێکی داڕێژراودا ( Derivationalmode ) واتە هەر دروستەیەک لە چوار ئاستی نواندن پێک دێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە-١٥ ) ، کەلە فەرهەنگەوەیە ، فەرهەنگ لە ڕێگەی ڕێزمانەوە زانیارییەکانی ناوەوەی دەخاتە ڕوو ، تایبەتمەندی ئایتمە فەرهەنگییەکانیش ڕیزدەکات ، کە یەکەی سینتاکسی دروست دەکەن ، لە ئەنجامی یەکگرتنی ئایتمە فەرهەنگییەکانیش ڕۆنانی ژێرەوە واتە دڕوستەی قووڵ ( Deep structure ) ** دروست دەبێت ، هەرلێرەشەوە ڕۆنانی سەرە وە ، واتە دروستەی ڕووکەش ( Surface structure ) دروست دەبێت.

دروستەی ڕووکەش*** ڕاستەوخۆ لێک نادرێتەوە ڕوونابێتەوە ، بەڵکو ئەمانیش دەبن بە دوو فۆڕمی تر ، ئەوانیش فۆڕمی فۆنەتیکی و ( phonetic form ) و فۆڕمی لۆجیکییە ( logical form

---

* (بنەماو پارامیتەر): بنەما: لە توانستەوە نزیک دەبێتەوە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، پێویستی بە فێربوون نییە .

پارامیتەر: پێچەوانەی بنەمایە و پێویستی بەفێربوونەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە (محەمەد مەحوی: ٢٠٠٩: ١٦).

** دروستەی قوول(DP): دروستەیەکی نادیاری ( ئەبستراکتی ) ڕستەیە ، کەرەستەکان لە فەرهەنگەکەوە وەردەگرێت و کە لێرەدا بەپێی واتا ریزدەکرێن، واتە پەیوەندی واتاییەکان پێش بوون بە سینتاکس لە دروستەی قووڵدا ریک دەخرێن، ئەم دروستەیە لەدوای دانان و دامەزراندنی کەرستە فەرهەنگیەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت واتە لە پێشدا فەرهەنگ پاشان دروستەی قووڵ (Deep stacture) (steinbery:1999:72)و (هەژار حسین: ٢٠١٥: ٥).

*** دروستەی ڕووکەش : ئەو ئاستە ڕۆنانییەی زمانە کە ڕستە تیایدا دەردەکەوێت. دەکەوێتە سەروو ناوچەکانی یاساکانی گوێزانەوە، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١٥)). کە(s.s) دەبن بە دوو فۆڕمی تر کەئەوانیش : (LF) و(PF).

) ، کە ئەمیان سنورێکی هاوبەشی لە گەڵ واتادا هەیە ، هاوکات لێکدانەوەیەکی واتایی بۆ پێکهاتە دەکرێت(محمد : ٢٠٠٩ : ٦٤-٦٦ ) و ( والی : ٢٠١٥ : ٥-٦ ) .




هێڵکاری ( ١٥ )

تیۆری ( GB ) لە چەند وەچە تیۆرێک پێکدێت ، بۆئەوەی ڕێ بە بەرهەمهێنانی دروستەی ڕێزمانی بدرێت تێکەڵ بەیەک دەبن ، وەچەتیۆرییەکانی ( GB ) ئەمانەن : ( Crystal :2003 :206 )

أ. تیۆری حوکمکردن ( Goverment theory)

ب. تیۆری بەستنەوە ( binding theory)

پ.تیۆری دۆخ ( Case theory)

ت. تیۆری ثیتا ( Theta theory)

ج. تیۆری X بار ( X-bar theory)

چ.تیۆری کۆنترۆڵکردن ( Control theory)

ح.تیۆری بەندێتی ( Bounding theory)

---

کەواتە لەبونیادی قوڵ و بنیادی ڕووکەش: بەڕای چومسکی ئەم دوو ئاستە لە هەموو ڕستەیەکی درکێندراو یان نووسراودا بوونی هەیە. بونیادی قوڵ بەبۆچوونی چومسکی (توانست)ە. بونیادی ڕووکەش (چالاکی)یە.

## ١-٢/٢ ) تیۆری حوکمکردن ( Goverment theory)

تیـۆری حـوکم کـردن کـە کـورتکراوەی ( **Government** ) ە ( G ) بۆیەکـەمجار لە لایـەن چۆمسکی باسی لێوەکراوە ، کە ئەم تیۆرەش لە گـەڵ تیـۆری ( binding ) لە چەند تیـۆرێکی لاوەکی پێکدێن ، هەروەک لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا ، هاوکات وەکو پێشـتر ئامـاژەی پێکرا ( GB ) مودێلێکە چوار ئاستی نواندن لە خۆدەگرێت بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ١٥ ) ، کەواتە ئەم تیۆرە یەکێکە لە وەچە تیۆرەکانی ( GB ) ، کە لە لایەن چۆمسکییەوە گرنگی پێدراوە ( حوکمکردن ئەو بیرۆکەیە دەگرێتـەوە ، کە وەچەپێکهاتەیەک ، دەسەلاتی هەیە بەسەر وەچە پێکهاتەیەکی تردا ( قادر : ٢٠١١ : ١٥ ) .

تیـۆری حـوکمکردن ( Goverment theory) ,بووتـە بەشـێک لە ناونیشـانی تیـۆری ( GB ) ، چونکـە حـوکمکردن ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لە ( GB ) دا وحـوکمکردن دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ڕێزمـانی تەقلیدی ( Trditional Grammar ) ، کە تییدا ئامـاژە دراوە بـەوەی ، کە نـاو لە لایـەن ( preposition ) پێشـناو کـردارەوە ( verb ) حـوکم دەکرێـت ( governed ) ، هاوکـات پێویسـتە ( agreement ) ئەگریمێنت لە نێوان وشەکانی تردا هەبێت ، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە چۆمسکی ئەم بیرۆکەیەی بەشێوازێکی نوێ بەرکارهێناوە ، بیرۆکەی حوکمکردنی بە ( Head ) ەوە بەستەوە ، واتە تەنیا ( X ) ەکان دەتوانن حوکم بکـەن ( سـەرچاوەی پێشـوو :٣٢ ) . حـوکمکردن لە تیـۆری ( GB ) لە سـەر بنـەمای ( sister hood ) خوشـکایەتی پێناسـە بکرێـت ، حـوکم کـردن بـەپێی پێوەنـدی خوشکایەتی ( A ) حوکمی ( B ) دەکات.

١- Aحوکمکەری ( X ) بێت.
٢- A لە گەڵ ( B ) خوشکبن.

( وەچەئاڕاستەکردنیش ) بەم شێوەیە پێناسەکراوە : بۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـە ( : Ouhalla :1999 134: Huegman :1999, 155 ) و (والی : ٢٠١٥ : ٨ )

نۆدی ( A ) وەچە ئاڕاستەی نۆدی ( B ) دەکات ئەگەر و تەنها ئەگەر :

أ- ( A ) بەسەر ( B ) دا زاڵ نەبێت و ( B ) یش بەسەر ( A ) دا زاڵ نەبێت.

ب-یەکەم نۆدی دووپەلکی ، کە بە سەر ( A ) دا زاڵە و بەهـەمان شـێوە دەبێت بەسـەر ( B ) یشدا زاڵ بێت.

حوکمکردن بەپێی وەچەئاڕاستەکردن :

(A)حوکمی ( B ) دەکات ئەگەرو تەنیا ئەگەر

١- ( A ) حوکمکەر ( X ) بێت.

٢- ( A ) وەچە ئاڕاستەی ( B ) بکات و ( B ) یش وەچە ئاڕاستەی ( A ) بکات ( بڕوانە ٨٥ ) ( هێڵکاری ژمارە ( ١٦ ) ) .

**(٨٥)** من وانەم نووسی.




هێڵکاری ژمارە ( ١٦ )

لە نموونەی ( ٨٥ ) دا- هێڵکاری ( ١٦ ) دا ( V ) حوکمی ( DP ) ( وانە ) دەکات ، ( DP ) ( وانەکەش ) ، وەچە ئاڕاستەی ( V ) دەکات ، هەروەها ( Node ) ( V⁻ ) بەسەر ( V ) دا زاڵەو بەسەر ( DP ) ( وانەکەش ) زاڵە.

کەواتە حوکمکردن ، یەکێکە لە لقە تیۆرییەکانی ڕێزمانی حوکمکردن و بەستنەوە ، کە کەرەستەیەک حوکمی کەرەستەیەکی تر دەکات ، بەمەرجێک ئەو کەرەستەیە سەرە بێت ، حوکمکەرو حوکمکراوی یەکتری وەک وەچە دیاریبکەن و کەسیان بەسەر ئەویتریاندا زاڵ نەبێت.

(A) زاڵە بەسەر ( C,B )




کەرەستەی C,B وەچەی یەکن ویەکتری وەک وەچەی یەک دیاری دەکەن ، ( Node ) ی A زاڵە بەسەر هەردوکیاندا C,B یەکێکیان دەبێ بەسەر بۆ ئەویتریان ، ئەمیان مانای زاڵە بوون ناگەیەنێت. لە ڕاستیدا کردارەکان لە کرداری ناتەواوەوە بەرەوکرداری تەواو دەچن.




لە ڕاستیدا ( نوسیم ) کردار نییە، چونکە( من )لە پێشیتی .




لە نێوانیان ڕێککەوتن هەیە ئەمە نیشانەیە




کەواتە فرێزی کرداریمان هێنا بەتەواوکەرەکەیەوە کردنمان بە فرێز ، واتە ڕەگەکەی ( V° ) لە گەڵ N بووبە V⁻




هەروەها تاف لە گەڵ VPبوو دەبێت بە TP

TP = تاف + VP

تاف وەکو سەری ڕێزمانی

کاتێک تاف وەکو سەری ڕێزمانی جیا دەکەینەوە بۆ ئەوەی ( VP ) مان هەبێ.

دواتر ئەڵین : N + ڕەگ + تاف

VP + تاف = TP

لە ( TP ) یش کردارەکە ناتەواوە ، پاشان کردارەکە بە کەس دەکەین بە کرداری تەواو ، کەسەکان جێناوە سەربەخۆکانن ، جێناوەلکاوەکان نیشانەی ڕێککەوتنن ( بڕوانە ٨٦ ) :

**(٨٦)** چیت خوارد؟




هەروەها تاف لە گەڵ VPبوو دەبێت بە TP

VP + تاف = TP تاف وەکو سەری ڕێزمانی

چی خوار + د = چی خوارد

کەواتە ( TP ) یش کردارەکە ناتەواوە بەکەس دەیکەین بەکرداری تەواو کەسەکان جێناوە سەربەخۆکانن ، جێناوەلکاوەکان نیشانەی ڕێکەوتنن ( بڕوانە ٨٧ ) :

**(٨٧)** أ- ) تۆ چیت خوارد؟

ب- ) من سێوم خوارد.

پ- ) سێوم خوارد.

ت- ) خواردم.

لە ( ٨٧-أ ) دەردەکەوێت وشەی پرسی ( چی ) لەڕستەی پرسیاری تایبەتیدا لەجێکەوتەی بنەڕەتی خۆی بەرانبەر بەڕستە هەواڵییەکە دەوەستێت ، واتە بەرامبەر بە ( ٨٧ ب- ) دەوەستێت ، لە ( ٨٧ ب- ) ( سێوم خوارد. ) بریتییە لە ( T+V°+N ) بووەتە هۆی دروستبوونی فرێزی تاف ( TP ) ، پاشان ( ٨٧ ت- ) کرداری ( خوارد ) بەهۆی جێناوی ڕێککەوتنی ( م ) وە بووە ( Fintive verb ) کەواتە



کەواتە کردارەکەمان ناتەواوە ، لەکرداری ناتەواوە دەچین بۆ کرداری تەواو ، کەواتە ( خواردم ) کردارنییە ، چونکە کاتێک کە دەوترێت ( من خواردم )

i i

لەنێوانیاندا ڕێکەوتن

کەواتە لە ( TP ) یش کردارەکەمان ناتەواو بوو پاشان کردارەکەمان بەکەس کرد بەکرداری تەواو ، وەکو ئاماژەی پێکرا کەسەکە جێناوە سەربەخۆکانن ، هەروەها جێناوە لکاوەکان نیشانەی ڕێکەوتنن.

بەم پێیە دەکرێت بڵێین ناوەرۆکی تیۆری حوکمکردن بریتییە لە بوونی کەرەستەی حوکمکەر و حوکمکراو .

A- حوکمکەر : ئەو کەرەستانەن کە ( X ) ی دروستەیەک پێکدەهێنن و حوکمی ( y ) یەکانیان دەکەن.

B- حوکمکراو ئەو کەرەستانەن ، کە حوکم دەکرێن و ڕۆڵی بابەتیانە و دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن.

هاوکات کەرەستەی حوکمکەر و حوکمکراو دەبێت لە چوارچێوەی یەک دروستەدا بن.

ڕێسای کەتەگۆڕی بەتاڵپەیوەستەبە حوکمکردنەوە.

بۆ نموونە : شوێنپێی ( NP ) ی دەبێ بە توندی حوکم کرا بێت ، کەواتە کەرەستەی بەتاڵ یەکێک لە ڕێسا سەرەکییەکانی تیۆری حوکمکردنە ، کە بە حوکمکردنی تەواو ( توند ) ناو دەبرێت(مەحوی : ٢٠٠١ : ٣٠- ٣٤ ) ، ( محمد : ٢٠٠٩ : ١٧٥-١٨٤ ) ( قادر : ٢٠١١ : ٣٢-٣٤ ) .

## ٢-٢/٢ ) تیۆری دۆخ

لە تیۆری ( GB ) یدا هەموو ( فریزێکی ناوی) پێویستە دۆخی ڕێزمانی پێببەخشرێت ، لە لایەن سەرێکی ڕێزمانییەوە ، واتە سەرەڕێزمانییەکان کە ( X ) کان حوکمی ( y ) یەکان دەکەن ، دۆخیان ( ئەرکیان ) دەدەنێ ، کەواتە ( X ) کان دۆخ دەرن ، ( X ) دۆخدەرەکانیش ( P,V,A,N ) دەگرێتەوە.

( دۆخی دروستەیی ) لە ( S.S ) جێبەجێدەبێت ، چونکە کاتێک دۆخدەرەکان دۆخ دەبەخشن ، کە گواستنەوەکان جێبەجێکرا بێت ( قادر :٢٠١٢ : ١٥٨ ) .

کەواتە دۆخی ڕێزمانی لە دروستەی ڕووکەشدا دەبێت ، لە دوای گواستنەوە دۆخدەرەکان ، دۆخ دەبەخشن.

ئەگەر فرێزێکی ناوی دۆخی پێبەخشرا ئەوا دەبێت لەدەربڕینی فۆنۆلۆژیانەی ئەو فرێزەدا دەربکەوێت ( قادر : ٢١٠٥ :٥٩ )

زمانەکانی جهانیش بەشێوازی جیاجیا دۆخیان تێدایە بەدیدەکرێت ، بۆنموونە لە زمانی ئەڵمانی چوار حاڵەتی هەیە ، هەروەها زمانی رووسی زیاتر لە چوار حاڵەتیان هەیە ، هەندێکی تر کەمترو ، زمانیش هەیە ، کە هیچ حالةتێکیان نییە لە زمانی ئنیگلیزیشدا ( Marks case ) تەنها لە سەر جێناوەکان لە سێ حاڵەت دەناسرێتەوە ، کە ئەوانیش ( Nominative ) کەئەمانیش بریتیین لە جێناوەکانی دەوری بکەر ( it,she,her,you,they,we.I ) هەروەها ( objective ) کە بریتیە لە جیناوەکانی دەوری تەواوکەر ( me,us,you,him,her,it,them ) هەروەها ( Genitive ) کە جێناوی خاوەندارێیتین ( my , our , your , his , her , It's , their ) ( Jack.C :2002 :67 )

هەروەک چۆن زمانە جیاجیاکان بەرێژە و شێوازی جیاجیا دۆخیان تیا دەردەکەوێت ، زارەکانی زمانی کوردیش بەشێوازی جیاجیا و بەرێژەی جیا دۆخی تیا دردەکەوێت و بەدیدەکرێت.ئەگەرچی لە پێشدا بەوجۆرە لە دۆخیان ڕوانیوە کە بریتییە لەو زیادەیەی ، کە لە کۆتایی وشەکاندا دەردەکەوێت ، ئەم تێڕوانینەش بۆدۆخ پێوەندی بەو زمانانەوە هەبووە ، کە ڕیزبوونی وشەکان لە ڕستەدا جێگیر نەبووە ، بەو واتایەی لە پێشتردا مەرج بووە ، دۆخ لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دەربکەوێت ، بەڵام لە ( GB ) یدا مەرج نییە دۆخ بونێکی مۆرفۆلۆژی هەبێت ، دۆخی ڕێزمانی کەتەگۆڕییەکی گراماتیکیە ، کە پێوەندی نێوان سەرو تەواوکەر ڕێکدەخات ، هاوکات لە ڕستەشدا جگە لە باسکردنی پەیوەندی فرێزەکان پێکەوە ئەرکە سینتاکسییەکانیش دیاریدەکات ( والی : ٢٠١٥ : ١٠ ) .

کەواتە دۆخەکان پەیوەندییە سینتاکسییەکان نیشان دەدەن ، لە ڕاستیدا لە پێشتردا زمانی کوردی خاوەنی سیستەمێکی دۆخی دەوڵەمەندبووە ، بەڵام هەندێ لە شێوەزارەکان بەدرێژایی مێژوو دۆخییان لە دەستداوە جگەلە زارەکانی کرمانجی سەروو ،شێوە زاری موکریانی و هەورامی ، کە مۆرکەکەیان پاراستووە ( حاجی ، ٢٠٠٩ : ١٢٠-١٢١ ) .

دانانی دۆخی ڕێزمانیپەیوەستەبە شوێنی سینتاکس ، کە ( NP ) ییەکان داگیری دەکەن ، هەروەها ئەوەی ، کەسیماکانی دۆخ دیاردەکات هەرئەوەش پێی وترێ ( Case assignment ) فرێزی ناوی دۆخەکەی لەو کەتەگۆڕییەوە وەردەگرێت ، کە حوکمی دەکات ( ڕەسوڵ :٢٠١٣ : ٣٦٠ ) .

لە ڕاستیدا تیۆری دۆخ یەکێکە لە وەچەتیۆرەکانی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە ، لە پێدانی دۆخ بە ( NP ) دەکۆڵێتەوە. دۆخ کەتەگۆرکییەکی گراماتیکی ئەبستراکتە ، لە بەرئەوە ئەگەر نیشانەی مۆرفۆلۆژیش هەبێت یاخود نەبێت ، نابێتە ڕێگری ئەوەی کە ( NP ) یکی دۆخ وەرگرێت ، هاوکات

هەر فریزێک تەنها یەک دۆخ وەردەگرێت ، هەروەها هەر فریزێکیش دۆخ وەرنەگرێت فۆرم دروست نابێت هەر دروستەیەکیش سەگمێنتی فۆرم نادروستی تیابوو ئەوا ئەو دروستەیە دروستەیەکی نارێزمانی دەبێت ( 160-134 :1994 :Haegeman ) , ( 76-75 :2004 :Radfard.A) و ( مجید :٢٠١٦ : ٢٢ ) .

**(٨٨)** أ- ) من نان دەخۆم.

ب- ) * من نان کەوچک دەخۆم

سەرە فەرهەنگیەکان / ( X° ) کان وەکو ( ڕەگی کردار ، پێشناو ، ناو ، ئاوەڵناو ) ، دۆخ پێدەرن ، بەڵام ( ڕێکەوتن/جێناوی لکاو ، تاف ، واژەگۆکەر ) سەری ئەرکین ، دۆخدەرنین ، سەرەفەرهەنگییەکانی ( ڕەگی کردار ، پێشناو ، ئاوەڵناو ، ناو ) جگەلەوەی ، کەدۆخدەرن حوکمیش دەکەن ئاڕاستەی حکومکردنیشیان لەلای چەپەوە بۆلای ڕاستە ، جگە لە فریزی پێشناوی نەبێت ئاڕاستەی حکومکردنی بەپێچەوانەوەیە ئەگەر ڕێنووسەکە ئارامی بێت.

تیۆری دۆخ ( Case theory ) وەکو وەچەتیۆرێک و یەکەیەکی پێوانەیی سەربەخۆ لە مۆدێلی زماندا بوونی هەیە ، ئەم تیۆرە دابەشکردنی ( NP ) یەکان ڕێکدەخات ، لە ڕێی ئەو مەرجەی کە ئەوان دۆخیان هەیە ، دۆخێکی ئەبستراکت ( زەینی ڕووت ) یان هەیە.

( Rouveret ) و ( Vergnound ) ولە ساڵی ( ١٩٨٠ ) و ( Chomsky ) لە ساڵی ( ١٩٨١ ) پێیان وایە ئەم مەرجە لە ڕێیی فلتەرێکەوە داڕێژراوە ، کە لە ئاستی ( P.F ) دا جێبەجێدەبێت ( Ouhalla.J.1991 :36 ) هەروەها تیۆری دۆخ ، لە ( GB ) یدا یەکێکە لە مۆدیلە سەرەکییەکان و لقێکە لە تیۆرەکانی ( Government Brnding theory ) حوکمکردن و بەستنەوە ، مامەڵەدەکات لە گەڵ سپاردنی کەیسی ئەبستراکت لە دابەشکردنی ( NPS ) ی لیکسیکییەکان لە پێکهاتەی ڕستەدا دۆخی ناوەوە بۆ ( NPS ) لە ( D.structure ) دیاریکراوە ( R.L.TRASK :36 ) ( Crystal.D :2008 :6-7 )

هەروەها" ( case theory ) دابەشکردنی ( NP ) ییەکان ڕێکدەخات لە ڕووی پێویستی ، بەوەی کە ئەوان حالە تی ئەبستراکتیان هەیە" ( V.J.Cook and Mark Neson :147 )

کەواتە دۆخ لە زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە ، بەڵام مەرج نییە نیشانەی دۆخی ڕێزمانی لە هەموو زمانێکدا هەبێت ، یان وەکو یەک بێت ، بەڵام ژمارەی دۆخەکان لە هەموو زمانەکاندا لە ئاستی قوڵدا ( D.S ) لە بنجدا وەکو یەکن ، بەڵام لە ( S.S ) لە ڕووی ڕێزمانییەوە جیاوازیەکی زۆریان هەیە( case theory ) گرنگی دەدات بە دۆخی ( NP ) ، هاوکات پێکهاتەی سەرە وە پێوەندی بە تیۆری دۆخەوە هەیە ، دۆخ بۆ هەموو فریزێک دادەنرێت.

## ١-٢/٢/٢ چەشنەكانی دۆخی ڕێزمانی

بەپێی تیۆری ( GB ) دۆخی ڕێزمانی دووچەشنە :

١- دۆخی دروستەیی ( Structural case)

٢- دۆخی زگماكی ( Inherent case)

## ١- دۆخی دروستەیی ( Structural case)

ئەودۆخەیە ، كە لە ئاستی ڕووكەشدا بە ( AR ) كانی دەدرێت ، دوای پیادەكردنی كردەی گواستنەوە ، واتە پاش چالاكبوونی كردار لە لایەن كەسەوە ئەوكاتە كردار پێوەندی لە گەڵ ( AR ) كان دروست دەكات ( مەعروف : ٢٠٠٩ : ١٠ ) .

ئەم دۆخەش چەند جۆرێكی هەیە :

**١-دۆخی بكەری ( Nominative )** : ئەو دۆخەیە كە لە لایەن ( INFL ) كات و كەسی كردارەوە بە ( NP ) یكی دەدرێت ( BlacK :1998 :38 ) و ( والی :٢٠١٥ : ١١ ) . ) (بڕوانە ٨٩ ) :

**(٨٩)** أ- ) من نانم خوارد.

ب- ) كێ نانی خوارد؟

لە ( ٨٩ أ- ) دا كات و كەسی كردارەكە دۆخی ( Nominative ) یان بە ( NP ) ی ( من ) داوە ، هەروەها لە ( ٨٩ ب- ) دا كات وكەسی كردارەكە دۆخی ( Nominative ) یان بە ( NP ) ی ( كێ ) داوە ، چونكە وشەی پرسی كێ لەجێكەوتەی بنەڕەتی خۆی بەرامبەر بەڕستە هەواڵییەكە دەوەستێت ، كەواتە هەردوو جۆری ڕستەكە ( هەواڵی ، پرسیاری ) لەزمانی كوردیدا لەهەمان ئاستی ژێرەوە بەرهەمدەهێنرێن ، كەواتە دەشێت پرسیار لە هەرفرێزێكی ڕستەكە بكرێت كەوشەكانی پرس وەكو فرێزێكی پرسیاری دەبێتە بەشێك لەپرسیاری تایبەتیدا.

**٢-دۆخی بەركاری ( Accuasative )** : ئەم جۆرە دۆخە لە لایەن ڕەگی كرداری تێپەڕەوە بەجێكەوتەیەك دەرێت ، كەبە ( NP ) ی یان ناو ئاسا پڕدەبێتەوە . بڕوانە ( ٩٠ ) :

**(٩٠)**أ- من تۆم نارد.

ب-من کێم نارد؟

له ( ٩٠ ) دا ڕەگی کرداری ( نارد ) که ( نێر ) ه ، دۆخی ( Accuasative ) به ( NP ) ی ( تۆ ) که بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکەیە داوه ، بەهەمان شێوەی وشەی پرسی ( کێ ) پرسیاری لەفرێزێکی ڕستەکه کردووه ، که وشه پرسەکه وەکو فرێزێکی پرسیاری بۆته بەشێک لەو ڕستەیه ، کەپرسیاری تایبەتییە.

**٣-دۆخی داتیڤی ( Dative )** : ئەم دۆخه له لایەن پێشناوەکانەوە ( پێشناوە سینتاکسیەکانەوە ) به ( NP ) دەدرێت .بڕوانه ( ٩١ ) :

**(٩١)** أ- ) من له شار دەژیم.

ب- ) *من شار دەژیم

پ- ) تۆ لەکوێ دەژیت؟

ت- ) * تۆکوێ دەژیت

له ( ٩١- أ ) دا ( NP ) ( شار ) له لایەن پێشناوی ( له ) ەوه دۆخی ( Dative ) پێدراوه ، بەڵام کاتێک ، که پێشناوەکه لابدەین ڕستەکه دەبێته ڕستەیەکی ناڕێزمانی هەروەک له ( ٩١-ب ) دا دیاره ، چونکه هەر سەرێکی ڕێزمانی دەتوانێت تەنیا یەک دۆخ بەیەک تەواوکەر بدات ، هاوکات هەرتەواوکەرێکیش تەنیا له یەک سەری ڕێزمانییەوە دۆخ وەردەگرێت ، کەواته ( ڕەگی کردارەکه ) دەتوانێ تەنیا دۆخ به بەرکارەکه بدات ، بەمەش ( NP ) ( شار ) بێ دۆخ دەبێت ، بەپێی ( Case filtter ) هەر فرێزێکی ناوی له ڕستەدا دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەبوو واته ( بەرجەسته ) بوو دەبێت دۆخی هەبێت ، ئەگەر دۆخی نەبێت ئەوا دروستەکه ناڕێزمانی دەردەچێت ، ( ٩١ -پ ) دا وشەی پرسی ( کوێ ) که پرسیاری له فرێزێکی ڕستەکه کردووه ، دۆخی ( Dative ) پێدراوه ، بەڵام ( ٩١ - ت ) دا ڕستەکه دەبێته ڕستەیەکی ناڕێزمانی ، چونکه هەرفرێزێکی ناوی لەڕستەدا کەبەرجەستەبوو دەبێت دۆخی هەبێت ، لەبەرئەوەی له ( ٩١ -ت ) دا وشەی پرسی ( کوێ ) دۆخی نییه دروستەکه بووەته دروستەیەکی ناڕێزمانی.

کەواته ئەوانەی دۆخ وەردەگرن ( NP ) ییەکانن ، ( NP ) له ڕستەدا دۆخ وەرگرە ، ئەوەی دۆخ دەدات سەرەکانن ، سەره دۆخدەرەکانیش هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ( V ) بەهەردوو جۆرەکەیەوە ، ( A , N ) .

کردار ناتوانێ لە یەک کاتدا دوو دۆخی ڕێزمانی بەدوو ( AR ) ی ناوەکی بدات ، لە بەرئەوە لە ڕێی پێشناوەکانەوە ( پێشناوە سینتاکیسەکانەوە ) نەک پێشناوە فەرهەنگییەکانی ( پێ ، تێ ، لێ ) دۆخ بە ( AR ) ی دووەم دەدەن ، لە بەرئەوە ئەم پێشناوە فەرهەنگیانە دەبێ لە دروستەی ڕووکەشدا فۆرمەکەیان بگۆڕدرێت بۆ فۆرمی ڕەسەن ، ( بڕوانە ٩٢ ) :

**(٩٢)**أ- ) من کتێبەکەم بە پێزان دا.

( ب- ) * من کتێبەکەم پێ پێزان دا

لە ( ٩٢-أ ) دا پێشناوی ( بە ) دۆخی ( Dative ) بەفرێزی ( پێزان ) داوە ، لە ( ٩٢-ب ) دا ڕێگەی پێنادرێت ، چونکە پێشناوی ( پێ ) پێشناوێکی فەرهەنگییە و ناتوانێت هەمان ڕۆڵی سینتاکسی پێشناوی ( بە ) ببینێت.

کەواتە تەنیا پێشناوە ڕەسەکانی ( بۆ ، بە ، لە ) کەرەستەی حوکمکەرن و دەتوانن دۆخی ڕێزمانی پێببەخشن ، ئاڕاستەی حوکمکردنەکەشیان بەپێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی ترەوەیە لە ( ئەلفبێی ئارامیدا ) لە ڕاستەوە بۆ چەپە ، چونکە سەر سەرەتایە.

(مەحوی ) ئەم جۆرە دۆخە بە دۆخی خستنەژێر ناودەبات ، ئەم جۆرە دۆخە لە زمانی عەرەبیدا ( کەسرە ) دەچێتە ژێرەوە ، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە هەر ( Dative ) بۆ بەرکاردەهێنێت ( مەحوی : ٢٠٠١ : ١٧٨-١٨٠ ) و ( مەعروف : ٢٠٠٩ : ١١-١٢ ) .

**٤ ) دۆخی خستنەپاڵ ( Genitive )** : کەرەستەی سەرەتایی حوکمکەر بۆ بەخشینی دۆخی ( Genitive ) ڕەگەزێکی حوکمکەر دەتوانرێت بەم شێوەیە بناسێنرێت ( X ) ڕەگەزی حوکمکەرە بۆ ( y ) ، ئەگەر ( X ) ( NP ) بێت وئەو کەرەستە سەرەتاییەی تێدا بێت کە حوکمی ( y ) دەکات ( مەحوی :٢٠٠١ : ١٨١ ) .

هاوکات زمانەوان پێیانوایە دۆخی خستنەپاڵ لە لایەن مۆرفیمی ( ی ) یان ( ە ) ەوە دەدرێت. بڕوانە ( ٩٣ ) :

**(٩٣)**أ- ) قژی کاڵ.

( ب- ) بۆرە پیاو.

هەندێکیش لە زمانەوانان پێیانوایە ، ئەم جۆرە دۆخە لە لایەن ناو و ئاوڵناوەوە ، بەجێکەوتەیەک دەدرێت ، کە ( NP ) ی یان ناو ئاسای تیدایە ،والی: ٢٠١٥ : ١٣ ) (بڕوانە٩٤ ) :

**(٩٤)** أ- ) دەستی نەوزاد.

ب- ) خوێندکاری زیرەک..

پ- ) دەستی کێ؟

ت- ) خوێندکاری چۆن؟

**٢-دۆخی زگماکی ( Rnherent case ) :**

بەو دۆخە ڕێزمانیانە دەوترێت ، لە دروستەی قوڵی ڕستەدا بەچەند ( AR ) یێکی تایبەتی دەدرێت بەپێی شوێنی فرێزەناوییەکان پێش ڕوودانی گواستنەوە(Cook and Newson :1997 :255-256) وەرگیراوە لە (والی: ٢٠١٥ :١١)(بڕوانە ٩٥ ) :

**(٩٥)**- من سێوەکەی پێزان دەخۆم.

لە ( ٩٥ ) دا ( سێوەکە ) دۆخی ( accusitive ) ی لە لایەن کردارەوە وەرگرتووە لە دروستەی ڕووکەشدا ، بەڵام ( پێزان ) دۆخی زگماکی خاوەنێتی ( Genitive ) ی لە دروستەی قوڵدا لە لایەن مۆرفێمی ( ی ) خستنەپاڵ وەرگرتووە.

بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ١٧ ) :




*هێڵکاری ژمارە ( ١٧ )*

دۆخی بنجی ( زگماکی ) لە زمانی کوردیدا بەدی ناکرێت (قادر:٢٠٠٩ : ٧٦ ) دۆخی بنجی لە و زمانانەدا دەردەکەوێت ، کە کردارەکانی توانایان هەیە لە ڕستەدا دەسەڵات بەسەر دوو بەرکاری ڕاستەوخۆدا بگرن ( Radford :1982 : 348 ) و ( قادر : ٢٠٠٩ : ٧٦ ) . بڕوانە ( ٩٦ ) :

**(96)** I take her the Matryoshka ((من بووکەڵەکەم بۆ برد. ))

لە ( ٩٦ ) دا ( NP ) ی ( her ) دۆخی ( inherent ) ی هەیە ، بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیە بکەین بە کوردی ، ئەوا ( NP ) ی ( her ) لە فۆڕمی ( PP ) ی دەردەکەوێت ، هاوکات دۆخەکەش لە زگماکییەوە دەبێتە دروستەیی . بڕوانە ( ٩٧ ) :

**(٩٧)**من بوکەڵەکەم بەئەودا.

له ( ٩٧ ) دا ( NP ) ی ( ئـەو ) دۆخـی ( Dative ) له لایـەن پێشـناوی ( بـە ) ەوە وەرگرتـووە ، پێشناوەکە لە گەڵ فریزەناوییەکەدا ( PP ) یان دروستکردووە.

کردار له زمانی کوردیدا ، ئەم توانایەی نییە ، بۆ پێدانی ئەم جۆرە دۆخە ، باشترین نموونە بۆ ئـەم جۆرە دۆخە زمانی عەرەبییە ، ئەم جۆرە دۆخە ئەگەرچی وەکو له سەرەوە بەنموونە ڕوونکراوەتەوە ، له زمانی ئینگلیزیدا هەیە ، بەڵام بەڕادەی زمانی عەرەبی بەهێز نییە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانـە ( قادر : ٢٠٠٩ : ٧٦-٧٧ ) و ( حسەین : ٢٠٠٩ : ٧٩-٨١ ) .

## ٢/ ٢/ ٢ -٢ ) نیشانەکانی دۆخ ( Case Marker ) :

کاتێک که تەواوکەرێک ( فریزێکی ناوی ) دۆخ وەردەگرێت ، نیشانەی له سـەر دیاردەبێت ، پێشتر ئاماژە بەوەکرا ، که دۆخ لە هەموو زمانێکی جیهاندا بوونی هەیە ، بـەڵام مـەرج نییە نیشـانەی دۆخی ڕێزمانی له هەموو زمانەکاندا بوونی هەبێت ، یاخود وەکو یەک بێت ، نیشانەی دۆخی ڕێزمانی بـەپێی تیـۆری پـاڵێوەری دۆخ ، هـەموو ( NP ) ی دەبێـت دۆخـی هـەبێت ، هەنـدێک جـار نیشـانەی دۆخەکه له سەر ( NP ) یەیەکه دەردەکەوێت ، بەڵام جاری وا هەیە نیشانەی دۆخەکە لە سەر ( NP ) ییەکـە دەرناکـەوێت ، واتـە پـاش ئـەوەی ( NP ) ی دۆخ وەردەگرێـت ، نیشـانەیەکی تایبـەت بـەو دۆخەی ، که وە(رێگرتووە له سەری دەردەکەوێت ، بۆیە ( Marker ) یان نیشانەکردن بۆ جیاکاری دۆخە له زمانی کوردیدا دۆخی دروستەیی به مۆرفیم نییە و جێناوە سـەربەخۆکانیش ، کەجێگرەوەی ( NP ) ییەکانن ، فۆڕمی ناوەوەیان ناشکێتەوەو جێکەوتەی چەسپاوی ( AR ) کانی کردار دەربڕی دۆخـی ڕێزمـانین ( Case Grammar ) ، کەواتـە ( Case Marker ) ، ئـەو نیشـانانەن ، کـە ( X ) کان بەپێی دۆخە جیاوازەکان بە ( y ) کانیان دەدەن ، نیشـانەی دۆخ له زمـانی کوردیدا دوو جۆرە یاخود هیچ نیشانەیەک له سەر تەواوکەرەکە دەرناکەوێت ، یـان ( بەرجەسـتەن ) ، واتـە بەشـێوەیەکی گشتی نیشانەی دۆخ دەبن بەدوو جۆر یان ئەبستراکتن یاخود بەرجەستەن. بەرجەستەکانیش ، یان ئـەو نیشـانەیەی کـە دەردەکـەوێت مۆرفیمـە ، واتـە ( case ) ەکـە مۆرفۆلۆژییـە ، یاخودپەیوەسـتەبە شکاندنەوەی تەواوکەرەکە ، کە دۆخەکەی پێدەدرێت.

کەواتـە له زمـانی کوردیـدا شـێوەزاری سـلێمانی پێـدانی دۆخ دروسـتەییە و نیشانەکەشـی ئەبسـتراکتە واتـە کاتێک سـەرێکی ڕێزمانی دۆخ دەدات بـە تەواوکەرەکـەی هـیچ نیشـانەیەک له سـەر تەواوکەرەکەی بەجێ ناهێڵێت ، بـەڵام لە زمانی کوردی کرمـانجی ژوورو دیالێکتی گۆران نیشـانەی دۆخی ڕێزمانی بەرچاو دەکەوێت.

نـەمانی نیشـانەی دۆخ لە شـێوەزاری سلێمانیداپەیوەسـتەبەوەی کـە لە بـری نیشـانەی دۆخـی ڕێزمانی پێوندییەکان بەهاوسێتی و جێکەوتەی چەسـپاو دەنوێنرێت ، بۆیـە ئەگـەر پێوەنـدی هاوسـێتی

نێوان ( X ) و ( y ) تێکبچێت ، واتە لە یەکتر دوور بکەونەوە ئەوا بە ( هاونیشانەکردن ) پێوەندییەکە دروست دەکرێتەوە ، بۆیە هاونیشانەکردن جێگای گواستنەوە دەگرێتەوە.

زۆرجـار نیشـانەی دۆخـی ڕێزمـانی لە (ڕێگـای مۆرفیمێکـەوە لە سـەر تەواوکەرەکـەی دەردەکـەوێت ، زۆرجـایش نیشـانەی دۆخـی ڕێزمـانی لە (ڕێگـای شـکانەوەی فـۆڕمی جینـاوە سەربەخۆکانەوە ڕوودەدات ، کرمانجی ژووررو هەریەک لە نیشانەکانی لە مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی و ( شکانەوەی جیناو ) ی هەیە ، بەڵام دیالێکتی گۆران تەنیا مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی هەیە . بڕوانە ( ٩٨ ، ٩٩ ، ١٠٠ ، ١٠٢ ، ١٠١ ) .

**(٩٨)** لێزان گۆڤارەکانی کڕی.

**(٩٩)** ئەز نانی دخۆم ( من نان دەخۆم ) .
دۆخ

**(١٠٠)** ئەز دچم ژبۆ دهۆکێ ( من دەچم بۆ دهۆک ) .

**(١٠١)** پێزان نان خار ( پێزان نانی خوارد ) .

**(١٠٢)** من کورەکەی وینوو ( من کوڕەکە دەبینم )

کەواتە لە شێوەزاری سلێمانیدا تەنیا دۆخی ( ئەبستراکت ) نابەرجەستە هەیە وبەجێکەوتەی چەسپاوە ، تەواوکـەرەکان لای ڕاسـتی سـەرە ڕێزمانییەکـەیان دەگـرن و بکـەر بـەهۆی مـۆرفیمی ڕێککەوتنـەوە وتەواوکـەرەکانی تـریش بـەهۆی پێوەنـدی هاوسـێیەتی دۆخ لە سـەرە ڕێزمانییـەکان وەردەگرن. بڕوانە ( ١٠٣ ) :

**(١٠٣)** أ- ) تۆ منت نارد

ب- ) * من تۆت نارد

پ- ) * تۆ نارد منت

ت- ) * نارد تۆ منت

هـەروەک ئاماژەی پێکرا ، کە ( y ) کان بـەهۆی پێوەنـدی هاوسـێیەتییەوە دۆخ لە ( X ) کان وەردەگرن ، بەڵام کاتێک گۆڕان لە جێکەوتـەی چەسپاودا بکرێت ، واتـە کاتێک پێوەنـدی هاوسـێیەتی تێکبچێت ، ئـەوا لە ڕێگەی هاونیشـانەکردنەوە ، ڕایەڵەیـەک دروسـتدەکرێت و لە ڕێگەیـەوە ( ڕەگـی کردارەکە ) دۆخ دەدات بە تەواوکەرەکەی ، کە لێی دوورکەوتۆتەوە. بڕوانە ( ١٠٤ ) :

(١٠٤) <u>من</u> ، <u>تۆ</u> ناردت<u>ـــم</u>
J I I j

( مەحوی : ٢٠٠١ : ١٥٥-١٥٩ ، ١٧٨ ) و ( حاجی :٢٠٠٩ : ١٢٠-١٢٢ ) و ( مەعروف : ٢٠٠٩ : ١٤-١٦ ) .

بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی هاونیشانەکردن بڕوانە ( مەعروف :٢٠٢٠ :٣٦- ٥٢ )

## ٢/٢/٢ -٣ ) پاڵێوەری دۆخ

هەر ( NP ) ی لە ڕستەدا دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەبێت ، دەبێت دۆخی هەبێت ، ئەگەر ( NP ) ییەکە دۆخی نەبێت دروستەکە ناڕێزمانی دەبێت . بڕوانە ( ١٠٥ ) :

(١٠٥) * پێزان کەوچک نان دەخوات

لە ( ١٠٥ ) دا ( NP ) ی ( کەوچک ) بەپێی پاڵێوەری دۆخ ڕێگەی پێنەدراوە ، چونکە هیچ دۆخێکی ڕێزمانی وەرنەگرتووە ، نەبوونی دۆخ ناڕێزمانی ڕستەکەی لێکەوتۆتەوە.

( case filtter ) لە ( GB ) داواکاری سەرەکی سەپێنداروە لە لایەن مۆدیلێکەوە کە پێ دەوترێت ( Case Theory ) ، ئەوە مەرج دەکات ، کە هەموو ( NP ) فرێزێکی ناوی ( non empty ) نەبێت ، دەبێت دۆخی هەبێت(49: 1993: Chomsky ) ، ( 35: 2008: David crystal ) و ( محمد :٢٠٠٩ : ١٨٩ ) .

## ٢/ ٢/٢- ٤ ) بەربەستی دۆخی ڕێزمانی و ئاڕاستەی حوکمکردن :

ڕستە گەورەترین پڕۆژەی ( INFL ) ە ، بۆیە ( INFL ) سەری ڕستەیە ، ( VP ) گەورەترین پرۆژەی کردارە(P.P ) یش پرۆژەی پێشناوە سینتاکسیەکانە ( مەحوی ، ٢٠٠١ : ١٦٠ ) ، پێوەندی نێوان ( X ) حوکمکەر و ( y ) ەکانی بەدروستەی هەرەمییەوە دەبەستریتەوە بەو شێوەیەی لە هێڵکاریەکانی ( ١٨ ، ١٩ ، ٢٠ ) خراوەتە ڕوو( مەعروف : ٢٠٠٩ : ١٥-١٨ ) .

( أ ) حوکمکردنی ( NP ) لە لایەن ڕەگی کردارەوە :




هێڵکاری ژمارە ( ١٨ )

( ب ) حوککردنی ( NP ) لە لایەن پێشناوەوە :




هێڵکاری ژمارە ( ١٩ )

( پ ) حوکمکردنی ( NP ) لە لایەن ( INFL ) ەوە :




هێڵکاری ژمارە ( ٢٠ )

لە هێڵکاری ( ١٨ ) ، ( $V^{\circ}$ ) پێوەندی خوشکایەتی لە ( $N^{-}$ ) یکدا هەیە بووەتە سەری حوکمکەر بۆ ( $V^{-}$ ) بەسەر هەریەک لە ( $N^{-}$ ) و ( $V^{\circ}$ ) زاڵە. کەواتە ڕەگی کردارەکە حوکمی ( AR ) ی ناوەکی دەکات ، و ( $V^{-}$ ) یش وەکو پرۆژەیەکی گەورە بەربەستی پێدانی دۆخە بە ( AR ) ێکی دەرەکیی ، چۆمسکی پێیوایە ، هەموو پڕۆژەیەکی گەورە واتە هەموو ( XP ) یەک ، کە زاڵە بەسەر ئەو ( NP ) ییەی ، کە دۆخە وەردەگرێت بەهەمان شێوە زاڵیشە بەسەر ئەو سەرە ڕێزمانییەی ، کە دۆخەکە بە ( NP ) ییەکە دەدات ( Black :1998 :37 ) و ( والی : ٢٠١٥ : ١٧ ) .

پرۆژە گەورەکان بەربەستن لە بەردەم سەرێکی ڕێزمانی تر کە دۆخ بدات بە تەواوکەرەکانیان بەم جۆرە بەربەستە دەوترێت ( Barrier ) ( محمد : ٢٠٠٩ : ١٩٨- ١٩٩ ) .

بڕوانە هێڵکاری ( ١٩ ) ، لە هێڵکاری ( ٢٠ ) دا ( $V^{-}$ ) بەهۆی ( $I^{-}$ ) ەوە حوکمی ( AR ) دەرکیەکەی کردووە ، هەروەها هەروەک لە هێڵکاری ( ١٩ ) دا دیارە ( $P^{\circ}$ ) پێشناو دۆخی ڕێزمانی بە ( NP ) داوەو بووتە بەبەرستێکیش لە بەردەم ڕەگی کرداردا ، دەسەڵاتی بەسەر ئەم ( NP ) یە ناشکێت.

کەواتە ئەگەرچی لە ناو دروستەی ڕستەیەکدا چەند جۆرە فرێزێک هەبێت ، هەر فرێزێک لە سەر و تەواوکەرێک دروست بووبێت ، بەڵام ئەوەی وادەکات ، کەسەرێکی ڕێزمانی نەتوانێ جگە لە تەواوکەرەکەی خۆی بازبدات بەسەر سەرێکی ڕێزمانی تردا و دۆخیش بدات

بە تەواوکەرەکەی ئەوا جۆری فرێزەکەو پرۆژە گەورەکان دەبن بە بەربەست لە بەردەمی پێدانی دۆخی ڕێزمانی لە لایەن سەرێکەوە بەدوو تەواوکەر ،بڕوانە( ١٠٦ ) :

(١٠٦) **<u>کچەکە</u> <u>لە سلێمانی</u> <u>ئەو کراسەی</u> <u>کڕی</u>**

V⁻ D⁻ P⁻ D⁻

جۆری فرێزەکە وا دەکات تێکەڵ بوون ڕوونەدات ، هەر سەرێکیش دۆخ دەدات بەیەک تەواوکەری خۆی ، هیچ سەرێک ناتوانێت دۆخ بدات بە تەواوکەری فرێزێکی تر.

زمانی کوردی لە دروستەی فرێز و ڕستەکاندا سەرکۆتاییە واتە ئاراستەی حوکمکردن لە چەپەوە بۆ ڕاستە ، بەڵام لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبیدا بەپێچەوانەوەیە. بەڵام پێشناوەکان و ( C° ) ( Comprementaizer ) واژەگۆکەرەکان سەرسەرەتایین ، واتە ئاراستەی حوکمکردن لە ڕاستەوە بۆ چەپە ، کەواتە زمانی کوردی دووئاراستەی حوکمکردنی هەیە ڕاست بۆ چەپ و چەپ بۆ ڕاست ، هاوکات پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین ، کە پێوەندییەکان هەروەک لە هێڵکاریەکاندا خرایە ڕوو دوو پەلکین لە هەموو دروستەی فرێزدا یاخود لە هەموو دروستە سینتاکسییەکاندا.

" ڕستە لە ناو یەکشکاوەکان دوو یان زیاتر فرێزی کرداریان تێدایەو وەکو بەربەستەکانی حوکمی ناو ئەو دروستانە ڕێگرن لە بەردەم ئەوەی ، کە کرداری ڕستەی دووەم حوکمی ئارگۆمێنتەکانی ڕستەی یەک بکات ( مەعروف : ٢٠٠٨ : ١٩ ) ، بڕوانە ( ١٠٧ ) :

(١٠٧) ( pro ) دەزانم ، **<u>کە ئێوە هاتن.</u>**

لە ( ١٠٧ ) دا هێڵ بەژێرهاتوو ڕستەیەکی کات وکەسدارە بکەری ڕستەکە لە لایەن سەرە حوکم کەرەکەی خۆیەوە دۆخی ڕێزمانی پێدراوە ئامرازی گەیەنەری ( Relative Particle ) ی ( کە ) لەگەڵ پرۆژە گەورەکەدا بەربەستن لە وەی کە کرداری ( هات ) دۆخی ( Nominative ) بە بکەری ڕستەی ( دەزانم ) بدات.

## ٣/٢ ) دۆخ و تیۆری حوکمکردن

لە تیۆری ( GB ) دا پێدانی دۆخی ڕێزمانی لە لایەن سەرە وە ( X ) ەوە دەبێت ، هەروەها حوکمکردنیش هەرلە لایەن سەرەوە دەبێت ، کاتێک ئەلەمێنتێک دۆخ وەردەگرێت ، کە پێشتر لە لایەن هەمان سەرەوە حوکمکرابێت.

بۆنموونە بەرکار کاتێک دۆخی ( Accusative ) لە لایەن ڕەگی کردارەوە وەردەگرێت ، کە پێشتر هەمان سەرە حوکمی کردبێ و لە لایەن هەمان سەرەوە حوکمکرابێت ، کەواتە دۆخی ڕێزمانی بەبێ

حوکمکردن نابێت ، کە ئەمەش یەکێکە لە داهێنانەکانی تیۆری ( GB ) . بڕوانە ( ٦٢ ): (قادر : ٢٠١١ : ٤٤ )
.

تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە هەڵسوکەوت لە گەڵ دۆخی ئەبستراکت دەکات ، وەکو دیاردەیەکی گشتی تەماشای دەکات ، و پێشبینی دەکرێت ، کە هەموو زمانەکان خاوەنی سیستەمی دۆخ بن ، بەڵام مەرج نییە لە هەموو زمانەکاندا نیشانەی دۆخی مۆرفۆلۆژی دیارو ئاشکرابن ، بە بۆچوونی چۆمسکی هەبوونی سیستەمێکی پڕ لە دۆخی ئەبستراکت لە هەموو زمانەکاندا پێشبینی دەکرێت ، بەتەنیا لە شوێنی دەرکەوتنی مۆرفۆلۆژی لە یەک جیاوازن ( Chomsky :1995 :11 ) .

یاسای پێدانی دۆخ لە هەر زمانێکدا جۆرێک لە پارامێتەر هەڵدەبژێرێت ئاراستەی پێدانی دۆخ لە چەپەوە بۆ ڕاستە ئەگەر زمانەکە سەرکۆتابن ، ئەگەر سەر سەرەتا بێت ئەوا بەپێچەوانەوەیە.

هاوکات هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا سەری ڕێزمانی بۆئەوەی بتوانێ دۆخ بەتەواوکەرەکەی بدات ، دەبێت لە سەربنەمای هاوسێیەتی بێت تەواوکەرەکە لە تەنیشتیەوە بێت ، هەرکاتێکیش ئەم هاوسێیەتییە تێکچوو ئەوا لە ڕێگەی هاونیشانە کردنەوە ، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ، ڕایەڵەیەک دروست دەبێت ، دۆخ دەدات بە تەواوکەری کە لێی دوورکەوتۆتەوە.

لە بەرئەوەی ( دۆخی ڕێزمانی بەپێی مەرجەکانی حوکمکردن و ( وەچەئاراستەکردن ) پێوەست بە بنەمای خوشکایەتییەوە دەدرێت ) ( حسێن :٢٠٠٩ : ٨٣ ) ( بڕوانە ١٠٨ ) ، ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢١)

(١٠٨) لێزان گوڵ بەپێزان دەدات.




هێڵکاری ژمارە ( ٢١ )

له ( ١٠٨ ) دا ( NP ) ی ( لێــزان ) له لایـــەن ( I¯ ) حـــوکمکراوە دۆخـــی ڕێزمـــانی بکـــەری ( Nominative ) پێـدراوە لە ( PP ) ) بـەپێزان ) پێشـناوی ( بـە ) حـوکمی ( NP ) ی ( پێـزان ) ی کـردووە ، دۆخـی ڕێزمـانی ( Dative ) پێـداوە ، ( NP ) ی ( گـوڵ ) له لایـەن ڕەگـی کردارەکـە حوکمکراوە و دۆخی ڕێزمانی ( Accusative ) پێدراوە.

## ٤/٢ ) دۆخ و دروستەی مۆرفۆسینتاکسی

پێشتر ئاماژە بەوەکرا ، کە لە نـاو دروسـتەی ڕسـتەیەکدا چەنـد جۆرە فریزێـک هـەبێت ، هـەر فریزێک لە سەرو تەواوکەر دروستبووە ، هەرتەواکەرێک کە لە لایـەن سـەرێکەوە دۆخ وەردەگرێت ، کەواتـە هـەر ( NP ) ێـک لە ناوڕسـتەدا هـەبێت دەبێت دۆخێکـی ڕێزمـانی پێبـدرێت ، ئەمـە مەرجـە بەخشکەیی پێمان دەڵێت ، کەبەرامبەر هەرکەرەستەیەکی دۆخدەر ، دۆخ وەرگرێک هەیە.

هاوکات کەتەگۆرییەکانی ( کرداری فەرهـەنگی ، کرداری سینتاکسـی ، کرداری تافدار ) ، دۆخـدەرن هەریەکـەیان لە پرۆژە و نواندنی جیادا دۆخ بە تەواوکەرەکـەیان دەدەن ، بەوپێیـەی مۆرفۆسـینتاکس نواندنی سینتاکسـە بـەمۆرفێم ، هاوکـات دەرنـەبڕینی ئارگۆمێنتـە و بـەجێناوکردنی بکـەر و بەرکـارە ، ئارگۆمێنتــەکان بــوونێکی بەرجەســتەیان نییــەو ڕێککــەوتن بەرهــەمیان دەهێنێــت ، بۆیــە دەبێــت مۆرفێمــەکانی ڕێککــەوتـن ببنــە نیشــانەی دۆخ بــۆ کەتەگــۆرییەکی دۆخ وەرگــری دەرنــەبڕاو و ئــەو جێکەوتانە بگرن ، کە دۆخیان هەن ، کەواتە لە کاتی دەرنەبڕینی هەرئارگۆمێنتێکی دۆخداردا ، دەبێت نیشانەیەکی دۆخ ڕوودات ، واتا هەبوونی نیشانە بەڵگەیە بۆ بوونی دۆخی کەتەگۆرییەکی گونەکراو ( قادر :٢٠١٥ : ٥٤ ) .

لە زمـانی کوردیـدا شـکانەوەی کلیتیەکـەکان بـۆ دۆخـی ڕێزمـانی ڕوودەدات و هاوکـات بـەپێی جـۆری دۆخ فۆرمەکەشـیان دەگۆڕێـت ، ئەگـەر سـەرنج بـدەین لە دەسـتەی کلیتکـەکانی ( م- مـان ) ( م-ین ) بەڕوونی ئەمـەمان بۆ دەردەکـەوێت ، کە بـەگوێرەی گۆکردنە جیاوازەکانیان لە سینتاکسـدا دەشـکێنەوە ، بـەوەش بەنیشـانە دەرکـەوتووەکانی بەرجەسـتەکردنی دۆخ دادەنرێـت . لە ڕاسـتیدا پێشبینیناکرێت شکانەوەی ناوەکی لە دروستەی کەرەستە دۆخ-وەرگرەکانی ( DP/جێناو ) ڕوودات ، لە مــەوە بۆمـان دەرکـەوت ، کـە لە زمـانی کوردیـدا مۆرفۆسـینتاکس پێکـالی پـرۆژەی ڕسـتەیە و هەرلە ڕستەشەوە وەردەگیرێت ، چونکە سەرجەم ڕێساو بنەماکانی لە بەرهەمهێنانی پرۆژەی ڕستەدا پێڕەو دەکرێت بەهەمان شێوە لە مۆرفۆسینتاکسیشدا هەیە .

چـۆن لە سـینتاکس بکـەر و بـەرکار دوو ( AR ) ی سـەربەخۆو جیـان ، بـەو شـێوەیەش لە مۆرفۆســینتاکس نیشــانەکانی دۆخــی ( Nominative ) و ( Accusative ) ، کــە نیشــانەن

بۆکەتەگۆڕییە دۆخ- وەرگرەکان لە سینتاکسیدا لە یەکجیاوازن ( j,i ) ، کەواتە مۆرفۆسینتاکس بەپێرەوێکی سەربەخۆی جیاواز لە سینتاکس ناژمێردرێت ( سەعید : ٢٠١٩ : ١٩٩ ) .

ئەو کردارانەی بەهۆی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ- ، تێ- ، لێ-/ ەوە هەڵگوێزراون ، دەروازەی زانیارییان جیاوازە لە دەروازەی زانیاریی کردارە بنەڕەتییەکان ، هەروەها لە سینتاکسیشدا فۆرمەکەیان بۆ پێشناوی سینتاکسی دەشکێتەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دروستەی ( PP ) کە پێشناوەکە وەکو سەرێکی ڕێزمانی حوکم دەکات و ئاراستەی حوکمکردنکەشی بە پێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی ترەوە لە ڕاستەوە بۆچەپ دەبێت ، دۆخی ڕێزمانی بەتەواوکەرەکەی دەدات ، ئەو دروستە مۆرفۆسینتاکسیانەی لەو ڕستانەوە بەهۆی ئەم کردارانەوە بونیاتنراون ، بەرهەمدەهێنرێن ، پێوەست بەسەری حوکمکەر و پێدانی دۆخەوە جیاواز دەبن ، ( سەرچاوەی پێشوو ١٩٩: ) . بڕوانە ( ١٠٩ ) :

**(١٠٩)** أ- ) من لە خوێندکارەکانم پرسیەوە .

↓ ↓

ب- ) م ن لێپرسیەوە

پ- )trace pro لێمپرسینەوە .

j i j i

ت- ) من تۆم بۆ کوێ نارد؟

↓ ↓

ج- ) م ت بۆ کوێ نارد؟

چ- ) trace pro بۆکوێم ناردیت؟

j i j i

لە ( ١٠٩ دا دەبینین کەتێگۆڕیە سینتاکسیەکانی دروستەی ( ١٠٩ - أ ) هاوتاو پێکاڵی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی ( ١٠٩ - پ ) ن ، کە نیشانەکانی ڕێککەوتن و ئارگۆمێنتە دەربڕاوەکانی ( بکەروبەرکار ) ی ( ١٠٩ - أ ) دا ڕێککەوتنیان هەیە بۆکرداری فەرهەنگی ( پرسی-ەوە ) دۆخی ( Accuasitive ) ی بە ( PP ) ( لە خوێندکارەکان ) دەدات ، هاوکات ( PP ) کەش لە ناوەوە دۆخی ( Dative ) هەیە ، کەلە لایەن پێشناوی سینتاکسی/لە -/ دەیداتێ ، نەک کردارە فەرهەنگییەکە ، چونکە پرۆژەی گەورەی ( PP ) بەربەستە بۆ پێدانی دۆخی ڕێزمانی لە لایەن کردارەکەوە بەتەواوکەری ناوەوەی ( PP ) یەکە ، کاتێک ( ١٠٩ - أ) مۆرفۆلۆژیانە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسی

( ( ١٠٩ – پ ) ) دا دەنوێنرێت ، ئەوا پێشناوە سینتاکسیەکە بۆ پێشناوی فەرهەنگی/ لێ-/ دەگۆڕێتەوە.

( لێ ) کەرەستەیەکی دۆخدەر نییە ، بوونی نیشانەی دۆخ ( accuasitive ) /ن/ کە لە ڕێگای پێشناوە سینتاکسیەکانەوە لە سینتاکسدا دراوە ، لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیەکەدا لە ڕێگەی ڕەگەوە دەدرێت ، کە بەهەمان فۆڕمەوە لە ناو دروستەکەدا گۆ دەکات ، چونکە بەهۆی بوونی تەنیا یەک نیشانەی دۆخەوە ، پێشناوی فەرهەنگی/لێ-/ لە ( سەر ) دەکەوێت و توانای پێدانی دۆخی نامێنێت ، چونکە هەر ( X ) یکی ڕێزمانی تەنیا یەک دۆخ دەدات ، هاوکات هەر دۆخ –وەرگرێک تەنیا یەکجار دۆخ لە ڕەگەکەوە لە بری پێشناوە فەرهەنگییە لە ( سەر ) کەوتووەکەی ، وەردەگرێت ، بەوەش ڕەگەکە وەک سەرێکی دۆخدەر دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی پێشناوەکە بۆ پێدانی دۆخ ، چونکە مەرجە هەموو نیشانەیەکی دۆخ لە دروستە مرۆفۆسینتاکسیەکاندا لە لایەن سەرێکەوە حوکمی دۆخی ڕێزمانی بکرێت ، لە ( ١٠٩ ) دا دەبینین کەتەگۆرییە سینتاکسییەکانی ( ١٠٩ –ت ) هاوتاو پەیکاڵی دروستەی مۆرفۆ سینتاکسی ( ١٠٩–ج ) ە ، کەنیشانەکانی ڕێکەوتن و ( AR ) دەربڕاوەکانی ( بکەر و بەرکار ) ی ( ١٠٩–ت ) ڕێکەوتنیان هەیە بۆکرداری فەرهەنگی ناردن دۆخی ( Accuasition ) بە ( PP ) بۆ کوێ دەدات ، هاوکات پێشناوەکەش لەناوەوە دۆخی ( Dative ) ، کە لە لایەن پێشناوی / بۆ-/ دەیداتێ ، نەک کردارە فەرهەنگیەکە چونکە پرۆژەی گەورەی ( PP ) بەربەستە بۆ پێدانی دۆخی ڕێزمانی بەتەواوکەری ناوەوەی ( PP ) یەکە.

## ٥/٢ ) دۆخ لە ڕستەی باسمەندا ( Topicalization )

باسمەند گواستنەوەی ئارگۆمێنتە ، گواستنەوەیەکی سەرپشکییە ئاخێوەر تاک لایەنانە دروستی دەکات ، بەڵام لە سەر سیستەمی گواستنەوەی خورتی زمانەکە . بڕوانە ( ١١٠ ) :

**(١١٠)** أ- ) من کتێبەکانم کڕی.

ب- ) کتێبەکان من کڕیمن.

پ- ) کێ کتێبەکانی کڕی؟

ت- ) کتێبەکان کێ کڕینی؟

ئەوەی جەختی لە سەر دەکرێتەوە ، ئەوەیە کە باسەکە دەکرێت بەباس ، هەروەها باسمەند گواستنەوەی نائارگۆمێنتە ، لە ڕاستیدا نواندنی سینتاکسیانەی توخمە فەرهەنگیەکان بەرهەمهێنەری پێکهاتەی سینتاکسی و نواندنی جیاوازی دروستەین ، " جێکەوتەی ( سەر تۆپی هێنراوە پێشەوە ) ی پێشنیازکراوە ڕستەی باسمەند خاوەنی هیچ دۆخێکی ڕێزمانی نییە ،بۆیە دەبێت پاش گواستنەوەی

سەرتۆپی لاوەکی بۆ ئەم جێکەوتەیە ، ئەو دۆخە ڕێزمانییەی هەیبووە بۆی بگوێزرێتەوە تا ڕستەکە ڕێزمانی بێت"(قادر : ٢٠٠٨ : ٨٨ ) .

کەئەمەش بەدوو ڕێگا دەبێت :

١-بەهۆی هاونیشانەکردنەوە لە گەڵ کلیتیکی باسمەنددا ، کاتێک کە لە ناو ستراکچەری کردارەکەدایە و دۆخی ( accusative ) ی هەڵگرتووە. بڕوانە ( ١١١ ) :

**(١١١)** أ- ) {س س پێزان}{س ل چاوشارکێ { پ دەکات } }

پێدانی دۆخ لە لایەن ڕەگەوە

لە ( ١١١- أ ) دا ( پێزان ) سەرتۆپی سەرەکیە ، چاوشارکێ سەرتۆپی لاوەکییە ( دەکات ) کە پرۆسەکەیە ، یاخود کردارەکەیە لە لایەن ڕەگی کردارەکەوە دۆخی ( accusative ) دراوە بە ( چاوشارکێ ) .

( ١١١-ب ) {س هـ چاوشارکێ} ، {س.ل پێزان} ، ک{س ل١ t{پ دەیکات}}

i ii

گواستنەوەی دۆخی ڕێزمانی بەهۆی پرۆسەی هاونیشانەکردنەوە.

لە ( ١١١-ب ) دا ( چاوشارکێ ) سەرتۆپی هێنراوە پێشەوەیە ، ( پێزان ) سەرتۆپی لاوەکیە ( t ) سەرتۆپی لاوەکی یەکەمە گواستنەوەی دۆخی ڕێزمانی ڕوویداوە بەهۆی پرۆسەی هاونیشانەکردنەوە.

٢-یاخود ( س ل ) کییەکە لە جێکەوتەی بنەڕەتدا ( X ) ی ڕێزمانی لە گەڵدایە ، کەئەمەش سەرچاوەی بەخشینی دۆخی ڕێزمانییە پێی ، بۆیە سەرە ڕێزمانییەکەشی لە گەڵ سەرتۆپەلاوەکیەکەییدا دەگوێزرێتەوە بەمەش پێکهاتەکە لە ناو جێکەوتەی گیرسانەوەیەدا ، دەبێتە خاوەنی دۆخ. بڕوانە ( ١١٢ ) :

**(١١٢)** أ- ) {س.س لێزان} ، {ک{س ل٢ بەتەکسی { هات }}}

پێدانی دۆخ پێدانی دۆخ

( ١١٢-ب ) {س هـ بەپێ } ، {س ل لێزان } ، {ک {س ل٢ t { پ هات } }

پێدانی دۆخ i پێدانی دۆخ

پرۆسەی هاونیشانەکردن

له ( ١١٢-أ ) دا ( لێـزان ) سـەرتۆپی سـەرەکیە ، ( بـەپێ ) سـەرتۆپی لاوەکـی دوومـە ، ( هـات ) پرۆسەکەیە ( هات ) ڕۆڵی داوە بە ( بەپێ ) . ئەمانیش دۆخیان داوە بە سەرتۆپی سەرەکیەکە لە ( ١١٢-ب ) دا ، ( بـەپێ ) لە جێکەوتـەی بنەڕەتیـدا سـەری ڕێزمـانی لە گەڵدایـە و سـەرتۆپی هێنـراوە پێشەوەیە ( لێزان ) بووە بە سەرتۆپی لاوەکی پرۆسـەی ( هـات ) . ڕۆڵی پێداوە بە هۆی پرۆسـەی هاونیشانەکردنەوە ( قادر :٢٠٠٨ : ٨٨-٨٩ ) .

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ، کە ڕستەی باسمەند چەند تایبەتمەندییەکی هەیە ، کەبریتین لە -:

( أ ) بەلایەنی کەمەوە ڕستەکە بەدوو کەرتی سەرەکی دەستپێدەکات کەڕاستەخۆ بەدوای یەکتردا دێـن بێـئەوەی هـیچ ئامرازێـک لەنێوانیانـدا هەبێـت ، هاوکـات هەردوو کەرتـی ڕسـتەکەش دەبێـت ناوبن(بڕوانە١١٣ ) :

**(١١٣)** أ- ) دارەکە بەرەکانی وەریوە.

ب- ) چیاکە بەفرەکەی چۆتەوە.

پ- ) دارە بەرزەکە ڕزیوە.

هەرچۆنێک پۆلی دواکەرەستە سەرەتاکە بگۆڕین ڕستەکە نابێت بەباسمەند ( بڕوانە ١١٤ )

**(١١٤)** أ- ) دارەکەی ئێوە بەری گرتووە.

ناو جێناو

ب- ) دارەکەی پێزان

ناو ناوی تایبەتی

( پ ) هەریەک لەم ناوانەی سەرەتا دەگرن دەتوانێت ببێت بە ( دەرخراو ) بەهۆی دەرخەرێکەوە ( ئاوەڵناو ، ئاوەڵکردار ، جێناو...هتد ) فراوانبکرێت ( بڕوانە ( ١١٥ ) :

**(١١٥)** أ- ) دارەجوانە پیرە بەرزەکە بەرەکانی گەیوە.

ب- ) چیابەرزەکە بەفرەکانی چۆتەوە.

پ- ) دارەکەی نزیک ئاوەکە بەرەکانی وەریوە.

هەروەها ناوەکان دەکرێت بەهۆی دیاریکەرەوە فراوان بکرێت ( بڕوانە ١١٦ ) :

**(١١٦)** أ- ) باخەکە هەموو پەرژینەکەی ڕووخاوە .

ب- ) هەموو دارەکانی ڕزیوە.

پ- ) باخەکە چەند دارێکی ڕزیوە.

کەواتە ئەو ڕستانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن ، کەدەکرێت دوو ناوەکە لەژمارە و ناسراوی و نەناسراوی وەک یەک بن دەشکرێت لەم لایەنانەدا لەکتری جیاوازبن ( بڕوانە ١١٧ ) :

**(١١٧)** أ- ) باخەکە پەرژینەکەی ڕووخاوە.

ب- ) باخەکە لایەکی پەرژینەکەی ڕووخاوە.

( پ ) تەنها ناوی یەکەم دەکرێت بەهۆی پارستەی شوێنکەوتووی لێکدەرەوەوە فراوان بکرێت (بڕوانە١١٨ ) :

**(١١٨)** أ- ) ئەو خانووەی ، کە لە ئێمەت کڕی پەرژینەکەی ڕووخاوە.

ب- ) ئەو نەمامەی من ئاوم دا گەڵاکانی سەوز بوون.

(پ) هەر لەم ڕۆنانەدا بەڕێگەیەکی تریش دەردەبڕێن بێئەوەی گۆڕانکاری زۆر لەواتا هەبێت ، جیاوازیان تەنها لەئاستی ڕێکخستنی زانیارییدا دەردەکەوێت ( بڕوانە ١١٩ ) :

**(١١٩)** أ- ) دەرگاکە لایەکی ناکرێتەوە.

ب- ) لایەکی دەرگاکە ناکرێتەوە.

لەڕێگەی دووەمدا دوو ناوەکە پاش و پێش دەخرێن بەهۆی ئامرازی خستنەپاڵ لە یەکتری دەدرێن/ جۆری دووەم بڵاوترە لەزمانەکەدا بەوەی ، کە لەگەڵ کاری تێپەڕدا دێن(بڕوانە١٢٠ ) :

**(١٢٠)** أ- ) بەری دارەکان وەری.

ب- ) بەری دارەکانی خوارد.

پ- ) ئەوئامرازەی ، کەبەکۆتای دووەم ناوەوە دەلکێت نیشانەی خۆیەتییە ، بەوەدا بەپێی پەیوەندی نێوان دوو ناوەکە فۆرمەکەی دەگۆڕێت ( بڕوانە١٢١ ) :

**(١٢١)** أ- ) باخەکە دارەکانی ڕزیوە ( ئەو...ی )

ب- ) ئێوە خوێندکارەکانتان دەرچوون (.ئێوە....تان )

پ- ) ئەوان خوێندکارەکانیان دەرچوون ( ئەوان....یان ) ( فەتاح :١٩٩٢: ٣٥ )

بۆزانیاریی زیاتر لەسەر باسمەند بڕوانە ( فەتاح :١٩٩٢ : باس لەجۆرێک لەڕستەی کوردیدا :گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ :ژمارە ١٢٨ ) ( قادر :٢٠٠٨ :ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا )

## ٦/٢ ) گواستنەوە* لە زمانی کوردیدا

لە بەرئەوەی دروستە و جێکەوتەکان لە ڕووی تیۆرییەوە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هەن ، کەواتە گواستنەوە جیهانییە و یەکێکە لە یاساکانی ڕێزمانی جیهانی ، ژمارەو جۆرەکانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە ، بەڵام پێڕەوکردنی لە هەموو زمانەکاندا وەک یەک نییە ، هاوکات پیادەکردنی ئەم یاسایانە ( یاساکانی گواستنەوە ) لە پێناوی جێبەجێکردنی پێوەندیەسینتاکسیەکانە لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەدا ( لە هەندێگ لە زمانەکاندا ) بەنموونە بەخشینی دۆخی ڕێزمانی ، کە لە لایەن سەرە ڕێزمانییەکانەوە دەبەخشرێت ، هاوکات وەرگرتنی لە لایەن فرێزێکی ناوییەوە ، هەروەها دەبێتە هۆی هێنانە ئارا و ئاسانکردنی پێوەندیە واتاییەکان وەک ( ئیکۆنۆمی ) کردن تاوەکو مرۆڤ ئەو بیروهەستەی ، کە هەیەتی بەکەمترین کات بگەیەنێت و کەمترین وزە بەفیڕۆ بڕوات.

یاساکانی گواستنەوە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا دووچەشنن هەریەکەیان دابەش دەبێت بۆ چەند جۆرێکی تایبەت ، هاوکات ئەم یاسایانەش ئەگەرچی چەند یاسایەکی بنەڕەتین ، هەندێکیان پێویستە هەبن ، هەندێکی تریشان بوون ونەبوونیان وەکو یەکە ، بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لە مانەی خوارەوە :

أ) یاسای لە بری دانان ( Substituation )

---

* سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٧٨-٧٩) یاساکانی گواستنەوە بەمشێوەیەدابەش کردووە:

یەکەم: یاسای لەبری دانان.

دووەم: یاساکانی بەکارهێنانی جیناوی خۆیی .

سێیەم:یاسای بزاوتن

چوارەم:یاسای لەناودانان

هەروەها (دیار عەلی کەمال:٢٠٠٢: ٥٨-٥٩) یاساکانی گواستنەوەی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

١-یاسا گشتییەکانی گوێزانەوە.

٢-یاسای تایبەتییەکانی گوێزانەوە.

هەروەها ئەمانیشی کردووە بەدوو بەشەوە کەئەوانیش:

(A) یاسا بەخورتییەکان(Obligatory)

(B) یاسا ئارەزوییەکان(Optional)

هاوکات لەیاسا گشتییەکان ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەم یاسایانە لەسەر دوو ڕستە بەرهەمهاتوون کار دەکەن لەلایەن یاساکانی ڕۆنانی فرێزەوە ، کەئەمەش بۆ لێکدانی ڕستەیە، یاخود دروستکردنی ڕستەی ئاڵۆزە.

هەروەها لە یاسا بەخورتییەکانیش ئاماژە بەوە دەکات کە پیادەکردنی ئەم یاسایانە لەڕستەدا هەردەبێت بکرێت ، واتە پیادەکردنی ئەم یاسایانە لەرستەدا(( Obligatory ))یە ، ڕستە لە ڕۆنانی سەرەوە بەبێ پیادەکردنی ئەم یاسایانە بەرهەمنایات ، هەروەها یاسا ئارەزووییەکان بەبێ پیادەکردنیان ڕستە لە رۆنانی سەرەوە بەرهەم دێت بەپیادەکردنییان ڕستەیکی داڕێژراو بەرهەمدێت ، وەک یاساکانی (نەرێ و پرس و فرمان..هتد)، کەئەمانەن:(لادان، جێگۆڕکێ، کوپی کردن، زیادکردن).

ب) یاسای هەڵواسین ( Adjunction )

ئەم دوویاسایەش دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێکی تایبەت :

### ( أ ) یاسای لە بری دانان ( Substituation )

یاسای پێکهاتەیەک لە ناو ڕستەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەیەکی بەتاڵی ئامادەی تری ڕستەکە ، ئەم گواستنەوەیە دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی جێکەوتەی پێکهاتەکە بەتاڵەکە کەئەمش بریتییە لە :

١) ( یاسای گواستنەوەی کردار : ( V-Movement )

٢) یاسای گواستنەوەی کات ( I⁻ Movment )

٣) یاسای گواستنەوە فرێزی ناوی ( NP -Movment )

### ( ب ) یاسای هەڵواسین :

ئەم یاسایە زیاتر بەهێنانە پێشەوەی ( Extra Postion ) *

( NP ) ی ناسراوە بەم یاسایە ( فرێزی پێشناوی و ( S ) باری هێنراوە پێشەوە بەیەکەم پێکهاتەی سەرەکی ، کە ( XP/S ) ە** ، دەبەسترێتەوە وزاڵیشە بەسەریدا ) .

کەواتە ئەم یاسایە زیاتر بەهێنانە پێشەوەی ( Extra position ) ی فرێزی ناوی ناسراوە ، ئەمانەن :

١- یاسای گواستنەوەی فرێزی پرسیار ( Wh-Movement )

٢- یاسای گواستنەوە لە ڕستەی سەرجێناویدا.

---

* زاراوەی (extra position): مەبەست لێی جێکەوتەیەکی هەڵواسراوە، کە دەرەوەی ڕستە دەخرینە ئەو جێکەوتە کەرەستەکانی ناوڕستەکە دەبرێنە یە.

** (XP/S)مەبەست لە پارستەی ڕستەیەکی سەرەکی لە زمانی کوردیدا، هەروەها یەکسانیشە بەXP پارستەی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا.

٣- یاسای گواستنەوەی نەکردن ( Negative preposing )

٤- یاسای گواستنەوەی باسمەند ( Topicatization-Moements )

٥- یاسای قرتاندن ( Deletion Rules )

ئەم گواستنەوانەش لە سێ ڕوانگەوە شیدەکرێنەوە کەئەوانیش ( ئەو جێکەوتەی لێدەگوزرێتەوە ، ئەوجێکەوتەی لیی دەگیرسێتەوە و هۆکاری گواستنەوەکە وبەربەستەکانی گواستنەوەکە ) ( Haegem & Cureom :1992 :46 ) و ( مەحوی :٢٠٠١ : ٣٣٦ ) و ( و ( قادر :٢٠٠٨ : ٢٠-٢١ ) .

کەواتە پێکهاتەی گواستنەوە پێکهاتووە لە یاساکانی گواستنەوە ، بۆیە خۆی بەیاساکانی گواستنەوە خەریک دەکات.

لە ڕاستیدا یاساکانی گواستنەوە ، ئەو کۆمەڵە یاسایانەن کە ئاستی قووڵ بۆ ئاستی ڕووکەش دەگۆڕن ، واتە چەند ئاستێکی ڕووکەش لە هەمبەر تاکە ئاستێکی قووڵدا ڕیزدەکەن ، (بەپێچەوانەشەوە ) ، واتە دەتوانن تاکە ڕستەیەک لە بەرامبەر چەند ئاستێکی قووڵی جیاواز پێشان بدەن ، واتە لەم ڕێبازەدا دەتوانێت چەند ڕستەیەکی بەڕواڵەت جیاواز بخاتە پاڵ هەمان بنجەوە ( Deep structure ) ، هەمان ڕستە بخاتە پاڵ چەند بنجێکی جیاوازەوە ( ئەمین : ٢٠٠٥ : ٢ ) .

یاساکانی گواستنەوە بەگشتی هەمان گرنگی و پلەیان نییە ، جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە ، هەندێکیان ، گرنگتر و پێویسترن ، چونکە پێوەندی سینتاکسی نێوان کەرەستەکانی ڕستە ڕێک دەخەن و ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم دەهێنن ( حسەین :٢٠١٢ : ٣٥ ) .

هەموو یاساکانی گواستنەوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بە گواستنەوە بەراییەکان ڕووندەکرێنەوە.

## گواستنەوە بەراییەکان :

أ- هەڵواسین یان زیادکردنی وەچەپێکهاتەیەک ، بۆ دروستەی وەچپێکهاتەیەک ، واتە هەڵواسین و زیادکردنی پێکهاتەیەک بۆ دروستەی پێکهاتەیەک.

ب-جێگۆرکێ ، واتە جێگۆڕکێی وەچە پێکهاتەکان.

پ- قرتاندن ولابردنی پێکهاتەیەک لە ستراکچەری پێکهاتەیەک ( Trask :1993 :280 ) و ( مەحوی :٢٠٠١ : :٣٢٢-٣٢٣ ) و ( محمد :٢٠٠٩ : ٢٥٩ ) .

واتە پێکهاتەی سینتاکسی بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی ڕۆنانی ژێرەوە و گواستنەوەی بۆ ڕۆنانی سەرەوەی گۆکراو ، پێکهاتەی سینتاکسی لە دوو پێکهاتەی پتر پێک دێت ، کە ئەوانیش پێکهاتەی بنچینەیی و پێکهاتەی گواستنەوەن.

لە پێکهاتەی بنچینەیی کۆمەڵە یاسایەکی پێکهاتەییە ، ئەرکی پێدانی زانیارییە ، بۆبەرهەمهێنانی ڕستەی دروست ، لە ڕێگایەوە ڕێزمانی و ناڕێزمانی ڕستەکان پێشان دەدرێت ، هەروەها لە پێکهاتەی گواستنەوەش ، کۆمەڵێک یاسای گوێزانەوە لە خۆدەگرێت کە بەیاساکانی تەواوکەری ناسراون ، پێوەندییەکانی ناو ڕستە دەخاتەڕوو ، ئەم یاسایانە پێکهاتەی ( ناوەوە/ ئەبستراکت ) ، کە واتای ڕستەی هەڵگرتووە دەگۆڕێت بۆ پێکهاتەی بەرجەستەی دیاری ڕستە و شێوەی کۆتایی دەخاتەڕوو.

ئەگەرچی لە پێشتردا ئاماژەکرا بەدابەشکردنی چەند جۆرێکی جیاوازی یاساکانی گواستنەوە ، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک دەخاتە سەر یاساکانی ( لە بری دانان ( Substituation ) و یاسای هەڵواسین ( Adjunction ) .

لە یاساکانی لە بری داناندا ( یاسای گواستنەوەی کردار و یاسای گواستنەوەی کات و کەس ، یاسای گواستنەوەی فریزی ناوی ) ڕوون دەکرێنەوە ، کە بەپێی یاسای لە بری دانان ، کەرەستەیەک لە ڕستەدا بۆ شوێنێکی بەتاڵ دەگوێزرێتەوە ، لە ئەنجامی ئەم گواستنەوەیەدا لەو شوێنەی ، کە بۆی گوێزراوەتەوە دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت ، بۆیە لێرەوە دێینە سەر گواستنەوە لە زمانی کوردیدا ، لەو ڕوانگەیەی ، کە وشە و فریزەکانی زمانی کوردی ، جێکەوتەی چەسپاو و نەگۆڕیان هەیە ، بوونی ئەم جێکەوتانەیش کاتێک دەبێت ، کە بە جێکەوتەیەک پڕ بکرێنەوە ، کەواتە یاسای گواستنەوەی کردار نییە لە زمانی کوردیدا لە جێکەوتەی خۆیەوە بۆناو جێکەوتەی ( I ) ، لە زمانی کوردیدا چونکە پێوەندی نێوان ( ڕەگی کردار و مۆرفیمی کات ) توندوتۆڵترە لە پێوەندی نێوان ( قەدی کردار و مۆرفیمی کەسی ) بۆیە کاتێک کردارەکە ڕابردووی تێپەڕبێت ، ئەم پرۆسەیە هەیە ، واتە ئەم پرۆسەیە هەیە لە و ڕستانەی کە کردارەکەی ڕابردوو تێپەڕ بێت ، ئەمەش جۆرێکە لە ( ئێرگەتیڤی ) * زمانی کوردی ( بڕوانە١٢٢ ، ١٢٣ ) .

**(١٢٢)** أ- ) { Sمن} {بەشی کردار{ O سێوe { ڕەگی کردار فرۆش تم }}}

ب- ) {من { بەشی کردار {O سێوم {ڕەگی کردار فرۆش {کات و کەس ت t }}}}

i i

---

* واتە ڕێککەوتنی (بەرکار وکردار).

(١٢٣)    أ- ) { S تۆ {بەشی کردار { O زەوی e {کردار کێڵات }}} Ds

ب- ) { S تۆ {بەشی کردار { O زەویت { کردار کێڵا t}}}}

i    i

لە ڕووی جێکەوتەوە ( مۆرفیمی کەسەکە ) لە جێکەوتەی کردارەوە واتە لە ( جێکەوتەی بنەڕەتی ) دەگوێزرێتەوە بۆ سەر ( ناو ) جێکەوتەی ( بەرکاری ڕاستەوخۆ ) ( جێکەوتەی گیرسانەوەیەتی ) ئاڕاستەی گواستنەوەکە لە لای چەپەوە بۆلای ڕاست ، چونکە یاسای ڕیزبوونی ستراکچەری زمانی کوردی سەرکۆتایە ( sov ) ، کە ئەم گواستنەوەش ڕێککەوتنی بەشی بکەرو بەشی کردار دەرەخسێنێت ، دۆخی ( Nominative ) . دەدات بەبکەری ڕستەکە ، هەروەها سەبارەت بەربەستی گواستنەوەکە دەڵێین چونکە ئەم جۆرە گواستنەوەیە وەکو دیاردەیەک وایە لە زمانی کوردیدا ، بۆیە تەنیا لە م جۆرە ڕستەدا بەدیدەکرێت ، ئەگەر هاتوو تافی کرداری ڕستەکە لە دەمی ڕابردووی تێپەڕ بۆهەر تافێکی تر بگۆڕێت ، ئەم جۆرە گواستنەوەیە ڕوونادات(بڕوانە ١٢٤, ١٢٥ )

(١٢٤)    تۆ زەوی دەکێڵیت ( ئەگەر کردارەکە ، ڕانەبردووی تێپەڕبێت )

(١٢٥)    أ- ) من بەپاس هاتم ( ئەگەر کردارەکە ڕابردووی تێنەپەڕبێت ) .

ب- ) من بەپاس دێم ( ئەگەر کردارەکە ڕانەبردووی تێنەپەڕبێت )

( قادر : ٢٠٠٤ : ٦٠ ) ، ( مەحوی ، ئەحمەد :٢٠٠٥ : ٢٠ ) ، ( مەحوی ، ئەحمەد :٢٠٠٤ : ٦٦ ) ، ( قادر : ٢٠٠٨ : ٢١-٢٤ ) .

هەروەها لە بارەی گواستنەوەی کات و کەس لە زمانی کوردیدا ( پرۆژەیIP ) بۆنموونە هەیە ، بەڵام پێویست بەپڕکردنەوەیان بەکەرەستەکانی کات و کەس ناکات ، لە بەرئەوەی ئەم جۆرە گواستنەوە لە زمانی کوردیدا نییە.

زمانی کوردی پرۆژەیەکی تایبەت وسەربەخۆ بۆ ( IP ) نییە ، مۆرفیمەکانی کات و کەسە لە گەڵ ڕەگی کرداردان. بڕوانە ( ١٢٦ ، ١٢٧ ) :

(١٢٦)    { S ئەوان }{ V {ڕەگی کرداری ڕۆش { IP تن }}}

دۆخی ڕێزمانی ( nomination ) ی پێدراوە

(١٢٧)    {بکەر من } { VP { کات دە {ڕەگی کردار خە {کەس م }}

IP

پێدانی دۆخی ڕێزمانی ( nomination ) ی پێدراوە لە لایەن کات و کەس

ئەم تایبەتمەندییە ، زمانی کوردی کردۆتە بکەرخراو ، هەروەها لە بارەی گواستنەوەی ( NP ) لە ڕۆنانی بکەر نادیاردا ، ڕستەی بکەر نادیاری زمانی کوردی بەبێ پێڕەوکردنی یاسای گواستنەوەی ( NP ) دروست دەبێت ، واتای کرداری بکەرنادیار دێتە ئاستی قوڵەوە ، ڕستەی بکەر نادیار بەرهەمدەهێنێت ، کەواتە کرداری بکەر نادیار وەکو کردارەکانی تر کات وکەسدارە ، بۆیە کرداری بکەرنادیار بەبێ پێڕەوکردنی هیچ کام لە یاساکانی گواستنەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دۆخی ڕێزمانی دەبەخشێت بە بکەری ڕستەکە ( بڕوانە ١٢٨ ) :

**(١٢٨)** أ- ) {S دزەکە}{کردارێکی بکەر نادیار گیرا} ڕستەی بکەرنادیاری ڕابردوو.

ب- ) {بکەر دزەکە }{کردارێکی بکەر نادیار دەگیرێت } ڕستەی بکەرنادیاری ڕانە بردوو.

IP

پێدانی دۆخی ڕێزمانی ( nominative ) ی پێدراوە لە لایەن ( IP ) ەوە

( مەحوی :٢٠٠١ : ٩٤-٩٥ ) و ( قادر : ٢٠٠٤ :٦٠ ) ، ( قادر : ٢٠٠٨ : ٢٤-٢٧ ) .

لەڕاستیدا هەندێک کرداری تێنەپەڕی بنەڕەتی لەفەرهەنگدا هەن ، کەکرداری بنەڕەتی تێپەڕی خۆیان هەیە ، بەنموونە ( کەوتنە کۆکین- خستنە کۆکین – خرایە کۆکین ، کەوتنە پێکەنین- خستنە پێکەنین-خرایە پێکەنین ) دیارە ، کەکرداری تێنەپەڕ هێشتا لەم ئاستەدا بەلکاندنی /-اندن/ناکرێن بەتێپەڕ ، بەڵکو بەپێشناوی پێشکرداری هێزێکیان بۆزیاد دەکرێت ( /بۆخستن/ ، /پێخستن/ ، /لێخستن/ ، /خستنەناو/ ) هەندێک لەم فۆڕمە تێنەپەڕانەش لەسینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێن ( /بۆخستن/ ، /خستنەناو/ ) .بەپێشناوی لکاو هێزێک بەژمارەیەک لەکرداره تێنەپەڕە بنەڕەتییەکانی ئەم کۆمەڵە دەدرێت ( /بۆکەوتن/ ، /پێکەوتن/ ، /تێکەوتن/ ، /لێکەوتن/ ، /کەوتنە ناو/ ) ، کرداری مۆرفۆلۆژی دروستکراو سینتاکسی بەرهەمهێنراو هەیە ، کەفۆڕمی بکەرنادیاری مۆرۆفۆلۆژیانە یان سینتاکسیانەیان نییە ( */پێکەنێرا/ ) لەئاستێکدا دروستدەکرێن وبەرهەمدەهێنرێن کەهێشتا ئاستەکانی ئەو دروستکردن وبەرهەمهێنانە نەهاتوون(مەحوی :٢٠٢٠ :٢٢٤- ٢٢٨ ) .

یاسای هەڵواسین ( adjunction ) ، کەیەکێک بوو لە یاساکانی گواستنەوە ، هەروەک ئاماژەی پێکرا بە هێنانە پێشەوەی ( Extra Position ) ی فرێزی ناوی ناسراوە ، کە جۆرەکانی پێشتر ئاماژەی پێکرا ، لێرەدا دێینەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو جۆرانەی کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسوودە* ، لە بەرئەوەی دروستەی قووڵ و ڕووکەشی زمانی کوردی لێکەوە نزیکن ، دەتوانین بڵێین گواستنەوەی خورتی لە زمانی کوردیدا نییە ، هەرگواستنەوەیەکیش جێکەوتە چەسپاوەکان ( AR ) ە داواکەرەکانی کرداردا ڕوودەدات بۆ ئەوەی بنەماکانی ڕێسای گواستنەوە برینداڕ نەبێت ، ئەوا

* بۆزانیاریی زیاتر لەسەر چەشن و جۆرەکانی یاسای گواستنەوەی هەڵواسین . بڕوانە( کاروان عومەر قادر: ٢٠٠٨: ٢٠-٤٢)..

بەپرۆسەی هاونیشانەکردن چارەسەردەکرێت ، هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ، کە ئەم جۆرە گواستنەوەیە سەرپشکییە و بۆ واتایە ، ( مەعروف : ٢٠٠٩ : ١٢٨ ) ( بڕوانە ١٢٩ ) :

**(١٢٩)** أ- ) من کتێبەکانم کڕی ← S.O.V

ب- ) کتێبەکان ، من کڕیمن ← O.S.V

i j j i

لە ( ١٢٩-أ ) دا هێڵ بەژێرهاتووەکە بەرکارە ، لە جێکەوتەی خۆیدا دەرکەوتووە ، کە لە سنوری دەسەڵاتی سەرە حوکمەرەکەدایە ، لە ( ١٢٩-ب ) دا دەبینین کە بەشە بکەر هیچ بەربەستێکی گواستنەوەی نییە ، بەرکار لە ڕێی هاونیشانەکردووە ، دۆخی ڕێزمانی وەرگرتووەو گواستنەوەی ( AR ) لە ڕستەی سادەی زمانی کوردی بۆلای ڕاستە. بڕوانە ١٣٠ ) :

**(١٣٠)** * من کڕیم کتێبەکان

## یاسای گواستنەوەی فرێزی پرس

یەکێکی تر لە گواستنەوەکان یاسای گواستنەوەی فرێزی پرسیارییە ، لە بەرئەوەی ئەم یاسایە و چەندوچوونەکانی لە زمانی کوردیدا کرۆک وناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، بۆیە لە ( بەشی چوارەمدا ) بەوردی وردەکاری و ئاڵۆزییەکانی شیدەکەینەوە.

هەروەها لە یاسای گواستنەوەی سەرجێناوی ، لە بەرئەوەی ڕستەی سەرجێناوی زمانی کوردی لە چەشنی ( بەستراوە ) یە بۆیە لە م چەشنەی ڕستەی سەرجێناودا هیچ جۆرێک لە یاساکانی گواستنەوە بەدیناکرێت ، جگە لە جێبەجێبوونی هەندێک لە یاساکانی ( قرتاندن ) بەسەریدا (مەحوی : ٢٠٠١ : ٢٤٨ ) ، ( حمەرحیم : ٢٠٠٢ : ١٠٧ ) .

نەبوونی ئەم یاسا گواستنەوەیە بۆ ( NP ) لە بچوکترین مەدوای ڕکێفەکەیدا دەکرێت بە کلتیک ، یاخود ( NP ) ی بکەر لە ( DS ) بەفەرهەنگی بەرجەستەناکرێت ( مەحوی :٢٠٠١ : ٢٤٦ ) .

ڕستەی سەرجێناوی و ڕستەی تەواوکەرە سەرجێناوییەکەشی ڕاستەوخۆ لە ئاستی قوڵدا بەرهەمدەهێنرێت بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەکی گواستنەوە هەبێ ( قادر :٢٠٠٨ : ٣٤ ) (بڕوانە١٣١-١٣٢ ) :

**(١٣١)** سەیرانگایەک ، کە تۆ t بیزانیت ، pro خۆشە.

i i بەرکارکراوەتە کلیتک

**(١٣٢)** ئەو کچەی ، کە تۆ دەناسێت ، خوێندکارە.

لە ڕستەی ( ١٣١ ) دا بەرکاری ڕستە تەواوکەرەکەی ڕستە سەرجێناوییەکە ، کەبۆتە کلیتک ، هاتۆتە ناو قەوارەی کردارەکەوە ، هاونیشانە دەبێت لە گەڵ جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی ، کە ( trace ) ە بەجێماوەکەیە.

لە ( ١٣٢ ) دا بکـــەری دوو ڕســـتە تەواوکەرەکـــەی ڕســـتە ســـەرجێناوییەکە لە ( DS ) دەر نەبڕاون ، کە لێرەدا هاونیشانەن لەگەڵ سەری ڕستەسەرجێناوییەکەدا کە ( ئەو کچەی ) ە.

لە زمانی کوردیدا ( C ) ی واژەگۆکەری ( کە ) ، خۆی لە بنەڕەتدا لە ( DS ) دایە جێکەوتەی ( comp ) پڕ دەکاتەوە ، هاوکات پڕکردنەوەی جێکەوتەی ( comp ) ، کە ( C° ) ( کە ) و واژەی مەرجی ( ئەگەر ) ، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی مەرجی ، سەلمێنەری بوونی جیکەوتەی ( comp ) ە لە زمانی کوردیدا ( بڕوانە١٣٣ ، ١٣٤ ) :

**(١٣٣)** من خەوتم ، {comp کە } تۆ ڕۆشتیت.

**(١٣٤)** من نارۆم { copm ئەگەر } تۆ نەخەویت.

هەروەها یاسای گواستنەوەی ( ناکردن ، کە خۆی لە خۆیدا کردەیەکی زمانەوانییە ، جگەلە ئەرکی سەرەکی ، کە جێبەجێکردن و بەرپەچدانەوەی بەشێکی ڕستە یان هەموو ڕستەکەیە )(ڕەسوڵ :١٩٩١ : ٧ ) .

ئەم پرۆسەیەش وابەستەی مەودای کردارە لە زمانی کوردیدا ، چونکە جێکەوتەکانی کردار چەسپاون و ، هاوکات ئەو کەرەستانەش ئەم جێکەوتەیە پڕدەکەنەوە ، کەرەستەی فەرهەنگین ( مەحوی :٢٠٠١ : ٦٦ ) .

لە بەرئەوەی مۆرفیمەکانی ناکردنی ( نە ، نا ، مە ، نی ،... هتد ) لە ئاستی ( DS ) ڕستەکەدا دەهێنرێن. دەخرێنە جێکەوتەی کات و کردار ، واتای ( کات ونەرێ ) یش دەبەخشن. ئەمەش دەیسەلمێنێت ، کە پرۆسەی گواستنەوەی ناکردن لە زمانی کوردیدا نییە ( قادر :٢٠٠٨ : ٢٥ ) ( بڕوانە١٣٥ ، ١٣٦ ، ١٣٧ ):

**(١٣٥)** ئەو کاری بەجێ ناکات.

**(١٣٦)** ئەو کاری نابەجێ دەکات

**(١٣٧)** ئەو کاری نابەجێ ناکات.

ماوە ئاماژە بە یاسای گواستنەوەی باسمەند و یاسای قرناندن بدەین ، کەئەمانە ئەو گواستنەوانەن ، کە لە زمانی کوردیدا بەدیدەکرێن.

گواستنەوەی بە لوتکەکردن ( Topicaliaztion ) ، کە جۆرێکە لە گواستنەوەی پیاهەڵواسین ( adjunction ) . لەم دیاردەیەدا ، هەندێک لە کەرەستەکانی ڕستەیەک بەهۆی هاونیشانەکردنەوە

(پێکهاتوویەکی نیشانەکراو Marked Construction ) وەک لوتکەیەک ( Topic ) هەڵدەبژێرێت(280: 1993: Trask ) ، ( محەمەد : ٢٠٠٩ : ٢٥٩ ) .

ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا بریتییە لە وەی ، کە دروستەیەک دەجولێنرێت و دەهێنرێتەوە پێشەوە ، بۆیە ئەرکەکەی وەکو ( theme ) ێک وایە.

کەواتە ڕیزبوونی زمانی کوردی ، کە ( sov ) یە بەپێی مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێت ، بەمەرجێک کار لە واتای ڕستەکە نەکات ، بە نموونە دەکرێت بەرکاری ڕستەکە بە ڕێگای ( Topicalization ) بەپێی یاسایەکی گواستنەوە بخرێتە سەرەتای ڕستەکەوە ( علی :١٩٩٨ : ١٢ ) .

هاوکات لە شوێنی بەتاڵی بەرکارەکەش ( trace ) ێک بە جێدەهێڵێرێت و لە گەڵ ئەو کەرەستەیەی کە هێنراوەتە پێشەوە هاونیشانە دەکرێت.

کەواتە باسمەند گواستنەوەیەکی سەرپشکییە و ئاخێوەر تاک لایەنانە دروستی دەکات ، بەڵام لە سەر سیستمی گواستنەوەی خورتی زمانەکە. بڕوانە ( ١٣٨ ) :

**(١٣٨)** سێوەکان ، من خواردمن.

لە ( ١٣٨ ) دا بەلایی ( من ) ەوە سێوەکان باسەکەیە ، کەواتە باسمەند لە زمانی کوردیدا لە چەپەوە بۆ ڕاستەو هەروەها هەموو گواستنەوەیەک لە زمانی کوردیدا دەبێت نیشانەکەی لە شوێنی دابنێین ، کەئەمەش ڕێککەوتن ( agreement ) دروستی دەکات.

باسمەند دوو جۆرە :

أ- باسمەندی ئارگومێنت.

ب-باسمەندی نائارگومێنت.

أ- باسمەندی ئارگومێنت : کەرەستە بنەڕەتییەکان یاخود خورتییەکانن.

ب- باسمەندی نائاگۆمێنت : کەرەستە نابنەڕەتییەکان یاخود سەر پشکییەکانن.

لە باسمەندی ئارگۆمێنت ، کە باسامەندکردنی بەرکارە ( y ) ەکە تەواوکەرە ، هەروەها بەرکار کەرەستەیەکی دۆخ وەگرە بۆیە ، ناتوانین بیجولێنین مەگەر بەهۆی ڕێککەوتنەوە تاوکو دۆخ وەرگرێت.بڕوانە ( ١٣٩ ) :

(١٣٩) أ- ) من ئێوەم بینی
V O S

ب- ) ئێوە من بینمن .
I j j i

کەواتە کاتێک گواستنەوەی ئارگۆمێنت ڕوودەدات و بەرکار دیتە پێشەوە ، بەوەش مەرجی هاوسێیەتی لە گەڵ کردار تێکدەچێت و لێی دوور دەکەوێتەوە بۆیە سینتاکس بەهۆی هاونیشانە کردنەوە بەرکارەکە بەکردارەکەوە دبەستێتەوە و لە و ڕێگایەوە دۆخی ڕێزمانی پێدەدات و هاوکات هاتنە پێشەوەی بەرکاریش ، لە ڕووی واتا وەپەیوەستەبەمەبەستی قسەکەرەوە ، کەلە ڕێی گواستنەوە دەیەوێت جەخت لە سەر گرنگی بەرکارە هێنراوە پێشەوەکە بکات ، هەروەها زمانی کوردی سەرکۆتاییە و ئاڕاستەی پێدانی دۆخ لە چەپەوە بۆ ڕاستە ، لە بەرئەوەی کاتێک سەری ڕێزمانی فریزێکی ڕستەکە بهێنرێتە پێشەوە بۆ ( them ) ئەوا چونکە ئاڕاستەی پێدانی دۆخ گۆڕاوە تەواوکەرەکەشی بێدۆخ دەمێنێتەوە ، بۆیە لەم کاتەدا دەبێت هاونیشانە بکرێت ، بڕوانە ( ١٤٠ ) :

(١٤٠) أ- ) دەستی من شکان.
ئاڕاستەی حوکمکردن و دۆخ پێدان

ب- ) **من** دەستم شکا.
i i

( ب ) باسمەندی نائارگۆمێنت : ( PP ) ی یەکێک نییە لە ئارگۆمێنتەکانی کردار ، ئەگەر چی لە ناو بەشی کرداردا ڕوودەدات ، بەڵام ئازادانە جیگۆرکێی دەکات ، چونکە دۆخی نییە ، بۆیە کاتێک دەکرێ بە ( theme ) هاونیشانە ناکرێت ، بەلام ( PP ) ییە تەواوکەرەکان کە دۆخیان هەیە ناگرێتەوە ، چونکە ئەوان بەپێی ئەو جێگەوتەیەی لە تەنیشیتی کردارەوە گرتویانە دۆخ وەردەگرن و ناشتوانرێت بگوێزرێتەوە ( بڕوانە١٤١-١٤٢ ) :

(١٤١) أ- ) کەریم نۆکەڵە لە سەیتەرەی بانی مەقان شەهید کرا.

ب- ) لە سەیتەرەی بانی مەقان کەریم نۆکەڵە شەهید کرا.

(١٤٢) أ- ) من بەشەڕەکەم زانیی.

ب- ) * بەشەڕەکە من زانیم

لە ( ١٤٢-أ ) دا ( PP ) تەواوکەرە و دۆخی هەیە ، بەڵام لە ( ١٤٢-ب ) دا ( PP ) هاونیشانە ناکرێت ، بۆیە ناگوێزرێتەوە لە بەرئەوەی شتێک نییە جێگەی بگرێتەوە وەک هاونیشانە کردن.

هاوکات ئاوەڵکردارەکانیش وەک فریزە پێشناوییە بیدۆخیەکان ( هەڵواسراوەکان ) ئازادانە دەتوانرێت بجولێنرێن و بکریت بە ( theme ) بەبێ ئەوەی ڕێککەوتن لە جێگایان دابنرێت ( بڕوانە١٤٣ ) :

**(١٤٣)** أ- ) من دوێنێ چووم بۆ زانکۆ.

ف ئاوەڵکرداری P.P

ب- ) دوێنی من چووم بۆ زانکۆ.

هەروەها یەکێکی تر لە و گواستنەوانەی ، کەلە زمانی کوردیدا هەیە ( یاسای قرتاندن ) ە ( Deletion )

ئاستی ( ss ) تەنها بەیاساکانی گواستنەوە ئەنجام نادرێت بەڵکو یاسای قرنانـدنی کەرەستەکانیش تێیدا بەشداری دەکەن ، کە ئەم کەرەستانە لە سەر ئاستی واتایی بوونی خۆیان هەیە ، بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا دەقرتێنرێن ، هەروەها ڕستەی زمانی کوردی بەتایبەت ( ڕستەی ئاوێتە ) ، زۆربەی یاساکانی قرتاندنی بەسەردا جێبەجێدەکرێت ، زۆرێک لە و کەرەستانەی ، کە لە لای ئاخێوەر لە ئاستی واتادا هەن ، لە ئاستی ڕووکەشدا واتە لە دەربڕیندا سەرپشکیانە دەقرتێنرێت ، لە زمانی کوردیدا یاسای قرتاندن ئەم جۆرانەی هەیە :

(أ) یاسایا قرتاندنی بکەر ( Subject Deletion Or Equi-Np-deletion ) زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە بکەرخراوەکان ، بکەریش کە دەرنابڕێت ( pro ) لە شوێنی دادەنرێت ( قادر :٢٠٠٨ : ٣٧-٣٨ ) ، ( بڕوانە١٤٤ ، ١٤٥ ، ١٤٦ ، ١٤٧ ) :

**(١٤٤)** أ- ) من دوێنی هاتم بۆ ماڵتان.

ب- )pro دوێنێ هاتم بۆ ماڵتان.

**(١٤٥)** أ- ) ئارام هات ، بەڵام ئارام دانەنیشت.

ب- ) ئارام هات ، بەڵام pro ) دانەنیشت.

**(١٤٦)** أ- ) خوێندکارینە باش تێبکۆشن.

ب- ) ( pro ) باش تێبکۆشن.

**(١٤٧)** أ- ) ئەرینا وەرە.

ب- ) ( pro ) وەرە.

( ب ) یاسای قرتاندنی ڕستەی لێکدراو : ( Coordination & Conjunction ) ( عەلی : ١٩٩٢ : ٤٦- ٥٧ ) .

ئەم یاسایەش دەبێتە هۆی قرتاندنی ( NP ) لەو ( VP ) ی لە ڕستەدا ( بڕوانە ١٤٨ ، ١٤٩ ) :

( ١ ) - NP

**(١٤٨)** أ- ) ئەرینا نانی خواردو ئەرینا میوەی خوارد ( DS )

ب- ) ئەرینا نان و ( pro ) میوەی خوارد ( ss )

کەواتە ئەم قرتاندنە لەپێناوی ئابوریکردندایە .

( ٢ ) - VP

**(١٤٩)** أ- ) لێزان هات بۆماڵمان پێزان هات بۆ ماڵمان ( DS )

ب- ) لێزان و پێزان هاتن بۆ ماڵمان.

( ج ) - یاسای کەلێن / شەق : ( Gapping ) : ئەم یاسایە لە بەشی دووەمی ڕستەیەکی لێکدراودا ، کەرەستەیەک دەقرتێنێت ، کە زیاتر ( کردارە ) ( قادر : ٢٠٠٨ : ٣٩ ) . بڕوانە ( ١٥٠ ) :

**(١٥٠)** أ- ) خونچە لە گەڵ مینا هات منیش هاتم لە گەڵ ئەو.

ب- ) خونچە لە گەڵ ئەو هات و منیش لە گەڵ ئەو.

( د ) - یاسای قرتاندن لە ڕستەی بەراوردا ( Comparative deletion ) : ئەمەش دوو جۆرە ، کەئەوانیش یاسای قرتاندنی تەواو ( Comparative deletion ) ، هەروەها یاسای وەچەقرتاندن ( Subdeletion ) ( سەرچاوەی پێشوو : ٤٠ ) . (بڕوانە١٥١ ، ١٥٢ ) :

**(١٥١)** أ- ) ئەم خوێندکارە هەوڵدانی زیاترە لە هەوڵدانی ئەو خوێندکارە ( DS )

ب- ) ئەم خوێندکارە هەوڵدانی زیاترە لە و خوێندکارە ( SS )

**(١٥٢)** أ- ) ئەو بەرپرسانەی ، کە ( pro ) چاوچنۆکن ، ( pro ) زۆردارن.

ب- ) بەرپرسە چاوچنۆکەکان زۆردارن.

( هـ ) - یاسای قرتاندن لە ڕستەی سەرجێناویدا ( Deletion in Relativecluase )

ڕستەی سەرجێناوی زمانی کوردی لە چەشنی ( بەستراوەیە ) بۆیە یاسای قرتاندنی بەسەردا دێت ، یاساکانیش بریتین لە :

أ- یاسای گێرانەوەوکورتکردنەوەی ڕستەی سەرجێناوی کە ئەمەش بریتییە لە پرۆسەی بەفرێزکردنی ڕستە. بڕوانە ( ١٥٣ ) .

**(١٥٣)** أ- ) ئەو خوێندکارەی ، کە pro زیرەکە ، por چالاکە ( DS )

ب- ) خوێنکاری زیرەک چالاکە ( SS )

نموونەکە دەریدەخات(ئەو خوێندکارەی ، کە por زیرەکە ) . کورتکراوەتەوە بۆ فریزی ( خوێندکاری زیرەک ) ، کەواتە پرۆسەی بە فرێزکردنی ڕستە جێبەجێکراوە.

( ب ) یاسای قرتاندنی ڕستەی سەرجێناوی لێرەدا جێناوەکەی ڕستەی سەرجێناو ، کە لە گەڵ ناوی ڕستە سەرجێناوەکەیە لادەبرێت دەشکرێ ئەم قرتاندنە بەوەچەقرتاندن دابنرێت ، بۆ نموونەی ئەم جۆرە قرتاندنە (بڕوانە ١٥٢ ) :

( پ ) یاسای قرتاتدنی پارتیکلی تەواوکەرانەی ( کە ) ومەرجی ( ئەگەر ) لە سەر ڕستەی سەرجیناویدا.

لە زمانی کوردیدا ، چونکە جێکەوتە ( comp ) هەردوو پارتیکیلی تەواوکەر و مەرجی ( کە/ئەگەر ) پردەبێتەوە ، ئاساییە لە ڕستەدا سەرپشکیانە بقرتێنێت یاخود بهێڵێرێتەوە ، چونکە هیچ ناوەرۆکێکی سێمانتیکیان نییە ( بڕوانە١٥٤-١٥٥ ) :

**(١٥٤)** قوڕبەسەر ئەو دوژمنەی ، pro هیوای بە بەندیخانەیە.

(١٥٥) ~~comp~~ ئەگەر} بخوێنیت ، por دەردەچێت (مەحوی :٢٠٠١ : ٣٢٩ ) ، ( قادر :٢٠٠٨ : ٣٩-٤٢ ) .

# بەشی سێیەم

## سێمانتیکی وشەی پرس

# بەشی سێیەم

# سێمانتیکی وشەی پرس

## ١/٣/ پاری یەکەم : فەرهەنگ و ئاستی وشەسازی

### ١-١/٣ ) فەرهەنگ و فەرهەنگی ئاوەزیی

لە بەرئەوەی باگراوەندی کۆزانیاریی ئێمە فەرهەنگە ، زمانی مرۆڤ ( فەرهەنگ و ڕێزمان ) ە ، بە ڕێزمان و فەرهەنگ زمان تەواو دەکەن ، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین ، کە فەرهەنگ و فەرهەنگی ئاوەزیی بناسێنین ، سەرەتا ئاماژە بەوە دەدەین ، کە فەرهەنگ : وەک گەنجینەیەک وایە بۆ هەڵگرتنی وشەکانی زمان ، هەر لە (ڕێگای فەرهەنگەوە دەتوانرێت زمان لە فەوتان و لە ناوچون بپارێزرێت ، ئەمە مەبەست لە وشەنامە ( dictionary ) یە ، کە تەنها لە وشە و واتا دەکۆڵێتەوە ، لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە زاراوەی فەرهەنگ چەند زاراوەیەکی تریش بەکارهێنراون ، وەک قاموس ، فەرهەنگۆکە ، وشەنامە ) ( محمد ، ٢٠٠٩ : ٦ ) ، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە تیشک بخەینە سەری ، ( فەرهەنگ ) ( Lexicon )ە لە لایەن ( Frankih and Emmory ) ەوە ، پێناسەی فەرهەنگی ئاوەزیی وەک داڕشتەیەکی زمانی کراوە ، کە هەموو زانیارییە ( سیمنانتیکی و سینتاکسی ، فۆنۆلۆژی ) یەکان لە خۆدەگرێت ، کە ئاخێوەران دەربارەی هەر تاکە وشەیەک یاخود تاکە مۆرفیمێک هەیانە ) ( Sripada :2008 :181 ) ، ( ئیبراهیم : ٢٠١٩ :١١ ) .

فەرهەنگ دەروازەی کۆزانیاریی/ مەعریفی ( knowlalge ) زمانی مرۆڤە ، کە تێدا زانیاریی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی و سێمانتیکی هەڵگیراون ، هاوکات ئەو کەرەستانەی کە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون بە نیشانەکانەوە هەڵگیراون ( ئەحمەد : ٢٠١٥ : ٣٨ ) لە ڕێی بوونی ئەو زانیارییانەوە ئاخێوەری هەموو زمانێک دروستەی دروست و نادروست دەناسێتەوە ، چونکە زانیارییە سینتاکسی و سێمانتیکیەکان لە فەرهەنگی مێشکی ئاخێوەرانی زمانێکدا تۆمارکراون ( مەعروف : ٢٠١٤ : ٩١ ) . بۆناونانی ئەو کەرەستانەی ، کەلە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن ، هەریەک لە زاراوەکانی ( لێما ، لێکسیم ، لێستم ) بەکارهاتوون ( حسەین :٢٠٠٩ : ١٢٨ ) .

( فەرهەنگی ئاوەزی ، کە وشەنامەی ناو مێشکە ، سەرچاوەی زانینە و تێیدا ، زانیاریی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی ، سینتاکسی ، سێمانتیکی ) هەڵگیراون(مەحوی : ٢٠٠٦ : ١٢ ) .

فەرهەنگ ( Lexicon ) پێشخانی کۆزانیاریی زمانی مرۆڤ ، کە زانیارییە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سێمانتیکیەکان هەڵگیراون و ئاخێوەری زمان لە قسەکردندا ئەو زانیارییانە بۆپێوەندیکردن بەرکاردەهێنێت ( مەعروف : ٢٠٢٠ : ٧ ) .

کەواتە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر پێکهاتەیەکی زمان پێویستە لە فەرهەنگەوە دەست پێبکەین ، چونکە فەرهەنگ ، کە مەبەست لێی ( فەرهەنگی ئاوەزیی ) ( Mental lexion ) یە ، سەرچاوەی مەعریفی ئاخێوەری زمانە ، کە تێیدا ، لە کەرەستە پێکێهنەرەکانیدا زانیاریی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتاییەکان هەڵگیراون فەرهەنگ لە ڕێی زمانەوە زانیارییەکانی ناوەوەی دەخاتە ڕوو ، بۆیە ئەگەرچی فەرهەنگ سەرچاوەی زانیاریی مرۆڤە ، بەڵام بەبێ ڕێزمان هیچ نواندنێکی نییە ، هەروەها ئاماژەیە بۆ مێشکی قسەکەر ، کە سەرجەم زانیارییە دەنگ و ڕستەیی و وشەیی و واتاییەکانی تێیدا پارێزاروە.

## ٢-١/٣ ) ئاستی مۆرفۆلۆژی و وشە : چەمک و پەسنکردن

### یەکەم : مۆرفۆلۆژی :

لە ڕووی زاراوەوە" مۆرفۆلۆژی ( علم الصرف ) ( Morphology ) لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە لە ( morphe- شێوە ، فۆرم ) ، ( logs ) - زانست ، لێکۆڵینەوە پێکهاتووە " ( مارف :١٩٧٩ : ٤ ) .

شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژی دەبێت ئەم ئەرکانە جێبەجێبکات ، دەستنیشانکردنی مۆرفیمەکان ودەستنیشانکردنی ئەو یاسایانەی ئەم مۆرفیمانە لێک دەداتەوە ، بۆ دارشتنی وشەکان ( ئەمین : ٢٠١١ : ١٤ ) .

"مۆرفۆلۆژی هەوڵ دەدات لایەنە جیاجیاکانی مۆرفیمەکان بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و دەرخستنی تایبەتمەندی و خستنەڕووی جۆرە جیاوازەکانی مۆرفیمەکان" ( مستەفا : ٢٠١٣ : ٢٠ ) .

**مۆرفۆلۆژی :** " بریتییە لە ئاستی وشە و مۆرفیم ، کە پێکهاتەی ڕستەسازی پێکدەهێنن " ، ( شوانی :٢٠١٤ : ١٣ ) .

مۆرفۆلۆژی " مامەڵە لەگەڵ دروستەی ناوەوەی فۆڕمی وشەکاندا دەکات" ( محەمەد : ٢٠١٩ : ٧ ) .

مۆرفۆلۆژی بریتییە لەڕۆنانی ناوەوەی وشە واتە ئەو زانستەیە ، کە لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵیتەوە و ، پەسنیان دەکات ، کەواتە لێکۆڵینەوە لە لایەنە جیاجیاکانی وشەکان ، کاری ئەو لقەی زانستی زمانە ، کە پێی دەوترێت وشەسازیی ، وشەش لە مۆرفیمێک یان زیاتر پێک دێت ، کەواتە کەرەستەی بنیاتنانی مۆرفۆلۆژی ( مۆرفیم و وشە ) یە ، مۆرفۆلۆژی یەکێکە لە دەوڵەمەندکەرانی فەرهەنگی زمان و تەواوکەری فەرهەنگی زمانە ، هەروەها لە سینتاکسیشدا ئەرکی وشەشکاندنەوە

بەرهەمدەهێنێت ، هاوکات ئەو وشە نوێیەی ، کە بە واتایی نوێوە بەرهەمدەهێنێت کەلێنی فەرهەنگی پڕدەکاتەوە ، مۆرفۆلۆژی " ئەو زانستەیە ، کەلە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان و ، ئەو یاسایانەی کە وشەکانی لێ دروستبووە دەکۆڵێتەوە " ( مستەفا :٢٠١٩ : ١٩ ) .

کەواتە ئاستی مۆرفۆلۆژی : کەلقێکە لە لقەکانی زانستی زمان ، ئەرکی دەستنیشانکردنی مۆرفیمەکان و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە لە لایەنە جیاجیاکانی وشەو مۆرفیمەکانە ، هاوکات ئەو یاسایانە دەستنیشان دەکات ، کەئەم مۆرفیمانە دەخەنە پاڵ یەک.

**دووەم وشە : زمانەوانان چەند پیناسەیەکی جیاجیان بۆ وشە خستۆتەڕوو :**

( وشە لە مۆرفێم پێکهاتووە ) ( مارف : ١٩٧٧ : ٢٥ ) .

زمانەوانی ڕوسی شێربا پێیوایە پێناسەی وشە دەبێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بگۆڕێت ، چونکە پێیوایە وشە وەکو ئەو دیاردە زمانییانە نییە لە هەموو زمانێکدا بەیەک شێوە ڕەفتار بکات (فتاح :١٩٩٠ : ٩٠ ) .

وشە : یەکەیەکی دەربڕینە ، کە دانپێدانانێکی گەردوونی هەیە ، لە لایەن ئەو کەسانەی کە بەزمانی دایکیان قسەدەکەن ، لە هەردوو زمانی قسەکردن و نوسیندا ، هەرچەندە قورسە ، کە تێبگەین ، لە بەرکارهێنانێکی تەواوی ئەو چەمکە ، لە پێوەندی بە کەتەگۆڕییەکانی تری زمانەوە ، لە ڕووی بەراوردکردنی زمانەکان ، لە پێوەندی بەجۆرە جیاوازەکانی دروستەکانیانەوە ، ئەم کێشانە بەشێوەیەکی سەرەکی پێوەندیان بەپێناسەی وشەکانەوە هەیە ، بەنموونە هەندێکیان پێوەندیان بە چوارچێوەی وشەکەوە هەیە ، وەکو یەک وشە یاخود وەکو دوو وشە دەنوسرێت ، بۆ نموونەی ( Washing machine ) . لێرەدا وەکو دوو وشە نوسراوە ( Washing-machine ) . لێرەدا وەکو یەک وشە نوسراوە یان پێوەندی بە گرنگی وشەکەوە جۆری وشەکەوە هەیە ، کە ئایا لیکسیکییە یان گراماتیکییە بۆنموونە وشەی ( the ) هەمان گرنگی وشەی ( chair ) ی هەیە ( Crystal:2008 :521-522 ) .

وشە :" هەردانەیەکی سەربەخۆلە زماندا بتوانێت ( لە هەندێ بیئەدا ) دەوری ڕستەیەکی تەواو بگێرێت" ( ئەمین :٢٠٠٩ : ٣٦٤ ) .

وشە دروستەی ( structure ) ی هەیەو ژمارەیەکیش لە وشەکان لە یەکچوونی کەمەکیی-فۆڕم-واتا نیشان دەدەن ( مەحوی : ٢٠١٠ : ٧ ) .

وشە یەکەیەکی لە بارە بۆ جێگۆڕکێ لە ڕستەدا و لە ڕێی وەستان و پشوی سەر پشکییەوە لە دەربڕاوێکدا بە تەنها جیادەکرێتەوە ( مەحوی : ٢٠٠٩ : ٢٣٤ ) .

لە سیستەمی لیکسیکی زماندا ، سەرەکیترین دانەن ، سەنتەری ئیلمێنتە زمانییەکانن ، هەر لە وێشدا کۆنکرێت دەکرێن و فرێز ورستەشیان لێ ساز دەبێت ( صدیق :٢٠٢٠ : ١ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە وشە دەناسێنێت :

وشە : یەکەیەکی دەربڕینە ، کە دروستەی هەیە ، توانای جێگۆرکێکردنی ، هەیە لە ڕستەدا ، هاوبەشی سیستەماتیکی پێکهاتە زمانییەکان لە نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا دەکرێتە خاڵی دەستپێکی لێکۆڵینەوە لە وشە*.

## ٣-١/٣ ) جۆرەکانی وشە لە ڕووی واتاوە

وشەی لە ڕووی واتا وە دابەش دەبێت ، بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە :

أ. وشەی فەرهەنگی . ب.وشەی ئەرکی .

( أ ) وشەی فەرهەنگی : ئەو جۆرە وشانەن ، کە لە فەرهەنگدا فۆرم و واتای سەربەخۆیان هەیە.

( ب ) وشەیی ئەرکی : ئەو وشانەن کە لە فەرهەنگدا فۆرم و واتای سەربەخۆیان نییە ، بەڵکو واتایان لە ڕووی ئەرکەوە دەردەکەوێت بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەم جۆرە لە دابەشبوونی وشە ، بڕوانە ئەم سەرچاوانە : ( وەهبی : ١٩٢٩ : ٢٦-٢٧ ) ، ( ئەمین :١٩٦٠ : ٢٢-٢٩ ) ، ( ئەحمەد :١٩٩٠ : ٣١-٣٥ ) ، ( عەلی : ٢٠١٠ : ٣٢٠- ٣٢٤ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە جۆرێکی تر لە دابەشبوونی وشە لە ڕووی واتا وە دەخاتەڕوو ، هەرچەندە لە هەندێ سەرچاوەدا ( ئامرازی ) ** ، بۆبەکارهاتووە ، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا وشەو مۆرفیمی بۆ بەرکاردەهێنرێت ، کەواتە ئەو وشانەی لە ڕووی واتاوە، لێرەدا دەخرێنە ڕوو ، کە بریتین لە :

١. وشەی سەرسوڕمان
٢. وشەی پرس.

---

* بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، وشە پرسەکان لەڕووی واتا وە خراونەتە ڕوو هەریەک لەو وشە پرسەکان لەڕووی واتا وە روونکراوەتەوە. بڕوانە( ٣-١/٣).

لە زمانی کوردیدا وشەی سادە بەزۆری ئەو وشە یەک مۆرفیانە دەگرێتەوە، کە سەر بە(NP)بن، یان دەتوانن ئەرکی ناو ببینن، وەک( ناو، جێناو، ئاوەڵناو...هتد).

** تێکەڵکردنی وشەو ئامراز گرفت بۆ دەستنیشانکردنی هێز دروست دەکات، ڕەنگە تویژەر بەرەو ڕێچەوتی ببات(وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٦: ٨).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، وشەی بەکارهێنراوە ، چونکە وشەمان پیباشتر بووە وەکو دانەیەکی ناو فەرهەنگ ، هەموو وشە پرسەکان بە ئامادەکراوی لە فەرهەنگدا هەن.

هەروەها لەزمانی ئینگلیزیشدا وشەی پرسی( question word ) ی بۆ بەکارهێنراوە، بەڵام بۆ ئامرازی(Conjuction)ی بۆبەکارهێنراوە. هەروەها(Articla)یشی بۆ بەکارهاتووە(لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕیزانیارییکورد:٢٠١١: ٢٧٤).

لەم **لێکۆڵینەوەیەدا** لەبری(ئامراز) وشە بەکاردەهێنرێت چونکە ئامراز بەشێکە لەبەشەکانی ئاخاوتن و کۆمەڵە دەنگێکی واتادارە، بەڵام بەتەنها ئەم واتایانە وەرناگرێت. بەڵکو لە ڕستەدا لە ڕێی وشەکانی ڕستەوە ڕوون دەبنەوە وەک( بۆ، بەڵام، نەک، نەوەک، ئەنجا، هەم، جگە، چونکە ).(فەخری، موکریانی: ١٩٧٤: ١٩٣).

## ١/٣-٣-١ ) وشەی سەرسوڕمان :

وشەی سەرسوڕمان ئەو وشانەن ، کاتێک قسەکەر شتێکی نەزانراو و شاراوەی بۆ ئاشکرا دەبێت دەریان دەبڕێت ، بەکارهێنانی ئەم وشانە لە ڕستەدا دەبێتە هۆی ڕامان و سەرسوڕمان ، کە وشە سەرسوڕمانەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەبن : ( حەمە غەریب : ٢٠٠٨ : ٨٤ ) ، ( فتاح : ٢٠١١ : ٣١ ) .

أ- ) ئەو جۆرەی ، کە قسەکەر ، هەستی خۆشی خۆی بەرانبەر دەوروبەری دەردەبڕێت ، ( ئۆخەی ، ئۆهـ ، ، وەی ، وای ، بەهـ بەهـ ) ( بڕوانە١٥٦ ) :

**(١٥٦)** أ-) ئۆخەی ، بەیەکەم دەرچووم !.

ب- ) وەی ، لە و جوانییە!

پ- ) بەهـ بەهـ ، چەند شیرینە !

ب- ) ئەو وشانەی ، کە بۆباری ناخۆشی بەکاردێت ، لە م جۆرەدا قسەکەر هەستی ناخۆشی خۆی بەرانبەر دەوروبەر دەردەبڕێت ، وەک وشەکانی ( ئاخ ، هەیها ، پەکوو ، پەکوف ، پیح ، پەح ، پێح ، تەح ، ئەک ، هەو ، ئای ، چش ، ئۆف ) . واتە لێرەدا قسەکەر ئەو پەڕی نارەزایی خۆی دەربارەی توخمی مەبەستەکەی دەردەبڕێت ( ڕەسوڵ :٢٠١٥ : ١٤٩ ) ( بڕوانە ١٥٧ ) :

**( ١٥٧ )** أ- ) ئاخ ، چەند ماندوو بووم!

ب- ) پەکوو ، لە و کردەوە نابەجێیە!

پ- ) ئۆف ، چەند ئازارم هەیە !.

وشەکانی ( پەح ، پێح ، پیح ) ئەگەر چی لە ڕووی واتا وە یەک واتایان هەیە ، بەڵام جیاوازی فۆنەتیکی لە نێوانیاندا هەیە.

## ١/٣-٣-٢ ) وشەی پرس.

هەندێک جار پرسیارکردن لە ڕێگەی وشەی پرسەوە دەبێت ، وشەی پرس بریتین لە کۆمەڵێک وشە بەمەبەستی پرسیارکردن بەکاردەهێنرێن و هەریەک لە و وشە پرسانە بۆمەبەستێکی جیاواز پرسیاریان پێدەکرێت ، هاوکات ئەم وشانە بەشداری لە دروستکردنی ڕستەی پرسیاریدا دەکەن ، بەشێکی گرنگن لە ڕستەی پرسیارییە .

لێرەدا پێویستە* ئاماژە بەوە بکەین کە وشە پرسەکان بەشداری لە دروستکردنی پرسیاری تایبەتدا دەکەن ، بەڵام دەربڕاوی ( ئایا ) لە گەڵ ڕستەی پرسیاری گشتیدا دێت ، دەشکرێت بەکار نەهێنرێت ، ژمارەی وشە پرسەکان بەپێی زارە جیاجیاکانی زمانی کوردی زۆرن ، بەڵام ئەو مەبەستانەی بۆی بەکاردێت دیاریکراون ، بەواتایەکی تر ، هەر زارە کۆمەڵێک وشە بۆ پرس بەکاردەهێنێت ، کە هاوواتا و مەبەستن ( ئەلۆمۆرف ) ن جگە لە وشەی هاوبەش لە نێوانیاندا (عەلی :٢٠١١ :٣٩ ) و ( سالح : ٢٠١٧ : ٨٧-٨٨ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە وشەی پرس بەم شێوەیە دەناسێنێت ، وشەی پرس : لە زمانی کوردیدا ، ئەو وشانەن ، کە تایبەتن بەپرسیارەوە بەواتای ئەوەی قسەکەر بەهۆی ئەم وشە پرسانەوە ، دەتوانێت ، کەلێنێک یاخود چەند کەلێنێک لە زانیاریی خۆی بەرانبەر بەدیاردەیەک پڕ بکاتەوە ، کەواتە وشەی پرس ئەو کۆمەڵە وشانەن ، کە ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی ڕستەی پرسیاریدا.

مۆرفیم و وشە پرسەکانی زمانی کوردی ئەمانەن : " چۆن ، بۆ ، چ ، چی ، بۆچ ، بۆچی ، لە بەرچی ، ، کێ ، هی کێ ، جا ، چ کاتێ ، کەینێ ، کوێ ، لە کوێ ، بۆکوێ ، تاکوێ ، چەند ، بەچەند ، کام ، کامە ، کوا ، کوانێ ، ئاخۆ ، ئایا ، ئەرێ... هتد" ( عەزیز :٢٠٠٨ : ٤٧ ) ، ( ئیبراهیم :١٤٤٧ : ١٧ )

بۆچی* : بۆ پرسیارکردن لە هۆکار بەکاردێت : ( بڕوانە ١٥٨ ) .

( ١٥٨ ) بۆچی بێزارن لە زمانی کوردیم؟

---

* لەڕستەی پرسیاری تایبەتی بەپێی ڕۆڵی واتایی کارەکان وئەو جێکەوتانەی کە وەریاندەگرن، لەگەڵ ڕستەی بنچی زمانەکەدا وەکو یەکن، بە واتای کاری ڕستەکە حوکم دەکەنە سەر ئەرکی سینتاکسی ئەو جێکەوتانەی، کە لە گەڵیدا دەردەکەون هاوکات وشەکانی پرسیاریش وەک فریزێکی پرسیاری دەبنە پێکهێنەرێکی سەرەکی و ناسەرەکی لەڕستەکەدا، هێزی برگەی ئاوەزدار یان دەکەوێتە سەر بەپێی ئەو بەشەی یان فریزەی کە پرسیاریان پێدەکرێت، واتە هەمان ئەرکی ئەو جێکەوتەیە دەبینن لە پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەکەدا.
وەک ئەرکی (بکەر، بەرکار، دیارخەر، تەواوکەر، سەربار، ئاوەڵکار) . بڕوانە (أبو بکر عومەر:١٩٩٣: ٤١-٥١).
* (بۆچی) وەڵامی ئەم وشە پرسە جیاوازە لە وشە پرسەکانی تر ئەگەر چی وشەکە وشەیەکی فەرهەنگیە، بەڵام (بۆچی) پرسیار لە بیرۆکەیەیک دەکات ، کەڕەنگە لە وەڵامدا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر بێت، هەروەها کاتێک پرسیار بە وشەی (بۆچی) دەکرێت لە وەڵامدا پێویستی بە وشەی (چونکە)، یان (لەبەرئەوەی) هەیە، دواتربەدوایدا وەڵامەکە تەواو دەکرێت، بەهەمان شێوەش لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (why) هەیە، کە بە واتای بۆچی دێت بۆ پرسیارکردن لە هۆکار بەکاردێت، ئەم وشە پرسەی زمانی ئینگلیزی جیاوازە لە وشە پرسەکانی تر، لەوەڵامدا پێویستی بە وشەی (becouse) هەیە واتا (لەبەرئەوەی)
تۆ بۆچی نەچویت بۆ قوتابخانە؟ -Why did not you go to school?
من نەچووم بۆ قوتابخانە چونکە نەخۆشبووم. -I didn’t go to school because I was sick.
هەروەها زۆر جار لەکاتی دەربڕیندا تەنها ئامڕازی (بۆ) بەکاردێت، هەمان واتای (بۆچی) دەگەیەنێت.
- بۆ ناخوێنیت؟

- چ : بۆ دەستنیشانکردن یان هەڵبژاردن بەکاردێت ( بڕوانە ١٥٩ ) :

( ١٥٩ ) چ کتێبێکت دەوێت؟

-چی : بۆ پرسیارکردن لە شت بەکاردێت ( بڕوانە ١٦٠ ) :

( ١٦٠ ) چی دەخۆیت؟

- کێ : بۆ پرسیارکردن لە کەس بەکاردێت ( بڕوانە ١٦١ ) :

- ( ١٦١ ) کێ خواردی؟

- هی کێ : بۆ پرسیارکردن لە خاوەنداریێتی بەکاردێت : ( بڕوانە ١٦٢ )

( ١٦٢ ) ئەم پێنووسە هی کێیە؟

- کەی : بۆ پرسیارکردن لە کات بەکاردێت ( بڕوانە ١٦٣ )

( ١٦٣ ) کەی دەڕۆیت بۆ زانکۆ؟ .

- کوێ : بۆ پرسیارکردن لە شوێن بەکاردێت ( بڕوانە ١٦٤ )

( ١٦٤ ) کوێت پێخۆشە؟

چەند* : بۆ پرسیارکردن لە چەندێتی بەکاردێت ( بڕوانە١٦٥ )

( ١٦٥ ) - أ ) چەند رۆژ مایتەوە ؟

- ب ) چەند دینارت پێداوە؟

- کام : بۆ هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت ( بڕوانە١٦٦ ) :

( ١٦٦ ) کام گوڵەت لا پەسەندە؟

- کوا : بۆ پرسیارکردن لە کەس و دۆزینەوەی شت بەکاردێت ( بڕوانە١٦٧ ) :

( ١٦٧ ) -أ ) کوا ئەرینا ؟

---

* لە زمانی کوردیدا ناوەکە چ بژمێرییێت یاخود نەژمێرییێت چەند بەکاردێت بۆ پرسیارکردن لەچەندێتی ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا (Howmany) بۆ بژمێر، (Howmuch) بۆ نەژمێرە.

-Howmany pens do you have? چەند قەڵەمت هەیە؟

- Howmuch money do you need?چەند پارەت پێویستە؟

-ب ) کوا گۆڤارەکەم؟

-جا : لە سەرەتای ڕستەی پرسیاری تایبەتدا دێت ( قادر :١٩٩٣ : ٣٨ ) *

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیوایە مۆرفیمی ( جا ) ، کەلە ڕستەی پرسیاری تایبەتید دێت ، ئەگەر پرسیارەکە بەهۆی ئاوازە نەبوو ، ئەوا دەبێت یەکێک لە وشە پرسەکانی لە گەڵدا بێت و هەمیشە دەکەوێتە پێش وشەی پرسەکەوە(بڕوانە ١٦٨ ، ١٦٩ ) :

( ١٦٨ ) - أ ) جا چی دەبێت؟

ب- ) جا کەی ڕۆشت؟

پ- ) جا چۆن هاتی ؟.

ت- ) جا کوا بڕوا ؟

ج- ) جا چ دەبێت ؟

چ- ) جا چەندی کرد ؟

( ١٦٩ ) جا ڕۆشتیت ؟ ( ئاوازە )

( ١٦٨ ) دەبینی پرسیارەکە بەهۆی ئاوازەوە نییە ، بۆیە یەکێک لە وشە پرسەکان لە گەڵ مۆرفیمی ( جا ) هاتووە ، ئەگەر تێبینی بکەین هەمیشە دەکەوێتە پێش وشە پرسەکەوە ، بەڵام لە ڕستەی ( ١٦٩ ) دا پرسیارەکە بەهۆی ئاوازەوەیە ، هیچ وشەیەکی پرس لە ڕستەکەدا نییە.

- چۆن : بەکاردێت بۆ پرسیارکردن لە چۆنێتی! ( بڕوانە١٧٠ ) :

( ١٧٠ ) -أ ) چۆن بوویت لە تاقیکردنەوەکە ؟

ب- ) چۆن دۆستایەتی وا دەبێت؟

پ- ) چۆن پیاوێکە؟

- ( ئاخۆ ، ئایا ،( ئەرێ ) ** دەربڕاوی پرسن(بڕوانە ١٧١ ، ١٧٢ ، ١٧٣ )

---

* لەم سەرچاوەیەدا باسی ڕستەی پرسیارکراوە، هەندێک لایەنی مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی خراوەتە ڕوو ، بەڵام ئاماژە بەلایەنی واتایی نەکراوە، بەڕوونی ،هەروەها زۆر لایەنی گرنگی سینتاکسیش ئاماژەی پێنەکراوە.

** ئەم دەربڕاوە لەهەندێک زاردا بەواتای (بەڵێ) دێت بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا .

( ١٧١ ) -أ ) **ئاخـۆ** دەبێ لە **کوێ** بن؟

ب- ) ئاخۆ دەبێ بێتەوە؟

( ١٧٢ ) -أ ) ئایا لێزان لە کوێیە؟

ب- ) ئایا لێزان تاقیکردنەوەی ئەنجامدا؟

( ١٧٣ ) -أ ) ئەرێ پێزان لە کوێ بوو؟

ب- ) ئەرێ دیسان کارەبا بڕا؟

لە ڕستەی ( ١٧١-أ ) دا، دەربڕاوی ( ئاخۆ ) لە گەڵ وشەی پرسی ( لە کوێ ) ڕستە پرسیارییەکەیان دروستکردووە ، بەڵام کە ( ١٧١-ب ) دا دەربڕاوی ( ئاخۆ ) بەتەنها لە ناو ڕستەکەدایە ، پرسیارەکە دروستبووە ، هەروەها لە ( ١٧٢ ) -أ ) دا لە گەڵ دەربڕاوی ( ئایا ) وشەی پرسی ( لە کوێیە ) ڕستە پرسیارەکەیان دروستکردووە ، بەڵام لە ( ١٧٢ ) -ب ) دا بەهۆی دەربڕاوی ( ئایا ) پرسیارەکە دروستبووە، هەروەها لە ڕستەی ( ١٧٣ ) -أ ) دا لە گەڵ ئەوەی دەربڕاو ( ئەرێ ) هەیە وشەی پرسی ( لە کوێ ) لە ڕستەکەدا هەیە بوونەتە هۆی دروستبوونی ڕستە پرسەکە ، بەڵام لە ( ١٧٣ ) -ب ) بە تەنها ( ئەرێ ) پرسیارەکەی دروستکردووە.

## ٤-١/٣/ فۆڕمەکان ( کەرەستەکانی پرسیار ) لە زمانی کوردیدا *

ئەگەر چی لە ڕێزمانی چاولێکەریدا وشەی پرس وەکو کۆمەڵە وشەیەکی ئەرکی مامەڵەی لە گەڵدا کراوە ، هەروەها ** پۆلەکانی وشەی پرس ( جێناوی پرس ، ئاوەڵناوی پرس ، ئاوەڵکرداری پرس ) ن.

---

* .سەرچاوەکانی پێشوو فۆرمەکانی وشەی پرس یان کەرەستەکانی وشەی پرسیان بەم شێوەیە باسکراوە:
تۆفیق:١٩٩٥: ٢٣-٣٥) لە نامەی ماستەرەکەیدا فۆڕمی وشەی پرسی بەدوو شێوە ئاماژە کردووە کەئەوانیش( پرسیار بەهۆی هێزەوە) ،( پرسیار بەهۆی ئامرازەوە).
دزەیی:٢٠٢١: ٤٦-٤٨) بەدوو شێوە ئاماژەی پێکردووە" کە ئەوانیش( بەئامراز) ، بەئاوازە.
بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەسێ شێوە ئاماژە بۆ فۆرمەکان پرس کراوە، یان کەرەستەکانی پرس کراوە بەسێ بەشەوە ، کە ئەوانیش ، لەبری ئامراز ( وشەو مۆرفیم ) بەکارهاتووە، هۆکاری بەکارهێنانی ( وشە ) لەبری( ئامراز )پێشتر ڕوونکرایەوە، هەروەها یەکێکی تر لەفۆرمەکانی پرس ( دەستەواژە و دەربراو ) ، بەکارهێنراوە بۆزانینیزانیارییدەربارەی هۆی بەکارهێنانی بڕوانە (١/٣-٤-١)ە هاوکات هێزو ئاوازە) بەکارهێنراوە ، بۆزانیاریی دەربارەی. بڕوانە بەشی چوارەم.
** جێناوی پرس: بەو جێناوانەدەوترێت، کە پرسیار لە کەسێک یان شتێک یان کاتێک یاخود ڕووداوێک دەکەن، وەکو (کێ، چی، چۆن، کام... هتد) (ئامێدی:١٩٨٧: ٢٥٣).
کەواتە جێناوی پرس ئەو وشانەن کە لە جێی ناوی کەسێک یان شتێک لە شێوەی پرسیارکردندا بەکاردێن و ئەرکی ناوە لێپرسراوەکەش لەڕستەدا دەبینین وەک:

هاوکات لە ڕووی واتا وە هەریەکەیان واتای جیاواز دەبەخشن هەروەکو لە پێشتردا ئاماژە بۆ هەریەک لە واتاکانی وشەی پرس کرا ، دەتوانین بڵێین بەپێی جۆرەکانی واتا و دەوروبەر هەیە ( کۆنتێکست ) جگە لە و واتایانەی ئاماژەی پێکرا واتای جیاواز دەبەخشن ، لەم بەشەدا لە پاری دووەمدا بەوردی باسی هەریەک لە و وشە پرسانە دەکەین ، بەپێی جۆرەکانی واتا و دەوروبەرە ( کۆنتێکستە ) جیاوازەکان ، هاوکات پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین ، کە هەندێک لە وشە پرسەکان بەپێی دەوروبەر ( کۆنتێکست ) ، واتای پرس نادەن ، هەرچەندە وشەی پرسن ، بەڵام بۆ پرسیارکردن بەکارنەهاتوون ، بۆ مەبەستی تر بەکارهاتوون ، واتە هەندێکیان واتای پرس نادەن ، بڕوانە ( ١٧٤ ) :

( ١٧٤ ) -أ ) چۆن بوو ، لە تاقیکردنەوەکە دەرچوویت !

ب- ) چەند منداڵێکی ژیرە !

پ- ) بۆچی دیسان !

ت- ) چ شاژنی دادە زارا ! ، شەرمەندەم لە ئاستی تۆدا ، کە هیچیم نایات بەزارا !.

دەبینین لێرەدا ئەم وشە پرسانە واتای سەرسورمانیان هەیە ، چونکە پرسا چاوەڕوانی وەڵام ناکات.

یاخود زۆر جار پرسیار بۆ جەختکردنەوە یان بۆ زۆرزانی دەپرسێت.

"پرس لەبنەڕەتدا داواکاری زانیارییە لە بەرامبەرەکە لای پرسیارکەر نەزانراوە" ( دزەیی :٢٠٢٠ : ٤٥ ) .

---

- کێ دەزانێت ئەم پرسیارە وەڵامبداتەوە؟

(٢)ئاوەڵناوی پرس: ئەو ئاوەڵناوەن، کە دەخرێنە پاڵ ناوبۆ پرسیارکردن لە کەسێک یان شتێک ( ئەمین: ٢٠١٢ : ١٣٠).
واتە ئاوەڵناوی پرس هەمیشە لەگەڵ ناوێکدا بەکاردیت و وەسفی ناوەکەی پێدەکرێت و دەبێتە تەواوکەری لەشێوەی پرسیاردا وەک:

چ خوێندکارێکی زیرەک لەبەراوردا دەردەچێت؟

(٣)ئاوەڵکرداری پرس: کاتێک وشەیەکی پرس بۆ پرسیاریکردن لە چۆنێتی و هۆو کات و شوێنی کرداری ڕستەبەکارهات ئەوا دەبێ بەئاوەڵکرداری پرس ( کەی، چۆن، بۆ، کوێ، کوا) (قادر:١٩٩٣: ٥٦).
واتە وشەیەکە لەشێوەی پرسدا، وەسفی کارێک دەکات و سنورێک بۆ ڕوودانی کارەکە دادەنێت و هاوکات دەبێتە تەواوکەریشی وەک:

کەی بەهار دێت؟

هەروەها جێناو لەڕووی واتا وە دابەش دەبن بەسەر چەند جۆرێکدا ، کەوئەوانیش (جێناوی پرس،جێناوی خۆیی، جێناوی نیشانە، جێناوی چەندێتی، جێناوی هەیی، جیناوی نەفی، جێناوی هاوبەش، جێناوی دیار، جێناوی نادیار).( مارف: ٢٠١٤: ١٠١)

مەرجی ڕستەی پرس ئەوەیە ، کە دەبێت قسەکەر چاوڕێی وەڵام بکات ، چونکە ئەگەر چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد ، ئەوا مەبەستی پرسیارکردن نییە ( ڕەسوڵ :٢٠٠٦ : ٤٩ ) .

**ئەوشێوانەی یاخود ئەو فۆڕمانەی ( کەرەستانەی ) ، کەلە زمانی کوردیدا پرسیاری پێدەکرێت :-**

### ٣/١-٤-١ وشەو مۆرفیم

لێرەدا بەهۆی وشەی پرسیارەوە پرسیار دەکرێت ، یاخود بەهۆی مۆرفیمێکەوە ، هەروەها ئەو ڕستەیە ، کە بەهۆی وشە پرسەکەوە دروستدەکرێت ، کە بەوەستانێکی کورت کۆتایی دێت ونزمبوونەوەی ( Falling ) ئاوازەشی بە دواوەوەیە.

هاوکات چەند جۆرێک لە وشەی پرسیار لە زمانی کوردیدا هەیە ، وشە پرسەکان بەپێی دیالێکت و زمانی کوردی گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، هەروەها لە ( ٣/١-٣-٢ ) ئاماژەی پێکرا ، بەڵام لێرەدا باس لە و وشە پرسانە دەکەین ، کە زیاتر لە زاری ناوەڕاستدا بەرکاردەهێنرێت ، وەک ( کێ ، کوێ ، کەی ، کام ، چی ، چۆن ، چ ، کوا ...هتد ) بڕوانە ( ١٧٥ ، ١٧٦ ، ١٧٧ ، ١٧٨ ، ١٧٩ ، ١٨٠ ، ١٨١ ، ١٨٢ ) :

( ١٧٥ ) کێ وا لە ژێر زنجیرا ؟

( ١٧٦ ) خەڵکی کوێیت؟

( ١٧٧ ) کەی هاتیتەوە؟

( ١٧٨ ) کام ڕۆمانەت خوێندەوە؟

( ١٧٩ ) پێزان چی پێوتی ؟

( ١٨٠ ) چۆن هاتی بۆ ئێرە؟

( ١٨١ ) چ کاتێک وانە دەخوێنیت؟

( ١٨٢ ) ئەگەر ئاش خۆرن کەوچکتان کوا؟

### ٢-٤-١/٣ دەستەواژە ودەربڕاو :

لێرەدا بەهۆی دەستەواژە و دەربڕاوەوە پرسیاردەکرێت ، هەروەها ئەو ڕستانەی ، کە بەهۆی ئەو دەستەواژە و دەربڕوانەوە دروستدەکرێن ، جاری وا هەیە تەنها بەهۆی یەک دەربڕاوێکەوە دەبێت ، کە لە ڕستەکەدا دێت ، یاخود ئامرازێک لە گەڵ یەکێک لە وشە پرسەکاندا دێت کە ببێتە هۆی دروستکردنی ڕستەی پرسیار ( دەستەواژە دروست دەکات ) ( تاکەی ، لە کوێ، بۆکوێ ، لە چی ، بەچی ، لە کێ ، بۆکێ ، ئەرێ ، ئاخۆ ، ئایا ) . بڕوانە ( ١٨٣ ، ١٨٤ ، ١٨٥ ، ١٨٦ ، ١٨٧ ، ١٨٨ ) :

( ١٨٣ ) تاکەی* ژێر دەستی؟

( ١٨٤ ) بۆ کوێ چوون؟

( ١٨٥ ) لە کێ بپرسین سۆراغی ڕاستیت ؟

( ١٨٦ ) ئەرێ نەڕۆیشتی ؟

( ١٨٧ ) ئاخۆ ڕۆشتەوە ؟

( ١٨٨ ) ئایا هەڵۆبەرز دەفرێت ؟

یەکێکی تر لە و فۆرمانەی کە پرسیاری پێدەکرێت ( هێز و ئاوازەیە ) ، بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر هێز و ئاوازە بڕوانە بەشی چوارەم .

## ٢/٣ پاری دووەم : وشەی پرس پەیوەست بەجۆرەکانی واتا و هەڵاوێرکردنی سیمانتیکییەوە

### ٢/٣-١ ) نیشانە واتاییەکان.

لە ڕاستیدا ژمارەی وشەکانی گەنجینەی هەر زمانێک سنورداره ، هاوکات لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی بەدیاریکردنی واتای فەرهەنگی وشەکان کۆتای نایەت ، بەڵکو هەر وشەیەک تادوا ئاستی شیکردنەوە دەڕوات ، کە ئەمانیش پێکهاتەی واتایین ، بەڵام لێکسیمە ئاڵۆزەکان و کەرەستەکانی ناو زمان لە بارنین بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری بەواتای زۆربەی وشە فرە واتا وشە هاوبێژەکانیش

* تاکەی: (کەی) وشەی پرسە (تا) ئامرازە لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر بە ئامرازی (until) واتە بەواتای (until) دێت. (تاکەی) فرێزێکی پێشناوی پرسیارە = تا چ کاتێک، سەردەمێک، یان ڕۆژگارێک: ( چاوپێکەوتن : مەحوی : ٢٥ / ٥ / ٢٠٢٢ ).

ناتوانرێت بەئاسانی لە یەکتر جیابکرێنەوە ، هەربۆیە ناتوانرێت ژمارەی وشەکانی ناو فەرهەنگ بزانرێت ، بۆیە پێویستە نیشانە گرنگەکانی لێکسیمەکان بخرێنە ڕوو.

بەپەیوەندیە واتاییەکان ناتوانرێت تەواوی وشەکان لە ناو کێڵگەیەکدا دیاریبکرێت ، بەڵکو دەبێت هەریەک لە م وشانە شیبکرێتەوە بۆ بچوکترین دانەیان ، کە ئەمەش بناغەی پێکهاتنی کێڵگەیەکە ( سەعید : ٢٠١٤ : ٢٣ ) .

شیکردنەوەی ئەم وشانەش بۆ یەکەی واتایی وردتر کۆتای پۆلێنکردنەکەیە لە ناو کێڵگەیەکدا. ئەم یەکانەش یەکتری تەواو دەکەن بۆ پێکهێنانی کێڵگەیەک ، هەر لە م ڕێگەیەوە کێڵگەکان دانەکانی لە یەک جیادەکرێنەوە ، نیشانە واتاییەکانیش دەتوانن تایبەتمەندی و حاڵەت و کردەیی وشەیەکمان بۆ دیاریبکەن ( سەعید : ٢٠١٤ : ٢٤ ) .

هاوکات پێکەوەهاتنی یەکە زمانییەکان بووەتە هۆی سنورداركردنە بابەتییەکان ، بۆ نموونە هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار لە لایەن کردارەوە ، واتە کردارەکان بکەر و بەرکارەکان هەڵدەبژێرن لە ڕووی بابەتییەوە ( ئەحمەد : ٢١٢ : ٤٥ ) ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ( ٥/١/١ ) .

## ٢/٣-٢ ) جۆرەکانی نیشانە واتاییەکان

نیشانە واتاییەکان دوو جۆرن ، هەندێک نیشانە هاوبەشە لە نێوان زمانەکاندا ، ئەوانیش نیشانە جیهانییەکانن ، هەندێکی تر تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو ، کە پێی دەوترێت نیشانە واتاییە تایبەتییەکان ، کە بەپێی پێوەری تاک و کۆمەڵ دیاریدەکرێت ( نوفو : ٢٠١٠ : ٢٧٩ ) .

## ٣/ ٢-٢-١ ) نیشانە واتاییە جیهانییەکان

دیاریکردنی کۆمەڵێک نیشانەی واتایی ، کە بوترێت لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هەن کارێکی ئاسان نییە ، بەڵام بەهۆی چەند پێوەرێکەوە دەتوانرێت کۆمەڵێک نیشانەی جیهانی دیاریبکرێن کە ئەوانیش بریتیین لە :

١. دابەشکردنە سەرەتاییەکان/ گشتییەکان ئەو نیشانانەی کە دابەشکردنەکەیان لە نێوان دوو کەرەستەی بەرامبەردایە ، بۆ نموونە کەرەستەکانی سروشت دەتوانین هاوبەشی زمانەکانی پێبکەین دابەشکردنەکە بەسەر ( +/-/ مرۆڤ ) ( +/-/ گیاندار ) دابەشدەکرێت ، کەواتە دەکرێت بوترێت ئەم نیشانە واتاییانە جیهانین و لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەن.

٢. چەمکی گشتی/ بنەڕەتی : مەبەست لە چەمکی بنەڕەتی ئەو نیشانە واتاییانەن ، کە چەمکێکی گشتی یاخود بنەڕەتی وشەکانن ، کەواتە چەمکی بنەڕەتی ئەو نیشانانەن کە لە دیاریکردنی واتاکاندا زۆربەی جار واتای هۆشەکی پێکدەهێنن ، بۆ نموونە بۆ جیاکردنەوەی ئەو وشانەی

، که چەشن و جۆری مرۆڤەکان دەستنیشاندەکەن ، هەندێکیان گشتین لە زۆربەی زمانەکاندا هەمان نیشانەی واتاییان هەیە وەک ( + نێر/ – نێر ) ( حەسەن : ٢٠١٠ : ٤١ ) .

## ٢/٣-٢-٢ ) نیشانە واتاییە تایبەتەکان

ئەم نیشانانە پێوەندییان بە ( کلتوور و دابونەریت و کات و شوێن و سەردەم و جۆری کۆمەڵ و جیاوازی چین و تەمەن و ڕەگەز و ...هتد ) هوە هەیە ، بۆ نموونە وشەی ( بەراز ) لە کلتوری کوردی و ئەوروپیدا سیمای جیاوازیان هەیە ، لە کلتوری کوردی و ئیسلامیدا بەراز ( –بەخێوکردن ، + گلاو ، + گۆشتی حەرام ، ...هتد ) ، بەلام لە لای ئەوروپییەکان ( +بەخێوکردن ، _گلاو ، +گۆشتی دەخورێت ،.. هتد ) ( فتاح : ١٩٩٠ : ١٥٨-١٥٩ ) .

## ٣/ ٢-٣ ) وشەی پرس و هەڵاوێرکردنی سێمانتیکی و کەتەگۆری

لەبەشی یەکەمدا ئاماژەکرا بە کۆتو بەندی سینتاکسی – سێمانتیکی لێرەدا کۆتوبەندی سینتاکسی – سێمانتیکی وشەی پرس دەخرێتە ڕوو ، کۆتوبەندی سینتاکسی – سێمانتیکی وشەی پرس واتە هەڵبژاردن و ڕێککەوتن و گونجاندنی ( AR ) – داواکەر ، ( AR ) – داواکراوی ( وشەی پرس ) لەڕووی ڕێزمانی و سێمانتیکی لە دروستەیەکدا تاوەکو ڕستەکە ڕێزمان دروست و واتا ڕاست دەربچن(بڕوانە ١٨٩ ) :

( ١٨٩ ) أ- ) * کێ خوارد

ب- ) ؟؟ پیژان کێی خوارد

لە ( ١٨٩-أ ) دا ڕستەیەکی ناڕێزمانییە ، چونکە کرداری خوارد کردارێکی دوو هێزییە پێویستی بە دوو ( AR ) هەیە یاساکانی ( C -selection ) ی بەزاندووە ، هەروەها لە ( ١٨٩-ب ) دا ڕستەیەکی واتا ناڕاستە، چونکە ( خواردن ) پێویستی بەتەواوکەرێک هەیە کە بخورێت ، بەلام وشەی پرسی ( کێ ) بەکاردێت بۆ پرسیارکردن لەکەس ، واتا پێویستە تەواوکەرەکە ( +خواردن ) بێت ، بۆ خواردن بشێت بۆیە لەڕووی هەڵبژاردنی سێمانتیکییەوە ڕاست نییە و هەروەها یاساکانی ( s -selection ) ی بەزاندووە کاتێک ڕستەکە لەڕووی واتاوە دەبێتە ڕستەیەکی واتا ڕاست کە لەبری وشەی پرسی ( کێ ) وشەی پرسی ( چی ) لەڕستەکەدا دابنرێت، چونکە ( چی ) بۆپرسیارکردن لەشتە بەمەرجێک هاوتا هەواڵییەکەی شتێک بێت کە بۆ خواردن دەست بدات ( بڕوانە ١٩٠ ) :

( ١٩٠ ) أ- ) پیژان چی خوارد؟

ب- ) پیژان سێوەکەی خوارد.

پ- ) ؟؟ پێزان قەڵەمەکەی خوارد

لە ( ١٩٠-أ ) دا کە هاوتا هەواڵییەکەی ( ١٩٠-ب ، پ ) ە وشەی پرسی چی بۆ پرسیارکردن لەشت بەکارهاتووە واتا لەبەرانبەر وشەی پرسی ( چی ) لە ( ١٩٠-ب ) دا وشەی ( سێو ) هەیە ، کەواتە لە ( ١٩٠-ب ) واتای ڕستەکە ڕاستە ، چونکە ( خواردن ) پێویستی بەتەواوکەرێک هەیە کە بخورێت و بۆخواردن بشێت ، بەڵام لە ( ١٩٠-پ ) دا ئەگەرچی هاوتای هەواڵی ( ١٩٠-أ ) ە ڕستەکە ڕستەیەکی واتا ناڕاستە چونکە قەڵەم ناخورێت واتا تەواوکەرەکە پێوستە ( +خواردن ) بێت بۆیە لەڕووی هەڵبژاردنی سیمانتیکییەوە ڕاست نییە ، هەروەها یاساکانی ( s -selection ) ی بەزاندووە .

لێرەدا ئاماژە بە هەڵبژاردنی سیمانتیکی وشەی پرس دەکرێت ، لە ڕاستیدا وشەپرسەکان لەڕستەدا هەندێکیان ( AR ) ن و لەلایەن کردارەوە داوا دەکرێن ، هەڵبژاردنی سیمانتیکی توانای ( AR ) داواکەرە بۆ کۆتوبەندی جۆری ئەو ( AR ) انەی بەشداری لەگەڵدا دەکەن بەمەش ( AR ) داواکەر ژمارەیەکی دیاریکراو لەو ( AR ) انە هەڵدەبژێرێت کە ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن ، هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی مەرج ویاسای خۆی هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەموو ( AR ) - داواکەرێک لەڕستەدا دەتوانێت بەپێی ئەو ڕۆڵەبابەتیانەی لە تۆڕی بابەتانەدا هەیەتی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی کۆمەڵە ( AR ) ێک بکات ( بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوسەرچاوانەی لەوێدا بەکارهاتوون ) بڕوانە ( ١٩١ ) :

( ١٩١ ) ؟؟ پێزان کوێی خوارد

لە ( ١٩١ ) دا لەڕووی سینتاکسەوە ڕستەکە، ڕستەیەکی تەواوە ، ژمارەی ئەو ( AR ) انەی کردارەکە داوای کردووەو پێویستییەتی تەواوە ، بەڵام لەڕووی واتا وە ( AR ) داواکراوەکان ناڕاستن ، چونکە ( AR ) ی دووەمی کرداری ( خواردن ) ، کە ( کوێ ) یە دەبێت هەڵگری نیشانەی واتایی {+ جوین ، +قوتدان ، + هەرسکردن ، + ...هتد} بێت ، کەچی نیشانەی سیمانتیکی ( کوێ ) ( +شوێن ) ە ، ( کوێ ) بۆ پرسیارکردن لەشوێنەو شوێنیش ناخورێت ، شوێن نیشانەی سیمانتیکی {- جوین ، - خواردن ، - هەرسکردن ، - ...هتد} ی هەیە ، جا لەبەر ئەوە نیشانە واتاییەکانی ئەم ( AR ) ە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە واتاییانەی کە لە تۆڕی بابەتانەی ( AR ) داواکەرەکەدا هەیە ناگونجێن پێکەوە ناتوانرێت ڕۆڵی بابەتانە بدرێت ، کردەی کردارەکە جێ بەجێ بکرێت بەهۆی بەزاندنی یاساکانی ( ss ) ناتەواوی و نادروستی دەهێنێتە ئاراوە .

کەواتە هەربەشە کردارێک ژمارەیەکی دیاریکراو لە ( AR ) هەڵدەبژێرێت ، ( AR ) ەکان جۆرەکانیان دیاریکراون و ڕۆڵەبابەتییەکانیان جیاوازن ، کەواتە لەبەرئەوەی بەشەکردارەکان جۆری ( AR ) ەکان دەستنیشان دەکەن ، ( AR ) - داواکەرەکان کا(ڕێگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دروستەی ڕستەکان دەبێت ( Cook,Newson :1988 :162 ) و ( ئەحمەد : ٢٠١٢ : ٢٣ ).

کەواتە بەشە کردارەکان بەهۆی ڕۆڵە بابەتییەکانیانەوە جۆری ( AR ) ەکان دیاری دەکەن مەرج نییە هەموو وشەیەک ببێتە ( AR )داواکەر بۆ بەشەکردارێک .

هەروەها لێرەدا ئاماژە بەهەڵبژاردنی کەتەگۆری پرس دەکرێت ، دیاریکردنی وشە فەرهەنگییەکان لەڕووی کەتەگۆرییەوە یەکێکی دیکە لەئەرکەکانی بەشە کردارە ، هەروەها هەڵاوێرکردنی کەتەگۆری لەناو هەڵاوێرکردنی سیمانتیکییدایە ، کە دیاریکردنی جۆری ئەو ( AR ) انەیە لەڕووی کەتەگۆرییەوە دەبێت ( Cook & Newson : 1988 : 162 ) وەرگیراوە( ئەحمەد : ٢٠١٢ : ٢٤ ) ( بڕوانە ١٩٢ ) :

( ١٩٢ ) أ- ) سەرمسوڕما چۆن یارییەکەت بردەوە؟

ب- ) * سەرمسوڕما کێ هات

پ- ) دەمەوێت بزانم بەچی ڕۆشتیت ؟

ت- ) * پرسیارت لێ دەکەم بەچی ڕۆیشتیت

تەنها وشەی ( سەرسوڕمان ) دەتوانێت لەگەڵ ڕستەی سەرسوڕماندابێت وەک لە ( ١٩٢-أ ) دا دیارە نەک لەگەڵ ڕستەی پرسیاریدا بڕوانە ( ١٩٢-ب )، هەروەها وشەی ( دەمەوێت ) دەتوانێت لەگەڵ ڕستەی پرسدا بێت، بەڵام فرێزی ( پرسیارت لێدەکەم ) ناتوانێت لەگەڵ ڕستەی پرسدا بێت بڕوانە ( ١٩٢-پ ، ت ) . کەواتە هەڵاوێرکردنی بابەتی لەڕێککەوتنی نێوان بەشەکردار و ( AR ) ەکانی و ( AR ) ەکان لەنێوان خۆیاندا ورد دەبێتەوە ، بەڵام هەڵاوێرکردنی کەتەگۆری لە ( AR ) ەکان لەڕووی کەتەگۆرییەوە وەک تەواوکەری بەشەکردارەکان دەکۆڵێتەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکرێت ئایا کاتێک وشەیەکی پرس لەڕستەیەکدا هەبوو ئەو وشە پرسە بگۆڕین بە وشەیەکی پرسی تر ئایا هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی دەبێت ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ( بڕوانە١٩٣ ) :

( ١٩٣ ) أ- ) ئەو کێی برد؟

ب- ) ئەو ڤانێستی برد.

پ- ) ؟ ئەو کوێی برد

ت- ) ؟ ئەو سلێمانی برد

لە ڕستەی ( ١٩٣-أ ) دا هاوتا هەواڵێکەی ( ١٩٣-ب ) ە ( کێ ) بۆ پرسیارکردن لەکەس بەکاردێت لە شوێنی وشەی پرسی ( کێ ) ناوی کەسێک دانراوە ، بەڵام کاتێک کە وشەی پرسی ( کێ ) دەگۆڕێت بۆ ( کوێ ) وەک لە ( ١٩٣-پ ) دا دیارە ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی واتا ناڕاست ، چونکە ( بردن ) پێویستی بەتەواوکەرێک هەیە کەببرێت لە ( ١٩٣-پ ) کە هاوتا هەواڵییەکەی ( ١٩٣-ت ) ە واتا وشە

پرسەکە کە ( کویَ ) یە لەبەرانبەردا لەڕستە هەواڵییەکەدا ( سلێمانی ) یە نابرێت واتە ( + جوڵە ) نییە ، لەکاتێکدا بردن پێویستی بەتەواوکەرێک هەیە بتوانرێت بجوڵێنرێت ، بۆ جوڵاندن بشێت بۆیە لەڕووی هەڵبژاردنی سێمانتیکییەوە یاساکانی ( s –selection ) ی بەزاندووە.

## ٣/ ٢-٤ ) جۆرەکانی واتا

لێکۆڵەرانی بواری واتا چەند جۆرێک واتایان دەستنیشان کردووە ، هەرچەندە لە جۆرەکانی واتادا تەبانین و ڕێک نین ، جۆری پۆلکردنی واتا و جیاوازیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێک لە زمانەوانەکان بەپێی ئاستەکانی زمان و هەندێکی تریان بەپێی تیۆرییەکان ... هتد ، جۆرەکانی واتا پۆلدەکەن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بەهەندێک سەرچاوە دەکات.

یەکێک لە و پۆلکردنانەی کە بۆ جۆرەکانی واتا کراوە دابەشکردنەکەی ( لیچ ) ە ، بەم جۆرە دەستنیشانی کردووە :

١. واتای هۆشەکی.

٢. واتای بارکراو ( لاوەکی ) .

٣. واتای بابەتی.

**لە واتای بارکراو ( لاوەکی ) یش ئەم پێنج جۆرە جیادەکاتەوە :**

أ- ) ڕاگەیاندن.

ب- ) شێوازی.

پ- ) دەرِوونی ( کا(ڕێگەری ) .

ت- ) ڕەنگدانەوە.

ج- ) هاوڕێیەتی ( leech : 1974 :10 )

( ئەو ڕەحمانی حاجی مارف ) جۆرەکانی واتای بەم شێوەیە پۆلکردووە :

١- ) مانای حەقیقی ( direct ( peoper ( meaning )

٢- ) مانای مەجازی ( teans fered meaning ) ( مارف : ١٩٧٥ : ٣ )

**هەروەها لە کتێبی ( علم الدلالة ) جۆرەکانی واتا بەم شێوەیە پۆلکراوە.**

١- ) واتای بنەڕەتی ( المعنى الاساسى ) .

٢- ) واتای بارکراو ( المعنى الاضافي، الثانوى ) .

٣- ) واتای شێوازی ( المعنى الاسلوبي ) .

٤- ) واتای دەروونی ( المعنى النفسي ) .

٥- ) واتای ئیحیائی ( المعنى الايحائي ) ( عمر : ١٩٨٢ : ٣٦-٣٩ ) .

**( لاینز ) جۆرەکانی واتای بەم شێوەیە پۆلکردووە :**

١- ) واتای بنجی.

٢- ) واتای لاوەکی ( لاینز : ١٩٨٦ : ٨٢ ) .

**هەروەها ( محمد مەعروف فەتاح ) دوو جۆر واتای دەستنیشان کردووە ، کە ئەوانیش بریتیین لە :**

١- ) واتای هۆشەکی.

٢- ) واتای کێشەکی.

هاوکات واتای ( کێشەکی ) یش سێ جۆری لێدەبێتەوە کە بریتیین لە :

أ- ) واتای لاوەکی.

ب- ) واتای ویژدانی.

پ- ) واتای بابەتی ( فەتاح : ١٩٩٠ : ١٥٧ ) .

٣-واتای بابەتی

**هەروەها ( دارا حەمید محەمەد ) جۆرەکانی واتای بەم شێوەیە پۆلکردووە :**

١- ) واتای بنجی.

٢- ) واتای لاوەکی.

واتای ( بنجی ) یشی دابەش کردووە بۆ :

أ- ) واتای شێوازی.

ب- ) واتای دەروونی.

پ- ) واتای تێکەڵی ( محەمەد : ٢٠١٠ : ٢٥ ) .

**یەکێکی تر لەو دابەشکردنانەی کە بۆ واتا کراوە ئەم دابەشکردنەیە :**

١- ) واتای فەرهەنگی.

٢- ) واتای ڕێزمانی/ گراماتیکی ( grammatical meaning )

٣- ) واتای میتافۆڕی.

٤- ) واتای ئیدیەمی.

٥- ) واتا و مەبەستی پراگماتیکی ( ئەحمەد ، حامد : ٢٠٢٠ : ١٩-٢٥ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسوود وەرگرتن لەم پۆلکردنانە ، واتا دەکات بە دوو جۆری سەرەکییەوە

١- ) واتای فەرهەنگی.

٢- ) واتای نافەرهەنگی.

**واتای نافەرهەنگیش چەند جۆرێکی هەیە ئەوەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت لێرەدا دەخرێتە ڕوو ، کە بریتیین لە :**

أ- ) واتای ئیدیەمی.

ب- ) واتای میتافۆری.

پ- ) واتای پراگماتیکی.

ت- ) واتای دەڕوونی.

ج- ) واتای کۆمەڵایەتی.

چ- ) واتای شێوازی.

لێرەدا باس لە هەریەکە لە و جۆرانەی واتا دەکەین لە زانستی سیمانتیکدا ، کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە.

## ٢/٣-٤-١ ) واتای فەرهەنگی ( بنجی ، بنەڕەتی ، لێکسیکی )

واتای فەرهەنگی : ئەم جۆرە واتایە لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە و ناوی >> واتای فەرهەنگی/ واتای لێکسیکی <<لێنراوە ، لە ناو کێڵگەی واتایی یان کێڵگەی وشەدا ، هەم واتای فەرهەنگی وشەیەک و هەم بەهای نیشانەکانی ( - ) ، ( + ) دیاریکراون ( مەحوی : ٢٠٠٩ : ١٤٧ ) .

( بڕوانە ١٩٤ ) :

( ١٩٤ ) هەریەک لە وشەی /کوڕ/ ، /کچ/ لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە تۆمارکراون :

( کوڕ ) ( +مرۆڤ ، ± پێگەیشتوو ، +نێر ) .

( کچ ) ( +مرۆڤ ، ± پێگەیشتوو ، –نێر ) .

لە ( ١٩٤ ) دا ، هەریەک لە وشەی /کوڕ/ ، /کچ/ سەر بە پۆلە ڕەگەزی ناون ، لە ناویشدا مرۆڤن ، تەنها جیاوازی کە هەیانبێت /کوڕ/ ( +نێرە ) ، /کچ/ ( –نێرە ) ، گرنگی بەدیهاتنی ئەم جۆرە واتایە ئەوەیە دەبێت بەرکارهێنەرەکانی لە ناو خۆیاندا لە سەر ئەم واتایە ڕێک بکەون ( موحەمەد : ١٩٩٠ : ٥١ )

لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە واتایە بەکرۆکە واتا و واتای هۆشەکی یان بنەڕەتی باسکراوە ( مەحوی : ٢٠٠٩ : ٧٢ ) ، ( فتاح : ٢٠١١ : ١٦١ ) .

هەروەها بەواتای وەسفی ( فەرهەنگی–بنچینەیی ) ( congnitive ) ناوبراوە ( دزەیی : ٢٠١٤ : ١٠٣ ) .

واتای فەرهەنگی خاوەنی دوو تایبەتمەندییە :

یەکەم/ ئەم واتایە ڕۆنانێکی وا ڕێکە کە بەئاسانی بەراورد دەکرێت لەگەڵ ڕۆنانی ئاستەکانی تری زماندا .

دووەم/ لەهەموو سەردەم و شوێنێکدا نەگۆڕە ، واتا نافەرهەنگییەکان بار دەکرێنە سەر ئەم واتایە واتا منداڵ دەبێت یەکەمجار ئەم واتایە فێربێت ( فەتاح : ٢٠١١ : ١٦١ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە واتای فەرهەنگی دەناسێنێت : ئەو واتا بنچینەییە ، کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوە ، ئەم واتایە لە مێشکدایە و نەگۆڕە ، خاوەن ڕۆنانێکی ڕێک و پێکە و بناغەیە و واتاکانی تری لە سەر بنیاتدەنرێت ، لە ڕێگەی ئەم واتایەوە دەتوانرێت پێوەندییەکانی نێوان وشەکانی زمان دەستنیشان بکرێت.

## ٢/٣–٤–٢ ) واتای نافەرهەنگی

واتای نافەرهەنگی : ئەم جۆرە واتایە بەپێی ( کات ، کەس ، شوێن ، کۆمەڵگە ، ...هتد ) دەگۆڕێت و تێکەڵی هەست و سۆز و بۆچوونی قسەکەرە ( دزەیی : ٢٠١٤ : ١٥ ) .

ئەم جۆرە واتایە لە بەرکارهێناندا واتای خۆی لە دەستدەدا ، لە بەرکارهێناندا واتا و مەبەستێکی تر دەگەیەنێت ( محەمەد : ٢٠١٠ : ٢٦ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە واتای نافەرهەنگی بەم شێوەیە دەناسێنێت : هەموو ئەو واتا زیادانە دەگرێتەوە کە دەخرێتە سەر واتا فەرهەنگییەکە ، واتایەکی بگۆڕە و بەپێی ( شوێن ، کات ، کۆمەڵگە ، پلە و پێوانی زیاد و کەم دەکات ) بەپێی هەستی قسەکەر و مەبەستی ئاخێوەر بەرکاردەهێنرێت ( بڕوانە ١٩٥ ، ١٩٦ ، ١٩٧ ) :

( ١٩٥ ) مشک : ترسنۆک.

( ١٩٦ ) پڵنگ : ئازا ، بەهەڵمەت.

( ١٩٧ ) ئاسک : خێرا ، جوان.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەموو جۆرەکانی واتای نافەرهەنگی پێویستی بەدەوروبەر هەیە ، تاوەکو تێگەیشتن لە نێوان قسەکەر و گوێگر بێتە ئاراوە.

لێرە بەدواوە هەریەک لە جۆرەکانی واتای نافەرهەنگی دەخرێنە ڕوو :

**أ- ) واتای ئیدیەمی :** ئیدیەم یەکەیەکی ئاڵۆزە و بەچەندان شێوە باسیلێوەکراوە .ئیدیەم پێکهاتەیەکی تایبەت و ئاڵۆزە کە لە یەکگرتنی هەندێک وشە پێکدێت ، چەند واتایەکی جیاواز دەدات بەدەستەوە ، لە ئیدیەمدا واتا دوورەکەمان مەبەستە نەک نزیکەکە ( مارف : ١٩٧٥ : ٧٥ ) .

هاوکات بریتییە لە کۆمەڵێک وشە ، ڕیزکردن و لێکدانی ئەو کۆمەڵە وشەیە یاسا و دەستوری ڕێزمانی بەسەردا دەچەسپێنرێت ، ئەو واتایەی کە ئەو کۆمەڵە وشەیە دەیبەخشن بەتەنها لە تاکە وشەیەکی ئەو کۆمەڵە وشەیەدا بەدیناکرێت ( وەیس : ١٩٨٢ : ٥٩ ) .

ئەم دەستەواژانە واتایەکی ڕوونیان نییە ، وەکو ئەوەی کە وشەکان بەیەک یەک هەیانە ، ئیدیەم ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کاتێک پێکەوە بەکاردێن واتای جیاواز دەبەخشن لە و واتایەی کە وشەکان بە جیاجیا هەیانە ( hamid : 2007 : 23 ) .

ئیدیەم ئەو دەربڕینەیە کە ناتوانرێت واتاکەی لە واتای وشە پێکهێنەرەکانییەوە هەڵبگوێزرێت ( حسەین : ٢٠٠٩ : ١١ )

ئیدیەم چەند لە ڕووی واتا وە لێڵ بێت ئەوەندەش لە ڕووی فۆرمەوە چەسپاوە ، کەواتە دەتوانین بنەمای ئیدیەمی تەواو دیاریبکەین ( تەواو لێڵی واتا ، فۆرم چەسپاو و بەقاڵبووە ) ە ( حسەین : ٢٠٠٩ : ٥٨ ) .

کەواتە ئیدیەم بریتییە لە و تێکچڕژانەی کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتووە ، واتاکەی لە واتای کەرتەکان یان پێوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانە پێشبینی ناکرێت ، چونکە تەواو تێکئالاون و واتاکانیان بەتەواوەتی لە ناو بۆتەی ئیدیەمەکەدا تواونەتەوە ، ( بڕوانە ١٩٨ ) :

( ١٩٨ ) ئاگری لە ماڵی بەردا ( عەلی : ١٩٨٢ : ٣٩ ) .

لە ( ١٩٨ ) دا دەبینین کەرەستەکانی ئەم ئیدیەمە تەواو تێکئالاوە و واتاکانیان بەتەواوەتی لە ناو بۆتەی ئیدیەمەکەدا تواوەتەوە لێرەدا چەند واتایەکی جیاواز دەدات لە وانە زیانێکی زۆری کرد ، یان

له وانەیە کەسێک لە ڕێی قسە و دوو زمانییەوە واتە قسە هێنان وبردنەوە ئاژاوەی خستبێتە ناو خێزانێکەوە ، واتە لێرەدا هەریەک لە وشەکانی ( ئاگر ، لە ماڵ ، بەردا ) تەنها بەواتای حەرفی / پیتی بەکارنەهاتوون ، بەڵکو بەواتای دەربڕاو بەرکارهاتوون ، لێرەدا مەبەستمان ئیدیەم نییە وەکو یەکە ( ئیدیەم ، میتافۆڕ ، پەند ) بەڵکو مەبەستمان واتای ئیدیەمییە.

## ب- واتای میتافۆڕی ( metaphor )

زاراوەی میتافۆڕ لە فەرهەنگی ( logman ) دا هاتووە ( ( بڕگەیە ، فرێزێکە ، کە وەسفی شتێک بە دەربڕینی شتێکی تر لە گەڵ شتێک دەکات ، کە دەتوانرێت بەراورد بکرێت ) ) ( logman : 1383 : 257 )

بەڵام مەرج نییە کە تەنها بڕگەیەک بێت یان فرێزێک بێت ، بەڵکو لە فۆڕمی وشەیی و فرێزی و ڕستەیشدا هەیە ، بڕوانە ( ١٩٩ ، ٢٠٠ ، ٢٠١ ) :

( ١٩٩ ) گوڵەکە هات ( فۆڕمی وشەیی ، هەموو ڕستەکە میتافۆڕی دروستکردووە ، بەڵام لەناوهەموو ڕستەکەدا ئەوەی کەبووە بەمیتافۆڕ وشەی ( گوڵەکە ) یە )

( ٢٠٠ ) قولاپی چاوەکان ( فۆڕمی فرێزی )

( ٢٠١ ) مردنم بەچاوی خۆم دی ( فۆڕمی ڕستەیی )

ئەگەر وشە خاوەنی واتای چەسپاو و نەگۆڕبێت هەڵبەت میتافۆڕ بێواتا دەردەچێت ( عەلی : ٢٠٠٠ : ٩ )

کەواتە میتافۆڕ زۆر لە سیما واتاییەکەی دوور ناکەوێتەوە ، زۆر لێڵ و تەمومژاوی نییە ، بەهۆی بەکارهێنان و باری وتنەکانەوە واتاکەی ڕوون دەبێتەوە.

میتافۆڕ ئەو وشە و دەستەواژانەن ، کەڕاستەوخۆ واتاکە نیشان نادەن ، بەڵکو لە ڕێگەی پێوەندییەوە لە گەڵ دیاردەیەک واتا بەدەستەوە دەدەن ( دزەیی : ٢٠١٢ : ٩٠ ) .

میتافۆڕ ئەو دیاردە زمانییە کە پێکهاتەیەکی یەکجار ئاڵۆز و تێکچڕاوی بەناویەکدا هەیە و هەر لە بەر گشتگیرکردنی ئەو لێکچوونانەی کە لە گەڵ شتە ئاسایی و سادەکاندا هەیەتی ، ئەم دیاردەیە وەکو یەکێک لە سەر تۆپە گرنگەکانی زانستی زمانی دەڕوونییە ( مەحمود : ٢٠١٢ : ١١٥ ) .

بۆ دروستبوونی واتای میتافۆڕی پێویستە وشەیەک لە کێڵگەی واتایی دیاریکراوی خۆیەوە بگوازێتەوە بۆ کێڵگەیەکی واتایی دیکە ( ئەحمەد ، حامد : ٢٠٢٠ : ٢١ ) .

کەواتە ئەو وشەیەی کە دەبێت بە میتافۆڕ پێویستە بە واتایەکی تر بەکاربهێنرێت جگە لە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی ، بەڵگەیەک هەبێت ئەوە دەربخات کە مەبەست لە مانا ڕاستەقینەکەی نییە ، ئەمەش بە یاریکردن سیما واتاییەکان دەبێت ، ( بڕوانە ٢٠٢ )

( ٢٠٢ ) هەر ڕانە مەڕێک کەر چاوساغیان بێت مەسیریان هەر کەڵبەی گورگە.

( ٢٠٣ ) ئاگر لەماڵیاندا ناکرێتەوە.

لە ( ٢٠٢ ) دا کەمەبەستمان واتای میتافۆڕییە ، واتە ئەم پەندە واتایەکی میتافۆڕی هەیە بۆ زۆر بوار بەکاردێت و بەزۆر واتا لێکدەدرێتەوە بۆ نموونە بۆ سەرکردەیەک بەکاردێت وڵاتێک بەرەو وێرانی بەرێت ، کەواتە بەو واتایە دێت ، کە هەر کۆمەڵێک خۆیان بدەنە دەستی کەسێکی نەزان پاشەڕۆژیان ئەوەیە ، کە زۆردارێک دێت و زەفەریان پێدەبات.

لە ( ٢٠٣ ) دا ئاگر یەکێکە لەو پێداویستیانەی کە بۆ ئامادەکردنی خواردن بەکاردێت و پێویستە هاوکات پێویستییەکی ڕۆژانەیە ، دروستەی ( ئاگر لەماڵیاندا ناکرێتەوە ) واتایەکی میتافۆڕی هەیە ، لەبەرئەوەی تاڕادەیەک فۆڕمی دروستەکە پەیوەندی بەواتای دروستەکەوە هەیە ، لێرەدا دەربڕینەکە زۆر لەواتا فەرهەنگییەکەی دوور نەکەوتۆتەوە ، هاوکات واتاکەی زۆر لێڵ و تەمومژاوی نییە ، کاتێک کە گوێگر یەکەمجاری بێت بیبیستێت بە هۆی چوارچێوەی باری وتنەکانەوە واتاکەی تێدەگات .

## پ- واتا و مەبەستی پراگماتیکی

پراگماتیک بریتییە لە و زانستەی کە لە توانست دەکۆڵێتەوە واتە لێکۆڵینەوە لە لایەنی چالاکی زمان دەکات ، بێگومان زمان خۆی پێکهاتووە لە توانست و چالاکی ، توانست دیوی ناوەوەی زمانە و یاساکان دەگرێتەوە ، بەڵام چالاکی ئاخاوتن دەگرێتەوە لە ژێر کۆنترۆڵدایە ڕاست دەکرێتەوە و هەڵەی تێدەکەوێت ، بۆیە لە چالاکی دەکۆڵێتەوە تاوەکو بگەینە توانست ( Lievinson : 1983 : 15 ) .

پراگماتیک بریتییە لە بەکارهێنانی ڕستەکان لە دەوروبەردا بۆ لێکدانەوەی دیاردەکان و گەیاندنی مەبەستی قسەکەر فیچەرەکانی بەکارهێنانی ئاخاوتن ، لەم ڕێییەوە کۆد دەکات ، تاوەکو بگاتە گوێگر لە بەر ئەوەی بەتەنها لە ڕێی کەرەستە زمانییەکان ئەم پرۆسەی لێکگەیشتنە ڕوونادات ، کەواتە دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان هەڵوێستی گوتە لە فیچەرە جیاجیاکاندا ، لە گەڵ هەڵاوێرکردنی ئەو فیچەرانەی کە بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەوە پێوەستمان دەکەن بەبەرهەم هێنان و لێکدانەوەی گوتەوە ، ئەمەش دەبێتە خاڵی پۆلکردنی زمان بۆ گوتنەکان لە بۆنە جیاجیاکاندا بەرامبەر ئەو دەوروبەرانەی چەشنی ڕستە و گوتنەکان هەڵدەبژێرن و دیاریدەکەن ( محمود : ٢٠١٢ : ١١ ) ( بڕوانە ٢٠٤ ) :

( ٢٠٤ ) – أ ) بەخۆشیتان بێت ، چوون بۆ سەیران؟

ب– ) بەناخۆشیتان بێت ، چوون بۆ سەیران؟

لە ( ٢٠٤ ) دا ئەو یاسایانەی فیچەرەکانی سەگمێتی <بەخۆشی> پولدەکات بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە ڕستەی ( ٢٠٤-أ ) هەمان یاسا و پرەنسیب دەبنە ڕێگر لە بەکارهێنانی سەگمێتی وەک <بەناخۆشی>

له ڕستەی ( ٢٠٤-ب ) ، هاوکات یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆکاری پەسەندکردنی ڕستەی ( ٢٠٤-أ ) و نەشیاوی و ڕەتکردنەوەی ڕستەی ( ٢٠٤-ب ) .

پراگماتیک " لێکۆڵینەوە نییە لە واتای فەرهەنگی بەڵکو لێکۆڵینەوەیە لە واتای گەیەنراو ( مەبەستی قسەکەر ) توانای قسەکەر نیشاندەدات لە تێگەیاندنی گوێگر بەشێوازێک ، کە لە گەڵ واتا فەرهەنگییەکەدا یەک نەگرێتەوە " ( دزەیی : ٢٠٠٩ : ١٥ ) .

" مەبەست لە واتای پراگماتیکی ئەو واتایەیە کە لە ڕێگەی کەرەستەیەکی ئاساییەوە ناگات ، بەڵکو هەڵهێنانە لەوەوە کەلە پشت وتراوەکانەوەیە " ( فەرەج : ٢٠١٢ : ١٩٢ ) .

پراگماتیک هێما زمانی نازمانییەکان دەخوێنێتەوە و خوێندنەوەیەکی قوڵ بۆ دەربڕینە زمانی و جەستەییەکان دەکات ( دزەیی : ٢٠١٥ : ١٥٦ ) .

کەواتە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێی وایە پراگماتیک ڕوونکردنەوەی دەربڕینە تەم و مژاویەکان لە ئەستۆ دەگرێت و زمان بەرکارهێنانە خۆی بەمەبەستە دەرنەبڕاوەکانەوە ، یان واتای هاوپێچ خەریک دەکات و بەتەواوکەری سیمانتیک دادەنرێت.

کەواتە لە پراگماتیکدا قسەکەر شتێک دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە ، گوێگر شتێک دەبیستێت و شتێکی تر لێکدەداتەوە ، ( بڕوانە ٢٠٥ ) :

( ٢٠٥-أ ) سەعاتت پێیە؟

ب- ) زۆری ماوە بۆ بەربانگ.

ئەو مەبەستە پراگماتیکیانەی لێرەدا خراونەتە ڕوو ئەوەیە کەکۆمەڵەکە موسڵمانە ، کەسەکە بەڕۆژووە لەوانەیە کاتی ڕەمەزان بێت یاخود کەسەکە بەڕۆژووبێت جا چ ڕۆژی سونەتبێت یاخود ڕۆژی قەرزبێت ، واتا کەسەکە کە پرسیاردەکات بەڕۆژووەو کاتێکیش گوێگر وەڵام دەداتەوە مەبەستی ئەوەیە کە کاتی بانگی ئێوارە نزیک نییە.

ت-**واتای دەروونی :** ئەم جۆرە واتایە هەست و سۆزی قسەکەر دەردەبڕێت بۆ ( سەرسوڕمان ، نارەزایی ، خۆشی ، ناخۆشی ) ، ئەم جۆرە واتایە بەزۆری واتای هۆشەکی تێکەڵە واتای دەروونی ، کە ( واتای کا(ڕێگەری ) یشی پێدەوترێت، دەتوانێت بەهۆی جۆری تری واتا وە ( واتای هۆشەکی ، لاوەکی ، شێوازی ) ییەوە هەستی قسەکەر دەربڕێت ، بەرامبەر ئەو بابەتەی کە لێی دەدوێت ) ( سعید : ١٩٨٩ : ١٨ ) .

واتا دەروونی پێوەندی بە باری دەرونی قسەکەرەوە هەیە و کا(ڕێگەری باری دەروونی قسەکەر ڕاستەوخۆ لە مەبەست و ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکەدا ڕەنگدەداتەوە ( محەمەد : ٢٠١٠ : ٢٧ ) .

لە بەرئەوەی زمان ڕەنگدانەوەی تەواوی ڕاستەوخۆی بیر نییە ، هەرکاتێک وشە و ڕستە بکەوێتە دەستی ( قسەکەر ) ئەوا تێکەڵی هەست و سۆزی دەبێت ، ژیان و ڕەوشتی مرۆڤ ئاوێتەی تۆڕێکی هەستییە بەرامبەر بەخودی خۆیی ، کەسان و شتی دەوروبەر ( لویس : ١٩٥٩ : ١١٣ ) ، ( دزەیی : ٢٠١٤ : ١١٢ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە واتای دەڕوونی بەم شێوەیە دەناسێنێت واتایەکی تاکە کەسییە ، گشتی نییە لە یەکێک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت ، هەست و سۆزی قسەکەر دەردەبڕێت ، بەستراوە بەباری دەڕوونی ئەو کەسانەی کە بەرکاریدەهێنن ، لە ناخی تاکە کەسدایەو بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕەنگدەداتەوە ، جگە لە وەی بەڕوونی دەردەکەوێت لە وشە و قسەکردنی ئاسایی لە بەینی تاکەکان لە نووسینی ئەدیب و شاعیرەکانیشدا بەتەواوی ڕەنگدانەوەی هەیە ، ( بڕوانە ٢٠٦ ) :

( ٢٠٦ ) تۆمرۆڤێکی خراپ وبێ کەڵکیت ( فەتاح : ١٩٩٠ :١٧٢ ) .

لە ( ٢٠٦ ) دا دەربڕینی هەستی کەسێکە بۆ نارەزای دەربڕین بەرانبەر بەکەسێک ، واتە بۆ دەربڕینی نارەزایی بەکەسێک دەوترێت.

**ج-واتای کۆمەڵایەتی :** ئەم واتایە پێوەندی هەیە بەو ژینگەیەوە کە قسەی تێدا دەکرێت ، ئەم واتایە دەربڕینێک زانیاریی تێدایە لە سەر ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی ، کە دەربڕینەکەی تێدا بەکاردێت ( leech : 1974 : 10 )

واتای کۆمەڵایەتی لە گەڵ بەکارهێنانی زماندا لە کارادایە ، بۆ چەسپاندن و پتەوکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، هەڵسوکەوتی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەمان لە خانەی گفتوگۆکردن و لە یەکگەیشتنی کۆمەڵگادان ، بۆ نموونە بەشداریکردنمان لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکاندا ، بەواتای کۆمەڵایەتی و ئاینییەوەن ، نەک بەواتای گفتوگۆکردن لە یەکگەیشتنەوەبن ، هەر یەک لە و بۆنانەش شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە ( مەحوی : ٢٠٠٩ : ١٣١ ) ، ( بڕوانە ٢٠٧ ) :

ڕستەی ( ٢٠٧-أ ) و ( ٢٠٧-ب ) لە گەڵ یەکتریدا بەراورد بکە :

( ٢٠٧ ) - أ ) خودا خزمەتکارێکی تۆی پێداین ( بۆنەی منداڵ بوون )

ب- ) یاخوا ببنە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ یەکتری ( بۆنەی هاوسەرگیری )

کەواتە واتای کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی پتەوبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە ، هەرکاتێک پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکان نەمان ئیتر داپچڕانی زمانیش ڕوودەدات. بێگومان جۆری پێوەندییەکانیش جیاوازن سادەترین پێوەندی کاتێک کەسێک ناناسیت وشەی ( دادە ، کاکە ، خاڵە ، بەڕێز ...هتد ) کەمێک گەرمتر لەم پێوەندییە بەکارهێنانی ئەو وشانە لە گەڵ ناوەکەی ( کاک پێزان ، دادە خونچە ...هتد ) پێوەندی گەرمتر لە مان پێوەندی نێوان هاوسەران.

**چ- ) واتـای شـێوازی :** ئـەو واتایانـە دەگرێتـەوە کـە زانیارییمـان دەربـارەی قسـەکەر دەداتـێ ئـەم زانیارییـە بریتییـە لە دیـاریکردنی پلـە ی خوێنـدەواری قسـەکەر و ئـیش و کـار و پەیوەنـدی نێـوان قسەکەرو گوێگر و ئاستی ڕۆشنبیرییان و جۆری زارەکە ، کە ئایا زارێکی نوسینە ، ئەدەبە ، بازاڕییە ، هەندێک جار واتاکە لە وشەکان لە گۆکردن بەدیدەکرێت ( عەزیز : ٢٠٠٨ : ٤٢ ) .

واتای شێوازی هۆکارێکە بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی ئاخێوەر لە ناو کۆمەڵدا ، واتـە لە ڕێی شێوازی ئاخاوتنـەوە دەتـوانین شـوێنی قسـەکەر دەستنیشـان بکـەین وەک ( پلـە و پایـەی کۆمەڵایـەتی تـوێژی کۆمەڵایەتی ، ئاستی ڕۆشنبیری ) ( محەمەد : ٢٠١٠ : ٢٧ ) .

ئەم واتایە زمان دەگەیەنێتە ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی ، کە تێیدا بەکاردێت ، هەندێک لە وشـەکان ، شـێوەی گوتنەکـە ، جـۆری دیالێکتەکـەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە ، هەنـدێکی تریـان چینـی کۆمەڵایـەتی قسەکەر دەردەخات ( فەتاح : ٢٠١١ : ١٦٢ ) .

کەواتـە واتـای شـێوازی ئـەو واتایـە ، کـە زانیارییمـان دەداتـێ دەربـارەی ئـاخێوەر لە ڕووی ڕادەی ڕۆشـنبیری ، خوێنـدەواری ، پیشـەکەی ، دیالێکتەکـەی ، شـێوەزار... .هتـد ) بـۆ نموونـە شـێوازی قسـەکردنی قسـەکەرێکی شـاری سلێمانی جیاوازە لە شێوازی قسـەکردنی قسـەکەرێکی هەولێریـەک ، شێوازی قسەکردنی خوێندەوارێک جیاوازە لە شێوازی قسـەکردنی نەخوێندەوارێک ، ( بڕوانە ٢٠٨ ، ٢٠٩ ) :

( ٢٠٨ ) -أ ) کەوچک ( سلێمانی )

ب- ) مڵاک ( هەولێری )

( ٢٠٩ ) -أ ) داعش ( خوێندەوار )

ب- ) دەعاش ( نەخوێندەوار )

## ٣/ ٢-٥ ) جۆرەکانی واتای پرس

واتای پرس هەموو ئەو وشە و مۆرفیم و دەستەواژە و دەربڕاوانەن کە بۆ واتای پرسیار بەکاردێن ، هاوکات ئەو ڕستانەش کەبەهۆی ئاوازەوە واتای پرسیار دەگەیەنن ، جۆرەکانی واتای پرسیش بریتین لە :

## ٣/ ٢-٥-١ ) واتای فەرهەنگی پرس

واتـای فەرهـەنگی وشـەی پـرس لە فەرهەنگدا تۆمـارکراوە لە نـاو مێشـکی ( ئـاوەزی ) قسـەکەری زمانەکـەدا چەسـپاوە ، واتـە لە فەرهەنگـدا هـەم واتـای فەرهـەنگی وشـە پرسـەکە و هـەم بـەهای نیشانەکانی ( ( - ) ) ، ( ( + ) ) دیاریکراون ، ( بڕوانە ٢١٠ )

( ٢١٠ ) هەریەک لە وشەی /کێ/ ، /کوێ/ لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە تۆمارکراون.

( کێ ) {+کەس}

( کوێ ) {+شوێن}

لە بەرئەوەی ئامانجی هەر تیۆرێکی واتایی بریتییە لە دیاریکردنی بنەما واتاییەکان ، لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی پێکهاتە واتاییە بەرهەم هاتووەکان ، واتە هەر پێکهاتەیەکی واتایی شیدەکرێتەوە ، هاوکات دیاریکردنی ئەو یاسایانەی کە ئاماژە دەکەن بۆ بەستنەوەی پێوەندی نێوان دانە فەرهەنگییەکان ، واتە هەموو دانەیەکی فەرهەنگی لە پێوەندیدایە ، ئەو پێوەندییە جۆری واتاکە بەرهـەم دەهێنێت ، ( بڕوانـە ٢١١ )

( ٢١١ ) کێ لە کێی بردەوە؟

لە ( ٢١١ ) دا هەریـەک لە وشـە پرسـەکان ، هـەمان وشـەی پرسـن ، بۆ پرسـیارکردن لە نـاوی کـەس بەرکارهاتوون ، بەڵام ئەرکیان جیاوازە ، کە پرسیان لە بارەی کەرەستەکانی ناو ڕستەکە کردووە ، کە ئەوانیش ( بکەر ، بەرکار ) ە ، ڕستەکە ڕستەی پرسیاری تایبەتـە ، وشـە پرسـەکان لە جێکەوتـەی ئەو کەرەستانەدا دەرکەوتوون کە پرسیاریان لێدەکرێت.

کرداری ( بردەوە ) دوو هێزیە داوای دوو ( AR ) دەکات ، پێویستی بە بکەرێک هەیە کە هەڵدەستێت بەرکاری ( بردنەوە ) ، هەروەها بەرکارێکیش کە کاری ( بردنەوەکەی ) بەسەردا ڕوو دەدات.

لە پریـدیکاتی دوو هێزیدا بکـەر یەکـەمجار و بـەرکار دووەمجـارە دێـت ، هێڵکـاری درەختییەکـەی بـەم شێوەیە دەبێت ، بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢٢ ) :



## هێڵکاری ژمارە ( ٢٢ )

شیکردنەوەی ڕستەی ( ٢١١ ) بەم شێوەیەیە :

بردنەوە {کێ ، کێ}

کردارەکە کەناوکی ڕستەکەیە لەسەرەتاوە دەردەهێنرێت ، پاشان بکەر لەڕیزبەندی ئارگۆمێنتەکاندا شوێنی یەکەم دەگرێت ، دواتر بەرکاری ڕستەکە دێت.

کەواتە ڕستەکە لە دروستەی قووڵ و بنەڕەتدا لە ڕێگەی دەنگ و نوسینەوە پاش ئەوەی یاساکانی زمانی بەسەردا جێبەجێکراوە ، گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی مێشک لە ڕێگەی دروستەی ڕووکەشەوە ، لێرەدا دروستەکە دروستەیەکی زمانییە و واتای پیتی ڕستەکە لە ڕێگەی دروستەی قوڵەوەیە ، بەڵام لە بەکارهێنانی زماندا دەتوانرێت واتای دەربڕاو شیبکرێتەوە بەهۆی ڕووکارە ڕێژەییەکانی ( ناوەڕۆک )

ناوەڕۆک و ناواخنە واتاییەکانی ئەو ڕستەیە بریتیین لە :

أ- یارییەک هەبووە.

ب-کەسێک لە گەڵ کەسێک یاری کردووە.

پ-کەسێک لە یاریەکەدا دۆڕاو بووە.

ت-یەکێکیان لە یاریەکەدا براوە بوون.

ج-......................................

ح-......................................

خ-......................................

بەپێی تیۆرەکە واتای پیتی و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکە دیاری دەکەن ، کەواتە ڕستەکە پێش دەربڕین و نواندنی دروستەی ڕووکەش خاوەن واتا و پێکهاتەی تایبەت بە خۆیەتی دواتر لە ڕێگەی گواستنەوەوە بە دروستە ڕووکەشەکەوە بەستراوەتەوە :

کێ { +کەس}

کێ { +کەس}

بردەوە { + بردنەوە
+سەرکەوتن
+جوڵەیی }

کەواتە یەکێک لە سیمای واتای کردارەکە ( +جووڵەیی ) یە پێویستی بە دوو ( AR ) هەیە ، واتە پێویستی بە دوو ڕۆڵی ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ) هەیە.

پێکهاتەی واتایی لە ( ٢١١ ) لە دروستەی لۆژیکدا بوونی هەیە ، بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە دەگەیەنرێت بە دروستەی ڕووکەش و لە شێوەی دەنگدا دەردەبڕین ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢٢ ) :

## ٣/ ٢-٥-٢ ) واتای نافەرهەنگی پرس

واتای نافەرهەنگی پرس لە بەکارهێنانیدا واتای خۆی لە دەست دەدا لە چوارچێوەی ئەو بەرکارهێنانەدا واتا و مەبەستێکی تر دەگەیەنێت ، لێرەدا پرسیارێک دەخرێتە ڕوو ئایا کەرەستەکانی پرس/ فۆڕمەکانی پرس ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی واتای نافەرهەنگیدا؟ چۆن؟ پێشتر ئاماژەکرا بەجۆرەکانی واتای نافەرهەنگی ، لێرەدا بەپێی بنەماکانی تیۆری سیماتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوە بۆ هەر یەکێک لە و جۆرانەی واتای نافەرهەنگی دەکرێت ، کە لە م لێکۆڵینەوەیەدا پۆلکراوە ، لە دوای شیکردنەوەیان دەگەین بەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە لە سەرە وەدا ئاماژەی پێکراوە.

**ئەو جۆرانەی واتای نافەرهەنگی کە پێشتر ئاماژەی بۆکرا :**

**أ- ) واتای ئیدیەمی :** ئیدیەم دروست بوونی فۆڕمەکانیان لە ڕووی دروستەوە بەپێی یاساکانی ئیدیەم خۆیەتی ، ناتوانرێت لە سەر بنەمای واتای بەشە پێکهێنەرەکانی تێبگەین ( بڕوانە ٢١٢ ) :

( ٢١٢ ) گا ڕیپاوە؟ ( عەلی : ١٩٨٢ : ٣٩٦ )

لە ( ٢١٢ ) دا کە ڕستەکە ڕستەیەکی پرسە ، بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە ، بەپێی تیۆری سیماتیکی بەرهەمهێنان کە کردار بەناوکی ڕستە و واتاکەی دادەنرێت پریدیکاتی ( ڕیپاوە ) پریدیکاتێکی یەک ( AR ) داواکەرییە ، کە ئەویش بکەرێکی ڕێزمانییە ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢٣ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٢٣ )

بەپێی تیۆرەکە شیکردنەوە واتاییەکەی ( ٢١٢ ) بەم شێوەیە دەبێت :

ڕیپاوە {گا}

بڕوانە هێڵکارییەکەی ( هێڵکاری ژمارە ٢٣ ) کە لە پێشتر خرایە ڕوو دروستەی ڕووکەشی ڕستەکە ئەو ئاستە ڕۆنانەی زمانە کە ڕستەکە تێیدا دەرکەوتووە ، کۆتا ئاستی بەرهەمهێنانە ، هاوکات واتای پیتی ڕستە و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکەیان دیاریکردووە ، لە ( ٢١٢ ) دا کەسێک ئەم ڕستەیە دەڵێت کە بێزاری خۆی بەرامبەر کەسێک دەردەبڕێت ، کە بەتەنگەوە نەیەت و شتی زیادە بخوازێت ، بۆ نموونە منداڵێک کاتێک کە ئەچێتە بازاڕ ، ئەچێتە هەر دوکانێکەوە داوای شتێک دەکات دایکەکە دەڵێت ( گا ڕیباوە ) یان کەسێک داواکاری زۆری هەبێت ، کەسی بەرامبەر بێزاری خۆی دەردەبڕێت ، چونکە ئەو کەسەی داواکارییەکەی داواکارییەکی زۆر زیادە ، کەواتە کەرەستەکانی پرس ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی واتای ئیدیەمی.

ب- ) **واتای میتافۆری :** میتافۆڕ وەکو دروستەیەکی یاسا کوتشکێن لێکبدرێتەوە پڕ واتا بێت ، دەبێت چەمکی لە یاسا لادانی تێدابێت ، ( بڕوانە ٢١٣ ، ٢١٤ ) ، بەپێی بنەماکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

( ٢١٣ ) میوان نان دەخۆیت؟ ( هەمزەیی : ٢٠١٥ : ٣٩٠ )

( ٢١٤ ) ماسی بەچی دەژی؟

لە ( ٢١٣ ) دا ڕستە پرسەکە بەهۆی ئاوازەوە دروستبووە بەپێی بنەمای یەکەمی تیۆرەکە پریدیکاتەکە بەناوکی ڕستەکە دادەنرێت ، هاوکات ( AR ) کانی دەوری ناوکی ڕستەکەش بەرپرسن لە گەیاندنی پێوەندییە واتاییەکان لە ڕستەکەدا ، پریدیکاتەکە دوو هێزییە کە بێجگە لە بکەرێکی ڕێزمانی لۆژیکی ، بەرکاریش داوا دەکات ، کەواتە دوو ( AR ) ی پێویستە ، کرداری ( دەخۆیت ) پێویستی بە بکەرێک هەیە کە هەڵدەستێت بەکاری خواردنەکە ، بەرکارێکیش کە کاری خواردنەکەی بەسەردا ڕوودات بەپێی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان سێ نۆدی سەرەکی گریمانە کراو لە ڕستەکەدا دیاریکراوە ، کە بریتیین لە ( نواندنی ڕ ، نواندنی ک ، نواندنی ف.ن ) بەپێی تیۆرەکە شیکردنەوە واتاییەکەی ( ٢١٣ ) بەم جۆر دەبێت :

دەخۆیت {میوان ، نان}

هێڵکاری درەختی ( ٢١٣ ) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت ( بڕوانە ٢٤ )




هێڵکاری ژمارە ( ٢٤ )

لەم ڕستەیەدا واتای پیتی ڕستەکە و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکەیان دیاریکردووە لە ڕستەکەدا پرسیارەکە زۆر نەنگە ، چونکە لە ڕووی تەوسەوە کراوە بە پەند ، واتە چۆن پرسیاری وا دەکرێت چۆن شتی وا دەردەبڕیت کەواتە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زماندا توانرا واتای دەربڕاوی ڕستەکە شیبکرێتەوە.

لە ( ٢١٤ ) دا بەهۆی فرێزی پرسیاری ( بەچی ) یەوە دروست بووە ، بەپێی بنەمای یەکەمی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان پریدیکاتەکە بەناوکی ڕستەکە دادەنرێت ، هاوکات ( AR ) کانی دەوری ناوکی ڕستەکەش بەرپرسن لەگەیاندنی پەیوەندییە واتاییەکە لەڕستەکەدا ، کرداری ( دەژی ) پێویستی بەبکەرێک هەیە کەتوانای ژیانی هەبێت ، لەم ڕستەیەدا واتای پیتی ڕستەکە و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکەیان دیاریکردووە ، لێرەدا پرسیارەکە لە ڕووی تەوسەوە کراوە ، مەبەست ئەوەیە کاتێک کەسێک بەمیوانی دەچێت بۆ ماڵێک ، بیریان دەچێت ئاو بهێنن بۆ میوانەکە ، کەسەکە بەڕاستەوخۆ ناڵێت ئاوم بۆ بهێنە دەپرسێت ( ماسی بەچی دەژی ) ، لەوێدا خاوەن ماڵ بیری دەکەوێتەوە کەئاوەکە بهێنێت ، بەمیتافۆڕی بەپێی بوارە پراگماتیکییەکەی واتایەکی پراگماتیکی دەگەیەنێت ، واتە کاتێک کەسێک دەچێت بۆماڵێک تینویەتی ئاوی بۆناهێنن بە شێوەیی میتافۆڕی داوای ئاو دەکات.

( پ ) **واتای پراگماتیکی** : لە بەر ڕۆشنایی ئەوەی کە پێشتر لە سەر پراگماتیک خرایەڕوو واتای پراگماتیکی بریتییە لە زانیاریی نازمانی و واتای سیمانتیکی و دەوروبەر ( کات و شوێن ) لێرەدا نموونەیەکی سادە و ساکار دەهێنینەوە ، کاتێک دوو کەس جێژوانێکیان هەیە لە گەڵ یەکتری یەکێک لە دوو کەسەکە لە کات و شوێنی دیاریکراو ئامادە دەبێت ، بەڵام یەکێکیان دوادەکەوێت ، دواتر ئەو کەسەی کە لە کات و شوێنی خۆی ئامادە بووە بەویتر دەڵێت ( بەخوا بەمەوعیدی ) ، بەڵام کەسی بەرانبەر لە وەڵامدا پۆزشی بۆ دەهێنێتەوە لە کاتێکدا کەسی پابەند وەسفی کردووە ، کەواتە پراگماتیک لە نێوان قسەکەر و گوێگردایە واتایەکی تاکە کەسییە و واتای شاراوە و قوڵ دەگرێتەوە ، هێما زمانیی و نازمانییەکانیش لێکدەداتەوە ، بنەماکان دەبەزێنێت و یاساکان کۆتدەشکێنێت ، واتە چەمکی لە یاسا لادانی تێدایە پابەندی چالاکی و ڕاهێنانە لێکدانەوەی مەبەستی قسەکەرە ، واتاییەکی گۆڕاوە بەپێی کەس ( بڕوانە ٢١٥ ) بەپێی بنەماکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

( ٢١٥ ) زوو نییە؟

( ٢١٥ ) ڕستەکە ڕستەیەکی پرسیارییە ، بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە ، بەپێی بنەمای یەکەمی سیمانتیکی بەرهەمهێنان کە گرنگی بە دروستەی قووڵ دەدات و دروستە قووڵەکە بەرپرسە لە دەربڕینی واتای ڕستەکە ، بەپێی تیۆرەکە لە ژێر هەموو ڕستەیەکی گریمانەکراودا دروستەیەکی

لۆژیکی شاراوە هەیە ، ئەو دروستە لۆژیکییە واتای ڕستەکە لە خۆدەگرێت لە ڕێگەی گواستنەوە و دروستەی ڕووکەش بەرهەمدێت ، ئەم ئاستە کۆتا ئاستی بەرهەمهێنانە. لە ئەنجامی گواستنەوەکان کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕوودەدات ، دانەی ڕێزمانی دەقرتێنێت یان زیاد دەکرێت یان ئاڵوگۆڕ دەکرێت ، بەپێی تیۆرەکە واتای پیتی و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکەیان دیاریکردووە ، هاوکات لە لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی زماندا دەتوانرێت واتای دەربڕاوی ڕستە شیبکرێتەوە بەهۆی ڕووکارە ڕێژەییەکانی ناوەڕۆک ، لە ڕستەی ( ٢١٥ ) کە دەوترێت ( زوو نییە ) واتایەکی پراگماتیکی هەیە ، بەواتای ڕستەی ( ٢١٦ ) دێت.

( ٢١٦ ) تۆ دواکەوتیت؟

لە ( ٢١٦ ) دا ( دواکەوتی) پریدیکاتی یەک ( AR ) داواکەرییە ئەم جۆرە پریدیکاتە تەنها یەک ( AR ) ی پێویستە ، کە ئەویش بکەرەکەیە.

بەپێی ئەم تیۆرە شیکردنەوە واتاییەکەی ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە دەبێت:

دواکەوتیت {تۆ}

هێڵکاری درەختی ( ٢١٦ ) بەم شێوەیە دەبێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢٥ ) :




دواکەوتیت تۆ

هێڵکاری ژمارە ( ٢٥ )

کەواتە کەسەکە دواکەوتووە دواکەوتنەکەش ئەو دەوروبەرەی کە تێیدایەتی بۆمان ڕووندەکاتەوە بۆ نموونە بەپێی دەوروبەرەکە کە دەڵێت ( زوو نییە؟ ) واتایەکی پراگماتیکی هەیە ، چونکە ڕستەکە بەستراوە بەکات و کەس و شوێنەوە ، کەواتە لێرەدا دەتوانین چەند واتایەک دیاریبکەین ، بەپێی واتا پراگماتیکیەکەی واتە تۆ دواکەوتیت ، بەپێی واتای پیتی/ حەرفی بێت دوو کەس دەیانەوێت بڕۆن بۆ شوێنێک لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا دەستپێدەکات یەکێکیان دەڵێت بڕۆین ئەویتریان دەڵێت زوو نییە؟ دیسان دەوروبەر ڕوونی دەکاتەوە لە نێوان دوو کەسدا، بەڵام کاتێک خوێندکارێک دوادەکەوێت لە دەرگا دەدات مامۆستاکە پێی دەڵێت ( زوو نییە؟ ) ، واتە دواکەوتیت درەنگە ، کەواتە بەپێی شوێنەکە واتاکەی گۆڕا و دەوروبەرەکە لێکی دایەوە کە چ واتایەکی هەیە ، کەواتە ڕستەکە واتاکەی لە دەوروبەرەکە وەردەگرێت ، واتای ڕستەکەپەیوەستەبە دەوروبەری گوتنەکەوە دەشێت بۆ توانج بێت دەشێت بۆ گلەیی بێت ، یان بۆ سوکایەتی پێکردن بێت ، بەپێی دەوروبەری ( کۆنتێکست ) ی

قسەکردن دەگۆڕێت ، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە واتای پراگماتییەکەیە کە خوێندکارێک دواکەوتووە ، مامۆستا لێپرسینەوەی لێدەکات پێی دەڵێت ( زوو نییە؟ ) .

(ب) **واتای دەڕوونی :** هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەم جۆرە واتایە بەستراوە بەباری دەڕوونی ئەو کەسەی بەرکاریدەهێنێت ، واتایەکی تاکە کەسییە و خودییە ، کەواتە وشە بەگوێرەی قسەکەر دەبێتە ( هەست دەربڕین ) و ڕەنگدانەوەی ناخی قسەکەر ، هاوکات بەگوێرەی ئەو شت و ڕووداوانەی بەرانبەری دەوەستێت دەبێتە هێما بەگوێرەی گوێگریش دەبێتە ( وروژاندن )، چونکە کا(ڕێگەری لە سەر دەکات ، ( بڕوانە ٢١٧ ) کە بەپێی بنەماکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

( ٢١٧ ) تۆ منت خۆشدەوێت؟

لە ( ٢١٧ ) دا ئەگەر چی ڕستەکە ڕستەیەکی پرسە بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە ، بەڵام بۆ ئاسودەیی دەڕوون بەرکاردەهێنرێت ، ئەم ڕستەیە زۆر جار کەسێک بەرکاریدەهێنێت کە زۆر دڵنیایە لە خۆشەویستی بەرانبەرەکەی بەردەوام پرسیاری لێدەکات ، یان زۆر جار لە گومانەوە سەرچاوە دەگرێت لێرەدا هەست و سۆزی ئاخێوەر بەشێوەی پرسیار دەربڕاوە ئەگەر چی واتای فەرهەنگیشی تێکەڵ لە ( ٢١٧ ) دا کردارەکە دوو هێزییە ، واتە دوو ( AR ) ی پێویستە کە بێجگە لە بکەرێک بەرکاریش داوا دەکات ، واتە کرداری ( خۆشویستن ) پێویستی بە بکەرێک هەیە کە هەڵدەستێت بە کاری ( خۆشویستنەکە ) ، بەرکارێکیش کە کاری خۆشویستنەکەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت بەپێی ئەم تیۆرە واتای پیتی ڕستەکە لە ڕێگەی دروستەی لۆژیکییەوە ، لە دروستەی ڕووکەشدا دەخرێتە ڕوو ، بەپێی تیۆرەکە سیمانتیکانە لە گەڵ هەردوو ( دروستەی قووڵ و ڕووکەش ) مامەڵە دەکرێت ، بەڵام سینتاکس لە ڕێی یاساکانی گواستنەوەوە کە لە دەرەوەی ئەو پرۆسە هەڵگواستینانەی کە لە هەردوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشدا ڕوودەدەن ئەو یاسایانە واتای ( ڕاگەیەنراوی ) ڕستەکەیان ڕوونکردۆتەوە ، کە لە ناوخنی ڕستەکەدا هەیە. بەپێی ئەم تیۆرە شیکردنەوە واتاییەکەی ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە دەبێت :

خۆشدەوێت {تۆ ، من}

هێڵکاری درەختی ( ٢١٧ ) بەم شێوەیە دەبێت. بڕوانە ( هێڵکاری ژمارە ٢٦ ) :



هێڵکاری ژمارە ( ٢٦ )

ئـەم تیـۆرە گرنگـی دەدات بـە لێکۆڵینـەوە لە واتـای پیتـی ، پێکهاتـەی واتـایی لە ڕسـتەی ( ٢١٧ ) دا لە دروسـتەی لۆژیکیدا بـوونی هەیـە بـەهۆی یاسـاکانی گوێزانـەوەوە ، گواسـتراونەتەوە بـۆ دروسـتەی ڕووکەش لە شێوەی دەنگدا دەربڕاوە ، بەپێی ئەم تیۆرە سیمای واتایی کردارەکە لە گەڵ ڕۆڵە واتاییە داواکراوەکانیان بـەم جۆرەیـە سیمای واتـایی {+هەسـتی} ڕۆڵێکـی واتـایی ئـەرکی داوا دەکـات کـە پێـی دەوترێت تاقیکەرەوە.

**( ج ) واتای کۆمەڵایەتی :** لە پێشتردا تیشک خرایە سەر واتای کۆمەڵایەتی ، لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکردنەوەی پێشتر دەکرێت بوترێت ، واتای کۆمەڵایەتی لە پێڕەوە سروشتییەکانی هێما زمانییەکان نییە ، دەربڕینی کەسایەتی بەگشتی ، دەربڕینی کەسایەتی خودیش لە ڕێی زمانەوەیە و نەریتەکانی کۆمەڵ بەگوێرەی شوێن و پایەی کەسەکان دیاریان دەکەن ، ئەم واتای دەربڕە وابەستەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە ، ( بڕوانە ٢١٨ ، ٢١٩ ) :

( ٢١٨ ) بەڕێزم هاتی؟

( ٢١٩ ) أ- ) پرسیاری چوارەم هەڵەیە ( ڕێزی تێدا نییە )

ب- ) بەپرسیاری چوارەمدا ناچیتەوە ( داوایە و ڕێزە )

لە ( ٢١٨ ) دا ڕستەکە ڕستەیەکی پرسە بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە ، بەپێی بنەماکانی سێمانتیکی بەرهەمهێنانی شیکردنەوەی بۆ دەکەین ، لە پێشتردا ئاماژە کرا بەوەی کە جۆری پێوەندییەکان جیاوازە ، کاتێک کەسێک نەناسیت وشەی ( بەڕێز ) بەرکاردەهێنیت ، ئەمەش سادەترین پێوەندییە ، لێرەدا وشەی ( بەڕێز ) ، کە بەرکارهاتووە مەبەستی کەسێکە ، بەپێی ئەم تیۆرە کە کردار بە ناوکی ڕستە و واتاکەی دادەنرێت پریدیکاتی ( هات ) تەنها پێویستی بە یەک ( AR ) هەیە ، کە ئەویش بکەرێکی ڕێزمانییە ، هێڵکاری ڕستەی ( ٢١١ ) و شیکردنەوەی بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢٧ )

هاتی {بەڕێز}




هێڵکاری ژمارە ( ٢٧ )

ڕستەکە کۆتا ئاستی بەرهەمهێنانە ، چونکە دروستەی ڕووکەش لایەنی بەرجەستەی ڕستە و دروستە زمانییەکانە ، واتە ئەو ئاستە ڕۆنانیانەی زمانە کە ڕستەکە تێیدا دەردەکەوێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕستەکە لە سیمانتیکی بەرهەمهێناندا لە نموونەی ( ٢١٨ ) ناوەڕۆک و ناوەخنە واتاییەکانی ڕستەکە دەخرێتە ڕوو ، ناوەخن و ناوەڕۆکە واتاییەکانی ڕستەی ( بەڕێزم هاتی؟ ) گریمانەی ئەوە دەکرێت کە دوو کەس کاتێکی دیاریکراویان هەبووبێت ، بەڵام یەکتریان نەبینیوە بەڵکو تەنها بە تەلە فۆن قسەیان کردووە ، دواتر کاتێکیان دیاریکردبێت کاتێک کە یەکێکیان دوادەکەوێت ئەویتریان تەلە فۆنی بۆ دەکات لێی دەپرسێت ( بەڕێز هاتی؟ ) لێرەدا واتای کۆمەڵایەتییە و کەسەکان یەکتری ناناسن ئەمەش سادەترین پێوەندی نێوانیانە.

لە ( ٢١٩-أ ) دا کاتێک خوێندکارێک لە هۆڵی تاقیکردنەوەدایە لەکاتی بینینی پرسیارەکەدا کاتێک کەڕستەی ( ٢١٩-أ ) دەردەبڕێت داواکردن بەڕێزەوە نییە ، بەڵام لە ( ٢١٩-ب ) دا کاتێک خوێندکارەکە بە شێوەیی پرسیار ڕستەکە دەردەبڕێت لێرەدا داوایە و ڕێزە. کەواتە لە ( ٢١٩-ب ) ڕستەکە ڕستەیەکی پرسە بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە بەپێی بنەماکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان کە گرنگی بەدروستەی قووڵ دەدات بەرپرسە لە دەربڕینی واتای ڕستە وەک لە ( ٢١٩-ب ) دا دیارە ، هاوکات دروستە قووڵەکە لەڕێگەی ئەو دروستە لۆژیکییەوە دەردەبڕێت کەلەسەر گوزارە ناوەکییەکە ( پریدیکات ) ەکە بنیاتنراوە شیکردنەوەی واتای ڕستەکەش بەم شێوەییەیە :

ناچیتەوە { تۆ ، بە پرسیاری چوارەمدا. }

**( چ ) واتای شێوازی :** لە پێشتردا ئەوە ڕوونکرایەوە کە واتای شێوازی زانیارییمان دەداتێ دەربارەی ئاخێوەر ، کەواتە ئەو واتایەیە ، کە شێوەزاری قسەکەری تێدا دەردەکەوێت وەک ، ( کەی – سلێمانی ، کەنگێ – هەولێر ) ، ( کێ – سلێمانی ، کێهان – هەولێر ) ( بڕوانە ٢٢١ ، ٢٢٠ ، ٢٢٢ ) بەپێی بنەماکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوەی بۆدەکرێت :

( ٢٢٠ ) – أ ) کێ هات؟

ب- ) چیٚ هات؟

( ٢٢١ ) أ ) - هاتیتەوە؟
- بەڵێ
- بەملی شکاوت

پەیوەندی دوو هاوڕێ ڕێزی تێدا نییە

ب ) – هاتیتەوە
- بەڵێ
- بەخێربێیتەوە

پەیوەندی دوو هاوسەر بەڕێزەوە

( ٢٢٢ ) أ ) – ماندوویت ؟
- بەڵێ ، ئەمڕۆ لۆدی زۆرم لەسەر بوو ( ئەندازیار )
ب ) - ماندوویت
- بەڵێ ، ئەمڕۆ هەموو کەیسەکان پێویستیان بەنەشتەگەری بوو ( پزیشک )

لە ( ٢٢٠ ) دا ڕستەکە ، کە ڕستەیەکی پرسیارییە بەهۆی وشەی پرسی ( کێ ) ەوە دروست بووە بەڵام لە ( ٢٢٠-ب ) دا ڕستەکە بەهۆی وشەی پرسی ( چیٚ ) ەوە دروست بووە ، لە ڕووی واتاوە بەهەمان واتای ( کێ ) دێت و هەمان وشەی پرسی ( کێ ) یە ، هۆکاری گۆڕینی دەنگی ( ک ) بۆ ( چ ) ئەوەیە کاتێک کە ( ک ) دەکەوێتە پێش ( یٚ ، ی ، وی ، ویٚ ) شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێت و تاڕادەیەک وەکو ( چ ) گۆ دەکرێت ، لە زۆربەی شوێنەکانی زاری کرمانجی ناوەڕاست ئەم دیاردەیە ، بەتایبەتی لە هەولێر و دەوروبەری بەدیدەکرێت ( بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکان و شێوە زارەکان ) لە ( ٢٢٠ ) دا پریدیکاتی ( هات ) تەنها یەک ( AR ) ی پێویستە ، کە ئەویش بکەرێکی ڕێزمانییە ، دروستەی ڕووکەشەکە کۆتا ئاستی بەرهەمهێنانە پاش ئەوەی دروستەی ڕووکەشە یاساکانی زمانی بەسەردا جێبەجێکراوە گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی مێشک ( بووە بەخاوەنی فۆرمی فۆنەتیکی ) لە ئاستی ڕووکەشدا گۆڕانکاری ڕوویداوە ، لێرەدا ناوەڕۆک و ناوخنە واتاییەکانی ڕستەکە دەخرێتە ڕوو ، ( کەسێک ) هاتووە کەسێکی تر ئەزانێت کەسێک هاتووە نازانێت کێیە بۆیە ئەو پرسیارە دەکات ، واتە زانیاریی هەیە کە کەسێک هاتووە. پێکهاتەی واتایی لە ڕستەی ( ٢٢٠-أ ) دا لە دروستەی لۆژیکدا بوونی هەیە بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە گەیەنراون بە دروستەی ڕووکەش و لە شێوەی دەنگیدا دەربڕاون ، دروستەی ڕستەی ( ٢٢٠-أ ) بەپێی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان بەم شێوەیە شرۆڤە دەکرێت. بڕوانە ( هێلکاری ژمارە ٢٨ ) :




هێڵكاری ژماره ( ٢٨ )

شیكردنەوەی ڕستەی ( ٢٢٠-ب ) هەمان شیكردنەوەی ( ٢٢٠- أ ) یە تەنها جیاوازی لە شێوازی دەربڕینەكە هەیەو واتە گۆڕینی ( كێ ) بە ( چێ )

كێ {+كەس}

هات +هاتن

-ڕۆشتن

لە ( ٢٢١- أ ، ب ) دا ڕستەكە ڕستەیەكی پرسیارییە بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە لەبەرئەوەی زمانی كوردی ( Pro ) گروپە بكەری ڕستەكە دەرنەبڕاوە شیكردنەوەی ڕستەكە بەم شێوەییە دەبێت

هاتیتەوە {تۆ}

كەواتە لە ( ٢٢١- أ ) دا پریدیكاتەكە تەنها یەک ( AR ) ی پێویستە ، هاوكات پاش ئەوەی دروستەی ڕووكەشەكە یاساكانی زمانی بەسەردا جێبەجێكراوە ، گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی مێشک لەئاستی ڕووكەشدا گۆڕانكاری ڕوویداوە ، لێرەدا ناوەڕۆک و ناوەخنە واتایەكانی ڕستەكە دەخرێتە ڕوو كەپەیوەندی نێوان دوو هاوڕێیە پێكهاتەی واتایی ڕستەكە لە لۆژیكدا بوونی هەیە بەهۆی یاساكانی گوێزانەوەوە گەیەنراون بەدروستەی ڕووكەش و لە شێوەیی دەنگدا دەربڕاون ، بەڵام لە ( ٢٢١- ب ) دا ئەگەرچی هەمان شیكردنەوەی ( ٢٢١-أ ) ی هەیە ، بەڵام پەیوەندی نێوان دوو هاوسەر بەڕێزە و بەڕێزەوە گفتوگۆدەكەن.

لە ( ٢٢٢- أ ، ب ) شیكردنەوەی ڕستەكان بەم شێوەییە دەبێت :

بوونی ماندوێتی {تۆ}

لە ( ٢٢٢- أ ، ب ) دا پەیوەندی بەپێشەوە هەیە ، ئەگەرچی ڕستەكە ڕستەیەكی پرسیارییە بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە ، بەڵام پرسیار پیشەكەی دروستنەكردووە ، بەڵكو وەڵامەكە پیشەكەی دروستكردووە ، ئەم لێكۆڵینەوەیە وەڵامیش وەک بەشێک لەپرسیار سەیر دەكات لەپرۆسەی بە ئەبستراكت كردنی ( پریدیكارت ) هكەدا ڕیزكردنی ( AR ) هكانە ، لە ڕستە ( ٢٢٢ ) دا پریدیكاتەكە ئەبستراكتە بە ( بوونی ماندوێتی ) هكە وەسف دەكرێت خاوەنی یەک هێزە واتە یەک ئایتمی زمانی هەیە ، كە ( بكەر )ە . لەئاستی ڕووكەشدا كە كۆتا ئاستی بەرهەم هێنانە لەئەنجامی گواستنەوەكان

گۆڕانکاری ڕوویداوه ، دانەی ڕێزمانی کە بکەری ڕستەکەیە ( Pro ) یە ، واتە لابراوە هاوکات واتای پێتی واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکەیان دیاری کردووە ، کەواتە لە ( ٢٢٢-أ ، ب ) دا کەپرسیارەکە هەمان پرسیارە لەوەڵامی پرسیارەکەدا پیشەکە دەردەکەوێت ئەو کەسانەی کەپرسیاریان لێدەکرێت یەکێکیان ئەندازیارە و ئەوتریان پزیشکە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا لە ئەنجامی شیکردنەوەکان بەپێی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان دەگەین بەو ئەنجامەی کە کەرەستەکانی پرس ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی واتای نافەرهەنگیدا.

# بەشی چوارەم

## ڕێزمانی پرس

# بەشی چوارەم

# ڕێزمانی وشەی پرس

## ١/٤ ) پاری یەکەم : ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی وشەی پرس

### ٤/ ( ١-١ ) ئاستی فۆنۆلۆژی :

فۆنۆلۆژی ، کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی ناوڕێزمان ، خاوەنی یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆیەتی ، هاوکات تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو ، ئەرکی ئەو دەنگە زمانیانە دەخاتەڕوو کە ڕۆڵیان لە جیاکردنەوەی وشەکانی زماندا هەیە .

فۆنۆلۆژی ، ئەو لقەی زانستی زمانە ، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانییێکی دیاریکراو دەدات ، بەمەبەستی خستنە ڕووی ئەرکی ئەو دەنگانە ، لە ناو سیستمی پێوەندیکرندا(دزەیی : ٢٠١٣ : ١٣٣ ) .

هەروەک ئاماژەی پێکرا فۆنۆلۆژی خاوەنی یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆیەتی ، کەواتە ڕێسای فۆنۆلۆژیانە ( Phonlogical Principle ) ، پێوەیەندی ئاستی فۆنۆلۆژیی بەئاستی گرافییەوە دەهێنێتە دەربڕین ، ئەم ڕێسایە لە پەیوەندیدایە لە گەڵ گۆکردنی تۆمارکردنی ( recording-function ) ، نوسییندا ( ڕێساوفۆنیمی ) ە ، کە ( phonemic principle ) بەشێکی گرنگی ڕێسا فۆنۆلۆژییەکەیە ، کە پێوەندی نێوان فۆنیمەکان ( ئاستی فۆنۆلۆژیی ) و گرافیمەکان و ئاستی گرافیی ) دەگرێتەوە ، ( ڕێسا بڕگەیی ) کە بۆهەڵوەشاندنەوەی/ جیاکردنەوەی وشە بە گرافیی ( graphic-word-separation ) گرنگە(مەحوی : ٢٠١٦ : ٨٨ ) .

زمانی قسەکردن لە سەگمێنتەکان ڕێکخراوە ، کە ( بزوێن ونەبزوێنەکان ) ، کە بۆ دروستبوونی بڕگەکان و وشەکان و ڕستەکان لێکدراون ، ئەمە لایەنی زارەکی قسەکردنی پێدەوترێت ، نیشانە سەگمێنییەکان ، نیشانەی سەروناوەکی سەگمێنتیەکانن ، ئەوانەن ، کە وابەستەی دەق نین ، بەواتای ئەوەی لە لایەن خۆیانەوە دەناسرێنەوە ، بەڵام نیشانە سەرو سەمگێنتەکان ئەو نیشانانە دەگرنەوە ، کە بەسەر سەگمێتەکان ، بەسەر بڕگەیەکدا ، بەسەر وشەیەکدا ، بەسەر ڕستەیەکدا ، دەکشێن ، کەواتە دەوری نیشانە سەگمێنتییەکان دەدەن ، هێز و ئاوازە و تۆن نیشانە سەرگمێنتەکان دروست دەکەن ، بەهای نیشانە سەر و سەگمێنتەکان تەنها لە ڕێی پێوەندیانەوە ، بە دەقە دەنگیەکەی دەوروبەریان دیاریدەکرێت(مەحوی : ٢٠٠٨ : ٢٦٦ ) .

کەواتە سەر و سەگمێنتی ئاماژە بە تایبەتێتی دەربڕاوەکە ، کە بەسەرگروپە سەگمێنتەکاندا جێبەجێ دەبێت نەک تاکە سەگمێنتێک ، بۆنموونە ( هێز ) لە سەر بڕگە دەردەکەوێت نەک تاکە دەنگێک.

( کریستاڵ ) بەهێڵکاریەک باس لە نیشانە سەروسەگمێنتی و نیشانەکانی ئاواز دەکات ، کە نیشانە سەروسەگمێنتییەکان بێجگە لە نیشانەکانی ئاواز ، نیشانەی پارازمانی ونازمانیشان هەیە ، بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ٢٩ ) ( von hesingerk :1999 :18 ) و ( عەبدولا :٢٠١٣ : ٤٢ ) .




هێڵکاری ژمارە ( ٢٩ ) ( عەبدولا :٢٠١٣ : ٤٢ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە فۆنۆلۆژی دەناسێنێت :

فۆنۆلۆژی : پێکهاتەیەکی ناوڕێزمانە ، یاساوڕێساو کەرەستەی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە لە فۆڕمی فۆنۆلۆژی دەکۆڵێتەوە ، هاوکات مۆدێلی خستنە پاڵیەکی دەنگ و فۆنیمەکان لە زمانێکی دیاریکراودا دیاریدەکات ، لە نیشانەکانی بەجێهێنانی ئەرکی واتا گۆڕینی یەکە دەنگییەکان لە زماندا ، دەکۆڵێتەوە.

لێرەدا پرسیارێک دەخرێتە ڕوو ، بۆچی زانیارییەکانمان لە سەر فۆنۆلۆژی لە فۆنیمەوە نییە؟

لە وەڵامدا دەڵێین چونکە فۆنۆلۆژی لە مێشکدایەو ، تواناکە فۆنەتیکە ، کەواتە توانست ، کە ( فۆنۆلۆژییە ) ، لە ناو مێشکدایە ، پێویستە لە ڕێی فۆنەتیکەوە پێی بگەین.

هەروەها زمان ، بریتییە لە فەرهەنگ و ڕێزمان ، هەروەک ئاماژەی پێکرا فۆنۆلۆژیش ، کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی ناو ڕێزمان ، بۆنواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانە ، کە بریتیین لە کەرەستەکانی فۆنۆلۆژی ، کە فۆنیمەکان ، ئەمانیش دووجۆرن ، فۆنیمی کەرتی ، فۆنیمی ناکەرتی (سەگمێنت ) ( sagmental ) و ( سوپەرسەگمێنت ) ( supra sagmental ) سەگمێنتیش فۆڕمێکی بەرجەستەیە / کۆنکرێت بە فۆنیم و برگە دەنوێنرێت ، بەڵام سوپەر سەگمێنت نابەرجەستەیە. سێ نیشانەی سەرو سەگمێنیشمان هەیە ، کە ئەوانیش ( هێز ، ئاوازە ، تۆن ) ن.

## ٢- فۆنیم :

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان ، لایەنی بەبەرهەمیەتی ، کاتێک کەسێک زمانێک فێردەبێت ، واتای ئەوەنییە ، ئەو کەسە هەموو دەستەواژەکانی زمان فێربووە ، چونکە فێربوونی زمان جیاوازی هەیە.

کەسێک کە لە ڕێگەی فێرکردنەوە فێربێت جیاوازە لە وەی کەسێک لە ڕێگەی فێربوونەوە فێربێت ، یاسا ڕێزمانییەکان تێکناشکێنن ، بەڵام شارەزایی لە هەندێک دەستەواژەو ئیدیەم ، دەربڕینی چەسپاو کەمترە ، بەبەراورد لە گەڵ کەسێک ، کە بەهۆی فێربوون وتێکەڵبوونەوە فێردەبن ، چونکە ئەو کەسانەی ، کە لە ڕێگەی تێکەڵبوونەوە فێر دەبن ، زیاتر شارەزایی لە هەندێک دەستەواژەو ئیدیەم و دەربڕینی چەسپاو دەبن ، بەڵام یاسا ڕێزمانییەکان تێکدەشکێنن ، کەواتە لە هەردوو بارەکەدا ئەو کەسە کۆمەڵێک یاسای بنەڕەتی زمانەکە فێردەبێت ، دەتوانێت بەپێی ژینگە و دەوروبەری جیاواز ، ڕستەی جۆراوجۆر دروست بکات و بەکاریان بهێنێت ، کە بەهۆیانەوە بتوانێت پێوەندی لە گەڵ دەوروبەردا دروست بکات ، بێگومان ئەمەش لایەنی بەرهەمداری زمانە ، دروستبوونی ئەم پێوەندییەش بەهۆی گەورەترین یەکەی زمانەوە دێتە ئاراوە ، کە ڕستەیە ، ڕستەش ( لە گەورەوە بۆبچوک ) ، دابەش دەبێت بۆ چەند یەکەیەکی تر ، کە هەموویان پێکەوە یەکەکانی زمان پێکدەهێنن ، ڕیزبوونەکەش بەم شێوەیە دەبێت.

**( ڕستە ⇐ فرێز ⇐ وشە ⇐ مۆرفێم ⇐ فۆنێم )**

پێناسەکردنی فۆنێم کارێکی ئاسان نییە ، چونکە زمانەوانەکان لە نێوخۆیاندا ڕێککەوتنێکی ئەوتۆیان لە سەر پێناسەکردنی فۆنێم نییە .

فۆنێم ، لە ڕوانگەی جیاجیاوە پێناسەکراوە ، بەپێی ڕوانگەی هۆشەکی یاخود دەروونی فۆنێم ئەو دەنگ نموونەییە ، کەقسەکەر دەیەوێت دەریبهێنێت ، بەڵام هەرگیز ناتوانێت کت ومت بەرهەمی بهێنێت چونکە دوودەنگی دووپاتکراو هەرگیز کت و مت لە یەکتری ناچن ، هەموو دەنگێک لە ژێر کا(ڕێگەری دەنگەکانی دەوروبەریدا دەگۆڕیت(فتاح : ٢٠١١ : ٦٤ ) .

بۆنموونە ، لە وشەی پرسی ( کێ ) لە زۆربەی شوێنەکانی زاری کرمانجی ناوەڕاست، بەتایبەت لە هەولێرو دەوروبەری بە ( چێ ) گۆ دەکرێت ، ئەمەش بەهۆی کا(ڕێگەری دەنگی ( ێ ) ، واتە هەرکاتێک ( ک ) دەنگی ( ێ ) بەدوایدا هات ئەوا وەکو ( چ ) گۆ دەکرێت. هەروەها ( ک ) ئەگەر دەنگەکانی ( ی ، وی ، وێ ) بەدوایدا هات ، ئەوا شێوەی دەربڕینیان وەک ( چ ) دەبێت ، بەپێی ڕوانگەی فیزیکی ، کە ( دانیاڵ جۆنز ) پێناسەی فۆنیم دەکات ، کە بریتییە لە خێزانێک یان کۆمەڵە دەنگێک ، کە لە ڕووی گۆکردن وبیستنەوە لە یەک نزیکن یان لە یەکدەچن ، بەهیچ شێوەیەک لە هەمان ژینگەی دەنگییەوە دەرناکەون ، واتە بەهیچ شێوەیەک (ڕێگا بەهیچ ئەندامێک لە ئەندامەکانی نادات کەوا لە ناوڕستەدا لە شوێنیی یەکتر بن"(دزەیی : ٢٠١٥ : ١١٥ ) .

واتە فۆنیم ئەو پۆلە دەنگەیە ، کە لە ڕووی فۆنەتیکەوە لە یەکتر دەچن ، بەپێی ڕوانگەی دابڕاویش فۆنیم یەکەیەکی دابڕاو و خەیاڵییە و دوورە لە واقعی دەروونی ( دزەیی :٢٠١٥ : ١٦ ) ، بەڵام لە

ڕوانگەی ئەرکی بەم شێوەیە فۆنیم دەناسرێت " بچوکترین یەکەی دەنگییە" ، کەبەهۆیەوە ، دەتوانین جیاوازی لە نێوان واتاکان بکەین (سەرچاوەی پێشوو :١٧ ) .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین ، کە فۆنیم لە فەرهەنگدا تاکە ، کاتێک دەبێت بە بڕگە دەبێت بەسێت ، دەچێتە ئاستی فۆنۆلۆژی.

لە بنەڕەتدا ، لە برگەدا ( ڤاوڵ ) ( V ) کرۆکی دروستبوونی سێتەکەیە ، لە چەندقاڵبێکدا ئەم دروستبوونە ڕوودەدات وەک ( CCVC,CVC,CCV,CV ...هتد ) ، بەڵام ( V ) کرۆکە چۆنێتی دروستبوونی فۆنیم لە ناومۆدیلی یەک برگەدا ، بەفۆنۆتاکتیک ناسراوە کەواتە فۆنێم بچوکترین یەکەی زمانە ، کە ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی واتا، بەڵام واتای نییە.

## ٣- ئەلۆفۆن :

" بریتییە لە چەند دەنگێک ، کە لە یەک فۆنیمدا کۆدەبنەوە"(مارف : ١٩٨٧ : ١٧ ) .کەواتە شێوە جیاوازەکانی فۆنیمەکان پێیاندەوترێت ( ئەلۆفۆن ) .

ئەلۆفۆن ، ئەو کۆمەڵەدەنگەیە ، کە فۆنیمێک دەیانگرێتەخۆیەوە ، بەئەندامێکی یان ئەلۆفۆنێکی ئەو فۆنیمە دادەنرێت(عەلی :٢٠١٥ : ١٢ ) .

زۆرجار بەهۆی دیالێکت و بەشەدیالێکتی جیاوازەوە ئەلۆفۆن دروست دەبێت ، بۆنموونە لە شێوەی ئاخاوتنی هەولێر ( سۆرانی ) دەنگی / ڵ/دەکرێت بە دەنگی /ر/. بۆنموونە : لە کاتی گۆکردنی وشەی ( دەڵێم ) بەمشێوەیە گوێ دەکەن ( دەرێم ) .

لێرەدا دەتوانرێت جیاوازی لە نێوان فۆنێم و ئەلۆفۆن بخرێتەڕوو"ئەگەر جێگەی فۆنێمێک بە فۆنێمێکی تر ، بگۆڕینەوە ، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی وشەی نوێمان دەست بکەوێت ، ( کە دەتوانێت شێوەی گۆکردنی تری هەبێت ) ، بەڵام بەجێگۆڕکێ ئەلۆفۆنەکان تەنها دەربڕینی جیاوازی هەمان وشەمان دەست دەکەوێت"(یول : ١٣٨٥ :٦٣ ) و ( حەمید : ٢٠١٥ : ٢٨ ) .

کەواتە ئەگەر تەماشای وشەی ( پار ، بار ) بکەین لە زمانی کوردیدا تەنیا بە گۆڕینی ( پ ، ب ) وشەی جیاواز بەواتای جیاوازەوە پەیدابووە ، بەڵام ئەگەر فۆنیمی ( ک ) ( چ ) لە وشەکانی ( کێ ، چێ ) جێگۆرکێ بکەین بێجگە لە دەربڕینی جیاواز وشەی نوێمان بۆ دروستنابێت ، کا(ڕێگەری نابێت لە سەر گۆڕینی واتا ، واتە تەنها دەربڕینی جیاوازی هەمان وشەمان بۆدروست دەبێت ، نەک وشەی جیاواز بەواتای جیاواز.

لە پێشتر ئاماژە بەوە کرا ، کە سێ نیشانەی سەروسەگمێنتی سەرەکیمان هەیە ، ئەوانیش ( هێز ، ئاواز ، تۆن ) ن ، ئەوەی لە م لێکۆڵینەوەیەدا تیشک دەخرێتەسەری ( هێز ، ئاواز ) ە ، کە بریتیین لە

دووسیمای فۆنیمی ناکەرتی ، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی واتادا دەگێڕن ، یەکێکی ترن لە کەرەستەکانی پرسیارکردن .

**١-هێز ( stress ) :** ستریس ، ئەو هێزەیە ، کە دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە.

٢-زیادە وزیەکی دەنگییە لە پڕلە سەریەکێک لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدات ، کەواتە هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆژییەو دەوری لە م ئاستە دەرناچێت(ئەمین : ١٩٩٤ : ١٣-٦٤ ) .

لە دروستەی باسمەندی فۆنۆلۆژیدا : قسەکەر بەهۆی ئەو هێزەی ، کە دەیخاتە سەر بڕگەیەک یان دەستەواژەیەک دەتوانێت چەمکی فۆکەس ( focus ) دروستبکات. ئەو (فۆکەس)ەش لە دەربڕینی وشەو دەستەواژەکاندا بەئاشکرا دەبینرێت ، لێرەدا قسەکەر بەهۆی فۆکەس- ( focus ) ەوە دەتوانێت ئەو واتایەی یان زانیارییانەی مەبەستێتی دەریببڕیت(قادر ، ٢٠٠٨ : ١٣٤ ) .

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش لە نموونەی ( گێلە پیاو ) هێز لە سەر بەشی یەکەمی وشەکەیە ، لۆژیکیانە توانراوە زانیاریی ( گێلێتی پیاوەکە دەربڕێت ، نەک خاسیەت و زانیاریی تری پیاوەکە ، لەم نموونەیەدا بەم داڕشتنە لۆژیکی و بیرکاریانە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت :

{بۆ × = گێلێتی ( هێزی سەروشەکە بۆ زەقکردنەوەی خاسیەی ( × ) ە}, کەواتە ( گێل پیاو ) بەهێزخستنەسەر توانیوێتی شوێنی ئامرازی بەستنەوەی ( ە ) ەکە بگرێتەوە لە ( گێلە پیاو ) دا ، ئەگەر ئامرازەکە باس نەکەی دەوترێت ( زۆر گێل پیاوە ) ، کەواتە بەیاسای ڕستەسازی خۆی ڕاستکردۆتەوە ، واتە بەهێز ، کەواتە ئەوەپشتڕاستدەکرێتەوە ، کە لە لۆژیکی قسەکەرەکاندا فەرمان بە جوڵەی دەنگەژێکان دەکات ، کە هێز بخاتەسەر ئەو بەشەی ، کە مەبەستێتی واتا و زانیاریی بەشە هێز لە سەرەکە زەق بکاتەوە لە سەر خاسیەتەکانی تردا.

**هێز :** ئەو دەرکەوتنەیە ، کە دەدرێتەبڕگەیەک لە چوارچێوەی پێکهاتووی یەکەی دەرکەوتن ، کە لە زۆربەی زمانەکاندا لە گەڵ وشەدا یەکسان دەوەستێت(محێدین :٢٠١٣ : ١٣٩ ) .

**هێز :**.ئەو زیادە وزەیەیە ، کە دەکەوێتە سەربڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە(دزەیی : ٢٠١٣ : ١٤١ ) .

**هێز :** گوزارشت لە ڕادەی ئەو قورساییە دەکات ، کەلە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە بەرجەستە دەکرێت(غەریب : ٢٠١٩ : ٦ ) .

کەواتە ئەو وشەیەی ، کە بریتییە لە دوو بڕگە یان زیاتر ، بڕگەیەکیان هێزی دەکەوێتە سەر و بەگۆڕینی ئەو هێزە لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تری ئەو وشەیە ، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە ، وەیان دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو وشەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە ، کەواتە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بەوەدەکرێت کە کاتێک مرۆڤ قسەدەکات بەشێوەیەکی سروشتی ، بڕگەیەک لە بڕگەکانی هەر وشەیەک زیاتر توندتر دەردەبڕیت ، ئەم توند دەربڕینە لە دەربڕینی بڕگەدا بریتییە لە هێز.

هەرچەندە هێز لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدایە ، بەڵام کا(ڕێگەری لە ئاستی سینتاکسدا هەیە ، واتە لە وشەدا هێز دەستنیشان دەکرێت ، واتە هەڵسوکەوت لە گەڵ بڕگە دەکرێت ، دەبێت هەڵسوکەوت لە گەڵ وشە بکەی دیاریکردنی هێز تایبەتە بە خستنەسەر لە بزوێنەکانی وشەکە ناتوانرێت بوترێت هێزلە فرێز وەردەگیرێت، بەڵام کە کۆمەڵەیک هێز لێکدران دەبنە ئاوازە.

هێزی وشە دەکەوێتە سەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە ، گۆڕینی هێز لە سەربڕگەکان گۆڕان بەسەر واتای وشەکاندا دێنێت ، هەندێک جار لە وشەوە دەبێت بە ڕستە بەو واتایەی ، کە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی سینتاکس ، بۆ نموونە وشەی ( ترسان ) لە دوو بڕگە پێکهاتووە ، ئەگەر هێز بخرێتە سەر بڕگەی دووەم واتە هێز بخرێتە سەر بڕگەی کۆتایی /-سان/ ، ئەوا ناوە لە ئاستی مرۆفۆلۆژیدایە ، بەڵام ئەگەر هێز بخرێتە سەر بڕگەی یەکەم / تر- / دەبێت بەکردار(بڕوانە : ٢٢٣ ) :

**(٢٢٣)** ( أ ) ترسان بۆ مرۆڤ پێویستە.

( ب ) پێزان و لێزان ترسان.

لە ( ٢٢٣-أ ) دا هێز لە سەر بڕگەی دووەمە ، کە کۆتاییە واتە /- سان/ ، ناوە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدایە ، . لە ( ٢٢٣-ب ) دا هێز لە سەر بڕگەی یەکەمە ، / تر- / لە وێدا کردارە ، وەک ڕستەیەک لە ئاستی سینتاکسیدا کار دەکات ، هەروەها ئەو هێزەی لە ناو ڕستەدا دەخرێتە سەر وشەیەک بەمەبەستی فۆکەس خستنە سەری دەگونجێت ئەو وشەیە لە ( سەرەتا/ناوەڕاست/ کۆتایی ) ڕستەکەبێت ، واتە ڕستەکە ئەو هێزەی بەسەربەخۆیی لە سەر وشەدا هەیە ، بەفراونتری دەکەوێتە سەر وشەکە ، بڕوانە ( ٢٢٤ ) :

**(٢٢٤)** بەڕێوەبەرەکە ڕەنگە دەست لە کاربکێشێتەوە.

لە ( ٢٢٤ ) دا ئەگەر هێزی سەرەکی لە سەر وشەی ( بەڕێوەبەرەکە ) بێت ، ئەوە بەواتای ئەوەدێت ، کە ( تەنیا بەڕێوەبەرەکە ، کەسیترنا ) ئەگەری هەیە دەست لە کاربکێشێتەوە ، بەڵام ئەگەر هێز بخرێتەسەر وشەی ( ڕەنگە ) ئەوە دەگەیەنێت ، کە ڕەنگە ( بەڕێوەبەرەکە ) یان یاریدەدەرەکەی دەست لە کاربکێشێتەوە ) ، بەڵام ئەگەر هێزەکە کەوتە سەر ( دەست لە کاربکێشێتەوە ) ئەوا بەواتای ئەوەی ، کە ڕەنگە ( بەڕێوەبەرەکە ) دەست لە کاربکێشێتەوە ، یان لە سەرکارەکەی بمێنێتەوە ، هێزی سەرەکی لە کەتەگۆرییە فەرهەنگییەکان بە زۆری لە سەر دوابڕگەی وشەکانە، بەڵام هێزی سەرەکی وشەی کەتەگۆرییە ناسەرەکییەکان لە سەر بڕگەی سەرەتاییە ، زۆرجار وا ڕێک دەکەوێت ، کە هێزی یەک ڕستە بە چەند واتایەکی جیاواز دەردەبرێت ، هاوکات بە گوێرەی دەنگەکان هێزی وشە وەک یەکن جیاوازی لە نێوانیاندا نییە ( مارف : ١٩٧٦ : ٢١٥ ) ، بڕوانە ( ٢٢٥ ) :

**(٢٢٥)** أ- ) پورم هات؟.

ب ) پورم هات.

ئەگەر هێز لە سەر وشەی ( پورم ) بێت ، ئەوا پرسیاری کەسێک نیشان دەدات ، بەڵام ئەگەر هێزی ڕستەکە لە سەر وشەی ( هات ) دابنرێت ، ئەوکات هەواڵی ڕووداوێک یاخود کارێک نیشان دەدات ، کەواتە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر ئەو وشەیە ، کە زیاتر گرنگی وبایەخی پێدەدرێت و دەبێتە کرۆکی ڕستەکە ، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هێز لە وشەی سادەدا لە کۆتایدایە ، سەرجەم وشە سادەکانیش لە فەرهەنگدان واتە دەسەڵاتەکە هی فەرهەنگە ، فەرهەنگ دەیسەپێنێت ، کە دەبێت هێز لە کۆتایدا بێت ، بەڵام لە سینتاکسدا بەپێچەوانەوە هێز ئازادانەیە.

هێز لە ڕستەی سادەی یەک وشەییدا دەکەوێتە سەر یەکەم مۆرفیمی بنەڕەتی پێکهاتەکە ، ئەمەش بەپێچەوانەی هێزی سەر وشەکانی کۆمەڵەی ناوییە ، کە بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەر دوابڕگەی وشە ( موسا : ٢٠٠٩ : ٧٣ ) .

## ٢-ئاوازە :

ئاوازە ، بەواتای بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لە کۆتایی قسەدا ، ڕستەی پرسیاری وسەرسوڕمان و هەواڵدان لە یەکتری جیادەکاتەوە(فەتاح : ١٩٨٢ : ٢٣٦ ) .

ئاوازە گۆڕینی ئاوازی ڕستەیە بۆ گەیاندنی مەبەستی جیاواز ، هەرڕستەیەک چەند مانایەک دەگەیەنێت بەپێی ئاوازەکەی .

کەواتە بە گۆڕینی ئاوازەی ڕستە دەتوانرێت واتا و مەبەستی جیابگەیەنرێت ، هاوکات لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بدەین ، کە ئەو کەرەستانەی کە لە پێکهاتەی ڕستەدا بەشداری دەکەن ، بەپێی سیستەمی ڕیزبوونی ڕستەکان و پابەندبوونی زمانەکە بەو سیستەمە بە دوو ئەرکی سەرەکی هەڵدەستن ، کەئەوانیش ئەرکی دروستەی سینتاکسی ، ئەرکی واتای ڕستەن ، هاوکات واتای ڕستەش بەپێکهاتەی دروستە سینتاکسی و واتای ئەو کەرەستانەوە دەستنیشان دەکرێت ، کە ڕستەکە پێکدەهێنن ، کەواتە هەرچی ڕۆڵی سیمانتیکە لە وەدا بەدەردەکەوێت ، کە بایەخ بە پێوەندی نێوان ئەو دەربڕینانە دەدات ، کەلە ڕووی دروستەی سینتاکسی و واتای سیمانتیکییەوە ڕاست و دروستن ، لە سەر ئەو واتایە دەوەستێت ، کە ڕووبەرێکی فراوان ، لە زانیاریی وەرگرتن ، هەواڵدان لە زماندا بەخۆیەوە دەگرێت ، کەقسەکەر مەبەستی گەیاندنی هەواڵە بەگوێگر ، یان پرسیارکردن لە چەند هەواڵێکی دیاریکراو بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی .

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ، کە هەر ڕستەیەک چەند واتایەک دەگەیەنێت بەپێی ئاوازەکەی ،بڕوانە( ٢٢٦ ) .

**(٢٢٦)** پیزان ئیستا سێ پێنووسی جوانی بۆ کڕیم .

لە ( ٢٢٦ ) دا ، کە ( پیزان ) بکەرە ، وەڵامی ئەم پرسیارانە{کێ ، کەی ، چەند ، چی ، چۆن} دەداتەوە. دەردەکەوێت هەریەکەو ئاوازێکی هەیە وجیاوازە لە وانی تر.

ئاوازە ، گۆڕینی لە رینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکە ، هەر ئاوازەش واتایەکی جیاواز بەڕستەکە دەبەخشێت ، لە پێناسەکەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە ، بەگۆڕینی ئاوازەی ڕستە ، واتای ڕستەکە جیاواز دەبێت.بڕوانە ( ٢٢٧ ) :

**(٢٢٧)** شا ئێستا ڕۆشت.

لە ( ٢٢٧ ) دا ، ئەگەر خێرایی لە رینەوەی ژێکان لە سەر وشەی ( شا ) زیاد بکرێت ، واتای ڕستەکە دەبێتە وەڵام بۆ ڕستەی ( کێ ئێستا ڕۆیشت؟ ) ، بەڵام کاتێک لە رینەوەی ژێکان لە سەر وشەی ( ئێستا ) زیاد بکرێت ، ئەوا ڕستەکە دەبێتە وەڵام بۆ ڕستەی ( شا کەی ڕۆیشت؟ ) ، ئەگەر خێرایی لە رینەوەی ژێکان لە سەر وشەی ( ڕۆیشت ) زیاد بکرێت ، ئەوا دەبێتە وەڵام بۆ ڕستەی ( شا ئێستا چی کرد؟ ) .

واتە ئاوازەپەیوەستەبە گۆڕینی پلە ی ( نەغمەی ) ڕستەیەک یاخود وشەیەک بەبێ دەستکاریکردنی وشەو برگەو فونێم و مۆرفیمی ئەو ڕستەیە یاخود ئەو وشەیە(ناوخۆش : ٢٠٠٥ : ١٧٤ ) .

**ئاوازە :** بریتییە لە بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی پلە ی دەنگ لە سەر یان پێش کۆتایی یان کۆتایی.

ئاوازە گۆڕینی لە رینەوەی ژێکانە ، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی جۆری ڕستە ، هەر ئاوازەیەکیش واتای جیا بە ڕستە دەبەخشێت ( دزەیی :٢٠١٢ : ٣ ) .

ئاوازە لە ڕستەدایە بە ئاوازەی ( کەوت ) دەستپێدەکات لە سەر وشەی هێزدار بەرزدەبێتەوە و دواتریش نزم دەبێتەوە ( بڕوانە -٢٢٨ ) :

**(٢٢٨)** ↓ تۆ قارەما↑ نیت؟

کەواتە ڕستەی پرسیار بە هۆی ئاوازەوە دروست دەبێت ، ئەم ئاوازەیەش لە بەرزەوە ( Rising ) بۆ نزمە ( Filling ) (بڕوانە ٢٢٩ ) .

**(٢٢٩)** تۆکچەکەی کەژاڵیت؟

لە زمانی کوردیدا سێ جۆر ئاوازەی ڕستەی پرسیار هەیە ، ئاوازەی ناوەڕاست بۆ زۆر نزم ، لە پرسیاری داخراودا بەکاردێت(بڕوانە -٢٣٠ ) :

**(٢٣٠)** دوو وانە کەوتی یان سێ؟

ئاوازەی ناوەڕاست بۆ بەرز ، دواتریش بۆ نزم وەکو پرسیاری سەرسوڕمانی(بڕوانە-٢٣١ ) :

**(٢٣١)** دەزانیت منداڵێکی زۆر ژیرە؟!

ئاوازەی زۆر نزم بۆ بەرز ، ئەم جۆرە بێنرخیەک پیشان دەدات ( بڕوانە-٢٣٢ ) .

**(٢٣٢)** أ ) – ئەم بیبەرە خۆشە ، دەبێت یەک کلیۆ بکڕم.

ب ) یەک کیلۆ؟

کەواتە ئاوازە ئەرکی خۆی لە ڕێزماندا دەبینێت ، هاوکات دەکرێت لە ڕێگەی ئەو ئاوازانەوە جۆرەکانی ڕستە دیاربکرێت ، کە ئایا ڕستەکە پرسیارییە هەواڵییە ، یان فەرمانییە ، ئاوازە وەکو هاوڕێیەک لە گەڵ فۆنیمەکاندا دەردەبڕدرێت ، هاوکات دەبێتە هۆی گۆڕانکاری بەسەر واتادا ( واتای وشەو ڕستەکان ) ، هاوکات کار دەکاتە سەر بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەی دەنگ ، کە بەهۆی لەرەلەری دەنگەژێیەکانەوە دروستبووە.

( کورش صفوی ) پێیوایە ، هێز و ئاوازە لە زانستی زماندا کا(ڕێگەرییان هەیە ، بەشێوەیەک توانای گۆڕینی واتای وشەو ڕستەیان هەیە ، بۆیە دەکرێت وەکو یەکەیەکی واتای هەژماربکرێن ، بەتایبەتی لە ئاستی وشەو ڕستەدا سەروکاریان لە گەڵ واتادا دەبێت(حمد : ٢٠١١ : ٢٧ ) . کەواتە ئاوازە ئەرکی جیاکردنەوەی ڕستەیە ، ڕستەی ( هەواڵی ، پرسیاری ، داخوازی ، سەرسوڕمان ) ، هاوکات ڕۆڵێکی گرنگی لە گەیاندنی واتادا هەیە.

## ٢-١/٤ ) مۆرفۆلۆژی و وشەی پرس :

لە بەشی سێیەمدا ئاماژە کرا بەئاستی مۆرفۆلۆژی و وشە ، کە کەرەستەی بنیادی مۆرفۆلۆژی بریتییە لە مۆرفیم و وشە ، ئەم زانستە لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە ، پەسنییان دەکات ، وشەش لە مۆرفیمێک یان زیاتر پێکدێت ، زمانی مرۆڤ لە فەرهەنگ و ڕێزمان پێکدێت ، فەرهەنگ شوێنی گەنجکردنی کەرەستەکانە(بڕوانە بەشی سێیەم ) ، ڕێزمانیش بۆ نواندنی زانیاریی فەرهەنگییە ، مۆرفۆلۆژی لە لایەکەوە تەواوکەری فەرهەنگە ، چونکە مۆرفۆلۆژی گۆڕینی فۆڕمی نوێیە بۆ واتای نوێ ، هاوکات یەکێکە لە دەوڵەمەندکەرانی فەرهەنگی زمان ، ئەمە بێجگە لەوە تەواوکەری فەرهەنگی زمانە ، چونکە وشەی نوێ بە واتای نوێ بەرهەمدەهێنێت ، بەو واتایەی کەلێنی فەرهەنگی پڕبکاتەوە ، لە لایەکی تریشەوە ، ئەرکی وشەشکاندنەوە دەبینێت ، کەواتە مۆرفۆلۆژی ( کەرەستە و پرۆسەیە ) ، کۆمەڵێک پرۆسەیە ، بۆ ئەوەی کەرەستەکان بخاتەپاڵ یەکتری وشەی نوێ دروستبکات ، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا بریتیین لە پرۆسەی وشە دروستکردن ، کە ئەوانیش داڕشتن و لێکدان دەگرێتەوە ، هەروەها مۆرفۆلۆژی شکاندنەوە ، کە لە سینتاکسدایە(ئەحمەد : ٢٠١٠ : ٢٢ ) (بڕوانە هێڵکاری ٣٠ ) :( پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان ) .

مۆرفۆلۆژی ( Morphology )

وشە دروستکرد ( Word information)　　وشەشکاندنەوە ( inflection )

داڕشتن (Derivation)　　لێکدان ( Compounding )

هڵێکاری ژمارە ( ٣٠ )

## یەکەم : وشە دروستکردن ( Word information) :

وشە دروستکردن لە زانستی زماندا بەو بەشە دەڵێن ، کە لە چۆنییەتی پێکهاتن و یاسای دروستبوونی ئەمڕۆی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە(مارف : ١٩٧٧ : ٢١ ) .

زمانی کوردی لە چەند ڕێگەیەکەوە هەوڵی سازکردن و دیاریکردن و دەوڵەمەندکردنی وشەی فەرهەنگی دەدات ، پرۆسەکانی وشە دروستکردنیش ، کە بریتیین لە وشە داڕشتن و وشە لێکدان ڕێگەیەکن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان.

## دووەم : وشە داڕشتن (Derivation )

وشە داڕشتن بریتییە لە کردەی داڕشتنی وشەی نویێ ، لە ڕێگەی مۆرفیمەکانی داڕشتن ، چونکە کاتێک ئەو مۆرفیمانە دەنووسێن بە مۆرفیم یان بە وشەی ترەوە وشەی نوێ دادەڕێژن ، مۆرفیمەکانی داڕشتنیش بریتیین لە پێشگر و پاشگر و ناوگرەکان.

کەواتە کاتێک مۆرفیمێکی داڕشتن یان زیاتر دەچێتە سەر بناغەیەک فۆڕمێکی نوێی بەواتایەکی نوێوە بەرهەمدێت ، کەواتە کاتێک گیرەکی وشە داڕێژ ( پێشگر- prefix- ، پاشگر- suffix- ، ناوگر-infix - ) یک دەنوسێن بە ڕەگ وقەدی وشەوە ، واتای نوێی بەفۆڕمێکی نوێوە زیاد دەکەن بۆ وشەکە .بڕوانە ( فەتاح : قادر :٢٠٠٦ : ٥٧-٦٣ ) .

پرۆسەکانی وشەداڕشتن لە زمانی کوردیدا :

-پرۆسەی داڕشتنی ناو

1-N+Suf= ناوی داڕێژراو

مس + گەر= مسگەر

2-A+Suf= ناوی داڕێژراو

ڕەش +ێنە= ڕەشێنە

لێرەدا پرسیارێک دەخرێتە ڕوو ، یەکەی سەرەکی لە مۆرفۆلۆژیدا ، کە تیوره مۆرفۆلۆژییەکان مامەڵەی لە گەڵدا بکەن کامانەن؟ ئاراستەی نواندن وشیکردنەوە مۆرفۆلۆژیانەی وشەدارێژەکان دووانەیین ، واتە یان بناغەکە دەکرێتە پێگە یان مۆرفیەدارێژەکە ، مۆرفۆلۆژی دروستەکانی مۆرفێم بە یەکەی سەرەکی و کرۆکی دادەنێن ، لە بەرانبەریشیاندا مۆرفۆلۆژی وشە و پۆلە ستونی/پارادیگمایی یەکێکە لە و تیۆرانەی وشە بەچەق و بنەڕەت دادەنێت. چونکە ئاڕاستەی کارکردنی پرۆژەکە بەپێی مۆرفۆلۆژی بەرهەمهێنانە ، لە بەرئەوە بگۆڕەکان ( variable ) ەکان لە دروستەی مۆرفۆلۆژییەکاندا دەکرێنە سەنگی مەحەک ، لە بەرئەوەی دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی لە دەستی ئەواندایە ، پێوەست بە بناغەشەوە زمانی کوردی مامەڵەی بچمیان لە گەڵدا دەکرێت ، چونکە لە فۆڕمێکدا کۆمەڵە واتاییەک هەڵگیراون ، ئەو واتایە لە فۆڕمی وشەکەدا ڕەنگی نەداوەتەوە ، بەوەش بناغەکان/ وشەکان لێکسیمێکن لە ناو دروستەی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکاندا واتاکانیان بەرجەستە دەبن.

زانیاریی مۆرفۆلۆژیانەی پێوەست بە کەتەگۆری و هەڵاوێکردنەوە ( selection ) لە ژێر ڕکێفی لاگرەکاندایە ، چونکە هەڵبژاردنی پولە ڕەگەزیانەی بناغەکانیان لە دەستدایە و لە دەرهێنانی واتای بناغەکانیشدا کۆتوبەندی ( restriction ) بناغەکان دەکەن(بڕوانە ( ٢٣٣-٢٣٤ ) :

**(٢٣٣)** <u>پاش – فەرهەنگی ( پۆلە ڕەگەز دیاریکردن</u> <u>نواندنی مۆرفۆلۆژیانە</u>

ستان{N} {N} ستان ( بڕوانە ٢٣٤ )

**(٢٣٤)** کوردستان.

لێرەدا پرسیارێک دەخرێتە ڕوو چی ( کوردستان ) ی لە سادەوە کرد بەدارێژراو؟ لە وڵامدا دەڵێین ( ستان ) ، چونکە ( ستان ) ەکە دەسەڵاتدارە وشەی ( کورد ) ی کردووە بەناوی شوێن. کەواتە دروستەکە ( ستان ) گۆڕیویەتی ، واتەکەشی هەر ( ستان ) گۆڕیویەتی ( بڕوانە هێڵکاری ( ٣١ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٣١ )

| فەرهەنگ | بنەما | مۆرفۆلۆژی |
| --- | --- | --- |
| ستان | ستان-کورد | کوردستان |

کەواتە ئەم مۆدێلە ( مۆدێلی مۆرفیم-بناغەیە ) ، کەدروستە مۆرفۆلۆژییەکان دەتوانرێت بەمۆدێلێکی مۆرفیم-بناغە پەسنبکرێن ، یاساو ڕێسای خستنە تەکیەکی مۆرفیمەکانی هەیە ، لەم مۆدێلە دا یاسا مۆرفۆلۆژییەکان ، بەو یاسایانەی خستنە تەکیەکی مۆرفیمەکان دادەنرێن ، کە هەمان جۆری یاساکانی خستنەیەکی وشەکانن لە سینتاکسدا ، کەئەمەش هاوتەریبی نێوان یاساکانی دروستەی وشە و یاساکانی دروستەی فرێز دەخاتەڕوو ، لە مەشەوە چەمکی ( سینتاکسی وشە ) سەرچاوەی گرتووە.

کەواتە ( بیرۆکەی ) بابەتی سەرە لە مۆفۆلۆژیدا ، هەمان ئەو بیرۆکەیەیە ، کە لە سینتاکسدا هەیە ، لە بەرئەوەی لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیشدا سەرە ڕۆڵێکی گرنگ لە شیکردنەوەی پیکهاتەکەدا دەگێڕێت چونکە مۆرفیمێک دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی وشەدا بگێڕێت ، بەبەراورد لە گەڵ ڕۆڵی سەرە لە پێکهاتە سیسنتاکسیەکاندا ( یونس : ٢٠١٣ : ١٥ ) . بڕوانە ( ٢٣٥ ) :

(٢٣٥) {w}← ajd {ئازاد} +N { AF {ی}

بەلێکدانەوەی یاسای ڕۆنانی پیکهاتەی ( ئازادی ) دەردەکەوێت :

أ-وشەی ( ئازاد ) سەرە نییە.

ب-گیرەکی ( ی ) کەچۆتە سەر ئاوەڵناوەکە وشەیەکی تازەی بەفۆڕمێکی تازەوە داڕشتووە ، ئەم فۆڕمە تازەیە ، هەم لە واتادا تازەیەو هەم لە جۆری کەتەگۆڕیەکەشی تازەیە.

پ-کەواتە گیرەکەکە پێکهاتەکەی داڕشتووە ، لە بەرئەوەی خۆشی دەبێتە سەری پێکهاتەکە .

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی سەرەبوونی گیرەکەو پێکهاتەی وشەکە بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ٣٢ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٣٢ )

وەک لە هێڵکاری ژمارە ( ٣٢ ) دا خراوەتە ڕوو وشە داڕێژراوەکەوە کە ئاماژەیە بۆ کۆی پێکهاتەی ( ئازادی ) ، کە ناوە وەک لە خوارەوەی هێڵکاریەکەدا ئاماژەی پێدراوە ، دووگرییەکان دوو پێکهێنەری

پێکهاتەکە بەرجەستە دەکەن و ئەو ڕاستەهێڵەچەماوەیەش ، کەلە گیرەکەوە بەئاڕاستەی سەرەوە چووە نیشانەی بەسەرەبوونی گیرەکەکەیە لە پێکهاتەکەدا.

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پرۆسەکانی وشەداڕشتەش بڕوانە ( فەتاح ، قادر : ٢٠٠٦ : ٥٧-٦٣ ) ، ( ئەحمەد : ٢٠١٠ : ٢٤-٥٤ ) ، ( یونس : ٢٠١٣ : ١٥-١٦ ) ، ( مەعروف : ٢٠٢٠ : ١٦٨-١٧٣ ) .

## دووەم : وشە لێکدان :

وشە لێکدان یەکێکە لە پرۆسە سەرەکییەکانی وشە دروستکردن ، کە بریتییە لە خستنەتەکیەکی دووبناغە ( base ) یان زیاتر ، بەیارمەتی مۆرفیمێکی بەستنەوە یان بەبێ یارمەتی ئەو مۆرفیمە(Katamba,1995,54 )، ( والی : ٢٠١٥ : ٣٤ ) .

کەواتە لە مۆرفۆلۆژیدا بەکردەی لە یەکدانی پێکهاتووەکانی مۆرفیم ( ڕەگ ، مۆرفیمی سەربەخۆ ، لاگر ) و ئەنجامەکەی دەوترێت وشە لێکدان ، لە وشەی لێکدراودا ئەو مۆرفیمانەی وشە لێکدراوەکەیان پێکهێناوە ، لە ڕووی دروستەوە جیاوازیان هەیە ، یەکێکیان ( سەری ڕێزمان ) یە ، وئەویتریان ( تەواوکەر ) ە(ئەحمەد : ٢٠١٢ : ٢٩ ) .

**لێکدان :** یەکێکە لە تەرزەکانی وشە دروستکردن ، بەلایەنی کەمەوە ، لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ یان پێکهاتووەکانی مۆرفیم پێکدێت ، وا دەردەکەوێت گۆڕینی مۆرفۆلۆژیانەی وشەکان لە نێوان فەرهەنگ و فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا ، بەپێی بنەما سینتاکسییەکان بن ، لە بەرئەوەی وشە لێکدراوەکان پرۆژەی ( ناو و ئاوەڵناو و کردارەکان ) ن ، زانیارییەکان لە ناو ئەو پۆلە ڕەگەزانەدا هەڵگیراون ، بۆیە دەبێت لێرەدا زانیارییەکان بخرێنە ڕوو ، ئەو قۆناغە پاش-فەرهەنگییە دیاری دەکرێت ، کە زانیارییە سیسنتاکسییەکانیان تێدا دێنێتە دەرەوە ، پێشبینی ئەوە دەکرێت ، کە بۆ فۆڕمیکی ( وشەی لێکدراو ) وفۆڕمێکی سینتاکسی هەمان نواندنی پاش-فەرهەنگییان/پۆلە ڕەگەز- دیاریکردن ( subcatagorization ) هەبێت(مەعروف : ٢٠٢٠ : ١٧٣-١٧٨ ) .

کەواتە لە بەرئەوەی لە ناو سەرەکاندا کەدانەیەکی فەرهەنگین زانیارییە سیسنتاکسی ومۆفۆلۆژییەکان هەیە ، بۆ نواندنی ئەو زانیارییانە و چۆنێتی ڕیزبوونی سەروتەواوکەر پێویستمان بە تیۆری پۆلە ڕەگەز دیاریکردن هەیە ، چونکە ئەو تیۆرە ئەو تەواوکەرانەمان بۆ دیاریدەکات کەلە ناوهەریەکێک لە و توخمە فەرهەنگیانەدا هەبن(بڕوانە ٢٣٦ ، ٢٣٧ ) :

**(٢٣٦)** أ- N+N= سلێمانی {شار}

ب-N+A = جوان{کچ}

**(٢٣٧)** أ-V+ {...} گە + { ......}

ب-V+{N} هێن+ {......}

پ-V+{PP} پێزان+ {PP }

ت-V+{PP, N} کێن + {PP+N}

له ( ٢٣٦ ) و ( ٢٣٧ ) دا هەریەک لە نواندنە فەرهەنگییەکان ئەو پۆلەڕەگەزیان پێشنیازکردووە ، کە بەشێکن لە ویستە فەرهەنگییکانیان ، بەڵام لە وێدا زانیاریی ئەوەیان نەداوە بەدەستەوە ، کە ژێرخانێکی مۆرفۆلۆژیانەن یان سینتاکسیانە ، لە بەرئەوەی هەمان زانیاریی فەرهەنگی و پۆلە ڕەگەز دیاریکردن بەرهەمهێنەری فۆڕمی مۆرفۆلۆژییانە و سینتاکسیانەشن(بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ٣٣ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٣٣ ) ( مەعروف : ٢٠٢٠ : ١٧٤ )

لێرەدا ڕەگی کردار بە کرداری فەرهەنگی وەرگیراوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بەوە دەکرێت ، وشە لێکدان یان وشەی لێکدراو بریتییە لە خستنەتەکیەکی چەند مۆرفیمێکی سەربەخۆ لە گەڵ زیادەیەک بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو بەبێ یارمەتی یان بەهۆی یارمەتی مۆرفیمی لێکدەرەوە ، ئەمەش یەکێکە لە پرۆسە سەرەکییەکانی وشە دروستکردن. بڕوانە ( ٢٣٨ ) . بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ٣٤ ) :

**(٢٣٨)** A+N= وشەی لێکدراو

باڵا+ بەرز= باڵابەرز




هێڵکاری ژمارە ( ٣٤ )

لە ( ٢٣٨ ) دا ( باڵا ) خۆی هەیە کەواتە ( بەرز ) جیایکردۆتەوە ، ئەو وشانەی کە لە مۆرفۆلۆژیدا دروست دەبن ، کەرەستەکانیان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن ، مۆرفۆلۆژی بەپێی یاساکان ڕیزیان دەکات فۆڕمی نوێ دروست دەبێت بەواتای نوێ ، هەریەک لە وشە و مۆرفیمەکانی ناوفەرهەنگ بە نیشانەی واتایی خۆیانەوە هەڵگیراون ، قسەکەر لە کاتی بەکارهێنانییاندا ( فۆڕمی واتاڕاست ) یان پێبەرهەم دەهێنێت ، کەواتە کاتێک کە فۆڕمی مۆرفۆلۆژی دروست دەبێت هەردەچێتەوە فەرهەنگ ،

واته ( $X^O$ ) ئەوانەی فەرهەنگ ئاستی نواندنی خۆی دەبێت هەر ( $X^{+0}$ ) بێت ، بەڵام لە مۆرفۆلۆژیدا ( $X^{+1}$ ) ، کەواتـە ) ( $X^{+1}$)ئەوانـەن کـەلە نـاو مۆرفۆلۆژیـدا دروسـت بووەنـە ، فـۆڕمی مۆرفـۆلـۆژی ناسادەکان دەگرنەوە.

## سێیەم : مۆرفۆلۆژی شکاندنەوە ( گەردانکردن ) ( Infelection Morphology )

شکاندنەوە یەکێکە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە ئەنجامی پێویستییەکی سینتاکسییەوە دێتە ئاراوە ، نە واتا دەگۆڕن و نە بەشی ئاخاوتنی کەرەستەکە دەگۆڕن(فەتاح ، ١٩٨٩ : ٤٦ ) .

پێشـاندانی پێوەنـدی نێـوان فۆڕمـە جیاوازەکـانی لێکسـێمێکە ، کـە بـەهۆی مـۆرفێمی شـکاندنەوە ( Infelection Morphology ) ەوە دەنوێنرێت ( عەول : ٢٠٠١ : ١٢ ) .

بـۆ نموونــە لێکســێمی ( خــواردن ) لەم فۆڕمانــەدا دەبینرێـت ( دەخــۆم ، خــواردی ، بخواردایــە ، خواردوومـە ، بخـوات ) ، بەگشـتی بەگشـت فۆڕمـە شـکاوەکانی وشـەیەکیش دەوترێت ( پارادیگمـای شکاندنەوە ) ی ئەو وشەیە(مەحوی : ٢٠١٠ : ٢٤٢ ) .

کەواتە وشەی شکاندنەوە لە ڕێگەی شکاندنەوەوە بەهۆی مۆرفێمێکی شکاندنەوەوە دروستدەبێت ، مۆرفێمی شـکاندنەوەش جـۆرە گیـرەکێن ئەرکـەکانیان ئاماژەکردنـە بـۆ پێوەندییـە ڕێزمانییـەکان(فـەتاح ، قادر : ٢٠٠٦ : ٥١ ) .

کەواتە مۆرفێمەکانی شکاندنەوە واتای ئاماژەیی و درکپێکراوی وشـەکان نـاگۆڕن ، هـاوکـات خـاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین.

مۆرفێمەکانی شکاندنەوە پۆلی ئاخاوتنی وشەکان ناگۆڕن ، بەڵام یارمەتیدەرن بۆ دیـاریکردنی پـۆلی ئاخاوتنی وشـەکان ، هەندێکیان دەبنـە سـەری ڕێزمـانی دروسـتکەری فرێـزن ، بـەڵام هـەندێکیان دەبنـە دەوروبەری مۆرفۆلۆژی پۆلە ڕەگەزییـەکان ، واتـە هـەندێکیان دەسـەڵاتدارن. بـۆ نموونـە ( ەکە ) لە ( کوڕەکـە ) فرێـزی دیارخـەرییـە ، بـەڵام ( تـر ، تـرین ) نـاتوانن ببنـە دروسـتە ، مـۆرفێمی شـکاندنەوە ژمارەیان کەمە و سنوردارن و داخراویشن، چونکە فرە زانیارییین(فەتاح ، قادر : ٢٠٠٦ : ٥١-٥٢ ) .

مۆرفێمەکانی شکاندنەوە لە زمانی کوردیدا بریتیین لە ( مۆرفێمی ناسراوی ( ەکە ) و ئەلۆمۆرفـەکانی ، مـۆرفێمی کـۆ ( ان ) و ئەلۆمۆرفـەکانی ، مرۆفێمـی نادیـاری مـۆرفێمی نـاکردن ...هتـد ) .بـۆ زانیـاریی زیاتر بڕوانە ( مەحوی : ٢٠١٠ : ٢٥٣ ) .

گیرەکە ڕێزمانییەکان بونێکی ناچاری ( خورتی ) یان هەیە ، هـەرکاتێک قسـە لە سـەر ئاسـتی ڕێزمـان دەکرێـت ، ئـەم مۆرفێمانـە دەبنـە پێداویسـتی ناچـاری بـەجۆرێک ، هـیچ ڕسـتەیەک نییـە مـۆرفێمێکی ڕێزمانی تێدا نەبێت ، بۆیە هەندێک لە زمانەوانان لەو باوەڕەدان ، کە ئەم جۆرە مرۆفێمە ( خورتی ) ( obligator ) یە(Katamba,stonham,2006,99 ) ، ( محەمەد : ٢٠١٢ : ٥٨ ) .

کەواتە مۆرفۆلۆژی پێکهاتەیەکی ناو ڕێزمانە ، خاوەنی کەرەستەو یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆیەتی ، هاوکات گۆڕینی فۆڕمی نوێیە ، بۆواتای نوێ ، بەڵام مۆرفۆلۆژی هیچ ڕۆڵێک نابینێت لە دروستکردنی وشەی پرسدا بەڵکو هەریەک لە وشە پرسەکانی ( کێ ، کوێ ، چی ، ... هتد ) بە ئامادەکراوی لە فەرهەنگدا هەن ، چونکە ئەم وشانە سادەن ، وشە سادەکان لە فەرهەنگدان هەڵگیراون بەزانیارییەکانیانەوە.

## ٢/٤ ) پاری دووەم : سینتاکسی پرس

## ٢/٤-١ ) جۆرەکانی ڕستەی پرس

لێکۆڵەرەوان چەند جۆرێک لە ڕستەی پرسیان پۆلکردووە ، بۆڕوونکردنەوەی جۆرەکانی ڕستەی پرس ئاماژە بە هەندێک لە و سەرچاوانە دەکرێت ، کە لێکۆڵەرەوان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا خستویانەتە ڕوو.

( قادر :١٩٩٣ : ١٨-٢١ ) جۆرەکانی ڕستەی پرسی بەم شێوەیە خستووتە ڕوو :

١-پرسیاری ڕستەیی ( گشتی ) .

٢-پرسیاری تایبەتی ( وشەیی ) .

٣-پرسیاری هەڵبژاردن.

٤-کلکە پرسیار.

٥-پرسیاری ڕەوانبێژی.

٦- پرسیاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

ئەگەر چی لێکۆلەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بە پرسیاری ڕەوانبێژی کردووە ، بەڵام جێگەی بۆدانەناوە ، چونکە لە مەبەست و تایبەتدا لە ( پرسیار ) جیاوازە ، ئەم جۆرە بۆمەبەستی وروژاندنی هەست و بیر دەکرێت ، زیاتر لە شێوەی نووسیندا دەبینرێت ، هەروەها ( پرسیاری ڕاستەوخۆ ) ش لە جۆری پرسیاری ( گشتی ) ، وشەیی ، هەڵبژاردن ، کلکە پرسیار ) دا دەبێت ، هەرچی پرسیاری ( ناڕاستەوخۆ ) شە ، پرسیارێکی ڕاگەیەندراوە و بەشێکە لە ڕستەی ترو چاوەڕێی وەڵام دانەوە ناکرێت و لە نوسیندا نیشانەی پرس دانانرێت(بڕوانە ( ٢٣٩ ) :

**(٢٣٩)** دەزانم لە کوێ بوویت.

( مەحوی ) لە ( مەحوی :٢٠١٠ : ١٩٣-١٩٤ ) ئەم جۆرە دابەشکردنەی بۆجۆرەکانی ڕستەی پرس کردووە :

١-پرسیاری بڕیاردان : لە چەند قاڵبێکدا ڕوونیکردۆتەوە.

أ-ڕستەی هەواڵی ، دەکرێت بەهۆی دەربڕاوی ( ئایا ) ، پاشان بەهۆی گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکە و قورساییخستنەسەرێکی تایبەتییەوە بکرێت بە ڕستەی پرس ، کاتێک قسەکەر ڕستە پرسیارییەکە ئاڕاستەی گوێگر دەکات ، وەڵامەکەی بە گۆکردنی یەکێک لە م وشانە دەبێت ( ئا ، نەخێر ، بەڵێ ، نا ) بەتەنها ، یان لە گەڵ دووبارەکردنەوەی ڕستەکە دەبێت (بڕوانە:٢٤٠ ) :

**(٢٤٠)** أ ) - وەزیری خوێندنی باڵا ، خوێندکارەکانی بەسەرکردەوە.

ب ) - ( ئایا ) وەزیری خوێندنی باڵا ، خوێندکارەکانی بەسەرکردەوە؟

لە ڕستەی ( ٢٤٠- أ ) دا ، کە ڕستەکە ڕستەیەکی هەواڵییە ، بەهۆی دەربڕاوی ( ئایا ) پاشان بەهۆی گۆڕینی ئاواز و قورسایخستنەسەرێکی تایبەتییەوە. بەڵام لە ( ٢٤٠-ب ) دا کراوە ، بە ڕستەی پرسیاری. لێرەدا پرسا هێز دەخاتە سەر ئەو وەچەپێکهاتانەی ، کە گومانەکەی تێدا هەیە.

ئەم جۆرە ڕستەیە لە هەندێک لە سەرچاوەکانی کوردیدا بەپرسیاری ( گشتی ، ڕستەیی ) ناوبراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ( قادر : ١٩٩٣ : ١٨ ) ، ( توفیق : ١٩٩٥ : ٢٣ ) ، ( عەلی ، ٢٠١٤ : ١٣٩ ) .

ب-دەشێت بە کۆمەکی پێشگری پرس/ب -/یان پێشگری ویست و ئارەزووهێنەر لە ڕێی قورسایخستنەسەرێکی بەهێزەوە ، کە ئاوازەی ڕستەکە دەگۆڕێت ، دروستبکرێت(بڕوانە -٢٤١ ) :

**(٢٤١)** ئایا ، وەزیری خوێندنی باڵا ، خوێندکارەکان بەسەر بکاتەوە؟

لە ( ٢٤١ ) دا کاتێک ، کە گوێگر وەڵام دەداتەوە دەشێت جگەلە وشەکانی ( ئا ، نەخێر ، بەڵێ ،.. .هتد ) ( ڕەنگە ) و دووبارەکردنەوەی کردار بێت ( بڕوانە -٢٤٢ ) .

**(٢٤٢)**ڕەنگە ( pro ) بەسەریان بکاتەوە.

**پ** ) پرسیاری بڕیاردانی دەنگدەرەیی :

ئەم جۆرە ڕستەیە لە ڕێی دووپاتکردنەوەی پرسیارێکی بڕیاردانەوە بەرهەمدەهێنرێت ، لە دروستکردنەکەیدا وشە پرسەکە لە شوێنی وەچە پێکهاتەی پرسیارلێکراوەکەدا بەرکاردەهێنرێت(مەحوی :٢١٠ : ٩٤ ) (بڕوانە- ٢٤٣ ) :

**(٢٤٣)**أ- ) ( ئایا ) ، وەزیری خوێندنی باڵا کێی بەسەرکردەوە ؟

ب- ) ( ئایا ) ، کێ خوێندکارەکانی بەسەرکردەوە؟

کەواتە ڕستەی ( ( ئایا ) ، وەزیری خوێندنی باڵا ، خوێندکارەکان ، بەسەردەکاتەوە؟ ) ، دەکرێت بەو جۆرەی ( ٢٤٢ ) بۆ ڕستەی پرسیاری بڕیاری دەنگدەری بگۆڕدرێت.

٢- ( أ ) - ڕستەی پرسیاری تێپەڕ ( تەواوکەر و ویست ) لەم جۆرەدا وشەیەکی پرسیاری تێدا بەکاردێت ، لە وەڵامدا هەندێک زانیارییان بە هەندێک تەواوکردنەوە دەوێت(بڕوانە-٢٤٤ ) :

**(٢٤٤)** أ ) وەزیری خوێندنی باڵا لە کوێ بوو؟

ب ) بۆچی ، وەزیری خوێندنی باڵا خوێندکارەکانی بەسەرکردەوە.

ب ) ڕستەی پرسیاری تێپەڕی دەنگدەری :

( لەم جۆرەدا پرسیار لەو ڕێیەوە دروستدەکرێت ، کە دروستەی ڕستەی دەربڕ بەوشەیەکی پرسیار ، کەلە شوێنی وەچەپێکهاتە پرسیار لێکراوەکەیە ، دووبارە دادەخرێتەوە(سەرچاوەی پێشوو : ١٩٤ ) . واتە دروستەی ڕستەیەکی دەربڕ بەوشەی پرسیار ، کە لە شوێنی وەچەپێکهاتە پرسیار لێکراوەکەیە ، دووبارە دادەنرێتەوە(بڕوانە-٢٤٥ ) .

**(٢٤٥)**أ- ) شا وەرزش دەکات.

ب- ) شا چی دەکات؟

کەواتە دروستەی سینتاکسی پرسیار و دروستەی قووڵی ڕستەی هەواڵی لە زمانی کوردیدا وەکیەکن.

( فەرهادی ) لە ( فەرهادی : ٢٠١٣ : ٤٧-٤٩ ) جۆرەکانی ڕستەی پرسی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو :

١-پرسیاری گشتی.

٢- پرسیاری تایبەتی.

٣- پرسیاری هەڵبژاردن.

٤-کلکە پرسیار.

لێکۆڵەر لەم سەرچاوەیەدا ئاماژەی بەوە کردووە بڵاوترینیان پرسیاری گشتی و پرسیاری تایبەتییە ، ئەم لێکۆڵینەوە لە ( ٢/٤-١-١ ) تیشک دەخاتەسەر پرسیاری گشتی ، هاوکات لە ( ٢/٤-١-٢ ) تیشک دەخاتەسەر پرسیاری تایبەتی و لە سەر ئەم دووجۆرە دەوەستێت. بەڵام لێرەدا دەمانەوێت بەکورتی ئاماژە بەو دوو جۆرەی تر بدەین ، کە لە سەرە وەدا ئاماژەی پێکراوە ، ئەوانیش ( پرسیاری هەڵبژاردن ، کلکە پرسیار ) ن.

**یەکەم : پرسیاری هەڵبژاردن :**

لەم جۆرە پرسیارەدا ، تێیدا دوو مەبەست ، دووشت ، یان زیاتر دەگەیەنرێت ، بوار بە گوێگر دەدرێت ، کە یەکێکیان هەڵبژێرێت بە هۆی ئامرازی لێکدەری ( یان ) دروست دەبێت(محێدین : ١٩٩٧ : ٤٤ ) ( بڕوانە-٢٤٦ ، ٢٤٧ ) :

**(٢٤٦)** دەنویت ، یان نان دەخۆیت؟

**(٢٤٧)** مسە ، یان فافۆن؟

( حەمەغەریب : ٢٠٠٨ : ٧٠ ) . ئەم چەشنەی ناوناوە ( ڕستەی پرسیاری لێکدراو ) کە ئاماژەی بەوە کردووە ، لە م جۆرە ڕستەیەیاندا قسەکەر لە ڕێی دوو هەڵبژاردنەوە داوا لە دوونێراو دەکات بڕیار لە سەر یەکێکیان بدات.

**دووەم : کلکە پرسیار :**

ئەم جۆرەیان پرسیارێکی کوتکراوەیە قسەکەر دوا بەدوای ڕستەیەکی ڕاگەیاندن ئاڕاستەی دوونێراوی دەکات ، تا لە بیرۆکەی ڕستەکە دڵنیابێت ، یان ئەو مەرامەی هەیەتی بیپێکێت(قادر : ١٩٩٣ : ٢٠ ) ( بڕوانە-٢٤٨ ، ٢٤٩ ، ٢٥٠ ) :

**(٢٤٨)** دەمەوێت بڕۆم بۆ زانکۆ ، باشە؟

**(٢٤٩)**ڕۆژی ئاڵا ئەمڕۆیە ، وا نییە؟

**(٢٥٠)** لە تاقیکردنەوە دەرچویت ، وایە؟

یەکێکی تر لە و سەرچاوانەی کە جۆرەکانی ڕستەی پرسی پۆلکردووە لە ( عەلی : ٢٠١٤ : ١٣٨ ) ، جۆرەکانی ڕستەی پرسی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو :

١-ڕستەی پرسیاری گشتی.

٢- ڕستەی پرسیاری تایبەتی.

لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر بە ( پرسیاری گشتی وپرسیاری تایبەتی ( تصدیقی ، تصویری ) بەکاردێت. بڕوانە (الوعر : ١٩٨٧ : ١٣٨ ) .

هەروەک ئاماژەی پێکرا ڕستەی پرس بۆ چەند جۆرێک دابەشکراوە ، ئەوەی زیاتر تیشک دەخرێتە سەری لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، ئەم دوو جۆرە سەرەکییەی ڕستەی پرسە ، ( ڕستەی پرسیاری گشتی ، ڕستەی پرسیاری تایبەتی ) .

پێشتر ئاماژەی پێکرا ، کە پرسیار مەرج نییە ، تەنها بەمەبەستی دەرخستنی زانیاریی بێت و دەربارەی شتێکی نەزانراو بێت ، بەڵکو پرسیارکەر بۆ مەبەست و واتای جۆار و جۆر پرسیاردەکات ، کە ئەو مەبەستانەش . زۆرجار لە سنوری واتادا لێکنادرێنەوە ، کە لە ڕاستیدا مەبەست لە پرسیارکردن داواکردنی زانیارییە ، کەئەمەش جاری وایە بەهۆی وشە پرسەکانەوە دەبێت یاخود بەهۆی هێز و ئاوازەوە ، یان بەهۆی دەستەواژەو دەربڕاوەوە ڕستەی پرسیارێش لەم دوو جۆرەدا دەردەکەوێت :

١--ڕستە پرسیاری گشتی ( عەلی : ١٩٩٣ : ٣٤ ) .

٢-ڕستەی پرسیاری تایبەتی.

جا بۆ ئەوەی پێکهاتەی سینتاکسی ، ئەم دووجۆرەی ئاماژەی پێکرا پەسنیبکەین ، هاوکات تایبەتمەندی هەرجۆرێکیان بە جیا نیشان بدەین ، دەبێت لە ڕێگەی هەندێک لە یاسا و بنەماکانی سینتاکس ، کە پێوەستن بە پێکهاتەی ڕستەی پرسیارەوە ئەزموونبەند بکرێن ، زیاتر ئەو یاسایانەی ، کە کار دەکەنە سەر پێکەوە بەستن و سنوردارکردنی جوڵەی کەرەستەکان ، کاتی گواستنەوەی پێکهاتەی سینتاکسی.

هاوکات پێویستە ئەو ستراکچەرو کەرەستە زمانییانەش دیاریبکرێن کە ئەوجۆرە گواستنەوەیان تێدا ڕوونادات.

## ٢/٤-١-١ ) ڕستەی پرسیاری گشتی :

لە ڕستەی پرسیاری گشتیدا قسەکەر ڕستەکە ئاڕاستەی گوێگر دەکات ، تاوکو ڕای خۆی لە سەر هەموو بابەتی ڕستەکە ، بەئەرێ یان بە نەرێکردن – بدات (حەسەن : ١٩٩٨ : ١٣٩ ) .

واتە ( بە ( بەڵێ ) یان ( نەخێر ) وەڵابداتەوە ، لە زمانی کوردیدا ڕستەی ( پرسیاری گشتی و ڕستەی هەواڵی ) هەمان پێکهاتەی سینتاکسیان هەیە ، تەنها جیاوازییان ئەوەیە ، لە پرسیاری گشتیدا بەهۆی ئاوازەوە دەربڕاوە ( ئایا ) دەبێت . بڕوانە ( ٢٥١ ) ، ( ٢٥٢ ) . واتە دەکرێت یاساکانی بەرهەمهێنانی ڕستەی پرسیاری گشتی لە چوارچێوەی گشتی ، یاسا پێشنیازکراوەکانەوە وەربگیرێن ، ( عەلی : ٢٠١٤ : ١٣٩ ) .

یاساکەی :

أ- ڕ پ ← ئاپ + ڕستە

ب-ئاپ ← ± پرسیار

پ- پرسیار ← {ئایا }

ت-ڕسته ← ف ن + ف ک

ج- ف ن ← ن ( دیاربکەر )

چ- ف ک ← {ف ن + ک/ ته + ک}

**(٢٥١)** ( أ ) ئایا تۆ نانت خوارد؟ دەربڕاوی ( ئایا )

( ب ) φ تۆنانت خوارد؟ ( ئاوازه )

**(٢٥٢)** ( أ ) ئایا ئەرینا خویندکاره؟ دەربڕاوی ( ئایا )

( ب ) φ ئەرینا خوێندکاره؟ ( ئاوازه )

هەروەها دەربڕاوی ( ئایا ) له گەڵ وشه پرسەکاندا جیاوازی هەیه ، له زمانی کوردییدا تایبەته به پرسیاری گشتی ، پرسیاری گشتی پرسیاری ڕستەیشی پێدەوترێت (تۆفیق : ١٩٩٥ : ٢٣ ) .

کەواته پرسیاری گشتی له زمانی کوردیدا بەدوو ڕێگه دەکرێت ( قادر :١٩٩٣ : ١٨ ) :

( أ ) به بەکارهێنانی هەندێک دەربڕاو ( ئەرێ- ئایا ) ( بڕوانه ٢٥٣ ، ٢٥٤ ) :

**(٢٥٣)** ئەرێ ئێوه دێن ؟

**(٢٥٤)** ئایا ئێوه دێن ؟

( ب ) بەبەکارهێنانی ئاوازه : ئەم جۆره له ڕووی ڕێزمانییەوه له جۆری ڕستەیەکی هەواڵیدایه ، بەڵام له ڕووی فۆنۆلۆژییەوه جیاوازه ( بڕوانه ٢٥٥-٢٥٦ ) :

**(٢٥٥)** أ ) خوێندکارەکه هات.

ب ) خوێندکارەکه هات ؟

**(٢٥٦)** أ ) خوێندکارەکان وانەکانیان نووسی.

ب ) خوێندکارەکان وانەکانیان نووسی؟

## ٢/٤-١- ٢ ) ڕستەی پرسیاری تایبەتی

پرسیاری تایبەتی بەپێچەوانەی پرسیاری گشتییەوه ، که به ( بەڵێ ) یان ( نەخێر ) وەڵامدەدرایەوه ، وەڵام نادرێتەوه ، وەڵامدانەوەی ئەم جۆره پرسیاره پێوەندی به کەرەستەیەکی دیاریکراوی ڕستەکەوه هەیه ، که له وەڵامەکەدا دیاریدەکرێت ، ئەم جۆره پرسیاره له زمانی کوردیدا وشەی پرسی ( کێ ، کەی ، کوێ ، کام ، چۆن ، چەند ، چ ...هتد) له گەڵدا بەکاردێت ، ئەم وشانه,

لە ڕستەدا دەردەکەون چ لە جێکەوتەی سەرەتای ڕستەکە بێت یاخود هەر جێکەوتەیەکی تر ، هاوکات پرسیار لە بارەی یەکێک لە کەرەستەکانی ناو ڕستە دەکرێت ، کەواتە لەم جۆرە ڕستانەدا ، وشەکانی پرسیار لە جێکەوتەی ئەوکەرەستانە دەردەکەون ، کە پرسیاریان لێدەکرێت و لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکەدا دەبن ، بۆیە پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەی پرسیاری تایبەتی سەرباری وشەکانی پرس ، لە گەڵ پێکهاتەی بنجی زمانی کوردی وەک یەکن ، هەروەها لە هەمان ڕۆنانی ژێرەوەدا بەرهەمدەهێنرێت. بڕوانە یاساکەی :

ئەم جۆرە پرسیارە ، پرسیاری وشەیشی پێدەوترێت چونکە بەهۆی وشەپرسەکانەوە دروست دەبێت.

یاساکەی :

أ- ڕ.پ ← ئا.پ. ڕستە

ب-ئا.پ ← ± پرسیاری

پ- پرسیار ← φ

ت- ڕستە ← ف.ن ( پرسیار ) + ف. ک

ف.ن + ف.ن ( پرسیار ) + ف.ک

ف.ن+ ف.ک ( پرسیار )

کەواتە بەپێی ئەویاسایە دەکرێت پرسیار لە هەر فرێزێکی ڕستە بکرێت ، کە وشەکانی پرس وەک فرێزێکی پرسیاری دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی پرسیاری تایبەتیدا بارە جیاوازەکانی فرێزی پرسیاری ، بڕوانە ( ٢٥٧ ، ٢٥٨ ، ٢٥٩ ) :

**(٢٥٧)** کێ خواردی؟ ئەو .

**(٢٥٨)** کێ لە نەخۆشخانەیە؟ ئەو .

**(٢٥٩)** لێزان کێ دەنیرێت؟ ئەو

لە ( ٢٥٧ ) لە جێکەوتەی ( NP ) بکەری لە ستراکچەری ڕستەی تەواودایە ، ( ٢٥٨ ) فرێزی پرسیاری لە باری بەرکاردایە ، واتە شوێنی ( NP ) ی بەرکاری گرتۆتەوە ، ( ٢٥٩ ) دا فرێزی پرسیاری کەوتۆتە ژێرکا(ڕێگەری ( node ) نۆدی ( VP ) کارییەوە ( عەلی : ٢٠١٤ : ١٤٣-١٤٤ ) .

## ٢-٢/٤ ) دۆخی وشەی پرس :

لە بەشی دووەمدا تیشک خرایەسەر تیۆری دۆخ. لێرەدا دۆخی وشەی پرس ڕووندەکرێتەوە ، مەودای کارکردنی دۆخ لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە لە لایەن ، کەرەستەیەکی فەرهەنگییەوە بەفرێزێکی ناوی دەدرێت کەرەستە فەرهەنگیەکەش سەری ڕێزمانییە ، کە توانای حوکمکردنی هەیە ، دۆخی ڕێزمانی وابەستەی دروستەیە و بەهۆی نزیکترین حوکمکەرەوە بە ( NP ) دەبەخشرێت، کە ( A ) دەسەڵاتی بەسەر ( B ) دا دەبێت(A ) سەرەیە و نابێت هیچ کۆسپێک لە نێوان ( B,A ) دا هەبێت(حاجی : ٢٠٠٧ : ١٠٤ ) .

هەموو فرێزێکی ناوی لە دروستەی سەرەوە دۆخ وەردەگرێت ، هەر فرێزێکیش دەرکەوتنی فۆنۆلۆژی هەبوو دۆخی وەرنەگرت ، ئەوا ( XP- ) نادروستە ، بۆ ئەو زمانانانەی ، کە بکەر و بەرکار لە شوێنی خۆیاندا دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی شوێنپێکەوە حوکم دەکرێن ودۆخ وەردەگرن ، بۆیە دەبێت بکەر بۆ وەرگرتنی دۆخ بگوزارێتەوە شوێنپێیەک بەجێدەهێڵێت ، چونکە بەپێی تیۆری دۆخ دەبێت هەموو ( AR ) ە ، دەرکەوتووەکان ، کە ( NP )ن دۆخ وەربگرن(عبدالله : ٢٠١٠ : ٢٠ ) .

کەواتە دۆخی ڕێزمانی پەیوەستەبە ( LF ) و ( PF ) کەئەمانیش دوو ئاستی جیابوونەوەن لە ( SS ) ، بۆیە دەبێت بەخشینی دۆخی ڕێزمانی لە سەر ئاستی ( SS ) ڕوودەدات ، نەک لە سەر ئاستی ( DS ) ، چونکە کاتێک دۆخ دەبەخشرێت ، کە گواستنەوەکانی جێبەجێکرابن ، هەروەها فرێزێکی ناوی لە سەرو تەواوکەر پێکدێت ، دۆخی ڕێزمانیش بریتییە لە پێوەندی نێوان سەروتەواوکەر لە هەموو فۆرمە سینتاکسییەکاندا ، دۆخی ڕێزمانی کەتەگۆرییەکی سینتاکسیە و پێوەندی بەئەرکە سینتاکسیەکانەوە هەیە ، لە ڕووی ئەرکیشەوە سەرە ڕێزمانییەکان ، کە ( X ) ەکانن حوکمی ( Y ) کان دەکەن ، هەندێکیان دۆخی ڕێزمانیان دەدەنێ و هەندێکیان سەری ئەرکین .

کەواتە دۆخدان جیاوازە لە حوکمکردن ، دۆخ وەرگرەکان ( NP ) یەکانن ، لە ڕووی ئەرکەوە ، جیاوازنین ، بەڵام لە ڕووی دروستەوە جیاوازن ، دۆخ نیشانەی تایبەتی ( NP ) یەکانن. هەریەکێک لە سەرە ڕێزمانییەکان لە دروستەی فرێزدا یەک دۆخی ڕێزمانی دەدات ، هەر یەکێک لە تەواوکەرەکانیش یەک دۆخ وەردەگرن ، هەموو تەواوکەرەکان دەبێت دۆخیان هەبێت ، هەموو سەرێکی ڕێزمانیش دەبێت دۆخ بدات ( مەبەست سەرە دۆخدەرەکانن ) ، ئەمەش وادەکات لە هێڵکارییەکدا هەموو پێوەندییەکان لە شێوەی دوو پەلکی بن(بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٣٥ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٣٥ )

پێوەندی نێوان سەر و تەواوکەر

بەخشینی دۆخی ڕێزمانی بە خورتەکییە ، ( مەحوی : ٢٠١٠ :٤٣ ) فرێزەناوییەکانی زمانی کوردی بەپێی شوێنە چەسپاوەکانیان ، دۆخی ڕێزمانیان پێدەدرێت ، بەڵام دۆخە ڕێزمانییەکان نە بە مۆرفێم دەبن ونە لە شێوەی گۆڕینی ناوەکی فرێزەکاندا بەرجەستە دەبن ( محەمەد : ٢٠٠٩ : ٩٢ ) .

کەواتە پێدانی دۆخی ڕێزمانی لە شێوەزاری سلێمانی کرمانجی ناوەڕاست ئەبستراکتە ، دۆخی ئەبستراکت تایبەتمەندییەکە لە لایەن ئیلیمێنتی ( ناوی ) یەوە لە ئەنجامی جێگیربوونی لە جێکەوتەی دیاریکراودا هەڵدەگیرێت ، کە دۆخی دروستەیی دەگرێتەوە(سەعید :٢٠١٩ : ٤٣ ) ، شێوەزاری سلێمانی کرمانجی ناوەڕاست ، پێدانی دۆخ ( دروستەیی ) یە و نیشانەکەشی ( ئەبستراکت ) ە ، کاتێک سەرێکی ڕێزمانی دۆخ دەدات بە تەواوکەرەکەی هیچ نیشانەیەک لە سەر تەواوکەرەکەی بەجێناهێڵێت ، نەمانی نیشانەی دۆخ لە شێوەزاری سلێمانیداپەیوەستەبەوەی ، کە لە بری نیشانەی دۆخی ڕێزمانی پێوەندییەکان بەهاوسێیەتی و جێکەوتەی چەسپاو دەنوێنرێت ، بۆیە ئەگەر پێوەندی هاوسێیەتی نێوان سەر و تەواوکەر تێکبچێت ، واتە لە یەکتری دوور بکەونەوە ، ئەوا بەهاونیشانەکردن پێوەندییەکە دروست دەکرێتەوە ، بۆیە هاونیشانەکردن جێگەی گواستنەوەکە دەگرێتەوە ، کەواتە جێکەوتەی چەسپاو لە ڕێسا دووپەلکییەکەدا مەرجی هاوسێیەتی دەکاتە بنەما ، بەڵام پاش ئەو گواستنەوانەی لە نێوان هەردوو دروستەی قووڵ و ڕووکەشیدا ڕوودەدەن ئەوکات دۆخەکان لە سەر بنەمای ڕێککەوتن دەدرێن ، کە گۆڕانی دروستەیی پێوەست بە گواستنەوەکانەوە دەخوڵقێنێت ، نیشاندان و بەرجەستەکردنی ئەو گۆڕانانەش ، لە دەرخستن و نواندنی فۆڕمەکانی ( SS ) ڕەنگدانەوەی دەبێت. ئەم ڕاستیانە ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە ، کە پێیوایە ( NP ) یەکانی ئەم زارە بەپێی شوێنە چەسپاوەکانیان دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن لەگەڵ ئەمەشدا شیکردنەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو ، کە هەردوو بنەمای ( هاوسێیەتی ، ڕێککەوتن ) لە پێوەندییەکی تەواوکەرانەدان ، لە بەرانبەربوونی پێوەندی هاوسێیەتیش ، نیشانەکانی ڕێککەوتن کۆتدەکەن ، لە بەرئەوەی ڕوودانی دوو بنەما بۆ جێبەجێکردنی هەمان کردەی سینتاکسی ، کەم بەها و ڕێپێنەدراوە ، بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە ( مەحوی : ٢٠٠١ : ١٥٥-١٥٦ ) ، ( قادر : ٢٠١٥ : ١٨-٢٦ ) ، ( سەعید : ٢٠١٩ : ٥٦ ) .

وشەی پرس بەبێ جوڵاندن لە شوێنی بنەڕەتی خۆیدا لە ڕستەدا دەمێنێتەوە ، مانەوەی وشەی پرس لە ڕستەدا ئەوە نیشاندەدات ، کە لە ڕستەکەدا پرسیار لە پێکهێنی بکەر یان پێکهێنی بەرکار دەکرێت یان نا ، ئەگەر وشە پرسەکە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی ( S ) ( IP ) ەکەدا بوو ، ئەوا پرسیار لە بکەری ڕستەکە دەکرێت . بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە ( مەحوی : ٢٠٠١ : ١٥٨ ) ، ( محەمەد : ٢٠٠٩ : ١٩٤ ) .

لە ڕاستیدا کاتێک کە وشە پرسەکە لە ژێر ڕکێفی ( AGRP ) ، واتە لە لایەن ( AGR ) ەوە حوکم دەکرێت ، ئەوا پرسیار لە بکەری ڕستەکە دەکرێت ( بڕوانە ٢٦٠ ) :

**(٢٦٠)** کێ تۆی نارد؟

لێرەدا وشە پرسەکە لە لایەن ( TP ) یەوە دۆخی بکەری پێدراوە ، کردارەکەش تەرزی ئەگریمێنت ( AGR ) وەک هۆ و هۆکاری گواستنەوەی دۆخەکە دەستنیشانکردووە ، دۆخی بکەری بە ( NP ) یەکە واتە بە ( کێ ) دراوە ، کەلە لایەن ( AGR ) ەوە حوکمدەکرێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٣٦ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٣٦ )

ئەگەر وشە پرسیارەکە ڕاستەوخۆ لە ژێر ڕکێفی ( $V^{-}$ ) یکدا بوو ، ئەوا جێناوە پرسەکە ، پرسیار لە بەرکارەکە دەکات ( محەمەد : ٢٠٠٩ : ١٩٥ ) ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر وشە پرسەکە ڕاستەوخۆ لە ژێر ڕکێفی ( $V^{o}$ ) یکدا بوو ، ئەوا جێناوە پرسەکە ، پرسیارلە بەرکار دەکات. بڕوانە ( ٢٦١ ) :

**(٢٦١)** تۆ کێت نارد؟

لە ( ٢٦١ ) دا بەوپێیەی کرداره فەرهەنگییەکەی لە جۆری تێپەڕەو پێڕەوی یاسای فەرهەنگی $V^{O}$+{y} کردووە ، بەوەش لە ناوەخنەکەیدا تەواوکەرێک هەڵگیراوە و کرداره فەرهەنگییەکە ( $V^{O}$ ) حوکمیدەکات ، ئەم ڕاستییەش بوونی فۆنەتیکیانەی تەواوکەرێکی خورتێ لە جێکەوتەی بەرکاردا دەسەپێنێت ، بەمەش جێناوە پرسەکە، پرسیارلە بەرکارەکە دەکات(بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٣٧ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٣٧ )

لێرەدا دەمانەوێت لە ڕێگای باسکردنی جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانی دروستەییەوە زیاتر دۆخی دروستەیی لە وشەی پرس ڕوونبکرێتەوە.

## ١-دۆخی بکەری ( Nominative case ) :

ئەمجۆرە دۆخە لە لایەن ( TP ) ییەوە لە ڕێگەی مۆرفیمی ڕێککەوتنەوە بە جێکەوتەی دەرەکی دەبەخشرێت ( بڕوانە-٢٦٢ ) :

**(٢٦٢)** کێ سێوەکەی خوارد؟

لە ( ٢٦٢ ) دا ڕستەکەی ڕستەیەکی ڕێزمانییە ولە لایەن ( TP ) ییەوە دۆخی نۆمینەیتیڤ ( بکەری ) دراوە بە ( NP ) یەکە واتە دراوە بە وشە پرسەکە ، ( کێ ) ، کردارەکەش تەرزی ( AGP ) وەک هۆ و هۆکاری گواستنەوەی دۆخەکە دەستنیشانکردووە ، واتە دۆخی نۆمینەتیڤی ( بکەری ) داوە بە جێکەوتەی دەرەکی لە لایەن ( TP ) ەوە بەهۆی ڕێککەوتنەوە.

## ٢-دۆخی بەرکاری ( Accusative ) :

ئەمجۆرە دۆخە لە لایەن ڕەگی کرداری تێپەڕەوە بە جێکەوتەی ناوەکی دەبەخشرێت ، دەشێت لە دروستەی فرێزێکی ناویدا بێت. بڕوانە ( ٢٦٣-أ )، یان لە دروستەیەکی فرێزێکی پێشنیاوییدا . بڕوانە ( ٢٦٣-ب ) :

**(٢٦٣)** أ- تۆ کێت برد؟

ب- کوڕەکە کچەکەی لە کێ کرد؟

لە ( ٢٦٣-أ ) دا کردارە فەرهەنگییەکە لە جۆری تێپەڕەوە پێڕەوی یاسای $V^{O}$+{Y} ی کردووە ، بەوەش لە ناوخنەکەیدا تەواوکەرێک هەڵگیراوەو کردارە فەرهەنگیەکە حوکمی دەکات ، ئەمەش بوونی فۆنەتیکیانەی تەواوکەرێکی خورتیی لە جێکەوتەی بەرکاردا سەپاندووە و بووتە هۆی ئەوەی پاڵێوەری دۆخ ، دۆخی ئەکۆزەتیڤ لە لایەن ڕەگی کردارەکەوە بە ( NP ) یە پرسەکە بدات ، لە ( ٢٦٣-ب ) دا هەردوو بەرکاری{کچەکە} و{کێ} لە دوو دروستەی جیادا دەرکەوتوون ، هەریەکەیان پێوەندی هەرەمی جیاوازیان لە گەڵ کرداری ( کرد ) و ( لێکردن ) دا هەیە ، کە کرداری لێکردن پێڕەوی یاسایی $V^{O}$+{N-PP}ی کردووە ، کە ئەم کردارە بەهۆی ( پێ ، تێ ، لێ ) دروستبوون ، لە ناوەوە پێوەست بە دروستەوە خاوەنی زانیاریی سینتاکسی جیاوازن ، بەرکاری {کچەکە} لە لایەن کرداری ( لێکرد/ لە کێ کرد ) ەوە داواکراوە بەرکاری{لە کێ}ش لە لایەن ( کرد ) ەوە داواکراوە.

## ٣-دۆخی داتیڤی ( Dative Case ) :

ئەم دۆخە لە لایەن پێشناوەسینتاکسییەکانەوە بە ( NP ) دەدرێت ، چونکە کردار لە یەک کاتدا ناتوانێت دوو دۆخی ڕێزمانی بەدوو ( AR ) ی ناوەکی بدات ، لە بەرئەوەی لە ڕێی پێشناوە سینتاکسییەکانەوە دۆخ بە ( AR ) ی دووەم دەدات(بڕوانە٢٦٤ ) :

**(٢٦٤)** أ- تۆ پەرتوکەکەت لە کێ کڕی؟

ب-* تۆ پەرتوکەکەت کێ کڕێ

لە ( ٢٦٤-أ ) دا ( NP ) ی ( کـێ ) لە لایـەن پێشـناوی ( لە ) ەوە ، دۆخ داتیڤـی پێـدراوە ، ئەگـەر پێشناوی ( لە ) لاببرێت ، ئەوا ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی وەک لە ( ٢٦٤-ب ) دا دیارە ، لە بەرئەوەی هەرسەرێکی ڕێزمانی دەتوانێت تەنیا یەک دۆخ بەیەک تەواوکەر بدات ، هاوکات هەر تەواوکەرێکیش دەتوانێت تەنیا لە یەک سەری ڕێزمانییەوە دۆخ وەربگرێت ، پێوەندییەکان دوو پەلکین ، کەواتە ڕەگی کردارەکە دەتوانێت تەنیا یەک دۆخ بە بەرکاری ڕاستەوخۆکە ، کە ( پەرتوکەکە ) یە بدات ، بەمەش فرێزی ناوی ( کێ ) بێدۆخ دەمێنێتەوە بەپێی ( Case fiter ) یش ( NP⁻ ) یە ، لە دروستەکەدا ڕێگە بە فرێزی بێدۆخ نادرێت.

## ٤-دۆخی خستنەپاڵ ( Genaitive )

زمانەوانانی کورد بۆچوونی جیاوازیان لە سەر ئەم جۆرە دۆخە هەیە ، هەندێکیان پێیانوایە ، دۆخی خستنەپاڵ ئەو جۆرە دۆخەیە ، کە لە لایەن ناو و ئاوەڵناوەوە بەجێکەوتەیەک دەدرێت ، کە فرێزی ناوی یان ناو ئاسای تێدایە ، هەندێکیشیان پێیانوایە دۆخی خستنەپاڵ لە لایەن مۆرفیمی ( ی ) یان ( ە ) وە دەدرێت ، بۆ زانیاریی زیاتر. بڕوانە بەشی دووەم(بڕوانە ٢٦٥ ) :

**(٢٦٥)** دەستی کێ شکا؟

لە ( ٢٦٥ ) دا ( NP ) ی ( کێ ) دۆخی خستنەپاڵی داوە بە ( دەست ) بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵی ( ی ) ەوە ، کەواتە وشە پرسەکانی زمانی کوردی زۆربەیان ئارگۆمێنتن و شوێنی ئارگۆمێنت دەگرن ، وەکو هەموو فرێزێکی تر مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت ، کە لە جێکەوتەی سەرەتا یان هەر جێکەوتەیەکی تری ڕستەدا دەردەکەون ، هەرفرێزێکی پرسیاریش بەپێی بابەتی پرسیارەکە و بەکارهێنانی دەگۆڕێت.

ئەو ڕستە پرسیاریانەش ، کە بەهۆی وشەکانی پرسەوە دروست دەبن ، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ، پرسیاری تایبەتین ، لەم جۆرەدا وشە پرسەکان لە جێکەوتەی ئەو کەرەستانەدا دەردەکەون ، کە پرسیاریان لێدەکرێت لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکەدا دەبن ، کەواتە پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەی پرسیاری تایبەتی – سەرباری وشەکانی پرس- لە هەمان ڕۆنانی ژێرەوە بەرهەمدەهێنرێن ، بەڵام ڕستەی پرسیاری گشتی و ڕستەی هەواڵی هەمان پێکهاتەی سینتاکسیان هەیە ، جیاوازی نێوان هەردوو پێکهاتەکە لە وەدایە ، کە ( ئاوازە ) لە پرسیاری گشتیدا بەرکاردەهێنرێت ، واتە تەنیا بەهۆی ئاوازە ڕستەی پرسیاری گشتی و هەواڵی جیادەکرێنەوە ، کەواتە لە پرسیاری گشتی سەروسەگمێنتی جێگرەوەی وشەی پرسە ، واتە جیاوازی لە نێوان پرسیاری گشتی و پرسیاری تایبەتی لە وەدا دەردەکەوێت ، کە لە پرسیاری تایبەتیدا بەوشەی پرس پرسیار دەکرێت ، بەڵام لە پرسیاری گشتیدا سەروسەگمێنت کا(ڕێگەری هەیە و دەبێتە هۆی دروستبوونی پرسیارکردن.

بۆزانیاریی زیاتر له بارەی جۆرەکانی دۆخی دروستەییەوە بڕوانە ( مەحوی : ٢٠٠١ : ١٧٨ – ١٨١ ) ، ( مەعروف : ٢٠٠٩ : ١٠-١١ ) ، ( والی : ٢٠١٥ : ١١-١٣ ) .

## ٣-٢/٤ ) ڕێککەوتنی وشەی پرس

لە ڕاستییدا پارامێتەری ڕێککەوتن وەک یەکێک لە جیاکارییەکانی زمان بەرکاردەهێنرێت ، هاوکات هۆکارێکە بۆ جیاوازی سینتاکسی زمانەکان ، ئەگەرچی لە قوتابخانەکان ئەم دیاردەیە بە شێوەی جۆراوجۆر باسی لێوەکراوە ، بەڵام هەنگاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەر بنەمای خستنەڕووی ئەم پرسیارە کاردەکات ، کە ئەویش ئایا گواستنەوەی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا هەیە ؟ ئەم دیاردەیە حالەتێکی دوو جەمسەرییە ، واتە هەندێک لێکۆڵەر پێیانوایە گواستنەوەی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا نییە ، لێکۆڵەریش هەیە پێیوایە ئەم جۆرە گواستنەوەیە تەنها لە فۆڕمی لۆژیکدا هەیە.

لە پێشتردا باسی نیشانەی دۆخکرا ، لە ڕاستییدا دۆخ ومۆرفیمی ڕێککەوتن پێوەندیەکی زۆریان بەیەکەوە هەیە ( Alessandro,2003,33 ) و ( قادر : ٢٠١٥ : ٥ ) .

خودی ڕێککەوتنی سینتاکسی لە ئەنجامی ترۆپک و نیشاندانی پێوەندی سینتاکسی دروست دەبێت ، کەواتە لە هەر زمانێکدا ئەو دوو پێڕەوە هەبێت ، زیاتر (ڕێگا بە جوڵەو گواستنەوەکان دەدرێت ، هاوکات پێشبینی ئەوەش دەکرێت دروستەی باسمەندو مۆرفۆسینتاکس لە (ڕێگای گواستنەوەوە هەموار بکرێن ، ( بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر مۆرفۆسینتاکس ، بڕوانە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەوئەو سەرچاوانەی لەوێدا بەکار هاتوون ) .

ڕێککەوتن یەکێکە لە پارامێتەرەکان ، چونکە ڕێککەوتن یەکێکە لە سەرە ڕێزمانییەکان ، بەوەش پرۆژەی ڕستە ، کە ڕێککەوتن سەری ڕێزمانییەتی تێیدا یان دەکەوێتە سەرەوەی یان خوارەوەی ، بەوەش پرۆژەکە فرێزی ( TP ) یان فرێزی ڕێککەوتنە ( AGRP ) ە ( Cook & Newson,2007 112: ) ، ( قادر : ٢٠١٥ : ٥ ) بۆیە سەرەو ڕیزبوونی ئەو جێکەوتانە دیاریکراون ، هەرلە بەرئەوەیە کاتێک ، کە گۆڕانێک ڕوویدات ڕاستەوخۆ کا(ڕیگەری لە سەر تێکچوونی پارامێتەری ڕستەکە دەبێت ، بۆنموونە کاتێک ( AR ) ی بەرکار بۆ سەرەتای ڕستەکە دەجوڵێنرێت ، پارامێتەری ڕستەکە تێکدەچێت بەجۆرێک ئەگەر چارەسەر نەکرێت دروستەکە دروستەیەکی ناڕێزمانی دەبێت ، چونکە جێکەوتەی کردار ( AR ) کانی لە دروستەی زمانی کوردیدا چەسپاون. (مەعروف : ٢٠٠٩ : ١٢٨ ) ، ئەوەی وادەکات پارامێتەری بەرکار لە دروستەکەدا بپارێزێت ڕێککەوتنە بەوەی بەرکار لە گەڵ ئەو نیشانەیەدا لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەوێت ، کە لە جێی خۆی کۆپیکردووە (بڕوانە ٢٦٦ ) :

**(٢٦٦)** أ- شا گۆڤارەکانی دڕاند.

ب- * گۆڤارەکان ، شا دڕاند

پ- گۆڤارەکان ، شا ن tدڕاندی.
ت-گۆڤارەکان ، شا t دڕانــدنـــــی.
i j i j i

بەڵام کەرەستە سەرپشکییەکان جێکەوتەی چەسپاویان نییە ، هەر بۆیە هیچ شوێنپێیەک ( trace ) یەک بە جێناهێڵن ، لە بەرئەوەی شوێنی جێکەوتەی چەسپاوی ( AR ) ە گوێزراوەکانە ، کەواتە گواستنەوەی ئارگۆمێنت بەپێچەوانەوەی نائارگۆمێنتەوەیە ، چونکە جێکەوتەکەی بنەڕەتیان نییە ، شوێنپێ و مەرجی وابەستەبوون بە تیۆری کۆپییەوە لە ئارادا نییە ، بۆیە فرێزە سەرپشکییەکانی ئاوەڵکردار کۆپیناکرێن وبەمۆرفێم جێگەیان ناگیرێتەوە . بۆ زانیاریی زیاترلە سەر ڕێککەوتن ، بڕوانە ( قادر : ٢٠١٥ : ٥-٦ ) ، ( سەعید :٢٠١٩ : ٢٢٥-٢٢٧ ) .

هاوکات مەرجی هاوسێیەتی یەکێکی ترە لە و بنەمایانەی بەشداری لە بەرجەستەکردنی ڕێککەوتندا دەکەن ، ئەویش بەپارامێتەری هاوسێیەتی ( subject parameter ) ناسراوە ، لە بەرئەوەی جێبەجێکردنی مەرجی هاوسێیەتی ، نیشانەکردنی بۆ دۆخ و ڕێککەوتن کەم بەها دەکات ، واتە ئەو زمانانەی کە ( X ) و ( Y ) کانیان هاوسێ بن ، نیشانەی دۆخ و ڕێککەوتن گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت ، بۆیە زۆرجار گواستنەوەکان و جوڵانەکان ڕێککەوتن و نیشانەکردن وەکو پێڕەوێک لە زمانێکدا دەهێڵنەوە ( بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە (قادر : ٢٠١٥ : ٦ ) .

لێرەدا ئاماژە دەدرێت بە وتەیەکی چۆمسکی ، کە پێیوایە نواندنە سینتاکسییەکان لە هەر ئاستێکدا بن پرۆژەیەکی فەرهەنگین ، ئەمە بنەمایەکی زۆر گرنگە دروستەی قوڵیش یەکێک بوو لە ئاستەکانی ڕستە ، کە ئاستێکی ڕێزمانی هەیە ، بەڵام نادیارە ( قادر : ٢٠٠٤ : ١٤ ) ، ئەم ئاستە بوارێکە بۆ جێبەجێکردنی پێوەندی واتایی ( AR ) کانی ڕستە(حسێن :٢٠٠٩ : ٣ ) ، هاوکات دروستەی قووڵ کەرەستەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگرێت بەپێی واتا ڕێک دەخرێن(سەعید : ٢٠٠٦ : ٩٣ ) ، جێکەوتەکان نەبەستراونەتەوە ، بەڵام دەستنیشانکراون ، بەهۆی چالاکنەبوونی کردار لە لایەن کەسەوە دۆخی ڕێزمانی تێدا جێبەجێ نابێت ، دروستەی ڕووکەشیش دواقۆناغی ڕستەیە ، لە ( ss ) پێوەندییە سینتاکسییەکان جێبەجێ دەبێت ، ( باتینی : ١٩٩٣ : ١١٤ ) ، کەواتە بۆ ئەوەی سەرەڕێزمانییەکە بتوانێت دۆخ ببەخشێت بەتەواوکەرەکەی خۆی ، تەواوکەرەکە دەبێت ڕاستەوخۆ لە تەنیشت سەرڕێزمانییەکەوە بێت ، ئەم ڕێسایە وەک یاسایەک شێوەی ڕیزبوونی ڕستە ، یان جۆری ڕیزبوونی وشە وفرێز لە ڕستەدا دیاریدەکات ، واتە کردار ڕستە دروستدەکات ، وشەکان لە بنەڕتدا چۆنن ئاوا دێنە ناو ڕستەوە ، هەروشەیەک شوێنی تایبەتی لە ڕستەدا بۆتەرخانکراوە ، کە پێی دەوترێت دروستەی بنەڕەت ، ئەو کەرەستانەی لە ئاستی ڕوکەشی ڕستەدا ناتوانرێت دۆخی ڕێزمانیان پێبدرێت بەزۆر دەگوێزرێنەوە بۆ ئەوشوێنەی تییاندا دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن ، یاسای گواستنەوە ئەو یاسانەی ئاستی ڕووکەش بە فۆڕمی لۆژیکییەوە دەبەستێتەوە ، ئەمەش لێرەدا بە

خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت ، کە سپێسمان نەبێت ، چونکە گواستنەوەمان نییە(مەحوی : ۲۰۰۱ : ۱٦ ) . کەواتە لێکۆڵەر پێیوایە دروستەی قووڵ و ڕووکەش ڕیزبوونەکەیان تێکدەچێت ، لە ڕاستیدا دروستەی بنەڕەت بۆ واتایە ، پاشان لە ڕووکەشدا دەبێت بە ڕیزبوونێکی سینتاکسی (بڕوانە ۲٦۷ ) .

**(۲٦۷)**أ من نان خواردن.

↓

من نان خواردم.

↓

من نانم خوارد.

کەواتە لێکۆڵەر بە پێی لێکدانەوەی نموونەکان دەگاتە ئەوەی بڵێت ، کە پڕکردنەوەی جێکەوتەکانە و هیچی تر نییە ، لێکۆڵەر بەشێوازی خۆی بەدوای مۆدیلی ڕێزمانی کوردیدا دەگەڕێت.

گواستنەوەکان حوکم و دەسەڵاتی پارامێتەرەکانی پێشیدەکرێتەوە ، لە بەر ئەوە لە چێوەی گواستنەوەی ( AR ) کان و لە پێکهاتەی واتایی و سینتاکسییدا باسیلێوە دەکرێت و هەر زمانێک نیشانەی دۆخ یان مۆرفیمی ڕێککەوتنی هەبێت پێشبینی ئەوە دەکرێت گواستنەوەی خورتی ( Obligatory ) هەبێت ، چونکە بەهۆی نیشانەی دۆخ و مۆرفیمی ڕێککەوتنەوە (ڕێگا بە جوولە و گواستنەوەکان دەدریت و بەهۆی ئەوەی ڕێککەوتن و نیشانەی دۆخ لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان ، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت زمانی کوردی بە ڕێککەوتن پارامێتەر دەپارێزێت .

بۆزانیاریی زیاتربڕوانە( Laura & Botune :2002 :2-18 ) و ( مەعروف : ۲۰۲۰ : ۲۰ ) و ( قادر : ۲۰۱۹ :٥ )

سەبارەت بە ڕێککەوتن و گواستنەوەی وشەی پرس ، کە لە پێشتردا ئەو پرسیارە خرایە ڕوو لە سەر گواستنەوەی وشەی پرس بەبۆچوونی ( Radford :2009 :24 ) ، سەبارەت بەم دیاریدەیە دەشێت بپرسین ، ئایا دەکرێت وشەی پرس بگوازرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستە ، یاخود ناگونجێت ، ئەم دیاردەیە حاڵەتێکی دوو جەمسەرییە ، واتە دوو ئەگەر لە خۆدەگرێت زمان یان ڕێگە دەدات ، بەم جۆرە جێگۆڕکێیە یاخود ڕێگەنادات ، هەرچەند ئەم پێکهاتەیە پێناچێت جێبەجێ ببێت ، بەتایبەت بەسەر پێکهاتەی هەندێک لە وشە پرسەکانی زمانی کوردیدا ، لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا ، هەر دوو ئەگەرەکە کراوەیە و سەبارەت بە جێگۆڕکێی وشەی پرس ، ئەمیش دەسەلمێنرێت لە ئەنجامی خستنەڕووی بەڵگەکان ، شیکردنەوەیان ، واتە دەکرێت بچێتە سەرەتای ڕستە ، یان نەچێت ولە جێگەی خۆی بمێنێتەوە ، یاخود دەتوانرێت بوترێت لە هەندێک لە وشە پرسەکاندا جێگۆڕکێ هەبێت و لە هەندێکشیان نەبێت ( بڕوانە ۲٦۸ ) :

**(۲٦۸)**أ- ) پێزان سێوەکەی خوارد.

ب- ) پێزان چی خوارد؟

پ- ) *چی ، پێزان خوارد

به وردبوونەوە لە ( ٢٦٨-أ ) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە ( ٢٦٨-ب ) هاوتا هەواڵییەکەی ( ٢٦٨-أ ) ، واتە لە بەرانبەر وشەی پرسی ( چی ) لە ڕستە هەواڵییەکەدا وشەی ( سێو ) هەیە ، لە ( ٢٦٨-أ ) واتە لە ڕستە هەواڵییەکەدا ئەو وشەیە ، کە پرسیاری لێکراوە ( سێو ) ە ، کاتێک کە پرسیار لە و وشەیە کراوە جوڵە ڕووینەداوە واتە لە شوێنی ( سێو ) وشە پرسی ( چی ) دانراوە ، هاوکات ناڕێزمانی ( ٢٦٨-پ ) ئەوە دەردەخات کە گواستنەوەو جێگۆڕکێی وشە/فریزی پرسی ( چی ) لە زمانی کوردیدا ڕێگەی پێنادرێت وشەی پرسی ( چی ) لە ( ٢٦٨-ب ) ، کە یەکێکە لە ( AR ) داواکارەکانی کردار لە سیستمی سیتا ڕۆڵدا کرداری ( خوارد ) ڕۆڵی ( agent ) ی داوە بە ( پیرزان ) وەک بکەر و ورۆڵی ( patient ) ی بەرجەستەکردووە بۆ وشەی پرسی ( چی ) ، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات ، کە وشە پرسەکە هیچ جێگۆڕکێیەکی بەسەردا نەهاتووە ، لە جێگای خۆی ماوەتەوە ، لە هەمان شوێن لە هەر دوو ئاستی ( SS ) و ( DP ) دا . بڕوانە ( هێڵکاری ژمارە ( ٣٨ ، ٣٩ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٣٨ )




هێڵکاری ژمارە ( ٣٩ )

لە ( ٢٦٨-پ ) دا هەروەک ئاماژەی پێکرا ، کە ڕستەکە ڕستەیەکی ناڕێزمانییە ، ڕێگەپێدراوە نییە ، چونکە وشەی پرسی ( چی ) لە جێکەوتەی خۆیدا نەماوە و پێوەندی نێوان سەرو تەواوکەر تێکچووە و لە یەکتری دوورکەوتوونەتەوە ، هەندێک لە وشە پرسەکانی زمانی کوردی ناتوانرێت بگوزارێتەوە وشەی پرسی ( چی ) یەکێکە لە و وشە پرسانەی ، کە ناتوانرێت بگوازرێتەوە ، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، کە هەندێک لێکۆڵەر پێیانوایە و وا لێکیدەدەنەوە ، کە زمانی کوردی ڕێگەنادات بە جێگۆڕکێ پێکردنی هیچ وشەیەکی پرس بۆ سەرەتای ڕستەکە ، بەڵکو هەرلە جێگای خۆی دەمێنێتەوە ، بەلام ئەم بۆچوونە پوچەڵدەبێتەوە بەوردبوونەوە لە م نموونەیەی خوارەوە ئەم بۆچوونە پوچەڵدەبێتەوە (بڕوانە ٢٦٩ ) :

**(٢٦٩)** أ- ) پێزان بەپەلە دەچێت بۆ زانکۆ.

ب- ) پێزان چۆن دەچێت بۆ زانکۆ؟

پ- ) چۆن پێزان دەچێت بۆ زانکۆ؟

لە ( ٢٦٩ ) دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە وشەی پرسی ( چۆن ) دەتوانرێت لە شوێنی سەرەکی خۆی بمێنێتەوە لە ( SS ) ، یان ئارەزوومەندانە بگوزارێتەوە بۆ سەرەتای ڕستەکە ، لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکرێت ، کە بۆچی وشەی پرس لە نموونە ( ٢٦٩ ) دا دەتوانێت لە پێکهاتەی سەرەکی خۆی بمێنێتەوە ، یاخود ئارەزوومەندانە بگوازرێتەوە ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەڵێین : وشەکانی پرسی زمانی کوردی هەندێکیان شوێنی ( AR ) دەگرنەوە وەک فرێزەکانی تر مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت ، واتە ئەوانەی کە شوێنی ( AR ) دەگرن گواستنەوەیان بەهۆی ئەگریمێتەوە ( ڕێککەوتن ) ەوە ڕێگە پێدراو دەبێت، بەلام ئەگەر پێوەندی نێوان سەرو تەواوکەرتێکچوو پارامێتەر نەیپاراست ئەوا گواستنەوەکە ڕێگەپێدراو نابێت وەک لە نموونەی ( ٢٦٨

) خرایە ڕوو ، بەڵام لە نموونەی ( ٢٦٩ )، دا گواستنەوە ئارەزوومەندایە، چونکە وشەی پرسی ( چۆن ) نائارگۆمێنتە و ( سەربارە ) بوونی لە ڕستەدا بەخورتی نییە ، بەڵکو سینتاکسیانەیە بۆ پێدانی زانیاریی زیادەیە ، هەروەها دۆخی نییە ، یەکێک نییە لە کەرەستە پێویستییەکانی کردار ، لە بەرئەوە جێکەوتەی گیراسانەوەی ئەم وشە پرسە جێکەوتەیەکی ئارگۆمێنتە و پێکاڵی ئەدگار و ئاکارە سینتاکسیەکانی پێکهاتە گوێزراوەکەیە . بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ٤٠ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٤٠ )

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت وشەی پرس هەیە ، کە شوێن گۆڕینی بە خورتییە ئەو وشە پرسەش وشەی ( بۆچی ) یە ، لە زمانی کوردیدا بەپێی ( SS ) ، دەبێت بجوڵێت بۆ سەرەتای ڕستە یاخود بچێتە پێش کردارەوە ( بڕوانە٢٧٠ ) ئەو جێگۆڕییە خراوەتە ڕوو:

**(٢٧٠)**أ- ) شا ناچێت بۆ خوێندگا ، چونکە نەخۆشە.

ب- ) شا بۆچی ناچێت بۆ خوێندنگا؟

پ- ) بۆچی ، شا t ناچێت بۆ خوێندنگا؟

ت- ) * شا ناچێت بۆ خوێندنگا بۆچی

لە ( ٢٧٠-ب ، پ )دا وشەی پرسی ( بۆچی ) شوێنەکەی یان سەرەتای ڕستەکەیە ، یاخود پێش کردارەکەیە ، کە دواتر هۆکاری ئەمە ڕووندەکرێتەوە لە ( ٢/٤-٥ ) دا ، بەڵام ئەگەر وشەی پرسی ( چی ) لە جێگە سەرەکییەکەی خۆی مایەوە ، واتە نەجوڵا بۆ سەرەتای ڕستەکە لە ( SS ) دا ، ئەوا ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە نادروست دەبێت وەک لە ( ٢٧٠-ت ) دا نیشاندراوە ، لە بەر ئەوە شوێن گۆڕینی وشەی پرسی ( بۆچی ) ناچارییە.

شایەنی وەبیرهێنانەوەیە ، کە پێشتر ئاماژە بەوەکرا ، کە وشەی پرس ( بۆچی ) جیاوازە لە وشەپرسەکانی تر ، ئەم وشەیە لە وەڵامدا پێویستی بەوشەی ( چونکە ) دەبێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، کە ئەگەر هاتوو پرسیار بە وشەی پرسی ( بۆچی ) کرابوو لە وەڵامدا وشەی ( چونکە ) بەرکارنەهات ، ئەوا شوێنەکەی دەبێتە کەرەستەیەکی بەتاڵ ، لە بەر ئەوەی کەرەستەی لابراو لە ڕستەدا کەرەستەی بەتاڵە ، کە ئەمەش جیاوازە لە (کەتەگۆڕیی بەتاڵ ، چونکە (کەتەگۆڕیی بەتاڵ ( شوێنی فریزەکەیە ) واتە لە (کەتەگۆڕیی بەتاڵ ، پێویستە شوێنی ( trace ) هەبێت ، بۆ جیاکاری نێوان ئەم دووانە ( بڕوانە ٢٧١ ، ٢٧٢ ، ٢٧٣ ، ٢٧٤ ) :

**(٢٧١)**أ- ) نایەم بۆ زانکۆ ، چونکە نەخۆشم.

ب- ) نایەم بۆ زانکۆ ، $\Phi$ نەخۆشم.

**(٢٧٢)** أ- ) $\Phi$ زیرەکێک هات.

ب- ) قوتابیەکی زیرەک هات.

**(٢٧٣)**أ- ) من هۆنراوەیەکم نووسی و↓ پێزانیش لە بەریکرد.

trace ( هۆنراوەکەیە )

ب- ) من هۆنراوەیەکم نوسی و هۆنراوەکە پێیزان لە بەریکرد.

**(٢٧٤)**أ- ) من چووم بۆ زانکۆ.

ب- ) pro چووم بۆزانکۆ

## ٤-٢/٤ ) باسمەندی وشەی پرس

چەمکی باسمەند لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بە نیشانەیەکی سینتاکسی گوێزانەوە دادەنرێت. دروستەی پێشختسنی سینتاکسی دەگرێتەوە بە شێوەیەکی سەرپشکیانە ، کە خۆی لە بەسەرتۆپکردنی ( هێنانە پێشەوەی ) کەرەستەیەک دەبینێتەوە ( برزو : ٢٠١٢ : ١٣٥ ) .

ڕستەی باسمەند سوربوون یان دووپاتکردنەوەی قسەکەرە لە سەر کەرەستەیەکی ڕستەکە بۆگەیاندنی ئەو مەبەستەی کە دەیەوێت بە گوێگرەکەی بگەیەنێت ، دەیهێنێتە پێشەوە بەبێ ئەوەی کار لە واتای گشتی ڕستەکە بکات ( عەلی ، ١٩٩٨ : ١٢ ) . لە دروستەی باسمەندا دوو پرۆسە جێبەجێ دەکرێن ( بە لوتکەکردنی سەرپشکی و بەکلیتکردنی بەخورتییە ) ، بۆ نموونە کاتێک کەرەستەکان لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیان دەهێنرێنە پێشەوە شوێنپێیەک بەجێدەهێڵن ، هاوکات بەپێی کەس و ژمارە نیشانەی ڕێککەوتن دادەنرێت لە ناو دروستەی ڕستەکەدا تاوەکو سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە لە گەڵ جێکەوتەی بنەڕەتی کلیتیکەکە هاونیشانە بێت(بڕوانە ٢٧٥ ) :

**(٢٧٥)**أ- ) پێزان ئەوان دەبات.

ب- ) <u>ئەوان</u> ، پێزان <u>t</u> دە<u>یان</u>بات.

i i i

دروستەی باسمەند لە دروستەی ڕووکەش بەرهەمدەهێنرێت ، چونکە بەرهەمی دروستەی ڕستەیەکی سینتاکسییە وخاوەنی قاڵبی ڕێزمانییە ، هاوکات لە دروستەی باسمەندا فریزی بەرکاری ، کە سەرتۆپی لاوەکییە دەهێنرێتە پێشەوە بەمەبەستی بەلوتکەکردن پێیدەوترێت سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە هاوکات ڕستەی باسمەند لە ڕووی واتا وە لە ئاستی پراگماتیک لێکدەدرێتەوە ، چونکە باس پێوەندی بەتوانستەوە نییە ، بەڵکو بەندە بە چالاکی گوتنەوە لە ژێرکاری باری دەرونی قسەکەردایە دانەی ئاستی پراگماتیکە. بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر باسمەند بڕوانە ( فەتاح : ١٩٩٢ : ٤٤ ) ، ( قادر : ٢٠٠٤ : ٦٤ ) ، ( محەمەد ٢٠٠٩ : ٢٥٩- ٢٦١ ) ، ( قادر : ٢٠٠٨ ) (بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە ) .

لێرەدا ئاماژە دەکرێت بە باسمەندی وشەی پرس ، ڕستەی پرسیار لە لایەن ( چۆمسکی ) ەوە وەک ڕستەیەک پێناسەکراوە ، کە ڤاریابڵێکی تێدایە بە ( operator ) ێکەوە ، بەستراوەتەوە ، پاشانیش فۆرمی لۆژیکی دەستکەوتووەکەی بۆ ئەم جۆرە لێکدانەوانە خستووەتەکار ، لە ڕستەی پرسیاری زمانی کوردیدا ، کە بە وشەی پرس دروستدەکرێت ، لە جێی خۆیاندا بێ گواستنەوەی سینتاکسی (مەحوی : ٢٠١٠ : ١٩٥ ) ، بەڵام بەهۆی هێزە تایبەتمەندییەکەی لە دەربڕیندا بەرکاردێن لۆژیکیانە دەرهێنراون خراونەتە حاڵەتی تیشکۆ ( focous ) ەوە ، واتە ئەو هێزەی لە سەر وشە پرسەکە دەردەکەوێت بریتییە لە هێزی سەرتۆپی نەک ( هێزی سینتاکسی ) ( لە پێشتردا ئاماژە بە سەرتۆپکرا ) ، چونکە ئەم وشە پرسانە ناتوانرێت سینتاکسیانە بگوێزرێننەوە ، لە بەرئەوەی خۆیان لە ئاستی قووڵدا بەهۆی هێنانە پێشەوەی لۆژیکی وەک ڕستەی باسمەند دەرهێنراون ( قادر : ٢٠٠٨ : ١٤٨ ) ، ( بڕوانە٢٧٦ ، ٢٧٧ ) :

**(٢٧٦)**أ- ) جوان کێی بینیی؟

ب- ) جوان چۆن دەڕوات؟

پ- ) جوان کەی ڕۆشت؟

**(٢٧٧)**أ- ) {بۆX = کێ { جوان ( X ) ی بینی }؟

ب- ) { بۆ X = چۆن { s جوان ( X ) دەڕوات }؟

پ- ) {بۆX = کەی{جوان ( X ) رۆشت}؟

نموونەکانی ( ٢٧٦-أ ، ب ، پ ) ئەزمونبەندکەری ئەو بۆچوونە دەخەنەڕوو ، کە ئاماژەی پێکرا ، چونکە خاوەنی داڕشتەی لۆژیکی ( ٢٧٧-أ ، ب ، پ ) ن ، هەریەک لەو نموونانەی کە ئاماژەی پێکرا ، ناتوانن بکەونە ژێر کا(ڕێگەری یاساکانی باسمەند. بۆزانیاریی زیاتر لە سەر یاساکانی باسمەند بڕوانە ( قادر :٢٠٠٨ : ٦٢-٧١ ) . خۆ ئەگەر بخرێتە ژێرکا(ڕێگەری یاساکانی باسمەند ، ئەوا ڕستەکان ناڕێزمانی دەردەچن(بڕوانە- ٢٧٨ ) :

**(٢٧٨)** أ- ) * {س هـ کێ} {س ل جوان}{ ک س ل {پ ، کوشت}}}

ب- ) *{س هـ چۆن} ، {س ل جوان } ک { س ل t } { پ ، دەڕوات}}}

پ- ) * {س هـ کەی} ، {س ل جوان} ک{س ل t } { پ . ڕۆشت}}}

پێوەست بەو گریمانەیەی کە ڕستەی پرسیار لە زمانی کوردیدا لە ئاستی ( DP ) بەرهەمدێت ، هیچ گواستنەوەیەکی خورتی تێدانییە ، بەڵکو سەرجەم ڕستە پرسیارییەکانی زمانەکەمان لۆژیکیانە گواستنەوەی سەرپشکین لە ڕێگەی جەختکردنەوە فۆکەس ( focus ) وە. بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە ( قادر : ٢٠٠٨ و بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە وئەو سەرچاوانەی لە وێدا بەرکارهاتوون ) .

خراونەتە ژێر کا(ڕێگەری پرۆسەی باسمەندییەوە وەکو یاسایەکی گواستنەوەی باسمەندی. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ( فەتاح : ١٩٩٢ : ٣٢ -٤٤ ) .

ئەوکەرەستانەی کەلە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا حوکم دەکرێن ئارگۆمێنتن/ تەواوکەرەکان نائارگۆمێنت/ سەرەبارەکانیش دەگرنەوە ، ئەم کەرەستانە دەکرێت بە تروپک بکرێن بۆ نیشاندانی نرخ و بەهای سیمانتیکیان ، هەریەک لەو کەرەستانەی وەکو پێکهاتە لە جێکەوتەی سینتاکسی خۆیاندان ، جوڵاندنیان لە جێکەوتەی بنەڕەتییەکەی خۆیانەوە بۆ جێکەوتەیەکی تری هەمان ڕستە ، دەرفەتی بەتروپکردنیان بۆ دەڕەخسێنێت ، هاوکات باسمەندی وشەی پرسیش وەکو جۆرێک لە گواستنەوە چەند جۆرێکی هەیە ، کەئەوانیش :

### ١- باسمەندی ئارگۆمێنتی وشەی پرس.

باسمەندی ( AR ) پێواژۆی هێنانە پێشەوەی ئەو کەرەستانەیە ، کە لە ناو پێکهاتەی کرداردا داواکراون لە لایەن کرداری فەرهەنگییەوە هەڵاوێردەکرێن ، ئەمە بوونیان بە خورتییە لە ناو ( VP ) دا ، کەلە جێکەوتەی خۆیان لە لایەن سەرە ڕێزمانییەکانەوە ڕۆڵی بابەتیانە و دۆخیشیان پێدەوترێت(سەعید : ٢٠١٩ : ٢١٣ ) . کەواتە گواستنەوەی ئارگۆمێنت بریتییە لە هێنانە پێشەوەی بەرکار و بەوەش مەرجی هاوسێیەتی لە کردار تێکدەچێت و لێی دوور دەکەوێتەوە ، بۆیە سینتاکس بەهۆی هاونیشانکردنەوە بەرکارەکە بە کردارەکەوە دەبەستێتەوە و لە (ڕێگایەوە دۆخی ڕێزمانی پێدەدات ، هێنانە پێشەوەی بەرکار لە ڕووی واتا وەپەیوەستەبە مەبەستی قسەکەرەوە ، کە لە ڕێگەی گواستنەوەوە دەیەوێت جەخت لە سەر بەرکارە هێنراوە پێشەوەکەوە بکات ، کەواتە لە زمانی کوردیدا دەکرێت بەرکاری ڕستە بە ڕێگەی باسمەند بەپێی یەکێک لە یاساکانی گوێزانەوە ، کە یاسای جێگۆڕکێیە بهێنرێتە سەرەتای ڕستەکەوە ، هاوکات وشەی پرسیش کاتێک کە لە ڕستەدا بێت لە شوێنی ئارگۆمێنت کە یەکێک دەبێت لە ( AR ) داواکەرەکانی کردار ، بۆیە لە ڕستەی باسمەندا جێگۆڕکێی هەندێک لە وشە پرسەکان سەرپشکییە ، واتە وشە پرسەکە دەتوانرێت بجوڵێنرێت ، بەڵام ئەو وشە پرسانەی ، کەلە شوێنی ( AR ) ن ناتوانرێت بکرێتە باس(بڕوانە ٢٧٩ ، ٢٨٠ ) :

**(٢٧٩)**أ- ) پێزان **<u>قەڵەمەکانی</u>** شکاند.

ب- ) کێ **<u>قەڵەمەکانی</u>** شکاند؟

پ- ) * قەڵەمەکان ، کێ شکاند

ت- ) قەڵەمەکان کێ ن t شکاندی.

ج- ) **قەڵەمەکان** ، **کێ** t شکاندنـــی .

j i          i j          i

(٢٨٠)أ- ) پێزان چی شکاند؟

ب- ) * چی ، پێزان شکاند

هـەروەک ئامـاژەی پێکـرا جوڵـەی وشـەی پرسـی ئارگومێنـت هەیـە ، لە ( ٢٧٩-أ ، ب ) دا هێـڵ بـەژێرهاتووەکان لە ژێـر ڕکێفـی سـەرەڕێزمانییەکاندا حـوکم دەکـرێن و دۆخیـان پێدەدرێت بـەوەش بەشێکن لە کرداره سینتاکسییەکەی(-V ) ، بەڵام لە ( ٢٧٩-پ ) دا ( AR ) ی بەرکاری بەهۆی ئەوەی کە کراوە بە باسمەند و نەمانی پارامێتەری هاوسێیەتی دۆخەکەی لە دەستداوە ، بۆیە ڕستەکە ڕستەیەکی ناڕێزمانییە ، نەمانی پێوەندی هاوسێتیش پێویستی هەبوونی نیشانەی دۆخ دەهێنیتە ئاراوە ، بۆئەوەی نیشانەکە وەکو ئەڵتەرناتیڤی پێوەندییە هاوسێیەتییەکە ، کە گواستنەوە و پێدانی دۆخ بۆ ( AR ) ە گوێزراوەکە مسۆگەر بکات هەربۆیە لە ( ٢٧٩-ت ) دا ( AR ) ە گوێزراوەکە نیشانەی دۆخی لە جێی خـۆی کـۆپیکردووە شـوێنپێی لە جێکەوتـەی خـۆی بـەجێهێڵاوە ، هاوکـات لە ( ٢٧٩-ج ) دا نیشانەکە بەهۆی مۆرفۆلۆژی کردارەوە ، چووتە دروستەی کردارەکەوە، پاشانAR ) ) ەکە بـەهۆی هاونیشـانەکردنییەوە لە گـەڵ نیشـانەکەیدا بـەترۆپک کـراوە ، بـەوەش ڕێگەپێدانی ترۆپکردنەکـەی بـۆ ڕێککەوتنی لە گەڵ نیشـانەکەی نـاو دروسـتەی کردارەکە دەگەڕێتەوە ، کەبەهۆیـەوە دۆخـی ڕێزمـانی ئەکۆزەتیڤی بۆ گوێزراوەتەوە ، بەمەش پێداویستی و مەرجە سینتاکسییەکانی پێدانی دۆخ بۆ پێکهاتـە هێنراوە پێشـەوەکە تێربووە ، بەڵام لە ( ٢٢٨٠-ب ) دا کە وشـەی پرسـی ( چی ) ( AR )داواکراوە کاتێک ، کە گوازراوەتـەوە بە ترۆپک کراوە ڕستەکە بووەتـە ڕستەیەکی ناڕێزمـانی چونکە باسـمەند بریتییە لە هێنانە پێشـەوەی بەرکار ، بەڵام ئەو وشـە پرسـانەی کە ( AR ) ن ناکرێن بە باسـمەند ، چونکە کاتێک دەهێنرێنە پێشەوە مەرجی هاوسێییەتی تێکدەچێت ، بەبێ ئـەوەی بتوانرێت کۆپییـەک لە شوێنی دابنرێت.

## ٢-باسمەندی نائارگۆمێنتی وشەی پرس :

نائارگۆمێنـت ئـەو کەرەسـتانەن ، کـە لە سـنوری فرێـزی کرداریـدا ڕوودەدەن ، ئەمانـە کەرەسـتەی بنەڕەتی نین و بوونیان لە ڕستەدا بە خورتی نییە ، بەڵکو سێمانتیکیانە بۆ پێدانی زانیاریی زیادە پێوەست بە کردارەوەیە ، هەربۆیە دۆخیان نییە ، کەواتـە جێکەوتـە نائارگۆمێنت دۆخـی ڕێزمـانی تێدا نادرێت ، لە بەرئـەوەی لە شـوێنی ( AR ) ێک نییە کەلە لایـەن کردارەوە داواکرابێت ، بۆیە مەرجە جێکەوتـەی گیرسـانەوەی ئـەم جـۆرە پێکهاتانـە جێکەوتەیـەکی نائارگۆمێنـت ( A-Position ) بێـت و

پێکاڵی ئەدگار و ئاکارە سینتاکسیەکانی پێکهاتە گوێزراوەکە بێت . بڕوانە ( قادر : ٢٠٠٤ : ٦٧ ) ، ( سەعید : ٢٠١٩ : ٢١٧ ) .

کەواتە بە باسمەندکردنی ئارگۆمێنت ئەو کەرەستە نابنەڕەتیانەی ڕستە دەگرێتەوە ، کە دۆخیان نییە، بۆیە ئازادانە دەتوانرێت بجولێنرێن و بکرێن بە باس بەبێ ئەوەی مۆرفیمی ڕێککەوتن لە جێگایان دابنرێت ، هاوکات وشەی پرسیش کاتێک کە لە ڕستەدا لە شوێنی نائارگۆمێنتە جێگۆڕکێ پێکردنی سەرپشکییە ئەو وشە پرسانەی کە لە شوێنی نائارگۆمێنتن دەتوانرێت بکرێنە باس(بڕوانە ٢٨١ ) :

**(٢٨١)** أ- ) یاد دوێنێ چوو بۆ بازاڕ.

ب- ) دوێنێ یاد چوو بۆ بازاڕ.

پ- ) یاد کەی چوو بۆ بازاڕ؟

ت- ) کەی ، یاد چوو بۆ بازاڕ؟

ڕستەی ( ٢٨١ -ب ، ت ) هاوتا هەواڵییەکەیان ( ٢٨١-أ ، ب ) ە ، لە ( ٢٨١- أ ) دا ئاوەڵکرداری ( دوێنێ ) ، کە نائارگۆمێنتە و دۆخی نییە ئازادانە دەتوانرێت بجولێنرێت و بکرێت بە باس هەروەک لە ( ٢٨١-ب ) دا دیارە ، بەهەمان شێوە لە ( ٢٨١- پ ) دا وشەی پرسی ( کەی ) نائارگۆمێنتە بۆیە ئازادانە دەتوانرێت بجولێنرێت هەروەک لە ( ٢٨١-ت ) دا دیارە ، لێرەدا گواستنەوەی وشە پرسەکە گواستنەوەیەکی سەرپشکییە ، ڕایەڵ دروست ناکات بۆ پێدانی دۆخ، چونکە جوڵەکەی شوێنەواری نییە.

## ٥-٢/٤ ) جووڵەپێکردنی فرێزی پرس

جوڵان چالاکییەکی سیستمی کۆمپیتەرییە ( CHL ) یە ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە پرۆسەی بەستنەوەی دروستەدا ، لە ( GB ) دا جوڵاندن زیاترپەیوەستەبە دۆخی ڕێزمانییەوە(قادر : ٢٠١١ : ٧٧ ) .کەواتە ئەم کردەیە سیستمێکی کۆمپیوتەری پێیهەڵدەستێت ، کە کردەیەکە لە پێکهاتەی ڕستەدا بەپێی سیستمێکی سنورداره . جوڵاندن یەک ئاراستەییە و دەبێت تەنیا لە شوێنی نزمەوە بەرەو شوێنی بەرز بجولێت ، واتە بەرەو شوێنی نزم ڕێگەی پێنادرێت ، بۆنموونە ئەگەر لە درەختی ئەندازیاریدا بەرەو ڕاست لقی لێببێتەوە ، ئەوا بەرزکردنەوەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەبێت ، وەک زمانی ئینگلیزی ، بەڵام ئەگەر درەختی ئەندازیاری ڕستەکە بەرەو چەپ لقی لێبۆیەوە ، ئەوا بەرزکردنەوەکە لە چەپەوە بۆ ڕاستە ، بۆنموونە لە زمانی کوردیدا لە بەر ئەوەی درەختی ئەندازیاری ڕستەکە بەرەوچەپە بەرزرکردنەوە ( جوڵاندنەکان ) لە چەپەوە بۆ ڕاستە جگە لە بەرزرکردنەوەی کردار نەبێت (قادر : ٢٠١١ : ٨٠ ) .

گریمانەی جوڵەپێکردن ، ئەو جوڵەپێکردنانەنەی وشە دەگرێتەوە کەلە سنوری ڕستەدا ئەنجام دەدرێت ، ( چۆمسکی ) ئاماژە بۆ سێ جوڵە دەکات ، ئەوانیش : ( جوڵەی سەرەگرێ لە شوێنی بنچینەیی خۆی بۆ شوێنی سەرەیەکی دیکە ، جوڵەی ڕێککەوتن لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر لە بنیاتی ڕستە ، کە گونجاوبێت بۆ بابەتی گواستراوە ، جوڵاندنەوەی بەستنەکان ئۆپەراتۆرس ( operators ) ، هەروەها ئەو جوڵاندنەوانەی کەلە ڕستەی پرسیاریدا ئەنجامدەدرێت (دزەیی : ٢٠١٣ : ١٢٤ ) .گواستنەوەش لە ئەنجامی جوڵاندنەوەی کەرەستەیەکە لە شوێنێکەوە لە درەختی فرێزەکان بۆ ئەو شوێنەی ، کە تێدا دەنیشێتەوە(قادر : ٢٠٠٩ : ١٤٦ ) .

ئەم بیرۆکەیەش لە هەندێک شوێندا بە زیادکردن ، یان لادان ( deletions ) ناودەبرێت ، هاوکات لە هەرجۆرێکی جوڵاندنەوەی ( XP ) کەرەستە جوڵاوەکە ، کەرەستەی حوکمکاری شوێنپێکەی ( trace ) وەکەی دەبێت ، کۆتۆبەندێکی ( شوێن ) یش هەیە لە سەر پێوەندی کەرەستە جوڵاوەکە ، شوێنپێکەی دەسەپێنێت ، ئێمە دەتوانین جوڵانەوەی کەرەستەی پرس بکەین لەو شوێنەی ، کە لێی دەجوڵێت بۆ ئەو شوێنەی ، کە بۆی دەجوڵێت ، بەڵام لە ڕستەی پرسیاریدا جێگۆڕکیی دانە پێکهێنەرەکان کەم ڕێگەی پێدەدرێت ، کاتێک کە پرسیار بۆ یەک مەبەست بێت(بڕوانە ٢٨٢ ) :

**(٢٨٢)** أ- ) کێ دێت بۆ زانکۆ؟

ب- ) * بۆ زانکۆ کێ دێت

پ- ) * دێت بۆزانکۆ کێ

کەواتە جێگۆڕکێی دانە پێکهێنەرەکان ناکرێت بوترێت نییە بەڵکو ئەم جێگۆڕکییە کەمە لە زمانی کوردیدا . دروستەی سینتاکسی ڕستەی پرسیار و دروستەی قوڵی ڕستەی کوردی یەکدەگرنەوە(مەحوی : ٢٠٠١ : ١٩٣ ) . ڕستەی پرسیاری زمانی کوردی یاسای گواستنەوەی ، ( α بجوڵێنە ) نیشاننادات و نییەتی لە بەر ئەوەی ڕستەی پرسیار و دروستەی قوڵی ڕستەی زمانی کوردی وەکیەکن ، کەواتە یاسای گواستنەوەی فرێزی پرسیار لە زمانی کوردیدا نییە ( سەرچاوەی پێشوو ، ١٩٧ ) .

بەم پێیە وشەکانی پرس لە ڕستەی پرسیاری زمانی کوردیدا هیچ جۆرە جوڵەو گواستنەوەیەکی بەسەردا نایەت ، لە بنەڕەتدا وەکو هەرفرێزێکی ناو ڕستە لە ئاستی قووڵی ڕستەدا دێنەکایەوە ، نیشانەکانی کردار لە فەرهەنگدا داوایدەکات ، ئەمەش پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییە ، لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی هەواڵی بەیاساکانی گواستنەوە بەرهەم دەهێنرێن ، کە تێیدا ( Modal verbs ) کانی ( will,would,shall,should,can,could, might,must… ect )

لە ناوجێکەوتەی ( I ) ناو ڕستەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی ( C ) لە دەرەوەی ڕستەکە. بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە ( Radford :1998 :124-216 ) ، ( Carnei :2008 :280-312 ) . بڕوانە ( ٢٨٣ )

(283) A- ) {C}{S she}{I can }{vp play football}}

c- {c can}{s she } {I…}{VP play football }. ئەو دەتوانێت یاری تۆپی پێ بکات

ئەمە پرۆسەیەکی سینتاکسییە لە سەرەتای ڕستەی پرسدا دەردەکەوێت بە گواستنەوەی فرێزی پرس ناسراوە ، کە ئەو ئایتمانەی بە وشەی پرس دەستپێدەکەن لە جێکەوتەکانیانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ ڕووکەشەکانیان ، ئەم جۆرە گواستنەوەیە لە ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوەی ( GB ) بەبارێکی دیاریکراوی جوڵانەوەی ئەلفا دادەنرێت(304 :1993 :Trask ) ( حەمەغریب : ٢٠٠٨ : ١٣ ) .

ئەم جۆرە گواستنەوەیە لە زمانی کوردیدا وەک یەک نییە ، چونکە هەروەک ئاماژەی پێکرا دروستەی پرسیار و دروستەی قووڵی زمانی کوردی وەک یەکن ، ئەمەش تەواو پێچەوانەی هەڵسوکەوتی ئەو یاسایەی زمانی ئینگلیزییە ، زمانەکانی جیهان لە زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانیاندا جیاوازن ، بۆنموونە لە زمانی کوردیدا ( وشەی پرس ) لە ڕستەی پرسیاریدا تەنیا لە ئاستی لۆژیکداو لە ڕێگەی فۆکسەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستەکە(قادر : ٢٠١٢ : ١٦٥ ) . بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە پێوایە ئاستی لۆژیک ئاستێکی نەبینراو و ئەبستراکتە"گواستنەوەی فرێزی پرسیاری کوردی لە ئاستی لۆژیکدا پێوەست بە بەرهەمهێنانی ڕستەی باسمەندەوە پێشبینی دەکرێت"(قادر : ٢٠٠٨ : ٣١ ) . بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر گواستنەوەی باسمەند . بڕوانە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە و ئەو سەرچاوانەی لە وێدا ئاماژەیان پێکراوە ) .

لەگەڵ ئەم بۆچوونانەدا دەکرێت بوترێت جێگۆڕکیی فرێزی پرسیاری کەمتر ڕێگەی پێدەدرێت و دەتوانرێت ، هاوکات کەرەستەکانی ڕستە ئارگۆمێنت و نائارگۆمێنتن ، جووڵەی ئارگۆمێنت یاخود جێگۆڕکی ئارگۆمێنت ، ئەو جێگۆڕکێیانەیە ، کە ئارگۆمێنتێک لە جێی خۆیەوە جێگۆڕکێ بۆ جێگەیەکی تری ئارگۆمێنت دەکات(175 :1997 :Radfrd ) , ( 47 : 1981: Chomsky ) ، ( عەبوزەید : ٢٠١٣ : ٦٩ ) .

جوڵەی نائارگۆمێنتیش ئەو جۆرە جوڵەیەیە ، کە ئارگۆمێنت لە جێی خۆی جێگۆڕین بۆ جێگەیەک لە دەوروبەری ڕستەی ( TP ) دەکات ، کەواتە جێیەکی نائارگۆمێنتە(184 : 1981: Chomsky ) ، ( عەبوزەید : ٢٠١٣ : ٧٠ ) .

ئەوانەی ، کە کەرەستەی سەربارن ڕێگە بە گواستنەوەیان دەدرێت ، دەتوانرێت بوترێت وشە پرسەکانی زمانی کوردی هەموویان پابەند نین ، لە بەرئەوەی بەشێوازی جۆراوجۆر ئەرکی خۆیان دەبینن ، نەک هەموویان بەهەمان شێوە ، جوڵەی هەموو وشە پرسەکانی زمانی کوردی وەک یەک هەژمارناکرێت هەندێجار جوڵە قەدەغەکراوە ، هەندێکجار ڕێپێدراوە ، هەندێک جار بە زۆرە ، دواتر ئەم جوڵانەوەیە بەبەڵگەوە ڕووندەکرێتەوە ، لە ڕاستیدا جیاوازی هەیە لە نێوان زمانەکاندا ، زۆرجار لە چوارچێوەی تیۆری ( GB ) دا ، شیکردنەوەی گواستنەوەکان دەکەوێتە پێش ( SS ) بۆنموونە زمانی ئینگلیزی ، بەناوی ( گواستنەوەی ئاشکرا ) ، بەرچاودەکەوێت ، بەڵام هەندێک جار ئەم

شیکردنەوەیە دەخرێتە پاش ئاستی ( SS ) ، کە پێی دەوترێت ( گواستنەوەی داپۆشراو ) ، ئەم گواستنەوەیە لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت(قادر : ٢٠١٢ : ١٣ ) .

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکرێت ، ئەی ئەم جۆرە جوڵە داپۆشراوە چۆن دەبینرێت؟، بەڵام وشەی پرس لە ڕستەی کوردیدا ، کە شوێنی ئارگۆمێنت پڕ دەکاتەوە ، ئەو جوڵە بە خورتییەی نییە ( حمە غریب : ٢٠٠٨ : ٢١٤ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیوایە ، کە جوڵەی وشەی پرس هەیە ، کەدواتر هەریەک لە و وشە پرسانەی کە جوڵە بەخورتییە و جوڵە قەدەغەکراوە و جوڵە ڕێپێدراو دەخرێنە ڕوو ، بەهێنانەوەی بەڵگە پشتراستدەکرێنەوە ، وشە پرسەکان لە زمانی ئینگلیزیدا زۆربەیان بە ( wh ) دەستپێدەکەن ، بۆیە پێیان دەوترێت ( wh-phrase ) ، ( چۆمسکی ) ئاماژەی بۆئەوە کردوە ، کە ( wh-phrase ) لە زمانی ئینگیلزیدا بەئاشکرا دەجوڵێت ، لێرەدا دەپرسین ، ئایا لە زمانەکانی تردا دەجوڵێت؟ یان ناجوڵێت؟ لە زمانێکی وەکو زمانی چینی بەهیچ شێوەیەک ناجوڵێت ، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا شوێنی دەکەوین ، وەڵامی پرسیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، کە ئایا وشە/ فرێزی پرس لە زمانی کوردیدا دەجوڵێت ، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە جوڵەو لێکدانەوەی فرێزی پرسیاری دەکۆڵێتەوە ، لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمێنان وگواستنەوەی (( Transforrntion Gerarative Grammer ) ، تیۆری حوکمکردن ، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەخستنەڕووی داتاکان ( ڕستەکان ) و شیکردنەوەیان ، ئەوە دەخاتە ڕوو ، کە ئایا جوڵەی وشە/فرێزی پرسیاری لە زمانی کوردیدا قەدەغەکراوە ، یاخود هەندێک جار لە هەندێک وشە ڕێپێدراوە ، هەندێک جاریش سەرپشکییە ، هاوکات هەندێک جاریش جوڵە بەخورتییە ، بۆ تێڕوانین لە هەڵسوکەوتی فرێزی پرسیاری لە زمانی کوردیدا ، ئایا دەجوڵێت یان لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە ، لە سەرەتا بەخستنەڕووی هەندێک نموونە ئەزمونبەندکەری ڕاو بۆچوونەکانمان دەخەینەڕوو ، پاشان جۆرەکانی گواستنەوەی وشە/فرێزی پرسیاری دەکرێن بە چەند گروپێکەوە و شیکردنەوە بۆ هەریەک لەو بەڵگانە دەکرێت.

تا بزانرێت هەڵسوکەوتی وشە/ فرێزی لە زمانی کوردیدا دەجوڵێت یان لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە ، بڕوانە ( ٢٨٤ ، ٢٨٥ ، ٢٨٦ ) : .

**(٢٨٤)**أ- ) کتێبەکەم بۆ لێزان نارد.

ب- ) چیم بۆ لێزان نارد؟

**(٢٨٥)**أ- ) کتێبەکەم نارد بۆ لێزان.

ب- کتێبەکەم نارد بۆ کێ ؟

**(٢٨٦)**أ- ) کتیبەکەم بۆ لێزان نارد ؟

ب- ) کتێبەکەم بۆ کێ نارد؟

پێش شیکردنەوەی نموونەکان ، ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبکەین لێرەدا ئەوەیە ، لە بەرئەوەی زمانی کوردی یەکێکە لە و زمانانەی کە ( سکرامبلینک ) ی تێیدا ڕوودەدات ( لە زانستی زماندا بە جێگۆڕکێی ) ( Disloction ) ناودەبرێت ، یاسا و پرۆسەیەکی تریش هەیە ، تاڕادەیەک هاوشێوەی یاسای باسمەندە لە هەمانکاتیشدا لە چەند لایەکەوە لێی جیاوازە ئەم پرۆسەیە وەک یاسایەکی سەرپشکی پێشنیازکراوە بەوەی هەندێک لە پێکهاتەکانی ڕستە لە ڕیزبوونیاندا ئازادانە هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا بکرێت و شیاوبێت لە هەر جیکەوتەیەکی ڕستەکەدا بێت(قادر : ٢٠٠٨ : ٦٥ ) .کارکردنی یاساکەش لێرەدا دەخرێتە ڕوو :

**أ+ب+ پ+ ت ← أ+ پ+ ب+ ت**

هەروەک ئاماژەی پێکرا زمانی کوردی یەکێکە لە و زمانانەی کە ( سکرامبلینک ) ی تێدا ڕوودەدات ، کاتێک شوێنی ڕیزبوونی وشەکان لە ناو ڕستەدا دەگۆڕێت ، ڕستەکە هەر ڕستەیەکی ڕێزمانییە ، بەڵام لە هەندێک زماندا ڕیزبوونی وشەکان ( word order ) زۆر سترێکتە ، واتە بوارنادرێت یاری بە وشە بکرێت و پاش و پێش بخرێت لە هەمانکاتدا ڕستەکەش هەر ڕستەیەکی ڕێزمان دروست و واتا دروست بێت، بەڵام ئەم یاریکردنە بەوشە لە زمانی کوریدا ڕێگەپێدراوە ، لێرەدا جێی خۆیەتی پرسیار بکرێت ، بۆچی هەندێک ڕستە ڕێزمانییە و هەندێک ڕستەی تر ناڕێزمانییە ، بۆچی هەندێک جوڵە ڕێگەپێدراوە هەروەک لە نموونەکانی ( ٢٨٤ ، ٢٨٥ ، ٢٨٦ ) دا دیارە ، کە فرێزە پرسیارییەکان لە ناو ڕستەکاندا جێکەوتەی ( AR ) ە هاوشێوەکە دەگرێتەوە فرێزەپرسیارییەکان دەتوانن هاوتەریب بن لە گەڵ ( AR ) ە هاوتاکان لە ڕستە هەواڵییەکاندا ( ئەگەر چی زمانی کوردی پێڕەوی یاسای ( ( SOV ) دەکات ، بەڵام ڕیزبەندی وشەکانی زۆر پێکەوە بەستراوەنین ) . ( Hamid :2019 : 309 ) کەواتە هەریەک لە فرێزە پرسیارەییەکان لە نموونەکانی ( ٢٨٤ ، ٢٨٥ ، ٢٨٦ ) ، کە هێڵیان بەژێردا هاتووە ، لە جێکەوتەی ئەو کەرەستانە دەرکەوتوون ، کە پرسیاریان لێدەکرێت ، زمانی کوردی هەروەک زمانی هەنگاری جوڵەی تایبەتی فرێزی تیشکۆی تێدا ڕوودەدات ، ئەم تێکەڵکردنە ڕێپێدراوە لە زمانی کوردیدا ، زمانی کوردی بەئازادی ڕێگە بە ڕیزبەندی وشە دەدات . بڕوانە ( ٢٨٧ ) :

**(٢٨٧)**أ- ) کێی بینی ، جوان دوێنێ ئێوارە؟

ب- ) دوێنێ ئێوارە جوان کێی بینی؟

پ- ) * کێ بینی ، دوێنێ ئێوارە جوان

ت- ) جوان دوێنێ ئێوارە کێ بینی؟

لە ( ٢٨٧-أ ، ب ، پ ) ئەگەر چی دروستەکان جێگۆڕکێیان پێکراوە ، ڕستەکان ڕستەیەکی ڕێزمانین ، بەڵام لە ( ٢٨٧-پ ) دا ، ڕستەکە ڕستەیەکی ( ناڕێزمانی ) یە ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆهاونیشانە نەبوونی سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە لە گەڵ جێکەوتەی بنەڕەتدا ، بەهۆی

نەبوونی کلیتکێکەوە کە بووتە هۆی ئەوەی دۆخی ڕێزمانی کردارەکە خاڵی نەبێتەوە لە هەمان کاتدا سەرتۆپی هێنراوە پێشەوەکەش نەبۆتە خاوەنی ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانی ، ئەمەش بووتە هۆی ناڕێزمانی ( ٢٨٧-پ ) .

"فرێزی هەڵواسراوی پرسیاری ( wh-adjunts ) هاوشێوەی ( AR ) لە زۆری شوێنی جیاوازدا دەردەکەوێت" ( سەعید : چاوپێکەتن :٢٠٢٢/٦/١٤ ) . واتە فرێزی هەڵواسراو لە شوێنی جیاوازدا دەبینرێت و دەجوڵێت ( بڕوانە ٢٨٨ ) .

**(٢٨٨)** أ- ) pro پێتوایە بۆچیt یارییەکەی بردەوە؟

i

ب- ) بۆچی pro پێتوایە یارییەکەی بردەوە؟

i i

لە ( ٢٨٨-أ ، ب ) دا وشەی ( بۆچی ) دەجێتە ( adjunt ) بۆیە ئازادانە دەجوڵێت ، ئەگەر چی لە هەندێک شوێندا جوڵاندنی فرێزی ( بۆچی ) بەخورتییە ، کە دواتر لێی دەدوێین ، بەڵام هەندێک جار ( بۆچی ) دەبێت بەناچاری لە شوێنە سەرەکییەکەی خۆیەوە لە ڕستەیەکی سادەدا ( single cluase ) واتە یەک ( cluase ) ی تێدا بێت ( Hamid :2019 :314 ) ( بڕوانە ٢٨٩ ) :

**(٢٨٩)**أ- ) بۆچی بێریڤان شوی کرد بە فەرهاد؟

ب- ) * بێریڤان شوی کرد بە فەرهاد بۆچی

لە ڕستەی ( ٢٨٩-أ ) دا ، وشەی ( بۆچی ) لە سەرەتای ڕستەکەوەیە ، کە شوێنی سەرەکی خۆیەتی ، بەڵام لە ڕستەی ( ٢٨٩-ب ) دا وشەی ( بۆچی ) گوازراوەتەوە بۆکۆتایی وشەکە لە ( ٢٨٩-ب ) ڕێپێدراو نییە ، چونکە ڕستەکەی کردووە بە ڕستەیەکی ناڕێزمانی.

لە زمانەکانی جیهاندا هەندێک زمان هەیە کەرەستەی ( wh ) کانیان بەگوێرەی پارامێتەری ( wh ) ڕەفتاردەکات ، زمان هەیە ، کە وشە پرسەکانیان شوێنەکانیان دەگۆڕێت ، هەندێک زمانیش هەیە گۆڕینی یان نەگۆڕینیان سەرپشکییە ، لێردا جێی خۆیەتی وەڵامی ئەو پرسیار بدرێتەوە ، کە ئایا وشەی پرس لە زمانی کوردیدا وەک وشەیەکی جیاواز هەژمار دەکرێت و هەڵسوکەوتی جیاواز دەکات؟ لە وەڵامدا دەڵێین ، بەڵێ ، هاوکات ئەو کێشەیەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدوایدا دەگەڕێت و دەیەوێت وەڵامی بداتەوە ئەوەیە ، کە وشە پرسەکان جێگۆڕکێ دەکەن یان وەکو خۆیان دەمێننەوە ، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، کە جوڵە بۆیە ڕوودەدات ، ئیلمێنتەکان پشکنینی فیچەرەکانیان بکەن ، هەرکاتێک پێکهاتەکە جێگیر بوو جوڵە ڕوونادات ، بەڵام کاتێک کە جێگیرنەبێت جوڵە ڕوودەدات ، بۆ ئەوەی فیچەرەکان دامەزراوبن ، لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی سێ شوێنمان هەیە بۆ ( wh ) کان ، یان دەبێتە سەری ( cp ) ( headcp ) یان دەبێتە سپێکتی کۆنتیفایە فرێز ( spectQp ) یان بەرکار ( object ) لە پێشتردا ئاماژە بەوە کرا ، کەهەریەک لە

وشە پرسەکان دەکرێن بە چەند گروپێکەوە تاوەکو بزانرێت ئایا چ جۆرە جوڵەیەک هەیە وشە پرسەکان چۆن دەگوازرێنەوە ، لێرەدا هەریەک لە و گروپانە دەخرێنە ڕوو :

**یەکەم :** ئەم سێ وشە پرسە ( چیwhat ) ، چەند ( Howmuch ) / ( Howmany ) کام ( which ) ئەمانە ناجوڵێن و لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوە ( بڕوانە ٢٩٠ ، ٢٩١ ، ٢٩٢ ) :

**(٢٩٠)**أ- ) پێزان چی دەکات؟

ب- ) پێزان وانەکەی دەنوسێت.

پ- ) * چی پێزان دەکات

ت- ) * پێزان دەکات چی

**(٢٩١)**أ- ) پێزان چەند قەڵەمی هەیە؟

ب- ) پێزان حەوت قەڵەمی هەیە.

پ- ) * چەند پێزان قەڵەمی هەیە

ت- *پێزان قەڵەمی هەیە چەند

**(٢٩٢)**أ- ) کام گۆڤارەت هەڵبژارد؟

ب- ) گۆڤاری بڕیارم هەڵبرژارد.

پ- ) * گۆڤارەت کام هەڵبژارد

ت- ) * هەڵبژارد گۆڤارەکەت کام

لە ( ٢٩٠-أ ) وشەی پرسی ( چی ) لە جێکەوتەی بەرکاردایە هاوکات ( ٢٩١-ب ) دا واتە لە ڕستە هەواڵییەکەدا ئەو وشەیەی ، کە هەمان پرسیاری لێکراوە ( وانەکە ) یە ، کاتێک کە پرسیارمان لە و وشەیە کردووە جوڵە ڕووی نەداوە ، واتە لە شوێنی وانەکە وشەی پرسی ( چی ) دانراوە هاوکات ئەم وشەیە پرسە هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا پرسیار لە شت دەکات ، نارێزمانی ڕستەکانی ( ٢٩-پ ، ت ) ئەوە دەردەخات ، کە گواستنەوەو جێگۆڕکێ وشە/ فرێزی پرسی ( چی ) لە زمانی کوردیدا ڕێگەی پێنادرێت ، بەم پێیە لە ڕستەیەکی وەک ( ٢٩٠-أ ) دا هیچ جوڵەیەک بە شوێنی ( وانە ) نەدراوە ، بەڵکو وشەی پرسی ( چی ) لە هەمان شوێنی ( وانە ) جێگیربوو ، کە ئەم هەڵسوکەوتە لە زمانی ئینگلیزیدا بەجۆرێکی تربوو ، وشەی پرسی ( چەند ) پرسیار لە بڕ دەکات ، لە ڕستەی پرسی ( ٢٩١-أ ) هاوتا هەواڵییەکەی ( ٢٩١-ب ) ە ، کاتێک ، کە پرسیار لە و وشەیە کراوە و جوڵەش ڕووی نەداوە ، واتە لە شوێنی وشەی ( حەوت ) وشەی پرسی ( چەند ) دانراوە ، هاوکات نارێزمانی ڕستەکانی ( ٢٩١-پ ، ت ) ئەوە دەردەخات ، کە گواستنەوە و جێگۆڕکێی وشە/فرێزی پرسی ( چەند ) لە زمانی کوردیدا ڕێگەی پێنادرێت ، بەم پێیە ناکرێت ڕستەیەکی وەک ( ٢٩١-أ ) لە ڕستەیەکی وەک ( ٢٩١-پ ، ت ) هەڵبگوێزرێت ، لە ڕستەی ( ٢٩١-أ )

دا هیچ جوڵەیەک بە شوێنی وشەی ( حەوت ) نەکراوە ، بەڵکو وشەی پرسی ( چەند ) لە هەمان شوێنی ( حەوت ) جێگیربووە ، لە ( ٢٩٢ ) وشەی پرسی ( کام ) پرسیار لە هەڵبژاردن دەکات ، ڕستەی پرسی ( ٢٩٢-أ ) هاوتا هەواڵییەکەی ( ٢٩٢- ب ) واتە لە بەرانبەر وشەی پرسی ( کام ) لە ڕستە هەواڵییەکەدا وشەی ( بڕیار ) هەیە ، لە ( ٢٩٢-ب ) دا ، واتە لە ڕستە هەواڵیەکەدا ئەو وشەیەی ، کە پرسیاری لێکراوە ( بڕیار ) ە ، کە ناوی گوڤارەکەیە ، کاتێک ، کە پرسیار لە و وشەیە کراوە ، جوڵە ڕووی نەداوە ، واتە لە شوێنی ( بڕیار ) وشەی پرسی ( کام ) دانراوە ، هەروەها ناڕێزمانی ڕستەکانی ( ٢٩٢- پ ، ت ) ئەوە دەردەخات ، کە گواستنەوە و جێگۆڕکێ وشە/فرێزی ( کام ) لە زمانی کوردیدا ڕێگەی پێنادرێت ، بەم پێیە ناکرێت ڕستەیەکی وەکو ( ٢٩٢-أ ) لە ڕستەیەکی وەک ( ٢٩٢-پ ، ت ) هەڵبگوێزرێت. لە ڕستەی ( ٢٩٢-أ ) دا هیچ جووڵەیەک بەشوێنی ( بڕیار ) نەکراوە ، بەڵکو وشەی پرسی ( کام ) لە هەمان شوێنی ( بڕیار ) جێگیربووە یەکێکی تر لە و وشە پرسانەی ، کە ناجوڵێت وشەی پرسی ( لە کوێ ) ( where ) (Ahmed :2020 : 278 ) .

ئەوەی لێکۆڵەر ئاماژەی پێکردووە ، لە وسەرچاوەیەدا بۆ زمانی ئینگلیزی ڕاستە ، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی پرس و فرێزی پرسیاری وەک یەک مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت ، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیوایە ، کە ( لە کوێ ) لە زمانی کوردیدا وشەی پرس نییە ، واتە بەئامادەکراوی لە فەرهەنگدا نییە ، بەڵکو لە سینتاکسدا دروست دەبێت ، لە گەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت وشەی پرسی ( کوێ ) و پریپۆزشنی ( لە ) لە یەک جیابکرێنەوە ، بۆیە لێرەدا دەڵێین ، فرێزی پرسی ( لە کوێ ) هەروەک لە و سێ وشەیەی تر ، کە ئاماژەی پێکرا ناجوڵێت ، بەڵکو لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە (بڕوانە٢٩٣ ) :

**(٢٩٣)**أ- ) لە کوێ پێزانیت بینی؟

ب- ) لە خوێندنگا پێزانم بینی.

پ- ) * پێزان لە کوێ بینی

ت- ) * لە کوێ بینی پێزان

وشەی پرسی ( کوێ ) هەروەک لە بەشی سێیەمدا ئاماژەی پێکرا هەڵگری نیشانەی واتایی ( + شوێن ) ە ، بۆ پرسیارکردن لە شوێن بەکاردێت ، بەڵام لێرەدا فرێزی پرسی ( لە کوێ ) هەیە ، کە ئەم فرێزەش بۆ پرسیارکردن لە شوێن بەکاردێت ، ڕستەی پرسی ( ٢٩٣-أ ) هاوتا هەواڵییەکەی ( ٢٩٣-ب ) ە ، واتە لە بەرانبەر فرێزی پرسی ( لە کوێ ) لە ڕستە هەواڵییەکەدا فرێزی پرسی ( لە خوێندنگا ) هەیە ، هەروەها لە ( ٢٩٣-ب ) دا واتە لە ڕستە هەواڵییەکەدا ئەو فرێزەی ، کە پرسیاری لێکراوە لە ( خوێندنگا ) یە ، کاتێک کە پرسیار لە و فرێزەکراوە جوڵە ڕووی نەداوە ، واتە لە شوێنی ( لە خوێندنگا ) فرێزی پرسی ( لە کوێ ) دانراوە ، هاوکات ناڕێزمانی ڕستەکانی ( ٢٩٣-پ ، ت ) ئەوە دەردەخات ، کە گواستنەوە و جێگۆڕکیی فرێزی پرسی ( لە کوێ ) لە زمانی کوردیدا ڕێگەی

پێنادرێت ، بەم پێیە ناکرێت ، ڕستەیەکی وەکو ( ٢٩٣-أ ) لە ڕستەیەکی وەک ( ٢٩٣- پ-ت ) هەڵبگوێزرێت ، لە ڕستەی ( ٢٩٣-أ ) دا هیچ جوڵەیەک لە شوێنی فرێزی پرسی ( لە خوێندنگا ) نەکراوە. بەڵکو فرێزی پرسی ( لە کوێ ) لە هەمان شوێنی ( لە خوێندنگا ) جێگیربووە ، کەواتە لە زمانی کوردیدا ئەو سێ وشە پرسەی ئاماژەی بۆ کرا ، ( چی ، چەند ، کام ) ، هەروەها فرێزی پرسیاری ( لە کوێ ) لە شوێنی خۆیان دەمێننەوەو جوڵە ڕوونادات ، وەک ئاشکرایە هەر وشەیەکی پرس لە جیاتی وشەیەک بەکاردێت ، وشە پرسەکە لە ناو ڕستەی پرسدا هاوتا هەواڵییەکەی وشەیەکی ترە ، کە ڕستە هەواڵییەکەی دەکەینە پرسیاری وشەکە لادەبەین و وشەیەکی پرس لە جێ دادەنێین ، کەواتە لە م وشانەدا جوڵە ڕوونادات ، هەروەها لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، کە ڕستەکانی ( ٢٩٠-ب ، ٢٩١-ب ، ٢٩٩٢-ب ، ٢٩٣-ب ) جیاوازن لە ڕستەکانی ( ٢٩٠-أ ، ٢٩١-أ ، ٢٩٢-أ ، ٢٩٣-أ ) ) واتە ڕستەکانی ( ٢٩٠-ب ، ٢٩١ ، ب ، ٢٩٢ ، ب ، ٢٩٣-ب ) هەواڵیین و لە ئاستی قووڵدان هاوکات ڕستەکانی ( ٢٩٠-أ ، ٢٩١-أ ، ٢٩٢-أ ، ٢٩٣-أ ) پرسیارین و لە ئاستی قوڵدان ، بەم پێیەش هیچ جۆرە گواستنەوەیەک ڕووینەدراوە ، کەواتە ئەم وشە پرسانەو ئەو فرێزە پرسەی ئاماژەی پێکرا لە زمانی کوردیدا هیچ جۆرە جوڵەیەک و گواستنەوەیەکی بەسەردا نەهاتووە و هەرلە بنەڕەتدا وەکو هەر فرێزێکی تری ڕستە لە ئاستی قووڵی ڕستەدا هاتوونەتە کایەوە ، نیشانەکانی کردار لە فەرهەنگدا داوای دەکات.

**دووەم :** وشەی پرسی ( بۆچی why ) ، ئەم وشە پرسە تاکە وشەیە کە پێویستە بجوڵێت لە زمانی کوردیدا ، ئەم جوڵەیەش کە ڕوودەدات بۆ دوو شوێنە ، یان دەچێتە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکەوە ، ( لە دۆخی بکەریدا ) دەردەکەوێت ، کە ئەگەر لە سەرەتا ڕستە پرسیارییەکەدا بوو ، واتە پرسیار لە خودی کەسەکە کراوە ، ( بڕوانە٢٩٤ ) بەڵام کەڕاستەوخۆ لە دوای بکەرەکەوە هات ، واتە پرسیار لە بکەر ناکرێت ، بەڵکو پرسیار لە هۆکار دەکرێت واتە پرسیارلە هۆکاری چوونی کەسێک دەکرێت ) . بڕوانە ( ٢٩٥ ) .

**(٢٩٤)**أ- ) بۆچی پێزان چوو بۆ سلێمانی؟

ب- ) پێزان چوو بۆ سلێمانی.

**(٢٩٥)** أ- ) پێزان بۆچی چوو بۆ سلێمانی؟

ب- ) پێزان چوو بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلێک بکرێت.

بە ( ٢٩٤-أ ) وشەی پرسی ( بۆچی ) لە سەرەتای ڕستەکەدایە ، واتە لە دۆخی بکەریدایە ، ڕستەی پرسی ( ٢٩٤-أ ) هاوتا هەواڵییەکەی ( ٢٩٤-ب ) ، واتە لە بەرانبەر وشەی پرسی ( بۆچی ) لە ڕستە هەواڵییەکەدا وشەی ( پێزان ) هەیە ، لێرەدا وشەی پرسی ( بۆچی ) لە سەرەتای ڕستەکەدایە ، واتە لێرەدا پرسیار لە خودی کەسەکە کراوە ، واتە ( بۆچی ) ( پێزان ) چووە بۆ سلێمانی نەک کەسێکی تر ( نەک لێزان ) ، کەواتە لێرەدا پرسیار لە خودی کەسەکە کراوە ، بەڵام لە ( ٢٩٥-أ ) دا پرسیار لە

( پێزان ) نەکراوە ، واتە پرسیاری لە خودی کەسەکە نەکراوە ( پرسیار لە بکەر نەکراوە ) ، کەسەکە ، کە ( پێزان ) ە بکەرەو لە ناو ڕستەکەدا هەیە ، بەڵکو لێرەدا پرسیار لە هۆکاری چوونی کەسێک کراوە ، بۆیە دەبێت ( بۆچی ) بجولێت ، هاوتا هەواڵییەکەی ( ٢٩٥-ب ) ە ، کەواتە کاتێک کە دەکرێت بەپرسیاری هۆکارەکە لە کۆتاییدا دەرناکەوێت بەڵکو لە ڕستە هەواڵییەکەدا هۆکارەکە لە کۆتایی ڕستەکەدایە ، بەڵام کاتێک ، کە دەکرێت بەپرسیاری وشەی ( بۆچی ) لە کۆتایی ڕستەکەدا نییە ، بەڵکو لە سەرەتای ڕستەکەدایە ، واتە لێرەدا جوڵە ڕوودەدات و پێویستە جوڵە ڕووبدات ، واتە بەخورتییە ئەم جوڵەیە ( بەزۆرە ) ، بۆ زیاتر تێگەیشتن لێرەدا پێویستە بەراوردی ( ٢٩٤-٢٩٥ ) ڕستەی پرسیارییەکانیان وهاوتا هەواڵییەکانیان بکرێت ، کەواتە ( بۆچی ) بەناچاری ( بەزۆر ) دەبێت لە شوێنە سەرەکەییەکەی خۆی بجولێنرێت لە ڕستەیەکی سادەدا ( بڕوانە ٢٩٦ ) .

**(٢٩٦)**أ- ) بێریڤان بۆچی شویکرد بە فەرهاد.

ب- ) بێریڤان شوویکرد بە فەرهاد ، چونکە خۆشیدەویست.

پ- ) * بێریڤان شویکرد بە فەرهاد بۆچی

ت- ) بۆچی بێریڤان شویکرد بە فەرهاد؟

ج- ) بێریڤان شویکرد بە فەرهاد.

ڕستەی ( ٢٩٦-أ ) هاوتا هەواڵییەکەی ( ٢٩٦-ب ) یە ، چونکە وشەی پرسی ( بۆچی ) پرسیار لە هۆکاری شوکردنی ( بێریڤان ) دەکات ، بەڵام ڕستەی ( ٢٩٦-پ ) هاوتا هەواڵییەکەی ( ٢٩٦-ت ) ە ، چونکە پرسیار لە خودی کەسەکە کراوە ، واتە ( بۆچی ) ( بێریڤان ) شوییێکرد نەک کەسێکی تر ، ( نەک رۆژین ) بەڵام لە ( ٢٩٦-پ ) دا ڕستەکە ڕستەیەکی نارێزمانییە ( ungrammatical ) ە ، چونکە وشەی ( بۆچی ) بەخورتیی پێویستە بگوازرێتەوە ، واتە دەبێت یان بگوزارێتەوە بۆدوای بکەرەکە یان بۆ سەرەتای ڕستەکە ، لە وشەی پرسی ( بۆچی ) دا جوڵە ڕوودەدات ( بەخورتییە ) یان دەچێتە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکەوە ، کەئەمەیان پرسیار لە خودی کەسەکە دەکات ، یاخود ڕاستەوخۆ دەچێتە دوای ( بکەر ) ەکە ، کە ئەمەشیان پرسیارلە هۆکارەکە دەکات.

. کاتێک فرێزێکی پرسیاری ( prepositional phrase ) بێت ، واتە لە دوای پریپۆزیشنەکەوە وشەیەکی پرس هاتبێت ، ئەوا کاتیک ، کە دەگوازرێتەوە ، هەموو فرێزەکە دەبێت بگوازرێتەوە نابێت بە تەنیا وشە پرسەکە بگوازرێتەوە ، ( Hamid :2019 :413 ) . کەواتە کاتێک کە پریپۆزیشنەکان بکەونە پێش وشە پرسەکان پێویستە لە کاتی گواستنەوەدا پریپۆزیشنەکەش لە گەڵ وشە پرسەکەدا بگوازرێتەوە ، فرێزە پرسەکانی ( بەچی ، بەچەند ، بۆکوێ ، ... هتد ) لێرەدا ( بە ، بۆ ) پریپۆزیشنن بۆیە لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کاتێک ، کە ئەم فرێزە پرسیاریانە دەگوازرێنەوە پێویستە هەموو فرێزەکە بگوزارێتەوە ، نەک بەتەنها ڕستە پرسەکە ( بڕوانە -٢٩٧ ) :

**(٢٩٧)**أ- ) بەچی گۆشتەکەت گرت؟

ب- ) بەمەقاش گۆشتەکەم گرت.

پ- ) * چی گۆشتەکەت گرت بە

وشەی پرسی ( چی ) هەڵگری نیشانەی واتایی ( +شت ) ە ، بۆ پرسیارکردن لە شت بەکاردێت ، بەڵام لێرەدا پریپۆزیشنی ( بە ) کەوتۆتە پێش ( چی ) ، ( بەچی ) فریزێکی پرسیاریە بەهەمان شێوەی ( چی ) بۆ پرسیارکردن لە ( شت ) بەکاردێت ، ڕستەی پرسی ( ٢٩٧-أ ) هاوتا هەواڵییەکەی ( ٢٩٧-ب ) ە ، واتە لە بەرانبەر فریزی پرسی ( بەچی ) لە ڕستە هەواڵییەکەدا فریزی پرسی ( بەمەقاش ) هەیە ، هەروەها ( ٢٩٧-ب ) دا ، واتە لە ڕستە هەواڵییەکەیدا ئەو فریزەی ، کە پرسیاری لێکراوە ( بەمەقاش ) ە ، کاتێک ، کە پرسیار لە و فریزەکراوە جوڵە ڕووی نەداوە ، واتە لە شوێنی ( بەمەقاش ) فریزی پرسی ( بەچی ) دانراوە ، کاتێک دەوترێت ( گۆشتەکەت بەچی گرت؟ ) ، گرنگترین شت لێرەدا ئەوەیە ، کاتێک ، کە جوڵە ڕوودەدات واتە ، کە دەگوازرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستەکە دەبێت پریپۆزشنی ( بە ) ش لە گەڵیدا بگوێزرێتەوە ، واتە کاتێک دەگوترێت ( گۆشتەکەت بەچی گرت؟ ) ، کە فریزی پرسی ( بەچی ) دەگوازرێتەوە پێویستە بەیەکەوە بگوازرێتەوە ، وەک ( ٢٩٧-أ ) دا دیارە ، ئەگەر نەگوێزرێتەوە ، ئەوا ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی نارێزماییە هەروەک لە ( ٢٩٧-پ ) دا دیارە ، واتە ( چی نامەکەت نووسی بە ) ڕستەیەکی ناڕێزمانییە ( ungrammatical ) واتەکاتێک وشەیەکی پرس هەبوو ، ئەم وشە پرسە لە سینتاکسدا لە گەڵ پریپۆزیشنێک فریزێکی پرسی دروستکردبوو ، ئەگەر بواری جوڵەی هەبوو ، واتە جوڵە لە و فریزە پرسیاریەدا ڕێگە پێدراو بێت ، ئەوا لە کاتی گواستنەوەدا پێویستە هەموو فریزە پرسیارییەکە بگوزارێتەوە ، چونکە پریپۆزیشنەکە دۆخی داتیڤی دەدات بە وشە پرسەکە.

ئەگەر پریپۆزشنەکە لە گەڵ وشە پرسەکەدا نەگوزارێتەوە ئەوا فریزەکە دەبێتە ( $NP^-$ ) دۆخی نابێت ، ڕستەکە ڕستەیەکی ناڕێزمانی دەردەچێت ، چونکە هەرفریزێک دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەبێت ، دەبێت دۆخی هەبێت.

## سێیەم : وشە پرسەکانی ( کەی ( when ) ، چۆن ( How ) هەروەها فریزی پرسی ( بۆ کوێ ) ( where ) :

دەتوانرێت بەئارەزوو جوڵەیان پێبکرێت ئازادیشن لە وەی کەجوڵەنەکەن ( ٢٩٨ ، ٢٩٩ ، ٣٠٠ ) :

**(٢٩٨)** أ- ) کەی ، ئێوە پلاوتان هەبوو؟

ب- ) دوێنێ ئێمە پلاومان هەبوو.

پ-ئێوە کەی پلاوتان هەبوو؟

ت- ئێمە دوێنێ پلاومان هەبوو.

**(٢٩٩)**أ- ) چۆن ، شا چوو بۆ بازاڕ؟
ب- ) بەپەلە ، شا چوو بۆ بازاڕ.
پ- ) شا چۆن چوو بۆ بازاڕ؟
ت- ) شا بەپەلە چوو بۆ بازاڕ.

**(٣٠٠)**أ- ) ئایوار دەچێت بۆ کوێ؟
ب- ) ئایوار دەچێت بۆ چەمچەماڵ؟
پ- ) ئایوار بۆکوێ دەچێت؟
ت- ) ئایوار بۆ چەمچەماڵ دەچێت.

